حکومەتی هەرێمی کوردستان

# بزووتنەوەی هەقە

# ١٩٢٠-١٩٦١

## توێژینەوەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە

نوسینی
قارەمان نادر محەمەد (شێخ بزێنی)

٢٧١١کوردی ٢٠١١زایینی

بِسْمِ للَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

(فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ)

سورة البقرة / اية٣٨

پێشکەشە بە :-

-بەو کەسانەی لە پێناو ئازادی و بەختەوەری مرۆڤایەتیدا هەوڵیان داوە و گیانی خۆیان بەخت کردووە.

- بە دایکی خۆشەویست و گیانی باوکی شەهیدم و خوشك و برا بەڕێزەکانم و خێزانی ئازیز و منداڵە جگەرگۆشەکانم.

## لیستی هێما و ناوە کورتکراوەکان

### بە زمانی کوردی

ب : بەرگ

ب.س : بێ ساڵ

ب.ش : بێ شوێن

س.پ : سەرچاوەی پێشوو

چ : چاپ

ل : لاپەڕە

هـ.س : هەمان سەرچاوە

و : وەرگێڕ

ز : زایینی

### بە زمانی عەرەبی

ت : ترجمة

ج : جزء

د.س : دون سنة

د.م : دون مكان

ط : طبع

م.س : مصدر سابق

م.ن : مصدر نفسه

ه : هجري

### بە زمانی ئینگلیزی

P : page — لاپەڕە

Op.cit : opere citato — سەرچاوەی پێشوو

بِسْمِ للَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

(فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ)

سورة البقرة / اية٣٨

# ڕونكردنەوەیەكی پێویست

خوێنەری بەڕێز ئەم پەرتوكـەی ژێـر دەسـتی جـەنابت، نامەیەكی ماسـتەرە پێشـكەش بـە فاكـەڵتی زانسـتە مرۆڤایـەتی و كۆمەلایەتییەكانی زانكۆی كۆیە كراوە، وەك بەشێك لە پێویستیەكانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە مێژووی هاوچەرخ. پاش ئەوەی لە لایەن لیژنەیەكی تایبەتەوە  بە پلەی زۆر باشەی پەسند كرا، پاشان بڕیارماندا چاپی بكەین. .

ستافی لێژنەی گفتوگۆی تێزی ماستەر نامەكە لەم بەڕێزانە پێكهاتبوو:

| | |
|---|---|
| ١-پ.د.خەلیل عەلی مراد | سەرۆك |
| ٢- پ.د.جواد فقی عەلی چۆم حەیدری | ئەندام |
| ٢-پ.ی.د. یاسین سەردەشتی | ئەندام |
| ٣-پ.ی.د. كەمال عەلی محەمەد | ئەندام و سەرپەرشتیار |

پێشکەشە بە :-

-بـــەو کەســـانەی لـــە پێنـــاو ئـــازادی و بەختـــەوەری مرۆڤـایەتیـــدا هـــەوڵیان داوە و گیانی خۆیان بەخت کردووە.

- بە دایکی خۆشەویست و گیانی باوکی شەهیدم و خوشك و برا بەڕێزەکانم و خێزانی ئازیز و جگەرگۆشەکانم.

نێوەڕۆك



| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١-٨ |

| | |
|---|---|
| ٩-٣٧ | بەشی یەکەم: مێژووی سۆفیگەری لە باشوری کوردستان |
| ٩-١٨ | باسی یەکەم: چەمك و مانای سۆفیگەری |
| ١٩-٢١ | باسی دووەم: بلاّوبوونەوەی سۆفیگەری لە باشوری کوردستان |
| ٢٢-٣٠ | باسی سێیەم: مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی |
| ٣١-٣٧ | باسی چوارەم : وەرچەرخانی بەشێکی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ بزووتنەوەی هەقە |
| ٣٨-٧٧ | بەشی دووەم: بزووتنەوەی هەقە لە کوردستان |
| ٣٨-٤٦ | باسی یەکەم: سەرهەڵدان و مێژووی بزووتنەوەی هەقە |
| ٣٨-٤٠ | یەکەم: سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە مانای هەقە |
| ٤٠-٤٣ | دووەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەقە |
| ٤٤-٤٦ | سێیەم : شوێنی جوگرافی پێڕەوانی بزووتنەوەکە |
| ٤٧-٧٧ | باسی دووەم: قۆناغەکانی بزووتنەوەی هەقە |
| ٤٧-٥٦ | یەکەم: سەردەمی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە |
| ٥٦-٧٧ | دووەم : دوای شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە |
| ٧٨-١١٠ | بەشی سێیەم: شێوازی بەڕێوەبردن و مەراسیمە ئاینی و کۆمەلاّیەتییەکان لە دیدی بزووتنەوەی هەقەدا |
| ٧٨-٩١ | باسی یەکەم: بیروباوەڕە ئاینیەکان لە دیدی بزووتنەوەی هەقەدا<br>یەکەم: بیروباوەڕ<br>ا- ڕەوشتی یاکەریم و یا ڕەزا و تەوقەکردن لە بزووتنەوەی هەقەدا<br>ب- هاتنەوەی حەزرەتی عیسا و دەرکەوتنی محەمەدی چاوەڕوانکراو<br>دووەم ئەرکە ئاینیەکان<br>ا- یەکەم : نوێژ و ڕۆژووگرتن، ب- حەج کردن<br>سێیەم: تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی هەقە<br>ا- نهێنی پارێزی،<br>ب- یەکسانی و دادپەروەری<br>ج- ڕاوێژ و کۆڕبەستن<br>د- گونیە لە بەرکردن<br>ح-دارەقوڵە |
| | |

| | |
|---|---|
| باسی دووەم : تێڕوانینی بزووتنەوەی هەقە بۆ پێگە کۆمەلایەتی و ڕەگەزیەکان(یەکەم : پێگەی ژن، دووەم : ڕەوشی خێزان، سێیەم : بارودۆخی خوێندن، چوارەم : بواری ڕۆشنبیری ، پێنجەم : برایەتی ، شەشەم : پاك و خاوێنی ، حەوتەم ) | ١٠٤-٩٢ |
| باسی سێیەم: پلە و پایەکانی نێو بزووتنەوەی هەقە (یەکەم : شێخ یان ڕابەر،دووەم: سەرتەکیە، سێیەم: برا سەیار، چوارەم : برای مخلیس)) | ١١٠-١٠٥ |
| بەشی چوارەم: بواری ئابوری و کۆمەلاّیەتی و سیاسیەکانی بزووتنەوەی هەقە | ١٣٨-١١١ |
| باسی یەکەم: بنەما ئابورییەکان(یەکەم : ئابوری هاوبەش، دووەم : کشتوکاڵ، سێیەم : ئەرکەکان( واجبات )، چوارەم : دیاری، پێنجەم : پیشەوەری ) . | ١١٧-١١١ |
| باسی دووەم: کێشە کۆمەلاّیەتییەکانی بزووتنەوەی هەقە | ١١٩-١١٨ |
| یەکەم: شێخ عەبدولکەریم و مەلای گەورەی کۆیە | ١١٩-١١٨ |
| دووەم : شێخ عەبدولاّی عەسکەر و سەید ئەحمەدی خانەقا | ١١٩ |
| باسی سێیەم: پێوەندییە کوردستانییەکانی بزووتنەوەی هەقە | ١٣١-١٢٠ |
| یەکەم: لە گەڵ تەریقەتی نەقشبەندی | ١٢١-١٢٠ |
| دووەم : بە شێخ مەحمودی حەفیدەوە | ١٢٣-١٢١ |
| سێیەم: بە ئاغاو دەرەبەگەکانەوە | ١٢٦-١٢٣ |
| چوارەم: لە گەڵ بارزانییەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٢٨-١٢٦ |
| پێنجەم : لە گەڵ کۆماری کوردستان | ١٣١-١٢٩ |
| باسی چوارەم پێوەندییە عێراقیەکان | ١٣٨-١٣٢ |
| یەکەم: لە گەڵ حزبی شیوعی عێراقەوە | ١٣٥-١٣٢ |
| دووەم: بە حکومەتی عێراقیەوە | ١٣٧-١٣٥ |
| سێیەم: بە دەسەلاّتی بەریتانیەکان لە عێراقدا | ١٣٨-١٣٧ |

| | |
|---|---|
| ئەنجامەکان | ١٣٩-١٤٠ |
| سەرچاوەکان | ١٤١-١٥٤ |
| پاشکۆ | ١٥٥-١٦٤ |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | ١٦٥-١٦٦ |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | A-C |

## بەشی یەکەم
## مێژووی سۆفیگەری لە کوردستـان

### بـاسی یەکەم
### چەمك و واتـای سۆفیگەری

### بـاسی دووەم
### بڵاوبوونەوەی سۆفیگەری لە بـاشوری کوردستـان

### بـاسی سێیەم
### مەولانـا خـالید و تـەریقەتـی نەقشبەندی

### بـاسی چوارەم
### وەرچەرخـانی بەشێکی تـەریقەتـی نەقشبەندی بۆ بزووتـنەوەی هەق

# پێشەکی

**سەرەتا:** بزووتنەوە کۆمەلآیەتی و فەرهەنگی و ئاینییەکانی کوردستان بەشـێکی گرینگـی شارستانیەتی کوردستان پێك دەهێنن، هەرچەندە هێندێك لـەو جولآنەوانـە مێژووەکـەیان نادیـارە و زۆرینەی زانیارییەکانیان نەنوسراونەتەوە و بە شێوەی زارەکی باسیان لێوە کراوە، هێندێکی تریان بـە شێوەی ناتەواو و پچڕپچڕ لێی دواون، تێکڕای لایەنەکانی ئاشکرا نـەکراون و ڕاسـتییەکان بـە لێڵـی ماونەتەوە.

یەکێك لەو بزووتنەوە و جولآنەوە ئـاینی و کۆمەلآیەتیانـەی کـە لـە بیسـتەکانی سـەدەیی بیستەمدا لە باشوری کوردستان دەرکەوت، بزووتنەوەی هەقە بوو. ئەم بزووتنەوەیە لە سەر بنـەمای تەریقەتی نەقشبەندی و لە نیو پێڕەوانیدا ڕسکا و دەستی بـە گەشـە و نەشـو نـەما کـرد، ڕابـەری تەریقەتی نەقشبەندی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لە نێوچەی سورداشی سنوری پارێزگـای سـلێمانی بە پشت بەسـت بـە پێڕەوانـی دایمەزرانـد. ئەمـەش دژایـەتی دەسـەلآتدارانی حکومـەتی عێـراق و دەرەبەگەکان و بەشێك لە پیاوانی ئاینی لێکەوتەوە. هەر لە سەرەتای سـەرهەڵدانیەوە هەوڵـەکانیان لە پێناو هەڵوەشانەوە و خنکاندنی بزووتنەوەکە خستەگەڕ، لەو بارودۆخەدا بەشێك لـە ڕۆشـنبیرانی کوردستان دڵخۆش و سەرسام بوون بە بیری چەپ، کە بانگەشەی بۆ پشتگیری لە چـینی چەوسـاوە و نەتەوە ژێر دەستەکان دەکرد و هەوڵی ڕزگارکردنی گەلە داگیرکراوەکانیان دەدا، بزووتنەوەی هەقـەش هەڵگری شێوازێك لەو پەیامە بوو، هەرچەندە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ لـە نێـوان یەکێتی سۆڤیەتی جاران و بزووتنەوەکەدا بوونی نەبووە. بەلآم حکومەتی عیڕاق کە لـەژێر مانـداتی بەریتانیەکان بوو بزووتنەوەی هەقەی بە بەشێك لە هەوڵەکانی یەکێتی سـۆڤیەت بـۆ بلآوکردنـەوەی بیری سۆسیالیستی لە نێوچەکە تۆمەتبار دەکرد.

## گرینگی توێژینەوەکە :

ئەو هەلومەرجەی بزووتنەوەی هەقەی تیادا دەرکەوت، هێشتا دەسـەلآتی سـەرۆك هـۆز و ئاغاکان لە کوردستاندا سەردەمی بەهێزییان بووە، دەرەبەگ دەسەلآتێکی فراوانـی هـەبوو، هـەموو مافێکی خۆی بە سەر زەوی و زاری خەلکی لادێ نشینەکاندا سـەپاند بـوو، بـێ هـیچ ئاسـتەنگ و بەرەنگارییەك، ڕەنج و ماند وبوونی جوتیارانی بۆ خۆش گوزەرانی خۆی بەکار دەهێنا و دەیتوانی لە جیاتی دەوڵەت بڕیار دەربکات و لە بری دادگا فەرمانی گرتن و دەرکردن و دوورخسـتنەوە و مردنـی هەژاران بدات، بـەلآم ئـەوەی بـۆ توێـژەر گرینگـە و بابەتەکـە بایەخـدار تـر دەکـات سـەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەقە و بەرگری کردنیەتی لە توێژی جوتیـاران و بەگژداچـونەوەی بەشـی زۆری ئاغاکـان بوو.

ئــەو بارودۆخــەش بــە هــۆی زۆری ڕێــژەی نەخوێنــدەواری و نزمــی ڕادەی ڕۆشــنبیری، دواکەوتنەکەی زیاتر کردبوو. خەڵکی کەمتر هەستیان بـە چەوسـانەوەی چینایەتی دەکـرد و لایـان وابوو برسێتی و چەوسانەوە و خراپی گوزەران و ژیان، کـردار و بڕیـارێکی ئاسمانییـە و ناکرێـت دژی بوەستنەوە، لە لایەکی ترەوە بزووتنەوەی چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئاینی لە کوردستاندا لاواز بـووە، کە کار بۆ کۆکردنەوە و ئاراستەکردنی کۆمەڵانی خەڵك بکات و لـەو مەینەتیانـەی تێـی کـەوتوون ئاگاداریان بکاتەوە، ئەو بیروباوەڕەی بزووتنەوەکەی لەسەر بنیاد نرا لە پێنـاو بـرەودان بـە وشـیاری کۆمەڵایەتی و چاکسازی ئاینی بۆ توێژەر جێگەی بایەخ پێدانە.

هەروەها بزووتنەوەکە هەوڵی بەرجەسـتەکردنی دادی کۆمەڵایـەتی و هاوکـاری و یەکسـانی و پێکەوە ژیان و دابینکردنی برایەتی و ڕەخساندنی زەمینەی ئاشتیخوازی بۆ خەڵکی کوردستان داوە. لە لایەکی ترەوە گرینگیدانی بزووتنەوەکە بە هێنانـە پێشـەوەی ژنـان بـۆ نێـو کـۆڕ و کۆبونـەوە و بەشداری پێکردنیان لە بەڕێوەبردن و پرسوڕا وەرگرتن و هەوڵدان بۆ پیادەکردنی یەکسانی ڕەگەزی لە نێوان کۆمەڵگەدا، لای توێژەر هێمایە بۆ گرینگی توێژینەوەکە.

هەروەها هاندانی پێڕەوانی بزووتنەوەکە بۆ پشتیوانی لە شۆڕشـی شـێخ مـەحمودی حەفیـد و هاوکاری بارزانیەکان لە کاتی دوور خسـتنەوەیان بـۆ شـاری سـلێمانی، لـە کاتێکـدا بەشـی زۆری سەرۆك هۆز و ئاغاکان پشتیوانیان لە سیاسەتی حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی بەریتانیەکان دەکـرد. لە بەرامبەریشدا هاوکاری ماددی و مەعنـەویان لـێ وەردەگـرتن، بـەڵام بزووتنـەوەی هەقـە وەکـو بەشێکی دانەبڕاو لە نەتەوەکەی مامەڵەی کردووە، ئەمەش جێگەی گرینگی پێدانە.

لەو بارودۆخەدا بـەڕێوەبردنی بزووتنـەوە و تەریقـەت و خانـەقا بـێ هاوکـاری و پشـتیوانی هێزێك، یان لایەنێك ئەرکێکی قـوڕس بـووە، ئـەوەی لای توێـژەر گرینگـە بزووتنـەوەی هەقـە بـۆ بەڕێوەبردن و دابین کردنی بژێوی پێڕەوانیـان تـەنها پشـتیان بـە خۆیـان دەبەسـت و هاوکاریـان لـە حکومەتی عێراق و بەریتانیەکان وەرنەدەگرت، ئەمەش سەربەخۆی بڕیاردان و هەڵوێست نواندنی بـۆ فەراهەم کرد بوون، بۆیە حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی بەریتانیەکانی نیگەران کرد بوو.

## هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە

سەرەڕای گرینگی بزووتنەوەکە، بـەڵام خوێنـدەواران و ڕۆشـنبیرانی کوردسـتان و نێوچـەکە کەمترین شارەزایی و زانیاریان دەربارەی بزووتنەوەی هەقە هەیە، کتێبخانەی کوردیش لەم بارەیـەوە لاوازی زۆری پێوە دیارە و هیچ سەرچاوەیەکی زانستی تایبـەت بـۆ شـرۆڤەکردنی ئـەم بزووتنەوەیـە تەرخان نەکراوە، تەنها لە دووتوێی چەند بابەتێکی گۆڤارەکاندا، یـان چـەند لاپەڕەیـەك لـە کتێبـە زانستییەکاندا باسکراوە، بۆیە پێویستە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە بدرێت و لایەنە جیاوازەکان

دەربخرێن، لە کاتێکدا ئەم بزووتنەوەیە هەوڵی چاکسازی کۆمەڵایــەتی و ئــاینی داوە و بەشــی زۆری پێڕەوانی بە بیروباوەڕێکی تایبەت بە بزووتنەوەکە گۆش کردووە. هەروەها بــە پێــی قــەبارە خــۆی و توانای مرۆیی بەشداری لە خەباتی ڕزگاریخوازی و نیشتمانی نەتەوەکەیدا کردووە. سەرەڕای گرینگــی ئەو ماوەیە لە مێژوویی هاوچەرخی نەتــەوەیی کــورد، بــە جــەنجالترین ســەردەم دادنرێــت و ڕوداوی جۆراوجۆری بــە دوای خۆیــدا هێنــا، هــەر لــە دامەزرانــدنی دەوڵــەتی عێراقــەوە تــا ســەرهەڵدانی کێشمەکێشی نەتەوەیی و فکری.

تێکڕای ئەو گرینگیانە هۆکاری هەڵبــژاردنی ئــەم ناونیشــانە بــووە، تــاکو خزمــەتی مێــژوو نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی هەقە بکرێ و بەشێك لە لاپەرە شاراوەکانی ئاشکرا بکرێت.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

بزووتنــەوەی هەقــە جــۆرە یــاخیبوونێکی لــە ســروت و مەراســیمە ئــاینی و کۆمەڵایەتییــە باوەکانیان پێوە دیارە، لێکۆڵینــەوە لــەو بابەتــە و ئاشــکرا کــردن و دەرخســتنی هۆکــار و پاڵنــەرە شاراوەکانی پشت ئەم بیروباوەڕەی بزووتنەوەکە و گرینگی بەشداریکردنی بزووتنەوەیەکی سۆفیگەری لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی داو ڕەتکردنەوەی سیاســەتی دوژمنــانی کوردســتان و ئەنجامــدانی چالاکی جەماوەری بە شێوەیەکی ئاشــتیخوازی و دوور لــە کوشــتن و وتوندوتیــژی بــە هــەنگاوێکی گرینگ دادەنرێت، هەڵسەنگاندنی ئەو ڕوداوانە مەرامی توێژینەکەیە .

هەروەها بزووتنەوەی هەقە هەوڵی زۆری بۆ بەرجەســتەکردنی یەکســانی و دادی کۆمەڵایــەتی داوە و دەرخستن و پیشاندان و ئاشکرا کردنی ئەو هەوڵ و توانایانە ئامانجی توێژینەوەکەیە.

لــە لایــەکی تــرەوە دەرخســتنی پێوەندییــەکانی بزووتنــەوەی هەقــە و ئاســت و ڕۆڵــی ئــەو پێوەندیانــە و کاریگــەرییان لەگــەڵ گــوزەران و شــێوازی ژیــانی پێڕەوانــی بزووتنەوەکــە و گــرتن و دوورخستنەوە و ڕاوەدونان مەبەستی توێژینەکەیە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە پشــتی بــە مێتــۆدی لێکۆلینــەوەی زانســتی مێــژوویی لــە ســەر بنچــینەی شیکردنەوە و هەڵهێنجاندنی ڕاستی ڕوداوەکان لە دووتــوێی سەرچــاوەکاندا بەســتووە، ئەمــەش بــە تێڕامان و ورد بوونەوە لە سەرچاوە مێژووییەکان و ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە بابەتەکەوە.

بۆیە لەم توێژینەوەیــەدا هەوڵمانــداوە هەڵســەنگاندن بــۆ گێڕانــەوەی ڕوداو و کێشمەکێشــی کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزی نێو بزوتنەوەکە بکــەین، کــە لــە ڕێگــەی کەســایەتییە شــارەزا و دیارەکــانی بزووتنەوەکەوە، هەروەها چاوپێکەوتنی نەوەی شێخ و ڕابەرانی بزووتنەوەکە و ئەو کەسایەتیانەی کــە

له نزیکەوە ئاگاداری ڕوداو و بە سەرهاتەکانی بزووتنەوەکە لە ماوەی (١٩٢٠-١٩٦١) بوون، باسی لێوە کراوە.

## نێوەڕۆکی توێژینەوەکە :

**بەشی یەکەم:** لە بەشی یەکەمدا باس لە مێژووی سۆفیگەری لە باشوری کوردستان کراوە و ئەم بەشە لە چوار باس پێك هاتووە، باسی یەکەم تایبەتکراوە بە مێژوو چەمك و سەرهەڵدانی سۆفیگەری، وەکو ڕێبازێکی کاریگەر، کە کار بۆ چاکسازی لە دەروونی مرۆڤدا دەکات، بە مەبەستی ئەنجامدانی کار وکردەوەی گونجاو سود بەخش لە نێو کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن فۆرمێکی ئاینی و مەزهەبی تایبەت بە خۆیانن، لە جیهانی ئیسلامیدا بۆ سەرەتایی دەرکەوتنی پێغەمبەر و یاوەرانی دەگەڕێتەوە، بەلاّم لە ڕوی ناوی تایبەت بە کەسانێك یان گروپێك بۆ سەدەی دوازدەی زاینیی دەگەڕێتەوە و دەبێتە خاوەن ڕێبازێکی تایبەتی، کە بە تەریقەت ناسراوە.لە باسی دووەمدا هۆکارەکانی بلاّوبونەوەی سۆفیگەری باسی لێ کراوە و بە کورتی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، لە باسی سێیەمدا یەکێك لەو تەریقەتە سۆفیگەریانەش کە لە چارەگی یەکەمی سەدەی نۆزدە لە کوردستانی باشوردا گەشەی سەند، باسی لێوە کراوە، کە لە لایەن مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە ڕابەرایەتی دەکرا، پاش گەشەسەندن و تەنینەوە و ڕەگ و ڕیشە داکوتانی ئەم تەریقەتە کێشەو ململانێی زۆر لە نێوان پێڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی و لایەنگرانی تەریقەتی قادری دروست بوو، لە باسی چوارەمدا باس لەو بارودۆخە دەکرێت کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی تەریقەتی بە چەندین کەسایەتی دیارو ناسراوی کوردستان بەخشی، یەکێك لە کەسایەتیان شێخ ئەحمەدی سەردار بووە، کە دواتر بزووتنەوەی هەقەی لێکەوتەوە، واتە لەم باسەدا هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ماوە مێژوویە دەکرێت کە دوای کۆچکردنی مەولاناخالید بۆ شام، شوێن کەوتووانی درێژەیان بە ڕێبازەکەی دەدا، تا دروستبوونی بزووتنەوەی هەقە .

**بەشی دووەم:** لەم بەشەدا باس لە بزووتنەوەی هەقە لە کوردستان دەکەین، لە دوو باس پێك هاتووە، باسی یەکەم شرۆڤەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەقە دەکەین و پاشان پێناسەی دەکەین، کە وەك بزووتنەوەیەکی جوتیاری لە نێو چینی چەوساوە و زەحمەتکێشانی گوندە جیاجیاکانی کوردستاندا سەریهەڵداو و کاری بۆ رزگارکردنی سەرجەم چین وتوێژ و ڕەگەزە جیاجیاکان لە جەوروستەم و زۆرداری ئاغاو دەرەبەگەکان دەکرد و هەوڵی شکاندنی داب ونەریتی چەق بەستو و دۆگمای کوردستان دەدات، لە باسی دووەمدا قۆناغە مێژوویەکانی بزووتنەوەکە و کاروکردەوەکانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و بەرنامە و پرەنسیپ و ئایدیاکانی باسی لێوە کراوە، تادەگاتە دروستبوون و سەرهەڵدانی کێشەو ئاشوب لە نێوان حکومەتی عێراق و دەسەلاّتی بەریتانی و

بزووتنەوەی هەقەدا و دەستگیرکردنی شـێخ عەبدولکـەریمی شـەدەڵە و ژمارەیـەك لـە کەسـایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی هەقە لە ساڵی (١٩٣٤)دا.

پاش کۆچی دوایی شـێخ عەبدولکـەریم لـە سـاڵی (١٩٤٢) دابەشـبوون و پەرتـەوازەیی و لەتبوونی بزووتنەوەی هەقەی بۆ پێنج بەش لێدەکەوێتەوە، بێ ئەوەی هیچ کامێکیان دان بە ڕاسـتی و دروستی گروپەکانی تردا بنێت و هەریەکەیان بـە پـلان و بیروبـاوەڕی خۆیـان گروپەکـەیان بـەڕێوە دەبرد، بەڵام زۆربەیان نەیانتوانی پرۆژەکانیان بگەیەنـە کـەناری سـەرکەوتن و لاوازی ڕوی تێکـردن، هەرچەندە هێندێکیان تا ڕۆژکاری ئەمڕۆش بەردەوامن لە درێژەدان بە ڕێبازی بزووتنەوەکە .

**بەشی سێیەم:** لەم بەشـەدا شـێوازی بـەڕێوەبردن و مەراسـیمە ئـاینی و کۆمەڵایەتییـەکان شیکاری بۆ کراوە و لە سێ باس پێك هاتووە و لە باسی یەکەمدا پلە و پایە و زنجیرەی دەسـەڵاتانەی نێو بزووتنەوەی هەقە باسی لێوە کراوە، کە بۆ بەڕێوەبردن و کارئاسانی و ڕێکخستنی کاروبارەکـانی بزووتنەوەکە دروست کرا بوون، لە باسـی دووەم و سـێیەمدا هەڵسـەنگاندن بـۆ چـەندین ڕەوشـت و مەراسیمە ئاینی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە بزووتنەوەی هەقـە کـراوە، کـە لـە کـاروکرداری ڕۆژانـە پیادەی دەکەن، هەوڵماینداوە شیکاری و هەڵسەنگاندنی ئەو سروتانە بکەین و لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا بەراوردیان بکەین، هەروەها هەوڵـەکانی بزووتنـەوەی هەقـە بـۆ چاکسـازی کۆمەڵایـەتی و هێنانـە پێشەوەی ژنان بۆ نێو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری پێکردنیان لـە کۆڕوکۆبوونـەوە و وەرگرتنی پرس وڕاو گوێگرتن لە داواکـاری و پێشـنیارەکانیان، پاشـان بـاس لـە بـواری خوێنـدن و ڕۆشنبیری کراوە و شرۆڤەی ڕۆڵی بزووتنەوەکە لە برەودان بەم بوارانە کراوە .

**بەشی چوارەم:** لەم بەشەدا بوارە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵسەنگاندنیان بـۆ کراوە و لە چوار بـاس پێکهـاتووە و باسـی یەکـەم تایبەتـە بـە باسـکردنی کۆڵەکـە ئابورییـەکانی بزووتنەوەکە شیکاری بۆ دەکرێت، لە باسی دووەمدا کێشـە کۆمەڵایەتییـەکانی بزووتنـەوەی هەقـە باسی لێوە کراوە، کە لە دوو کێشەی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، یەکەم: کێشەی شێخ عەبدولکەریم و مەلای گەورەی کۆیەیە . دووەم: کێشەی شێخ عەبدولای عەسکەر و سەید ئەحمەدی خانەقایە، لـە باسی سێیەم و چوارەمدا پێوەندییەکانی بزووتنەوەی هەقە شیکاری بـۆ کـراوە و ئاسـتی لێهـاتویی ڕابەرانی بزووتنەوەکە لە سەرکەوتنی ئەو پێوەندیانە و شێواز و چۆنێتی دروست کردنی پێوەندییەکان بـە دەرخـراوە، ئەمـەش پێوەنـدی بـە وشـیاری سیاسـی و کۆمەڵاییـەتی و فەرهـەنگی و ئـابوری سەرکردایەتی بزووتنەوەکەوە هەیە لە شێوازی ئیدارەدانی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی نێوچەکە و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا و ئاراستە کردنی پێڕەوانی بزووتنەوەکە بە ڕێگایـەکی ڕاست و گونجاو بەرپرسیارانە .

لە گرینگترین ئەو پێوەندیانە، پێوەندی لەگەڵ پێڕەوانی تەریقــەتی نەقشــبەندی وەکــو مــاڵی گەورەو دایەنگەی بزووتنەوەی هەقە بووە، هەروەها پێوەندی بە شێخ مــەحمودی حەفیــد و کۆمــاری کوردستان، لە لایەکی ترەوە پێوەندی بە ئاغاو دەرەبەگەکان و دیــاریکردنی ئاســت و شــێوازی ئــەم پێوەندیانــە شــیکاری بــۆ کــراوە، هەڵبەتــە زۆرینــەی پێوەندییــەکان لــە چوارچــێوەی کەســایەتی و نێوچەیەکی دیاری کراودا ماونەتەوە و ڕۆنەچۆتە نێــو تێکــڕای ســۆفی و مریــد و تاکەکانــەوە، بــەڵام ململانێی ئاغاو دەرەبەگەکان و بارگاوی بوونی بزووتنەوەکە بە بیری شێوە سۆسیالیســتی پەلکێشــی ململانێی و بەرەنگار بوونەوەی دەسەڵاتی بەریتانیەکان و حکومــەتی عێــراق کــردووە و گیروگــرفتی زۆری بۆ بزووتنەوەکە دروست کرد بوو. هەرچەندە ئەم بزووتنەوەیــە نــەیتوانی ببێتــە جوڵانەوەیــەکی سەرتاسەری و پەل بۆ هەموو نێوچەکانی کوردستان بهاوێ، بەڵام لە نێوچــەکانی خۆیــدا تــوانی بــە کردەوە قۆنــاغی دەرەبــەگی لــە پێڕەوانــی بزووتنەوەکــەی دوور بخاتــەوە و کاســبکار و جوتیــاران و زەحمەتکێشان لە جەوروستەم و چەوسانەوە ڕزگار بکات .

## کێشە و ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:

ناکرێ هیچ لێکۆڵینەوەیــەك بــێ ئاســتەنگ و کێشــە و کــەم و کــوڕی تێپــەڕ بێــت، لــە گرینگترین ئەو کێشانەش لە ماوەی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا دروســت بــوون، کــەمی سەرچــاوەی باوەڕپێکراو کە بێلایەنانە باسی ڕوداوەکانی کردبێت و نەکەوتبێتە ژێر سۆز و کاریگەری بیروبــاوەڕی ئــاینی و مەزهــەبی و ناسیۆنالســتی و وابەســتەی کــەلتور و دابوونــەریت و فشــاری دەســەڵات و ڕازیکردنی فەرمانڕەوایان نەبوو بێت، ئەمانەش دەبێتە هۆی شێواندنی بەسەرهات و ڕوداوەکانی نێــو بزووتنەوەکە. هەوڵمانــداوە بــۆ دۆزینــەوە و تەتەڵــەکردنی ڕاســتییەکان چــاوپێکەوتن لەگــەڵ چــەند کەسایەتییە دیار و ناسراو شارەزایەکانی نێو پێڕەوانی بزووتنەوە هەقە بکەین، بەڵام کیشــەکە ئــەوە بوو زۆرینەی شارەزایان کۆچــی دواییــان کــردووە، یــان لــە کۆتــایی تەمــەنیان دا بــوون و زۆرینــەی ڕوداوەکانیان لە بیر چــۆتەوە، یــاخود بــە مەبەســتی نهــێنی پــارێزی کــە یــەکێك لــە ڕەوشــتەکانی بزووتنەوەکەیە، خۆیان لە وەڵامی زۆرینەی پرسیارەکان لادەدا و وەڵامێکی لۆژیکانــەیان نەدەدایــەوە کە جێگای باوەڕ و متمانە پێکردن بێت .

هەروەها بەشێکیان بە هیچ شێوەیەك ئامادەی چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن نەبوون، بە بیانوی ئەوەی ئەوان کاریان بۆ خودا کردووە، نەك بۆ وێنەگرتن و مێژوو نێوبانگ دەرکەون. لەلایەکی تــرەوە کێشــە و ئالۆزییــەکانی نێــو بزووتنــەوەی هەقــە و ئاغــاو دەرەبەگــەکان و حکومــەتی عێــراق و دەسەڵاتداری بەریتانی زۆرینەی ڕاســتییەکانی بەلاڕێــدا بــردووە، گەیشــتن بــە ڕاســتی ڕوداوەکــان و

ساخکردنەوەیان کارێکی قورسە، بە تایبەتی زۆرینەی ئەو پەرتوکانە سەبارەت بە بزووتنەوەکە نوسراون دوو ئاراستەی جیاوازیان لە خۆ گرتبوو، لایەنی یەکەم پێدا هەڵدانی بێسنوری بزووتنەوەکەو زەقکردنەوەی لایەنە پۆزەتیڤەکانی بزووتنەوەکە و گەورەکردنی کارە شیاوەکان، لایەنی دووەمیش بە پێچەوانەوە بیریان کردۆتەوە تەنها باسیان لەو تۆمەت و پروپاگەندانە کردووە کە ئاراستەی بزووتنەوەکە کراون، سەرەڕای ئەوەی شێخ و ڕابەرانی بزووتنەوەکە هیچ نوسراوێکیان نیە تا وەڵامی ئەو تۆمەت و پڕوپاگەندانە بدەنەوە کە ئاراستەیان کراوە، بۆیە هەوڵمانداوە زۆرینەی ئەو نوسین و سەرچاوە جیاوازانە لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و چاوپێکەوتنی جیاواز وەربگرین، لە پێناو گەیشتن و نزیك بوونەوە لە ڕاستیە مێژووییەکان.

## هەڵسەنگاندنی گرینگترین سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

کتێبی (ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە) لە نوسینی (مستەفا عەسکەری)یە، ئەم پەرتوکە سەرەتاترین کتێبە کە زانیارییەکانی بۆ ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی بزووتنەوەکە گواستۆتەوە و ئاشنایان کردوون بە ناسنامەکەی و پەردەی لە سەر دەنگ و باس و ڕوداوەکانی بزووتنەوەکە هەڵماڵیوە و زۆرینەی زانیارییەکانی بە کورتی باس کردووە لە سەرەتای هاتنی تەریقەتی نەقشبەندی و چۆنێتی دروستبوونی بزووتنەوەی هەقە و قۆناغە جیاوازەکانی بزووتنەوەکە و سروت و ڕێ و ڕەسمە ئاینییەکان هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە .

کتێبی دووەم بۆ (لە هەقە کەوتنە تەقە) لە نوسینی (محەمەد ڕەئوف زوهدی)یە، ئەم کتێبە وەڵامدانەوەیەکی ئەو تۆمەت و پڕوپاگەندانەیە کە ئاراستەی بزووتنەوەی هەقە کراون، زوهدی پشتی بەڵگەی مێژوویی و شارەزای خانەوادەکەیان بەستووە کە ماوەیەکی زۆر بە هۆی پیشەی مامۆستایەتیەوە لە نێوچەکانی بزووتنەوەی هەقەدا ژیاوە. کتێبی سێیەم ( کۆمەڵی هەقە) لە نوسینی (ڕێبوار حەمە تۆفیق)ە، ئەم پەرتوکە لە لایەن ئەنستیتۆی کورد لە شاری سلێمانی کاری بۆ کراوە و بەرهەمی ڕەنج و ماندوبوونی ساڵ ونیوێکی نوسەرە، ئەم کتێبە باس لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە و شێوازی گۆڕینی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ بزووتنەوەی هەقە و سەردەمە جیاجیاکانی بزووتنەوەکە و هۆکارەکانی لەتبوون و دابەشبوونی بزووتنەوەکە و هەڵسەنگاندی سروت و مەراسیمە کۆمەلایەتی و ئاینییەکان کردووە.

هەروەها گۆڤارەکانیش سەرچاوەیەکی گرینگ و بە بایەخ بوونە بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکە، لە دیارترین ئەو گۆڤارانەش گۆڤاری کەرکوك ژمارە (٣) لە ساڵی(٢٠٠٢) بابەتێك بە ناونیشانی(براڤی حەقە لە کەرکوك) لە نوسینی (محەمەد عەلی سوڵتانی)یە، نوسەر هەوڵی داوە

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ زۆربەی لایەنەکانی بزووتنەوەی هەقە بکات و بەراوردێك لە نێوان بزووتنەوەی هەقە و ئەهلی هەقدا بدۆزێتەوە، هەروەها گۆڤاری ڕامان ژمارە (٦٩) لە ساڵی (٢٠٠٢) بابەتێك بە ناونیشانی (تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە بۆ هەقە) لە نوسینی (عارف تەیفور)ە، نوسەر باس لە قۆناغی گواستنەوە لە تەریقەتی نەقشبەندی بۆ بزووتنەوەی هەقە دەکات و بە کورتی بزووتنەوەکەی هەڵسەنگاندووە.

لە لایەکی ترەوە گۆڤاریی زانکۆی کۆیە ژمارە (٦) لە ساڵی (٢٠٠٦)ز بابەتێك بە ناونیشانی (الحقه) لە نوسینی (جمال محەمەد فقی ڕەسوڵ باجەلان)ە، ئەم بابەتە باسێکی ئەکادیمیە و پێشکەشی زانکۆ کراوە و شرۆڤەی مێژوو دابونەریتی کۆمەڵایەتی و مەراسیم و سروتەکانی بزووتنەوەکە دەکات و هەڵسەنگاندنی تۆمەت و پڕوپاگەندەکانی بزووتنەوەکە دەکات و سەردەمە جیاجیاکانی لێك دەداتەوە .

هەروەها چەند چاوپێکەوتنمان ئەنجام داوە، بە بە تایبەتی لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕوداوەکانی نێو بزووتنەوەکە بوون یان کاراکتەری سەرەکی بزووتنەوە بوون، لە گرینگترین ئەو چاوپێکەوتنانەش، چاوپێکەوتن لەگەڵ (هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق) لە (٢٠١٠/١١/١٤) لە خانەقای کەلکەسماق، لەم چاوپێکەوتنەدا شرۆڤەی لایەنە جیاواز و ڕوداوەکانی نێو بزووتنەوەکە لە ماوە (١٩٢٠-١٩٦١) دەکەین، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ (عومەر کاکەحەمەی کەلکەسماق) لە (٢٠١٠/١١/٨) لە ناحیەی پیرەمەگرون، لەم چاوپێکەوتنەشدا هەلسەنگاندنی لایەنە جیاواز و سروت و مەراسیمە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان کراوە.

لە لایەکی ترەوە چاوپێکەوتنمان لە گەڵ (مەحمود کاکەحەمەی شەدەڵە) لە (٢٠١٠/١١/١٧) لە خانەقای شەدەڵە ئەنجام داوە، لەم چاوپێکەوتنەشدا باس لە تێکڕای تۆمەت و پروپاگەندە جیاوازەکان کراوە . لە چاوپێکەوتنێکی تردا لەگەڵ (عارف تەیفور) لە (٢٠١١/٥/٨) لە شاری هەولێر، باس لەو حەوت کەسایەتییە کراوە کە لە ماوەی گواستنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ بزووتنەوەی هەقەدا ڕابەرایەتی تەریقەتی نەقشبەندیان کردووە . ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە زۆربەیان لە نەوەی ڕابەرانی بزووتنەوەی هەقە بوونە و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕوداو بەسەرهاتەکانی نێو بزووتنەوەکە بوون.

## باسی یەکەم

## چەمك و مانای سۆفیگەری

مـــرۆڤ وەك بوونـــەوەرێکی کۆمـەلآیـــەتی و بـــایۆلۆژی هەمیشـــە کاریگـــەری ڕوداو و دیـــاردە سروشتیەکان و باری کۆمەلآیەتی و لایەنی شارستانیەتی لە سەر بووە و ئاراستەی بیروڕاو هەڵوێست و بیرکردنەوەی مرۆڤیـان لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی تـر گۆڕیـوە، تەنانـەت بیروبـاوەڕ و تەریقەتەکانیش لـەم کاریگەریانـە بـەدەر نـین، بـە تایبـەتی ئـەو پرەنسـیپ و تێزانـەی ڕاسـتەوخۆ پەیوەندیان بە لایەنی گیانی(روحی) و لایەنە شاراوەکانی خودی مرۆڤەوە هەیە، دەرکەوتنی ئـاینیش یەکێك بووە لە دەرئەنجامی ئەو کارتێکردنانەی سروشت بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و بۆتە هۆی ئـەوەی هەر کۆمەڵە کەسێك لایەنی گیانیان لە سەر ئاینێکی تایبەتی بینا بکـەن و جیهـانبینی خۆیـان لـە سەر ئایدۆلۆژیا و تێڕوانینی ئەو ئایینە هەڵچنن.[1]

یەکێك لە دەرکەوتە و دیاردەکانی ئـاینیش مەسـەلەی سـۆفیگەری بـووە، کـە بیروبـاوەڕێکی تایبەت بە دەستەو کۆمەڵەیەکی دیاری کراو نییە، بەڵکو لە ڕوانگەی بیروباوەڕی ئاینـەوە ڕێبازێکـە کار بۆ چاکسازییەکانی دەروونی مرۆڤایەتی دەکات، بە مەبەستی ئەنجامدانی کرداری باشـە و نزیـك بوونەوە لە خودا[2]. سۆفیگەری بـەمانا فراوانەکـەی هەوڵدانـە بـۆ کـۆت و بەنـد کردنـی ویسـت و ئارەزووەکان و بەسـتنەوەی دەروونـی مرۆڤـە بـە خـودا و بازدانـە لـە قۆنـاغی کۆیلایـەتی ژیـانی دونیاییەوە بۆ قۆناغی ئازادی دەروون دوای زیندووبونەوەی، بە پەنا بردنە بەر هێزێکی میتـافیزیکی نادیار تاکو چارەسەری ئاڵۆزییە دەروونی و کێشە و گیروگرفتە بیروباوەڕی و تاوانەکانی ڕۆژگارەکانی تەمەنی بۆ بکات، پاشـان سـۆفیگەری وەك دیاردەیـەکی کۆمەلآیـەتی شـوێن پێـی خـۆی لـە نێـو کۆمەڵگە مرۆییە جیاوازەکاندا کردەوە.[3]

سـۆفیگەری وەکـو ڕێبـازێکی گیـانی(روحی)، تایبەتـە بـەو ئاینانـەی خـاوەن فـۆرمێکی کۆمەلآیەتی و مەزهەبی سەربەخۆن، ئاینی ئیسـلامیش وەکـو یـەکێك لـە ئاینـە گـرینگ و بنکـە فراوانەکانی شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت، لە سـەرەتای دەرکـەوتنی پێغەمبـەرەوە بیروبـاوەڕی

---

[1] ئیبراهیم ئەحمەد شوان: سۆفیگەری، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١ ، ل١٧.

[2] مني ياسين طه الرفاعي : علم التصوف واثرة في العبادات، ط١، بغداد، ٢٠٠٩، ص٧٦.

[3] عبدالوهاب الشـعراني : الانـوار القدسـية في معرفـة قواعـد الصـوفية، دار المعرفـة، بـيروت،د.س، ص١٤٥ ؛ جەعفەر عەلی رەسول : سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کـورددا ١٨٨٠-١٩٢٥، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی تیشـك، سـلێمانی،٢٠٠٨، ل٢٨-٣٠ ؛ Ahmet T karamustafa : Sufism , EdinBurgh university press , 2007, p143.

سۆفیگەری  باسی لێوە کراوە و جێگەی گفتوگـۆو مشـتومڕ بـووە، وەکـو پێغەمبـەر دەفـەرموێت: {الكيس من دان نفسه و عمل لما بعـد المـوت}[1].رواه الترمـذي . واتـە کەسـی ژیـر ئـەو کەسـەیە سەرزنشتی دەروونی خۆی دەکات و کار بۆ پاش مردن دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیـەنێ سـۆفیگەری لە ڕووی کرداری و پراکتیکییەوە مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەرچەندە (محەمەد مستەفا حلمی) وایە لە ڕووی زاراوەوە بۆ سەدەی هەشتەمی زایینی دەگەڕێتەوە[2]، لە لایەکی ترەوە تێـڕوانینی هەنـدێك نوسەر و مێژوونوس سەبارەت بە سەرەتای سەرهەڵدانی نازناوی سۆفی جیاوازە و بۆ سـەدەی دوازدەی زایینی دەگێڕنەوە[3]، پێناچێت مێژوونوسان و شارەزایان لـە دیـاری کردنـی سـەرەتای سـەرهەڵدانی هزری سۆفیگەری تەبا وکۆك بن، هەر بۆیە چوار سەدە بە جیاوازییەکی زۆر دادەنرێت لەو نێوەنـدەدا . ئێمە هاوڕاین لە گەڵ محەمەد مستەفا حلمی کە پێی وایە سۆفیگەری لە ڕووی ناو و نازنـاوەوە بـۆ سەدەی هەشتەمی زاینی دەگەڕێتەوە.

هەرچەندە چەمکی سۆفیگەریش لە دیدگای بیروباوەڕی ئاینییـەوە لێکدانـەوەی جیـاوازی بـۆ کراوە بۆ وێنە جونەیدی بەغدادی[4] دەڵێت: " سۆفیگەری بە کارهێنانی هەموو ڕەوشتێکی باشـە و دوورکەوتنەوەیە لە هەموو شتێکی خراپ و دزێو، سۆفیگەری وشـەی ڕەوشـتە، پاککردنـەوەی دڵ و دەروونە و پەیوەندی مرۆڤە لەگەڵ پەروەردگاردا، سۆفیش ئەو کەسەیە، کە دڵی لە هەموو گەردێکی

---

[1] احمد بن حنبل  : مسند الامام احمد بن حنبل ، تحقيق محمد عبد القادر عطا،ج٣، مكتبة دار الباز ،مكة المكرمة ، ١٩٩٤، ص٣٦٩،رقم الحديث ٦٣٠٦.

[2] الحياة الروحية في الاسلام، القاهيرة، ١٩٧٠، ص١٠ .

[3] لـويس ماسـينون: التصـوف،، ط١، دار الكتـاب اللبنـاني للطباعـة ونشـر والتوزيـع، بـيروت، ١٩٨٤ص٢١ ؛ عبدالحكيم عبدالغني قاسم : المذاهب الصوفية و مدارسها، ط١، قاهرة، ١٩٩٩، ص٢١.

[4] جونەیدی بەغدادی ناوی ئەبو قاسمی کوڕی محەمەد کوڕی جونەیدە لە شاری بەغداد لە دایك بووە،  خێزانەکەیان بە ڕەچەڵەك بۆ نەهاوەند دەگەڕێنەوە، یەکێکە لە ڕابەرانی سۆفیگەری لە جیهانی ئیسـلامیدا و چـەندین کتـێبی بەناوبانگی هەیە وەك (دواء الارواح، كتاب الفناء، كتاب التوحيد ) لە سـاڵی (٩٠٩) لـە شـاری بەغـدا کۆچـی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە عبـدالوهاب بـن احمـد بـن علـي الانصـاري ت/٩٧٣ھ : الطبقـات الكـبري للشعراني المسماة بلواقح الانوار في طبقات الاخيار، ضبطه صححه: خليل المنصـور، دار الكتـب العلميـة، بـيروت، ١٩٩٧، ص٨٤ ؛ سبنسر ترمينجهام : الفرق الصوفية في الاسلام، ت: عبدالقادر البحرانـي، بـيروت، ب.س،ط١، ص٢١٨ ).

دنیایی پاك كردبێتەوە، تەنها خودا نەبێت كرنوش بۆ كەسی تر نابات و هەموو كار و كردارێكی بۆ خودایە" .[1]

ئەركی سۆفیش ململانێ و بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ دەروون و ویست و ئارەزووەكانیدا و هەوڵدانە بۆ كۆنترۆڵكردنی دەروون و پەروەردەكردنی، كە كاری سەرەكی لێپێچینەوە و بەدواداچوون و پرسیار كردنە لەو كار و تاوانانەی كە ڕۆژانە ئەنجامی داوە، بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ بنەما و پرەنسیپەكانی سۆفیگەرییدا بگونجێنێ[2]، لەپێناو گەیشتن بە بەختەوەری هەمیشەیی، كردەوەی چاك ئەنجام دەدات و پەیرەوی بنەماكانی یەكتاپەرستی دەكات، بە مەبەستی دوورخستنەوەی دەروونی لە دوو دڵی و گەیشتن بە دڵنیایی ڕاستەقینە.[3]

جان شوفلیی و تۆمابوا پێیان وایە، سۆفیەكان بە تەنها بە قورئان لەبەركردن و ئەركەكانی تری ئاینی نەوەستاون، بەڵكو هەوڵیانداوە بگەنە بەرزترین پلەی نزیكبوونەوە لە خودا، لە ڕێگەی دەروون و هەستەكانی مرۆڤەوە كە بەستراوەتەوە بە خوداوە[4]، لێرەوە سۆفیگەری دەبێتە ڕێبازێكی پەروەردەیی لە پێناوی بەرزكردنەوەی دەروون بۆ جیهانی پیرۆزی و پاكی و گوێڕایەڵی خودا.[5]

دواتر ڕابەرانی سۆفیگەری سودمەند دەبن لەو ڕێبازە و بەشێك لەو پیرۆزیەی ڕێبازەكە دەبێتە كەسایەتیەكی تایبەتی بۆ شێخەكانی تەریقەتی سۆفیگەری، بە شێوەیەك ئەم پیرۆزی یە گەیشتۆتە ئاستی پەرستن[6]، بە تایبەتی ئیلهام بەخشین (revelation) لە لایەن خوداوەندەوە یەكێك بووە لەو بانگەشانەی كە شێخ لە كاتی وتار و ئامۆژگاری و ڕێنماییەكاندا بە پێڕەوانی

---

[1] عبدالقادر صالح : العقائد والادیان، ط٢، دار المعرفة، لبنان، ٢٠٠٦، ص٩٢-٩٣ ؛ عبدالرحمن شێخ سەلاحەدین شێخ سلێمان بەرزنجی بێلاف : تەریقەتی نەقشبەندی، ب٢، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٨٣٢-٨٣٣ .

[2] هاشم معروف الحسنی : بین التصوف و التشیع، دار القلم، بیروت، د.س، ص٤١٣-٤١٤ ؛ حەسەن شێخ خالید مفتی : جیهادی ئەهلی تەسەوف، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر،ب.س، ل١٤.

[3] عبدالوهاب الشعراني : م.س، ص ١٤٥؛ عبدالرحمن بێلاف : س.پ، ب٢، ل٨٣٤-٨٣٥؛ Malthew S.Gordon : islam , Chelsea house: puplishers , Newyork ,2009 ,p79

[4] جان شوفیلی: التصوف والمتصوفه، ت: عبدالقادر قنینی، بیروت، ١٩٩٩، ص٨-٩ ؛ تۆمابوا: ژیانی كوردەواری، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی عراق، ١٩٨٠، ل٢٠٢ .

[5] سعد رستم : الفرق والمذاهب الاسلامیة منذ البدایات، دار الاوائل للنشر والتوزیع والخدمات للطباعة، ط١، دیمشق، ٢٠٠٤، ص١٧٥ ؛ الاب صبري المقدسي : الموجز في المذاهب والادیان،ج١، مطبعة مدیا، اربیل، ٢٠٠٧، ص٣٤١؛ Malthew S.Gordon : op.cit ,p79 .

[6] تۆمابوا : م.س، ل٢٠٥ .

ڕادەگەیاند، واتە شێخەکان ڕایان گەیاند بوو کە بەشی زۆری شارەزای و زانستیان لە لایەن خوداوە پێ دراوە[١]، بنەچە و ڕەچەڵەکی خۆیان بۆ پێغەمبەر و یاوەرانی گەڕاندۆتەوە[٢]، بە مەبەستی پیرۆزی و خۆ جیا کردنەوە لە خەڵکی گشتی[٣].

دواتر سۆفیگەری دەبێتە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی و بە پەیامە ئاینییەکان بارگاوی کراوە، پەنا بۆ هێزێکی ئەو دیو سروشت دەبات لە پێناو ڕزگار بوون لە کێشە دەروونییەکان و گەیشتن بە بەختەوەری بێکۆتا و سەرفرازی دەروون لە ژیانی دونیاو ڕۆژی دواییدا، ئەمەش لە مانا و شیکردنەوە و سەرهەڵدانی زاراوەکەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە، هەرچەندە مێژوونوسان بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە پەیدابوونی وشەی سۆفیگەری هەیە، بە شێوەیەکی گشتی کۆك نین لە سەر شێوازی سەرهەڵدان و چۆنێتی پەیدا بوونی زاراوەکە، دەکرێ گرنگترین ئەو بۆچونانە لە چەند خاڵێکدا بخرێتە بەر دەست :

١- بەشێك لە مێژوونوسان پێیان وایە وشەی سۆفیگەری(تصوف) لە خوری (سوف)ەوە هاتووە[٤] ، ئەمەش لە ئەنجامی لەبەرکردنی جل و بەرگی خوری بووە، پاشان ئەم ناوەیان بە سەردا سەپێنراوە، مەبەستی لێی هەردەم بە ئاگا بوون و دوور نەکەوتنەوە بووە لە خودا پەرستی، هەروەها جل و بەرگی سوف بە مانای دەروون شکاند و هێمای پیاو چاکان و ڕەوشتی پێغەمبەرانیش بووە، عەبدولکەریم مودەریس پێی وایە بەشێك لە یاوەرانی محەمەدی پێغەمبەر جل و بەرگی خوریان لە بەر کردووە[٥] . بەو بۆچونانە لە بەر کردنی جل و بەرگی خوری لە سەرەتایی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامەوە بەشێك لە دابونەریت و کەلتور و ڕەوشتی موسڵمانان لە سەردەمی پێغەمبەردا بووە و پیادە کراوە.

---

[١] الاب صبري المقدسي : **م.س**، ص١٠٦ .

[٢] ماسينون : م.س، ص٤٤ .

[٣] جواد فقي علي الجوم حيدري : الشيخ خالد النقشبندي و منهجه في التصوف، رسالة دكتوراه غير منشورة، مقدمة الي جامعة بغداد، ١٩٩٧، ص٢٥٦ .

[٤] ابو بكر بن اسحاق البخاري الكلاباذي المتوفي ٣٨٠ه/٩٩٠م : التعرف لمذهب اهل التصوف، تحقيق وتعليق:عبدالحايم محمود و طه عبدالباقي سرور، مكتبة الثقافة الدينية، فاهيرة، ١٩٦٠ ، ص٢١-٢٥ ؛ احمد تقي الدين ابن التيمية : التصوف و الصوفية، جمع وتحقيق: محمد طاهر الزين، دار الايمان، اسكندرية، د.س، ص٩؛ عبدالرحمن ابن خلدون : المقدمة، المجلد الثاني، ط٣، مؤسسة الكتب الثقافي، بيروت،د.س، ص١٦٠؛ عبدالحليم محمود: قضية التصوف المنقذ من الظلام ، ط٣ ،دار المعارف ، لبنان ، د.س، ص٣٥-٣٧ .

[٥] احمد تقي الدين ابن تيمية : اهل الصفة واحوالهم، دراسة وتحقيق، مجدي فتحي سيد، دار الصحابة للتراث، ط١، ١٩٩٠، ص١٨ ؛ يادى مەردان، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغداد، ١٩٧٩، ل١٣٤ .

٢-له (صف)ەوه هاتووه، به پێی ئەم بۆچوونه سۆفی بەو کەسانه وتراوه کە لە ریزی پێشەوەی موسلمانان و له دوای پێغەمبەرەوه نوێژیان دەکرد و وازیان له خۆشی و لەزەتی ژیانی دونیا هێناوه و خەریکی خودا پەرستی بوون[١]. به مەبەستی هەوڵدان بۆ پێشبرکێ و ململانێ و ئەنجامدانی کاری چاکه له پێناو گەیشتن به ڕەزامەندی خودا، پێمان وایه ئەم بۆچوونه لاوازه، چونکه هیچ کام لە کەسایەتییه نزیکەکانی پێغەمبەر هەڵگری ئەم ناوه نەبوون، هەرچەنده له نوێژ و خواپەرستیدا لە ریزی دواوەی پێغەمبەردا بوون، دیارترین نمونەش چوار خەلیفەکەی ڕاشدینن .

٣-سۆفیگەری له (صفاء)ی دڵ و پاکی دەروونەوه هاتووه[٢]، ئەم بۆچونەش ئەوه دەگەیێنێ که سۆفی ومریدەکان هەردەم دڵیان پاکەو سینەیان ڕوناکە و ڕاستگۆن . دڵیش لە دیدی سۆفیگەریدا فەرماندار و بڕیاردەری سەرەکی کردەوەکانی مرۆڤە.

٤-سۆفیگەری له (صفوه)وه هاتووه[٣]، به مانایی کاکڵە دادەنرێت، به پێی ئەم بۆچونه پێویسته سۆفیەکان له هەموو ڕویەکەوه دەستەبژێری کۆمەڵ و نمونەی چاکەکاران بن[٤]، ئەم رێبازە کار لە سەر پەروەردەی دەروونی دەکات له پێناو گەیشتن به خوداو نزیك بوونەوه لێی یەکگرتن لەگەڵیدا[٥]، لەگەڵیدا[٥]، واته باشترین رێگەیه بۆ گەیشتن به خودا، ئێمه هاوڕاین لەگەڵ ئەو شارەزایانەی بواری سۆفیگەری که پێیان وایه " زۆر ڕێ و ڕەسم و کردەوەی نا ئیسلامی تێکەڵ به سۆفیگەری کراون" [٦]، هەروەها بۆ گەیشتن و نزیك بوونەوه له خودا پێویستی به وەسیلەی تایبەتی نییه، تا پێویست بکات سۆفیگەری ببێته ئەو کەناڵی پێوەندییه له نێوان خودا و مرۆڤەکان.

٥-سۆفیگەری له سۆفیای یۆنانیەوه هاتووه[٧]، که مانای دانایی(حکمه) دەگەیەنێ[٨]، ئەم وشەیه له ئەنجامی پەڕینەوەی شارستانیەتی یۆنانی و تێکەڵ بوون و کارتێکردنی له شارستانیەتی ئیسلامیدا هاتووه[٩]، داناییش به پلەیەکی بەرزی مامەڵە و هەڵس و کەوتی مرۆڤەکان دادەنرێت،

---

(١) ابو بكر الكلاباذي : م.س، ص٢١-٢٥ ؛ عبدالرحمن بێلاف : س.پ، ب٢،ص٨٣٥-٨٣٦ .

(٢) عبدالقادر صالح : العقائد و الاديان، دار المعرفة، لبنان، ٢٠٠٦، ص٩٢ ؛ عبدالرحمن بدوي : م.س، ص٨ .

(٣) ابو بكر الكلاباذي : م.س، ص٨ ؛ جان شوفليي : م.س، ص٨-٩ .

(٥) جان شوفليي : م.س، ص٨-٩ .

(٥) الاب صبري المقدسي : م.س، ص٢٤٠ .

(٦) عبدالرحمن الوكيل : هذه هي الصوفية، ط٣، د.م، ١٩٩٥، ص٢١ ؛ میهرداد ئیزەدی : ئاین و تایفە ئاینەکان له کوردستاندا، چ١، سلێمانی،٢٠٠٢، ل٧٦.

(٧) قمر كيلاني : في التصوف الاسلامي، دار المجله المصريه، ب.س، ص١١ .

(٨) محمد مصطفي حلمي : م.س، ص٩٠.

(٩) ماسينون : م.س، ص٣٨ .

خودای گەورە ئامۆژگاری پێغەمبەر دەکات و دەفەرموێت: { ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ }[1]، واتە بانگەشە بۆ ڕێگای خودا بکەن بە دانایی. بە پێی تێڕوانینی ئەو نوسەرانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە وشەی سۆفیگەری بەرهەمی شارستانیەتی یۆنانیە و لە ئەنجامی کارلێکردن و تێکەڵ بوونی شارستانیەتیەکانەوە پەیدا بووە.

٦- سۆفیگەری بۆ (بنی الصوف) واتە کوڕی سوف دەگەڕێتەوە، ئەمانەش کۆمەڵەیەکی کۆچەری بوون لە پێش ئاینی ئیسلامەوە خزمەتی کەعبەییان کردووە[2]، بە پێی ئەم بۆچونە سۆفیگەری بۆ پێش دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە، بەلاّم هەڵگری هەمان ناو و ناوەڕۆك نەبوو، تەنها بەو چەمك و ڕەوشتانە بارگاوی کرا بوون، ئەگەر ئەم کۆمەڵەیە بە هۆی لە بەرکردنی جل و بەرگی سوفەوە ئەو نازناوەیان لێ نرا بێت، نزیکترین بۆچونە لە دروستی سەرهەڵدانی نازناوی سۆفیگەریەوە، چونکە زۆرینەی بۆچونەکان سۆفیگەری بۆ لەبەر کردنی جل و بەرگی کاراکتەرەکان دەگێڕنەوە.

٧-بۆچونێکی تر سۆفیگەری بۆ (اهل الصفة) دەگێڕێتەوە، (اهل الصفة)ش بریتی بوون لەو موسڵمانانەی کە لە گەڵ پێغەمبەردا لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە کۆچیان کرد، لە پێناوی خودا و بلاّوکردنەوەی ئاینی ئیسلام و ڕزگاربوون لە چەوسانەوەی بێ باوەڕانی شاری مەککە، بە هۆی هەژاری و کەم درامەتی و بێ شوێنی نیشتەجێ بوون لە مزگەوتی پێغەمبەر لە شاری مەدینە ژیانیان بە سەر دەبرد، پێیان دەوتن (اهل الصفة)[3]، ئەمانە زۆربەی کاتەکانی ڕۆژانەی خۆیان بۆ خوداپەرستی تەرخان کرد بوو[4]. هەروەها خاوەنی هیچ سەروەت و سامان و سەرمایەیەك نەبوونە تەنانەت بە برسیەکانیش ناویان دەهات، بۆیە جلوبەرگی خوریان پۆشیوە و لە لایەنی دانیشتوانی مەدینەشەوە بە (اهل الصفة) ناسران.[5]

---

(١) سورة النحل : اية١٢٥.

(٢) عبدالرحمن بدوی : م.س، ص٩ ؛ ماسینون : م.س، ص٢٥-٢٦.

(٦) ابن تيمية : اهل الصفة والاحوالهم، دراسات و تحقيق مجدي فتحي سيد، دار الصحابة للتراث،ط١، ص١٨.

(٧) حیدر لشکری خضر : سۆفیگەری ئیسلامی لە کوردستان لە سەرهەڵدانیەوە تا سەدەیی پێنجەمی کۆچی و یانزدەیەمی زاینی، تێزێکی دکتۆرایە بلاّونەکراوەتەوە، پێشکەش بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،٢٠١٠،ل ٢٤-٢٥.

(١) حیدر لشکری خضر: س.پ، ل٢٥.

لەو بۆچوونانەی سەرەوە دەردەکەوێ چەندین لێکدانەوەی جیاواز بۆ زاراوەی سۆفیگەری کراوە، بەلاّم ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەوانەی پێیان وایە سەرهەڵدانی سەرچاوەی زاراوەی سۆفیگەری بۆ لە بەرکردنی جلوبەرگی خوری دەگەڕێتەوە، کە بە هەر هۆیەکەوە بێت زۆربەی کاتەکانیان پۆشیویانە. بە تایبەتی جل و بەرگ دیاردەیەکی ڕوکەشانەیە بە ئاسانی دەبینرێت و لە خەڵکی تر جیا دەکرێتەوە .

بەلاّم پاکی دڵ و دەروون و ڕیزبەندی ودانایی هەر گروپ و کۆمەڵەیەك ڕەوشتێکی شاراوەن لە دەروونی مرۆڤدان و بە ئاسانی هەستی پێناکرێت و لێکتر جیاناکرێتەوە کە کێ دانایە و کێش لە ڕیزی پێشەوەی خواپەرستانە .

هەروەها بۆ پیادەکردن و کارکردنی سۆفیەکانیش ڕێبازێکی تایبەتی گیراوەتە بەر کە بە تەریقەت ناسراوە، تەریقەتیش لە دیدی سۆفیگەریەوە بە باشترین چارەسەر بۆ زۆربەی گرفت و نەهامەتیەکانی نێو کۆمەڵگە دادەنرێت، کە خۆی لە گرتنەبەری ڕێگەی بە جێهێنانی خوا پەرستی و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خودا بە دڵسۆزی و گوێڕایەڵیێ ڕاستەقینەدا دەبینێتەوە[1]، ئەمەش پەیامی ئاینە ئاسمانیەکانە، بەلاّم باسیلی نیکەتین: " تەریقەت کاریگەرییەکی ئەرێنی لە سەر لایەنەکانی کۆمەلاّیەتی و ئاینی و ڕەوتی ڕوداوەکان هەبووە". [2]

لەم بارەیەوە محەمەد کەسنەزانی ئەلحوسەینی کە ناسراوە بە شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی دەڵێت: " تەریقەت دیاریەکە بۆ مرۆڤایەتی و گەیاندنی پەیامی خۆشەویستی وفەرمان کردنە بە چاکە و دوور کەوتنەوەیە لە خراپە" [3]، خوای گەورە دەفەرموێت: { وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنْ الْمُنكَرِ}[4]، هەروەها محەمەد کەسنەزانی الحوسەینی دڵنیایی دەدات کە، " تەریقەت ڕێگەی قورئان و ڕێبازی پێغەمبەرانە کە بەڕاستترین و درووستترین بەرنامەی مرۆڤایەتی دادەنرێت، مەبەستی گەیشتنە بە ڕاستگۆیی و هیدایەت و سەرکەوتنی مرۆڤ لە دونیا و ڕۆژی دوایدا" [5]، لە

---

[1] ابي عبدالرحمن محمد بن احمد السلمي النيسابوري ت/٤١٢ه : المقدمة في التصوف و حقيقتيه، تحقيق و تقديم: يوسف زيدان، الناشر مكتبة كليات الازهرية ، قاهيرة، ١٩٨٧، ٢٥-٢٦ ؛ سبنسر ترمينجهام : م.س، ص٢١٩ ؛ ابن عربي و اخرون : سلسة التصوف، تقديم وتحقيق و تعليق: محمد زينهم محمد عزب، مكتبة مدبولي، قاهيرة، ١٩٩٣، ص٤٨ ؛ عبدالكريم مدرس : س.پ، ب١، ل١٢٩ .

[2] كورد و كوردستان، و: خالدى حسامى، ب.ش، ١٩٩٨، ل٦١٣-٦١٤ .

[3] الطريقة العلية القادرية الكسنزانية، من سلسلة كتب الطريقة القادرية الكسنزانية، د.م، د.س ، ص٧٣ .

[4] سورة لقمان : اية ١٧

[5] خالد بن تونس : التصوف قلب الاسلام، ت: معهد الف، باريس، ٢٠٠٥، ص٢٢١ " محمد الكسنزاني الحسيني: الحسيني: م.س، ص٧٤ .

کاتێکدا هەندێك بۆچون هەیە پێیان وایە سۆفیەکانی تەریقەت گەلێك ڕەفتاری ئەوتۆیان هەیە کە بە ئاشکرا لەگەڵ ڕێ و شوێنی ئیسلامی ڕاستەقینەدا ناگونجێ و هەموو چاودێرێکی ژیر و شارەزا دەتوانێ بە ئاسانی ڕەفتارەکانیان لەپەیامی ڕاستەقینەی ئیسلام جیایان بکاتەوە [1]، بە تایبەتی وەرگرتنی تەریقەت لە لایەن سۆفی و مریدەکانەوە دەبوایە بە جۆرە پرۆسەیەکی تاقیکردنەوەی قورسدا بڕۆن و بەشداری لە هەندێ دابونەریت و دەستوری تایبەت بە ڕێبازەکە بکەن وەك سەما و زیکر و نوێژکردن، هەرچەندە بەشی زۆری ئەو مەراسیمانە پێوەندیان بە بنەماکانی ئاینی ئیسلامەوە نییە[2]، ئەم پرۆسەیەش بە ڕێنمایی و چاودێری و سەرپەرشتی و فەرمانەکانی شێخی تەریقەت بەڕێوە دەچێت، لە هەمان کاتدا شێخەکان دەسەلاتی بالایان لە نێو پێڕەواندا بۆ خۆیان دروست کرد بوو بە هەموو شێوەیەك داکۆکیان لێ دەکرد، بە پشتیوانی کۆمەڵە کەسێك کە بە خەلیفە ناسراون و دەسەلاتیان پلەیەك لە خوار شێخەوەیە، ئەمانە بەرپرس بوون لە گەیاندن و گواستنەوەی فەرمانەکانی شێخ بۆ سۆفی و مریدەکان کە لە چینی خوارەوەی تەریقەتدان.[3]

لەو هەلومەرجەدا ئەرکی مرید و سۆفیەکانە کە وەك مردووی بەردەستی مردوو شۆرێك لە پێناو نزیکبوونەوە لە ڕەزامەندی خودا مامەڵە لەگەڵ مورشیدەکان بکەن [4]،واتە هیچ کاردانەوەیەکیان نەبێت، لە کاتێکدا خودای گەورە دەفەرموێت: {**وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِي...**}[5]، واتە ئەگەر موسڵمانان لە من پرسیار دەکەن، من نزیکم لەوان، وەلامی داواکاری موسڵمان دەدەمەوە کاتێك دەپاڕێنەوە و داوا لە خودا دەکەن، کەواتە لۆژیکی نییە کەسێك ببێتە ئەڵقەی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و خودادا، لە کاتێکدا بۆ نزیك بوونەوە لە خودا پێویستی بە کەسی دووەم نییە لە هەر کات و شوێنێك داوا بکەیت خودا ئاگادارە و پاڕانەوەی موسڵمانی ڕاستەقینە قبوڵ دەکات، تاکە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی موسلمانانیش ئەو کەسەیە بە باشترین شێوە خوا پەرستی بکات. هەروەك چەند نوسەرێکی تر پێیان وایە: " تەریقەت

---

[1] عبدالرحمن الوکیل : م.س ، ص١٩-٢٠ ؛ میهردادی ئیزەدی : چەردەباسێك لە بارەی کوردانەوە، و: ئەمین شوانی، چ١، دەزگایی چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦، ل٣٦٢ .

[2] میهردادی ئیزەدی : چەردەباسێك لە بارەی کوردانەوە ، ل٣٦٢

[3] واسیلی نیکتین : س.پ، ل٦٢٦ .

[4] بطرس ابو منة : دراسات حول مولانا خالد والخالدیة، ط١، مطبعة اراس، اربیل، ٢٠٠٩، ص١١-١٢ " سبنسر ترمینجهام : م.س، ص٢١٥-٢١٧

[5] سورة البقرة : اية ١٨٦ .

ڕێگەی ڕوحانیە کە سۆفی پێیدا تێپەر دەبێت و پشت و پەناو مەبەستی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەرە"[1].

لە دیدگایی ئەم تێڕوانینەوە، بیروباوەڕی سۆفیگەری لە کوردستاندا بلاّوبووەوە و ڕەگ و ڕیشەی لە نێو چین و توێژە جیاوازەکاندا داکوتا، ئەوەی زەمینەکەی زیاتر بۆ ئەم تێزە ڕەخساند بەشی سەرەکی خەڵکی کوردستانیش پابەندی ئاینی ئیسلامن، تەریقەتیش بانگەشەی بۆ پیادەکردنی کرۆکی ئاینی ئیسلام دەکرد، بۆیە سۆفیگەری لە نێو لادێنشین و چینی پیشەوەران و جوتیاران و زەحمەتکێشاندا بە خێرای تەشەنەی کرد، دانیشتوانی کوردستان ڕێزیان لە ڕابەرانی تەریقەت دەگرت باوەڕی تۆکمە و پتەویان بە کەسایەتی شێخەکان هەبووە گوێڕایەڵی تەواویان دەکرد[2].

وەکو دەردەکەوێ دوو جۆرە شێخ لە کوردستاندا بوونی هەبووە، یەکەمیان لە ڕێی ئاینداری و زانست و زانیاریی ئاینی ئیسلامەوە گەیشتۆتە پلەی شێخایەتی، بەجۆرە دەڵێن شێخی بەرماڵ، ئەم جۆرەیان بانگەشە بۆ ئیلهامی خودایی دەکەن[3]، دووەمیان بە سادات ناسراون، خاوەنی زنجیرەی بنەماڵەیین و ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەر، یان چەند کەسایەتییەك لە یاوەرانی[4] ئەم جۆرەیان لە تەریقەتی قادریدا بەر چاو دەکەوێت، لە هەردوو جۆرەکەیاندا بە پێی پرەنسیپەکانی تەریقەت پێویستە مرید و سۆفیەکان گوێڕایەڵی تەواوی مورشیدەکانیان بن.[5]

هەرچەندە نیکتین دەڵێت: " شێخەکانی تەریقەت کەم تێکەڵیێ چینی گشتی دەبن، لە بەرئەوەی پلە و پایەی مەعنەوییان ڕێگەی پیێ نەدەدان، چونکە خۆیان لە خەڵکی ئاسایی بە گەورەتر دەزانن".[6] بەرای ئێمە ئەم بۆچونە لە زۆرینەی تەریقەتەکاندا بەرچاو دەکەوێت.

---

[1] عبدالحليم محمود: قضية التصوف المنقذ من الضلال، ص٤٨ ؛ بێ ناوی نوسەر: کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا، و: حەمە کەریم عارف،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٣٠-١٣١.(جێگەی باسە نوسەرانی ئەم کتێبە مینۆرسکی و مکنزی و تۆمابوان، بەلاّم وەرگێر بە هەر هۆکارێك بێت ناوەکانی نەنوسیون).

[2] شاكر خصباك : الاكراد، ط١، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٥، ص٤٨٦ ؛ محەمەد رەسول هاوار : س.پ، ل٢٢٨ .

[3] عبود عبدالله العسكري : التصوف قراءة المصطلح و المعتقد و السلوك، دار النمر، ديمشق، ٢٠٠٦، ص١٦٥ ؛ سبنسر ترمينجهام : م.س، ص٢١٥-٢١٦ ؛ عبدالمجيد بن محمد الخاني : الحدائق الوردية في حقائق اجلاء النقشبندية، دار اراس للطباعة و النشر، اربيل، ط٢، ٢٠٠٢، ص٢٥٠-٢٥١ .

[4] محەمەد رەسول هاوار : بیرەوەری، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل٢٢٨-٢٣٠.

[5] عبدالكريم مدرس : س.پ، ب١، ل١٣٩ .

[6] کورد و کوردستان، ل٦٢٨ .

# باسی دووەم

# بڵاوبوونەوەی سۆفیگەری لەباشوری کوردستان

ئەو زەمینە ئاینییەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبووە، ڕێگەی بۆ سەرهەڵدان و نەشونما کردنی هزری سۆفیگەری خۆش کرد، بۆ دیاریکردنی ئەو زەمینەیەش دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی واتە (نۆیەم و دەیەم)ی زاینی، واتە ئەو قۆناغەی سۆفیگەری تیایدا دەردەکەوێت و لە پانتاییەکی جوگرافی وڵاتەکەدا برەو دەسەنێ و دەبێتە دیاردەیەکی ئاینی جێگەی هزری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

چەند فاکتەرێکیش بوونەتە پاڵنەری خێراکردنی پرۆسەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕێبازە بۆ ناوچەکانی کوردستان[1]، لە گرینکترینیان:

١-پێداگری و پابەند بوون بە حەتمیەتی باوەڕداری لە پرۆسەی بوونە سۆفیدا، خاڵێکە بە گشتی هزری سۆفیگەری بەرهەم هاتووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەر لە قۆناغی دەرکەوتنیەوە جەختی لە سەر دەکاتەوە.[2] ئەم باوەڕداریەش بووە سەرتایەك بۆ نەشونما کردن و بڵاوبوونەوەی سۆفیگەری لە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستاندا.

٢-بوونی دیاردەی هەژاری خراپی گوزەران و باری ئابوری و قورسی بژێوی کۆمەڵگەی کوردی فاکتەری گرینگی بڵاوبوونەوەی سۆفیگەری بوون، سۆفیگەریش خۆراکی گیانییە و ئەلتەرناتیڤێك بۆ خۆشییەکانی دونیا دەدۆزێتەوە، بانگەشە بۆ ئایندەیەکی باشتر دەکات ئەویش خۆ ئامادەکردنە بۆ ڕۆژی دوایی و گەیشتن بە ڕەزامەندی خودا[3]. هەروەها سۆفیگەری دڵنیایی بە مرۆڤەکان دەبەخشێ و دەروونیان ئارام دەکاتەوە کاتێك ڕەزامەند دەبن بەو بەشەی خودا پێی بەخشیون و چاوەڕوانی پاداشتی گەورەن لە ڕۆژی دواییدا[4].

٣- بە هۆی لاوازی پرۆسەی خوێندن لە وشیارکردنەوە و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری لە نێوچەکانی کوردستاندا- تا بتوانێ وەڵامی تەواوی بابەتە لۆژیکیەکان بداتەوە و زانستیانە شرۆڤەی بیروباوەڕ و تێزە هزرییەکان بکات، ئەوەی هەشبوو لە لایەن نەوەی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکانەوە پاوانکرا بوو[5]، لە کاتێکدا بڵاوبوونەوەی بیری زانستخوازی و پێشکەوتنی خوێندنگە زانستییەکان دەبێتە

---

[1] جواد الجوم حیدري : م.س، ص٢٠٨ .

[2] حیدر لشکری خضر: س.پ ، ل٣٦.

[3] ابو بکر الکلاباذي : م.س، ص٩ .

[4] عبدالحلیم محمود : قضیة التصوف المنقذ من الظلام، ط٣،دار المعارف، لبنان، د.س، ص٣٩ .

[5] جواد الجوم حیدري : م.س، ص٢٠٨.

هۆی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگە لە بیروباوەڕی سۆفیگەری و لاواز کردنی ئەو ژێرخانە هزرییەی کە لە پانتایی کوردستاندا ڕەگی داکوتاوە.

٤-ئەوەی لە بارودۆخی ئاینی نێوچە کوردنشینەکان ڕابمێنیٚ دوو خاڵ تێبینی دەکات: یەکەمیان قۆناغی ناجێگیری ئاینی و دیاردەی فرە مەزهەبییە، دووەمیان قۆناغی پەرینەوەیە بۆ شێوە گرتنێکی مەزهەبی جێگر کەوا ناسنامەیەکی ئاینی دوورمەودا دادەڕێژیٚ، ئەمەش لە سەر حیسابی سنور بەندی ڕەوتە ئاینییەکان تر دەبیٚ، بێگومان ئەو دوو خەسڵەتە تەواوکارە دەستنیشانی زەمینەی سەرهەڵدانی هزری سۆفیگەری لە ولاتەکە دەکات لە ڕووی پانتایی جوگرافی دەرکەوتنی پاشخانی ئاینی و مەزهەبییەوە ڕۆڵی خۆی دەبینیٚ[١]، یان بڵێین ئەو تێگەیشتنە ئاینییە تیایدا سۆفیگەری پێناسەی خۆی دەبینێتەوە.

٥- بەشێکی کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی لادێنشینەکان لە لایەن دەرەبەگ و سەرۆك هۆز و بالادەستەکانەوە بەکار دەهێنران و دەچەوسێنرانەوە و ڕێزیشیان لێنەدەگیرا، بەلام بەشێکی شێخەکانی تەریقەت بە ڕێز و خۆشەویستییەوە مامەلەیان لە گەڵ پێڕەوانیاندا دەکرد و هەوڵی پارێزگاری کردنی مرید و سۆفیەکانیان لە چەوساندنەوەی ستەمکاران دەدا[٢]، ئەمەش زەمینەیەکی گونجاوی بۆ گەشەسەندنی هزری سۆفیگەری و کۆبوونەوەی ژمارەی زیاتری پێڕەوان ڕەخساند بوو تا لە کوردستان گەشەبکات.

٦-بەشێکی سۆفیگەری وەکو سروشت و پێکهاتە و ڕێباز دژی ناوەندی دەسەلات بوون هەموو دەسەلاتێکی ڕامیاری و سەربازیان ڕەتدەکردەوە [٣]، تەنها ملکەچی دەستەلاتی ڕەهای خواوەندە بوون و زۆربەی کاتەکانیان بۆ زیکری خودا تەرخان کرد بوو.[٤] بەمەش خۆیان دەبوارد لە هەموو ئیلتیزامێکی ڕامیاری و دەسەلاتی مەرکەزی...هتد

ئەم فاکتەرانەی سەرەوە بوونە هۆی بلاوبوونەوەی سۆفیگەری لە کوردستان و دامەزراندنی چەند مینبەرێکی چالاك بە سەرپەرشتیکردن و گەیاندنی پەیامەکانی سۆفیگەری کە بە تەریقەت ناسراون. دواتر تەریقەتەکانیش بۆ چەند لقێکی جیاواز و خاوەن پرۆگرامی تایبەتی دابەش بوون، لە

---

(١) حیدر لشكري خضر : س.ث، ل٣٨.

[٢] جواد الجوم حیدري : م.س، ص٢٠٨.

[٣] جان شوفیلي : م.س، ص٧-٨ ؛ عەتا قەرەداغی : سلێمانی زەمینەی پەرەسەندن و ململانێی تەسەوف، چ١، ئۆفسێتی بەرهەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤١ .

[٤] عبد الوهاب الشعراني : م.س، ص١٤٥-١٤٦ ؛ عەتا قەرەداغی : س.پ ، ل٤٣ .

دیارترینیان تەریقەتی قادری[1] و تەریقەتی نەقشبەندیە[2]، هەردوو تەریقەت خاوەن پێگەیەکی جەماوەری و بەرنامەی سۆفیگەری و هزری کۆمەلآیەتی بوون و ڕەگ و ڕیشەو کاریگەریان تا ڕۆژگارەکانی ئەمڕۆکە ماوە.

---

(1) تەریقەتی قادری دەگەرێتەوە بۆ شێخ عبدولقادری گەیلانی، کە ناوی تەواوی عەبدولقادر محەمەد محێدین موسا یەحیایە و خەڵکی ناوچەی گەیلانە، لە ساڵی (١٠٧٧) لە دایك بووە، باپیرە گەورەی لە شاری مەدینەوە هاتۆتە عیراق و پاشان چۆتە ئێران و لە نێوچەی گەیلان نشتەجێ بووە، شێخ عبدولقادر لەوێ لە دایك بووە و پاشان هاتۆتە بەغداو لە ساڵی (١١٦٦)زکۆچی دوای کردووە ( علي محمود علي البلاطي : الشيخ عبدالقادر الگيلانى سيرته ومنهجه في التصوف، رسالة الدكتوراء، تقدمت الى معهد التاريخ العربي والتراث العلمي، ، جامعة اهلية في بغداد،٢٠٠٢،ص٤٠ ؛ عبدالكريم مدرس : بنەماڵەی زانیاران، چ١، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، ١٩٨٤، ل٢٨-٣٢).

(2) تەریقەتی نەقشبەندی دەگەڕێتەوە بۆ شێخ بەهادینی کوڕی شێخ محەمەدی بوخارا کە بە شاهی نەقشبەندی ناسراوە، لە ساڵی (١٣١٧)ز لە قەلآی عارفان گوندێکی نزیك بوخارا لە دایك بووە، لە ساڵی (١٣٨٨)ز کۆچی دوای کردووە (عبدالرحمن النقشبندي: م.س، ص٤٠٥-٤٠٦ ؛ عبدولڕەحمان بێلاف : تەریقەتی نەقشبەندی،ب١، ل١٢١ ؛ عەتا قەرەداغی : س.پ، ل١٣) .

# باسی سێیەم

## مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی

پاش دامەزراندنی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان، پێگەیاندنی چەندین نەوەی شارەزا و لێهاتوو لە بواری ئاین و شەریعەت و بنەماکانی سۆفیگەری، بەمەش ڕیگە خۆش بوو بۆ برەودانی تەریقەتی نەقشبەندی بە ڕابەرایەتی مەولانا خالید وەك یەکێ لە کەسایەتییە بەتواناکان، بە سود وەرگرتن لە بارودۆخی کۆمەلآیەتی و سیاسی و ئاینی گەشەی بە تەریقەتی نەقشبەندی دا.

ئەگەر لە وشەی نەقشبەندی بکۆڵینەوە، زاراوەکە وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو بەش پێك هاتووە: (نەقش) (بەند )، (نەقش) بە مانای شتێ ڕەنگ بکرێت، یان بڕازێندرێتەوە یان هەڵبکەندرێ، یان لێی دەربهێنرێت وەك نەقشی ئێرانی، یان بابلی، یان نەقشی هندی، (بەند) بە مانای بەند کردن یان بەستن دێت، پێکەوە دەبێتە کۆکردنەوەی نەخشەکان یان پێکەوە گرێدانی نەخشەکان[1].

بەلآم حشمەتولآ تەبیبی پێی وایە" نەقشبەندی وشەیەکی فارسیە و کۆمەڵێ مانا دەگەیێنێت، وەك هۆش، یان بە ئاگا بوون، خۆپاراستن، گەڕان لە نیشتمان و بیرکردنەوە و نهێنی پارێزی و زانیاری دەروونی و بیر هێنانەوە"[2]. عەبدولڕەحمان بێلاف سەبارەت بە پەیدا بوون و سەرهەڵدانی تەریقەتی نەقشبەندی ئەم بۆچونانەی هەیە:

١-دەگەڕێتەوە بۆ خواجە بهادین لە ئەنجامی زۆری زیکر و تەقوادا، ناوی خودا لە سەر دڵی نەقش بووە ، شتێکیش لە سەردڵ دروست بوو دەمینێتەوە و ناسڕێتەوە.

٢-ناوی گوندێکە لە دەوروبەری بوخارا کە خواجە بهادین تیایدا لە دایك بووە .

٣-گوایا بنەماڵەی خواجەکان بە پیشەی نەقش کردنی قوماشەوە خەریك بوونە[3].

پێمانوایە هەردوو بۆچوونی دووەم و سێیەم نزیکە لە ڕاستیەوە چونکە لە زۆربەی باردا کەسایەتیەکان بە پیشە و بە ناوی گوندو عەشیرەت و ناوچەکان دەناسرێت وەك وەستا فلاڵن یان فلاڵن کەس هەلاج و فلان کەس دارتاش یاخود حەسەن بەسری یان جونەید بەغدادی...هتد

بەر لەوەی بچینە سەر کارەکانی و بنەماکانی تەریقەتی نەقشبەندی بە کورتی باسی ژیان و سەرگوزشتە مەولانا دەکەین: ناوی تەواوی (خالیدی کوری ئەحمەد کوری حوسین )ە لە ساڵی (١٧٧٩) زاینیی لە قەرەداغی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایك بووە ، سەر بە هۆزی گەورەی

(1) Edward E.curtis: Encyclopedia of Muslim-American history , volume 1, Infobase publishing , Newyork,2010.p416

(٢) ئاین و زمان و رەچەلەکی کورد، ل١١٥ .

(٣) تەریفەتی نەقشبەندی بنەما و ئامانجەکان، ب٢، ل٨٣٩ .

جافە لە تیرەی پیر میکایلیە، سەرەتای پەروەردەی و گەشەکردن و فێربوونی مەولانا خالید لای باوکیەوە دەست پێدەکات، واتە باوکی بە یەکەم مامۆستای مەولانا دادەنرێت و پاشان لای کۆمەڵێك مامۆستای ئاینی تر دەرسی خوێندووە[1]، دواتر مۆڵەتی مەلایەتی لە شاری سنە پێدراوە، ئەمەش پلەی زانستی و پەروەردەی مەولانا خالید بایەخدار تر کرد و کەسایەتییەکی بەهێز و زیرەك و لێهاتوو و بە توانای بۆ دروستکرووە.

مەولانا خالید و پیش چوونی بۆ هندستان وەك کەسێکی چاکەخواز و شاعیرێکی ناسراوی بواری سۆفیگەری ناسرا بوو شارەزایی لە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی دا هەبووە و کەسایەتییەکی بەخشندە و سەنگین بووە و بە سەرۆکی زانایان ناوبانگی دەرکردووە، لە ساڵی (١٨٠٧) لە ڕێگەی سوریاوە مەولانا خالید چووە بۆ حەج[2]، پاش گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی چاوی بە پیرەوێکی گەڕیدەی نەقشبەندی دەکەوێت، ئەویش داوا لە مەولانادەکات سەردانی هندستان بکات[3].

ئامانج لەم داواکاریەش وەرگرتنی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، بۆ ئەم مەبەستە مەولانا خالیدیش لە ڕێگەی تارانەوە چۆتە خوراسان و پاشان بۆ ئەفغانستان و دواتر گەیشتۆتە بوخارا ، لە کاتێکدا تەریقەتی قادری نفوزێکی فراوانی هەبووە و خەڵکانێکی زۆرپەیرەویان کردووە و زۆربەی

---

(1) لە دیارترین ئەو مامۆستایانەش عەبدولکەریم بەرزنجی، سەید عەبدولرەحیمی برای، مەلا سالحی تەرەماری، پاشان شێخ محەمەد قەسیم ( عبدالكريم المدرس : علماؤنا في خدمة العلم و الدين، ط١، ١٩٨٣،ص١٨٥-١٨٦ ؛ احمد خليل : تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،ط١، لبنان، ٢٠٠٧، ص١٢٨ ؛ محەمەد امین زەکی بەگ : تاریخی سلێمانی ولاّتانی، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٦٣-١٦٥ ؛ بابی لالۆ (کەمال رئوف محەمەد) : عەقیدەی ئیمان عەقیدەی کوردی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٢٢ ؛ کەریم زەند : ئاینستان، چ١، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٢٨ ؛ فريد اسسرد : اصول العقائد البارزانية، السليمانية، ٢٠٠٨، ص٢٨٧ ؛ کەیفی عەزیز خالد : مەولانا خالیدی نەقشبەنی بن و بنەچەی مەولانا خالید، گۆڤاری (مێژوو)،ژمارە (٣)، ساڵی دووەم، هاوینی ٢٠٠٧، ل٧٠-٧١ ؛ ).

(2) عبدالرحمن شيخ علاء الدين النقشبندى، السادات النقشبندية، ط١، اربيل ،١٩٩٨، ص٤٠١-٤٠٥ ؛ میر بەسری : ناودارانی کورد، و : عەبدولخالق عەلادین، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥٧ .

(3) ئەو پیرەوەش ناوی (میرزا رەحیم ئابادی) کە لە هندستانەوە بۆ سلێمانی هاتبوو بە مەبەستی بانگهێشی مەولانا لە سەر ڕاسپاردەی شێخی نەقشبەندی لەو نێوچەیەدا. (کەریم زەند : س.پ، ل١٦٨ ؛ حشمەتولا تەبیبی : ئاین و زمان و رەچەڵەکی کورد، و: رەفعت مرادی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٢٢-١٢٤).

ئەو مامۆستایانەی دەرسیان پێوتووە پێڕەویان لە تەریقەتی قادری کردووە، بەلاّم مەولانا خالید سلێمانی بەجێ دەهێلێ و بەرەو نشینگەی (شا عەبدوڵلاّی دەهلوی)[1] بەڕێدەکەوێت[2].

پاش ئەوەی مەولانا خالید گەیشتە شاری (بوخارا)[3] لەوێدا دەستی کرد بە وانە خوێندن لە بواری سۆفیگەری و شەریعەتی ئیسلامی و تەفسیری قورئان و ئەرکەکانی لە ماوەی یەك ساڵدا کە ساڵی (١٨٠٩)یە جێبەجێ کرد[4] و هەرچی فەرمانێکی لە لایەن شێخەکەیەوە پێی بسپێردرایە دڵسۆزانە جێبەجێی دەکرد[5]، بەلاّم دووری و خۆشەویستی نیشتمان کاری لە هزری مەولانا کردووە و ئەم پارچە شیعرەی بۆ دووری وڵات نوسیوە :

دڵ بوو بە خوێن شەماڵ وەرە تۆ، بۆم بخۆ مشور
تو خوا لە باتی من بگرە دەشتی شارەزوور
خەم بوو بە کێوی پیرەمەگرون بە ئاهی ئازار
چاو چاوگەێکە بۆم بۆتە ئاوی سەرچنار[6]

گەڕانەوەی مەولانا بۆ شاری سلێمانی شڵەژانێکی گەورەی لە نێوان تەریقەتە سۆفیگەرییەکانی

---

[1] عەبدوڵلاّ عبدلەتیف ناسراو بە عەبدوڵلاّ دەهلوی لە ١٧٤٥ لە دایك بووە، یەکێ لە کەسایەتییە دیارەکانی تەریقەتی نەقشبەندییە کە لە شاری دەهلەوی لە هندستان ژیاوەو تەریقەتی بە مەولانا خالید داوە، کەسێکی لە خوا ترس و زانایەکی گەورەی بواری ئاین و شەریعەت و سۆفیگەری بووە لە ساڵی ١٨٢٤ کۆچی دوای کردووە .(عبدالمجید بن محمد الخاني: م.س، ص٢٨٦ ؛ جواد فقي علي الجوم حیدري : محمد بن عبداللة الجلي و جهوده العلمیة، ط١،مطبعة وزارة التربیة، اربیل،٢٠٠٦، ص٥٥).

. صلاح النقشبندي : مولانا خالد النقشبندي الشهرزوري..بدایة رحلة الكمال(2) www.Alithad.com12/9/2011,retieved on 19/9/2011

[3] بوخارا شارێکی گەورەو ناودارە دەکەوێتە ئەو دیو ناوچەی ڕوبار و لە نێوان شاری سەمەرقەندو جەیحونە، ناوی بوخارا لە بخاری مەغۆلیەوە هاتووە، بە مانای سەرچاوەی زانست دێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری زانایان لەم شارەدا، ئێستاش پایتەختی کۆماری ئۆزباکستانە (اسماعیل بن احمد بن اسد: السامانیون في بخارا، www.Hukam.net, 12/8/2011,retieved on 19/9/2011 ؛ محەمەد سەید تاهیر سەید زادەی هاشمی : مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، ل١٧-١٨).

[4] بطرس ابو منة : دراسات حول مولانا خالد والخالدیة، ط١، مطبعة اراس، اربیل، ٢٠٠٩،، ص١٠.

[5] عبدالكريم مدرس : یادی مەردان، ب١، ل١٨٣؛ بابی لالۆ (کەمال ڕەوف محەمەد) : عەقیدەی ئیمان عەقیدەی کوردی، ل١٢٩ .

(٦) عەتا قەرەداغی : س.پ، ل٤٨-٥٠.

ئــەو شــارەدا دروســت کــرد، بــە تایبــەتی پێڕەوانــی تەریقــەتی قــادری[١]، چــونکە بــووە هــۆی نۆژەنکردنەوەی تەریقەتێك کە ڕۆڵی کاریگەر و نفوزی جەماوەری لە ناوچەکەدا نەما بــوو، لــە بــەر ئەوە پێی دەگوترێ خالیدی المجددی[٢] واتە بە نوێکــەرەوەی تەریقــەتی نەقشــبەندی لــە کوردســتاندا دادەنرێت[٣]، بەلاّم مەولانا بە کۆمەلێك بنەما و پرەنسیپی تەریقەتی نەقشبەندییەوە گەڕایەوە و بــە شێوەیەکی خێرا شوێن و پێگەی خۆی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا دروست کرد[٤]و دەرگای لە بەردەم بەردەم ژمارەیەکی زۆری خەڵك کــردەوە و بــووە ڕکابــەری ســەرەکی تەریقــەتی قــادری، پێــڕەوان و لایەنگرانی لەگەڵ دابەش کردن، لە کاتێکدا تەریقەتی قادری ڕەگ و ڕیشەی لە کوردســتاندا داکوتــا بوو، لەم بارودۆخەدا مەولانا ئامۆژگاری میرانی بابــانی دەکــرد، کــە نەبنــە داردەســتی دەســەلاّتی عوسمانی و قاجاریەکان، بەڵکو پێویستە خاوەنی گوتاری ئاینی و سیاسی تایبەت بە خۆیان بن[٥] .

هەرچەندە تەریقــەتی نەقشــبەندی مێژوویــەکی دێــرینی لــە کوردســتاندا هەیــە و بــۆ ســەدەی شازدەهەم و حەڤدەهــەم دەگەڕێتــەوە[٦]، بــەلاّم تەریقــەتێکی لاواز و خــاوەنی پێگەیــەکی بــەهێز و نفوزێکی جــەماوەری بەرچــاو نــەبووە[٧]، مــەولانا خالیــد تــوانی ســەرکەوتوو بێــت لــە گەیانــدنی پەیامەکەی سەردەمی ئەو نوێکەرەوە و گرو تینی تەریقەتی نەقشبەندی دادەنرێت ، جێگەی باسە لە هەر سەردەمێکیشدا گۆڕان بە سەر نازناوی تەریقەتی نەقشبەندیدا هاتووە[٨]، زۆربەی کات بە نــاوی ناوی شــێخەکانیانەوە ناوبــانگی دەرکــردووە[٩]. لــە ســەردەمی هــەر شــێخێکدا تــەوژم و گەشــە و

---

[١] عبدالرحمن النقشبندي : م.س، ص٤٠٤-٤٠٦ ؛ جەعفــەر(فازل کــەریم ) : مێــژووی بــیری کــورد، ســلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٤٤.

(2) Suha Taji –Farouki : op.cit,p234؛ جيرارد جالديان: م.س، ص٣٧

[٣] بطرس ابو منة : م.س، ص٨-٩ ؛ میهرداد ئیزەدی : ئاین و تایفە ئاینیەکان لە کوردستان، چ١ ، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٨١ ؛ جيرارد جالديان : الماساة الكردية، ت : عبدالسلام النقشبندي، ط١، د.م، ٢٠٠٧، ص٣٧ ؛ Suha Taji –Farouki : Beshara and ibn Arabi :Amovement of sofi spirituality in the modern would , Anqa puplisheing Oxford 2007 , p234 the scanecrow press ,Oxford.؛

[٤] عەبدولڕەحمان بێلاف : س.پ،ب٢، ل٨١٨.

[٥] بطرس ابو منة : م.س، ص٩-١٠ ؛ عەتا قەرەداخی :س.پ، ل١٥-٢١ .

[٦] جواد الجوم حيدري : الشيخ خالد النقشبندي ، ص٢١٢-٢١٣.

[٧] عباس العزاوي : شهرزور السليمانية اللواء والمدينة، ط١، بغداد، ٢٠٠٠، ص٢٤٩.

(8) www.sarfrazan.com11/8/2011,retieved on 14/8/2011.

[٩] تاکو سەردەمی بایەزیدی بسطامي بە سدیقی ناودەبرا،ئەمەش دەگێڕنەوە بــۆ ئــەبو بکــری ســدیق کــە یەکــەم خەلیفەی راشدین بوو، پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ تەیفوری ئەمیش دەگەڕێتەوە بــۆ تــەیفوری بســتامی، دوای ئــەوە ناوەکەیان دەگۆڕێ بۆ خواجگانیە ئەمیش بۆ شێخ خواجە عبدالخالق غجدەوانی دەگەڕێتەوە، دواتــر ناوەکــەی یــان

پەرەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی جیاواز بووە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و بەهێزی پێگە و کەسایەتی و فاکتەری سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوری ناوچەکە، چەند فاکتەرێکیش یارمەتیدەر بوون بۆ خێرا بلاّوبوونەوەی پەیامەکەی، کە گرینگترینیان ئەمانە بوون :

١-دەرکەوتنی مەولانا خالید وەك کەسایەتییەکی کاریزمای بەهێز توانی ڕۆلێکی گرینگ لە سەرپەرشتی کردنی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا ببینێ[١] . ئەمە جگە لەوەی توانی پەیامەکەی بە شێوەیەکی گونجاو تەندروست بگەیێنێت .

٢-ئەو بارودۆخ و هەلومەرجەی کە مەولانا خالید تیایدا گەڕایەوە، سەروبەندی شکستی دەولّەتی عوسمانیەکان (١٨٢٧-١٨٢٨) بەرامبەر ڕوسەکان بوو، ئەمەش بارودۆخێکی ئالۆزی بۆ نێوچەکە دروست کرد بوو، ببووە هۆی بلاّوبوونەوەی برسێتی و بەرتیل خواردن و بێزاری خەلّك و باج و سەرانەی زۆر و زولّم و ستەم لە نێوچەکەدا بونی هەبوو[٢] .

٣- پێکهێنانی تۆڕێکی بەهێزی ڕێکخستن بۆ تەریقەتی نەقشبەندی، ئەمەش لە سەر بنەمایەکی تۆکمە، شێخ و کەسایەتییە دیارەکانی ئەم تەریقەتەکە خاوەن پێگەیەکی بەهێز و ڕەوشتی بەرز بوون، هەروەها شێخایەتی بۆماوەیی نەبوو، بەلّکو لە سەر بناغەی لێهاتوویی و بنەمای زانایی و کەسایەتی بەهێزی ئاینی و کۆمەلاّیەتی دەست نیشان دەکرا[٣]، تەریقەتی نەقشبەندی بووە دەروازەیەك بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندی بالاّی شێخەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە سەرداری کردنی تەریقەتدا.

٤- مەولانا خالید پشتگیری لە چینی جوتیاران و هەژاران دەکرد و دژی چەوسانەوە و زولّم و زۆرداری بووە، لەو کاتەشدا لە سلێمانی و دەوروبەریدا چەوسانەوە و فشاری زۆر لە سەر جوتیاران و پیشەوەران هەبووە، بە تایبەت لە لایەن میرانی بابانەوە، ئەمەش خۆشەویستی و پشتیوانی زۆری بۆ

---

بووە نەقشبەندی، کە بۆ شێخ محەمەدی بوخارا دەگەڕێتەوە، کە بە شاهی نەقشبەند ناسراوە، پاشان لە سەردەمی شێخ عەبدولاّی ئەحرار ناوەکەی دەبێتە نەقشبەندی ئەحراری، دواتر لە سەردەمی مەولانا خالید ناوەکەی دەبێتە نەقشبەندی مجددی،واتە نوێککردنەوەی نەقشبەندی (عبدالرحمن النقشبندی، م.س ، ص٤٠٥-٤٠٦ ؛ عەبدالرحمن بێلاف : س.پ،ب١، ل٨٥-٩٠ ؛ واسیلی نیکتین : س.پ، ل٦٢٥ .

[١] مارتین ڤان برۆنسن : ئاغاو شێخ و دەولّەت، و: کوردۆ عەلی، ، ب٢، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٤٧، محمد مصطفي : م.س، ص١٥٠ ؛ عبدالرحمن بێلاف : س.پ،ب٢، ل٨١٨ .

[٢] مارتین ڤان برۆنسن: س.پ، ب٢، ل١٤٨؛ عەبدالرحمن بێلاف: س.پ، ب٢، ل٨٢٧ ؛ عەتا قەرەداغی : س.پ، ل٥٥ .

[٣] مارتین ڤان برۆنسن س.پ، ب٢، ل١٤٨-١٤٩ .

مەولانا خالید دەستەبەر کرد و دۆست و لایەنگرانی تا دەهات زیادی دەکرد[1]. هەموو ئەمانە زەمینەکەیان بۆ ئاکتیڤ بوون و بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕەخساند[2]، کە هەڵگری کۆمەڵێك بنەما و بنچینەی گرینگ بوو، گرینگترینیان:

١-لە نێوان دوو هەناسە هۆش و ئاگاییت لای خودا بێت.

٢-یادکردنەوەی خودا و پاڕانەوە و داوای لێخۆشبوون.

٣-خۆ تەریك گرتن لە دەستەڵاتداران و سەرانی دەوڵەت[3].

٤-گەشت کردن بە نیشتماندا و تەنیایی و خەڵوەت گرتن[4] .

٥-پەروەردەی دەروونی[5]، گەوهەری تەریقەتەکەیە، کە باسکردنە لە خۆپاککردنەوەی مرۆڤەکان لە تاوان و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی هەق و ڕاستی[6]

پاشان جێبەجێ کردنی ئەو بنەمایانە تەریقەتی نەقشبەندی لە نێو ئەهلی سونە مەزهەب[7]و سەر بە مەزهەبی شافعی[8] لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی میرنشنی باباندا گەشەی سەند[9]، هەر لە لە سەرەتاوە دووچاری کۆمەڵێك کێشە بووەوە، کە چارەسەرکردنیان تا دەهات ئەستەم دەبوو، کێشەکانیش بە هێرش کردنە سەر تەریقەتی نەقشبەندی و خودی مەولانا خالید لە چەند لایەکەوە دەستی پێکرد[10] .

---

[1] عبدالمجید بن محمد الخاني : م.س، ص٣١٤ ؛ جواد الجوم حیدري : الشیخ خالد النقشبندي، ص٢١٣-٢١٤ ؛ کەیفی عزیز خالید، س.ب، ل٧٦.

[2] عبدالرحمن النقشبندی : م.س، ص٤٠٣-٤٠٤ ؛ حشمەتولا تەبیبی : س.پ، ل١٢٠؛ کەریم زەند : ئاینستان، ل١٦٣ .

(3) Edward E.Curtis : op.cit,p416 .

(٤) عبدالرحمن النقشبندی : م.س، ص٤٠٣ ؛ کەریم زەند : ئاینستان، ل١٦٣ .

(٥) عبدالوهاب الشعراني : م.س، ص١٤٥ ؛ حشمەتولا تەبیبی : س.پ، ل١٨ .

(٦) عبدالقادر صالح : م.س، ص٩٣ ؛ عبدالرحمن بێلاف : س.پ،ب١،ل٨٨،٨٦،ب٢، ل٨٤٨.

[7] جواد الجوم حیدري : الشیخ خالد النقشبندي، ص٢٢٠.

[8] محمد خالد محمد عبداللة : مولانا خالد نقشبندي( ١١٩٣ه-١٢٤٠ه)، رسالة ماجستر غیر منشورة، مقدمة الي جامعة الازهر، ١٩٨٠، ص٥ .

[9] هەڵکەوت مەلا حەکیم خانەقینی : پیشە و پێشینەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی(٢١)، ژمارە(١)، ساڵی شەشەم، سلێمانی، شباط، ١٩٩٨، ل٧ .

[10] کلودیۆس جیمس ریچ : گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، چاپی سێیەم، دەزگا و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٢٨ ؛ عەتا قەرەداغی : س.پ، ل ٣٦.

به تایبەت تەریقەتی قادری و میرانی بابانی و عوسمانیەکان مەترسیان لە گەشەسەندن و بلاْوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی هەبوو، دەترسان لەوەی هەولّی گرتنە دەستی دەسەلاّت بدات، بەتایبەتی کە تەریقەتی نەقشبەندی لە سەردەمی مەولانادا خاوەنی هەزاران مرید لە نێوچەکانی دەولّەتی عوسمانی و ولاّتانی دەوروبەریدا بووە[1]. بە بەراورد لەگەلّ دانیشتوانی ئەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر بووە، لە ڕاستیدا مەولانا خالید دووچاری هێرشی توندی (شێخ مارفی نۆدێ)[2] بۆتەوە، کە ڕابەری تەریقەتی قادری بوو لە شاری سلێمانی، بە پشتیوانی دەروێش و خەلیفەکانی تەریقەتی قادری ، بێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ سنورێك بۆ جنێودان و تۆمەت لێدان بهێلّنەوە ململانێیان دژی مەولانا خالید دەست پێکرد[3]، ئەوە بوو لە سالّی (١٨١٣) شێخ مارفی نۆدێ نامەیەکی بۆ والی مەمالیکەکان لە بەغداد دەنوسێت و تیایدا مەولانا خالیدی ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی بە کافر بوون تۆمەتبار دەکات و والیش (مەلا یەحیای مزوری)[4]، بۆ لێکۆلّینەوە لەو باسە ڕەوانەی سلێمانی دەکات دواجار مەلا یەحیا لەو هەوالّ و دەنگۆیانە دەکۆلّێتەوە و بە والی ڕادەگەیێنێ کە هیچ شتێکی نابەجێی لە مەولانا خالید بەدی نەکردووە کە نیشانەی لادان و لە دین دەرچونی پێوە دیار بێت[5].

شێخ مارفی نۆدێی و خەلیفە و دەروێشەکانی لە مانەوەی مەولانا خالید نیگەران بوون، پێڕەوانی شێخ مارف پێیان وابووە ئەوکارانەی مەولانا خالید ئەنجامی دەدات خراپن و لادانە لەئاینی ئیسلام، بۆیە پێویستە لە ناوبرێت[6]، ململانێکان گەیشتە ڕادەیەك کە ژمارەیەك خەلّك لە

(١) عەتا قەرەداغی : هـ.س.پ ، ل٣٦-٣٧ .

[2] شێخ مارفی نۆدێی ناوی محەمەد مستەفا ئەحمەدە و ناسراوە بەمەعروف لە سالّ (١٧٥٣) لە دایك بووە، نەوەی سەید عیسای بەرزنجیە و خاوەنی پلە و پایەیەکی بەرزی زانستی ئاینی و کۆمەلاّیەتی بووە، زانایەکی بە توانای شەریعەت و قورئان وسۆفیگەرییە، مورشیدی کاملّی تەریقەتی قادری بووە لە شاری سلێمانی دەورو بەریدا لە سالّی (١٨٣٨) کۆچی دوای کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە (محمد الخال : الشیخ معروف النودهي البرزنجي، دار مطبعة التمدن، بغداد، ١٩٧٦، ص٦٩-٧٠ ؛ محمد امین زەکی بەگ : س.پ، ل١٥٩ ؛).

[3] عبدالمجید بن محمد الخاني : م.س، ص٣١٤ ؛ حشمەتولاّ تەبیبی : س.پ، ل١٢١ .

[4] مەلا یحیای مزوری لە سالّی (١٧٧٢) لە ئامێدی پایتەختی میرنشینی بادینان لە دایك بووە، یەکێکە لە پیاوە ناسراوەکانی مێژوویی هاوچەرخی کورد و خاوەن کەسایەتیەکی کۆمەلاّیەتی بەرز بووە و شوێن دەستی لە ڕوداوەکانی کوردستاندا دیار بووە لە سالّی( ١٨٣٦) کۆچی دوای کردووە ( عبدالرحمن النقشبندي : م.س، ص٤٠٤ ؛ بابی لالۆ : س.پ، ل١٣٤) .

[5] بطرس ابو منة : م.س، ص١٢-١٣؛ عبدالرحمن النقشبندي : م.س، ص٤٠٣-٤٠٤ ؛ ئیبراهیم شوان : س.پ، ل٨٢ .

[6] عبدالرحمن بێلاف : س.پ، ب٢، ل٨١٨ .

له مزگەوتی گەورەی سلێمانی هەوڵی کوشتنی مولانـا خالیـد بـدەن[١]، بـەلاّم مـەولانا مامەڵـەی هێمنانەی لەگەڵ بارودۆخەکە دەکرد و نەیدەویست ڕاستەوخۆ بەرەنگاری شـێخ مـارف ببێتـەوە[٢] و تەریقەتی قادری ڕەتنەدەکردەوە، بەلاّم تەریقەتی نەقشبەندی بە باشتر دەزانی[٣].

ئەمەش شێخ و خەلیفەکانی تەریقەتی قادری هەراسان کـرد بـوون، چـونکە بەرژەوەندییـەکانیان زیاترکەوتبووە مەترسیەوە، سەرەڕای ئەو بارودۆخە مەولانا خالید هیچ سازشێکی بۆ میرانـی بابـان نەدەکرد، تەنانەت دەسەلاّتی خۆی لـە سـەروی ئەوانـەوە دەبـینی[٤]، لـەو نامەیـەدا کـە بـۆ والی مەمالیکەکان لە شاری بەغدا نوسیوە، ئەم بۆچونەی بە ئاشـکرا پێـوە دیـارە، کـە مـەولانا خالیـد شانازی بە تەریقەتەکەیەوە دەکات و گوێ بە فەرمانی دەسەلاّتی نێوچەکە نـادات[٥]. بۆیـە فشـاری زۆری پیرانی تەریقەتی قادری و بێدەنگ بوونی میرانی بابانی بە دوای خۆیدا هێنا وپێگەی مـەولانا خالیدی لەق کرد و لە سالی( ١٨١٣) بەرەو بەغدا ڕۆیشت[٦].

بەلاّم دوای چەند هەفتەیەك لە سەر داوای (محمود پاشای بابان ١٨١٣-١٨٣٤)[٧] بـۆ شـاری سلێمانی گەڕایەوە[٨]، گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی بارودۆخەکەی نـەگۆڕی، بـەڵکو ململانێکـە بـە گورتر بوو، زیاتر هێرشی سەر مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشـبەندیان کـرد، بۆیـە مـەولانا ناچـار دەبێت بۆ جاری دووەم لە (١٨٢٢) سلێمانی بەجێ بهێڵێ و جارێکی تر بچێتەوە بەغدا و لە تەکیەی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا بمینێتەوە، لەوێش بەردەوام دەبێت لە سەر بلاّوکردنـەوەی پەیامەکـەی، بۆ جاری دووەم میرانی بابان لە ژێر فشاری لایـەنگرانی مـەولانا خالیـددا داوا لـە مـەولانا خالیـد دەکەن بگەڕێتەوە شاری سلێمانی[٩].

دواجار مەولانا خالید گەڕایەوە سلێمانی، بەلاّم کێشە و ململانیکـانیش هـەر بـەردەوام بـوون، میرانی بابان و عوسمانیەکانیش ترسیان لێنیشت بـوو، چـونکە تـا دەهـات خـەڵکی زۆر لـە دەوری

---

[١] جەعفەر(فازل کەریم): س.پ، ل٢٣٢.

[٢] عباس العزاوی : م.س، ص٢٥٠.

[٣] جعفەر(فازل کەریم) : س.پ، ل٢٣٣.

[٤] جەعفەر(فازل کەریم): هـ.س.پ، ل١٣٣-١٣٦ .

[٥] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدولکەریم مودریس : یادی مەردان، ب١، ل٣٥٤ .

[٦] عبدالرحمن بێلاف : س.پ، ب٢، ل٨٢٩ ؛ کەیفی عەزیز خالید : س.پ، ل٩٨ .

[٧] کاوس قەفتان : چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی میرنشینی بابان سۆران بۆتـان، چ٢، چـاپخانەی ئۆفسـێتی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٦ ، ل٢٢ .

[٨] جەعفەر(فازل کەریم): س.پ، ل٢٣٠ .

[٩]عبدالرحمن النقشبندي : م.س، ص٤٠٥ ؛ کەیفی عەزیز خالید : س.پ، ل٧٦-٩٨

مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی کۆدەبوونەوە نێوبانگی مەولانا خالید زیاتر دەبوو، تەنانەت کەسایەتی سیاسی ئینگلیزی کلودیۆس جێمس ریچ (١٨٠٨-١٨٢١) دەڵێت " موسلمانێکی دەست لە دونیا هەڵگرتوو گەورە لە سلێمانی دەژیا، لە ئاستی پلەی شێخ عبدولقادری گەیلانیدایە"[(١)] عەبدولڕەحمان بێلاف دەڵێت " مەولانا و تەریقەتەکەی (٢٠) هەزار مورید و (٣٤) خەلیفەی کورد و (٣٣) خەلیفەی سەر بە نەتەوەکانی تری هەبووە" [(٢)].

کەسایەتییەك بەم نفوز و جەماوەرە زۆرەوە سازش بۆ دەسەلاّت نەکات ، چۆن دەهێڵن پێگەی لە قوولاّیی دەسەلاّتی ئەواندا بە هێزتر بێت، بۆیە لە هەموو لایەکەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ فشاریان خستەسەری، مەولانا خالیدیش ناچار بوو بۆ دوایین جار شاری سلێمانی بەجێبهێڵێ بەرەو بەغدا بەڕێ بکەوێت و لەوێ لە تەکیەی خالیدی مایەوە ، پاشان لە ساڵی(١٨٢٦) بەرەو شام بەرێ کەوت[(٣)] . مەولانا خالید لە شامدا هەستی بە ئازادی زیاتر دەکرد[(٤)] و مزگەوتێکی گەورە و چەند مزگەوتێکیشی لە شام نۆژەن کردەوە[(٥)]، هەروەها بەردەوام بوو لە بلاّوکردنەوەی پەیامەکەی و شەش خەلیفەی کوردی بۆ نێوچە جیا جیاکان دانا[(٦)]، پاشان لە رێکەوتی٨/٧ مانگی شەشی ساڵی (١٨٢٧) بە نەخۆشی تاعون لە شامدا کۆچی دوایی کردووە[(٧)] .

.

پاش کۆچی دوای مەولانا پێڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی درێژەیان بە ڕێبازەکەی دا و چەندین کەسایەتی گرینگ و ناسراوی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان پەیڕەویان لە تەریقەتی نەقشبەندی دەکرد، کە مەولانا خالید خۆی تەریقەتی پێبەخشی بوون و ڕێگەی دابوون بانگەشە بۆ ڕێبازەکەی بکەن، ئەوەی لای ئێمە جێگەی مەبەستە ئەو گروپی هەقەیە کە داتر دروست دەبن و لە تەریقەتی نەقشبەندی جیابوونەوە، ماوەیەکی درێژ تێپەر دەبێت تا ئەم گروپە ئاینی و کۆمەلاّیەتییە بە شێوەیەکی ئاشکرا بانگەوازی خۆی دەست پێ دەکات، دواتر بە بزووتنەوەی هەقە دەناسرێ .

---

(١) کلۆدیۆس جێمس ریچ : س.پ، ل١٥-١٧.

(٢)کلۆدیۆس جێمس ریچ : هـ.س.پ، ل١٥-١٦ ؛ تەریقەتی نەقشبەندی، ب٢، ل٨٢٧.

(٣) کلۆدیۆس جێمس ریچ : س.پ، ل١٦ ؛ علاء الدین النقشبندی، م.س، ص٤٠١-٤٠٥ .

(٤) بطرس ابو منة : م.س، ص١٢.

(٥) علاء الدین النقشبندی: م.س، ص٤٠١-٤٠٥ .

(٦) کلۆدیۆس جێمس ریچ : س.پ، ل١٦-١٧ ؛ عبدالرحمن بێلاف : س.پ، ب٢، ل٨٣٠.

(٧) بطرس ابو منه : م.س، ص١٣ ؛ عبدالکریم مدرس : م.س، ص١٧٥-١٨٦ ؛ محمد خلیل : م.س، ص١٢٨ ؛ کەیفی عەزیز خالید : س.پ، ل٨١-٨٢ .

# باسی چوارەم

## وەرچەرخانی بەشێکی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ بزووتنەوەی هەقە

ناوچەی سەرگەڵوو ناوەندێکی کاریگەر و گەشەسەندوی سۆفیگەری بووە، بە تایبەتی لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی سەرداردا[1]، کە سەردەمی گەشەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی(١٨١١-١٨٢٠) بووە و تەریقەتی لە خودی مەولانا خالید وەرگرتووە[2] ، لێرەوە بۆتە کەسایەتییەکی دیاری تەریقەتی نەقشبەندی و نزیکی مەولانا خالید [3]. هەرچەندە شێوازی وەرگرتنی تەریقەتی نەقشبەندی لە لایەن ئەم کەسایەتیەوە ڕوون نییە و بە دوو جۆری جیاواز ئاماژەی بۆ کراوە :

١-مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە درێژەی بانگەواز و بلاوکردنەوەی پەیامەکەیدا ڕێی دەکەوێتە گوندی سەرگەڵوو، کە شوێنی نشتەجێ بوونی شێخ ئەحمەدی سەرداره، لەم ڕێگەیەوە یەکتری دەناسن و کاریگەری لە سەر بیروباوەڕ و دەرونی شێخ ئەحمەدی سەردار دروست دەکات و دەبێتە هۆی وەرگرتنی تەریقەتی نەقشبەندی لە لایەن شێخ ئەحمەدی سەردارەوە [4].

---

[1] شێخ ئەحمەدی سەردار کوڕی یوسف لە نەوەی شێخ عیسای بەرزنجی و کوڕی بابە عەلی هەمەدانیە، شیخ ئەحمەد کەسێکی خواناس و شارەزا لە بنەماکانی ئاینی ئیسلام و فەرمودەکانی پێغەمبەر و شەریعەتی ئیسلامی و فیقهی ئیسلام دا هەبووە، ڕۆڵی گرینگی لە بواری کۆمەلاّیەتی و کۆکردنەوەی خەڵك و چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەبووە، وەکو ڕابەری ناوچەکە مامەڵەی دەکرد. لە سەرەتادا کەسێکی دیاری تەریقەتی قادری بووە، پاش ئاشنا بوونی بە مەولانا خالید بلاّوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە ماوەی ١٨١١- ١٨٢٠ لە شاری سلێمانی تەریقەتی وەرگرتووە، لە ساڵی(١٨٥٦) بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە. ( عارف تەیفور : تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە بۆ هەقە، گۆڤاری (ڕامان)، ژمار (٦٩)، هەولێر، (٥)ی ئاداری ٢٠٠٢، ل٢١٤.

[2] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، چ٢، بلاّوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٤ ؛ کەریم زەند : ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا،چ١، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧١، ل٨٥.

[3] جواد الجوم حيدري : محمد بن عبداللة الجلي و جهوده العلمية ، ص٦٢ ؛ حەسەن عەوالاّنی : تشکێك بۆ نوسینەکەی (محەمەدی مەلا کەریم ) لەڕۆژنامەی عێراق،گۆڤاری (ڕەنجی کرێکار)، ژمارە (٦)، سلێمانی، ساڵی چوارەم ١٩٨٠، ل١٣.

[4] کەریم زەند:س.پ، ٨٥ ؛ چاوپێکەتن لە گەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، ڕێکەوتی ١٤/١١/٢٠١٠ لە گوندی کەلکەسماق (هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق لە ساڵی (١٩٥٩) لە گوندی کەلکەسماق لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی تۆبزاوە و دوکان تەواو کردووە، ئێستاش وەکو ڕابەری بزووتنەوەکە درێژە بە ڕێڕەو و ڕێبازی باپیرانی دەدات و لە ساڵی (١٩٧٦) ژیانی هاوسەری پێکەوە ناوە و لە گوندی کەلکەسماق لە قەزای دوکان نیشتەجێیە) .

٢-شێخ ئەحمەدی سەردار بە مەبەستی کوشتنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەرەو سلێمانی بەڕێ دەکەوێت، لەو مزگەوتەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی وتاری تێدا دەخوێنێ بەشداری لە نوێژی هەینیدا دەکات، لە هەینی یەکەمدا ناتوانێت پیلانەکەی جێبەجێ بکات، دوای تەواو بوونی نوێژ لە هەینی دووەم دا شێخ ئەحمەد دەیەوێت پیلانەکەی ئەنجام بدات، بەلاّم مەولانا خالیدی نەقشبەندی ڕووی تێدەکات و پێی دەڵێت بۆچی بە فیتی دوژمنان دەتەوێت بمکوژی[(١)]، هەرچەندە عەبدولکەریم مدرس دەڵێت: " مەولانا خالیدی نەقشبەندی هیچ قسەیەکی نەکردووە، تەنها بە چاوی سەرنجەوە تەماشای شێخ ئەحمەدی سەرداری کردووە و ڕاستەوخۆ و کاریگەری لە سەر دروست کردووە و بۆتە هۆی پەشیمان بوونەوەی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا و بڕیاری گۆڕینی تەریقەتەکەی لە قادریەوە بۆ نەقشبەندی داوە"[(٢)].

دوای ئەم دیدارە، بانگێشتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بۆ ناوچەی نیشتەجێ بوونی خۆی لە سەرگەڵوو دەکات، تاکو مەولانا خالیدی نەقشبەندی بە پێگە و دەسەلاّت و نەوەکانی و جەماوەرەکەی خۆی ئاشنا بکات، خۆشی یاوەری مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەکات، شیعرێکی بۆ ئەم سەردانە بە زمانی فارسی نوسیوە[(٣)]:

غلام خالد کردم سگ صدیق و سلمانم

که جدم سید مرسل چەباك از کوه عصیانم

له فقر و فاقه می نازم، به یمن قاسم و جعفر

نه منسوبات طیفورم، غنی از شاه سلتانم

ئەمەش دروستی بیرۆکەی وەرگرتنی تەریقەتی نەقشبەندی لە لایەن شێخ ئەحمەدی سەردار لە شاری سلێمانی پشت ڕاست دەکاتەوە، نەك لە کاتی هاتنی مەولانا خالید نەقشبەندی بۆ سەرگەڵوو،

---

(١) عارف تەیفور: س.پ، ل٢١٤-٢١٥.

(٢) یادی مەدان، ب١، ل٨٨.

(٣) واتە غولامی خالیدی کوردیم، سەگی سدیق و سەلمانم ( مەبەستی ئەبو بەکری سدیقی یەکەم خەلیفەی ڕاشدین و سەلمانی فارسیە، کە بە ڕابەری سۆفیگەری ناسراون)،کە باپیرم پێغەمبەرە هیچ باکم نییە لە یاخی بوون، بە هەژاری و نەداری خۆم شانازی دەکەم، پیرۆزی جەعفەر و قاسم (هەردووکیان کوڕی پێغەمبەر بوون، بەلاّم بە منالّی مردوون) سەر بەبایەزیدی **بسطامي** ( یەکێکە لە ڕابەرە ناسراوەکانی تەریقەتی نەقشبەندی) بێنیازم لە شاو سولّتان. (محەمەد عەلی سولتانی : ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس یان لێکۆلینەوەیەك لە سەر ئەهلی هەق، و: لە فارسیەوە حەسەن عەبدولکەریم و کەمال رەشید، چ١، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکال و ئاودێری، سلێمانی،٢٠٠٣، ل٢٣٩).

بەڵکو شێخ ئەحمەد لە شاری سلێمانی تەریقەتی وەرگرتووە[1]، پاشان بە هاوەڵی مەولانا خالیدی گەڕاونەتەوە بۆ سەرگەڵوو.

جێگەی باسە مەولانا خالیدی نەقشبەندی وەسیەتی کردووە، لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە تاکو حەوت پشتی تر ئیرشادی تەریقەت بدرێت و پاشان ڕابگیرێت[2]، ئەم پێشنیار و بیرۆکەیە هێمای کۆتایی هاتنی تەریقەتی نەقشبەندییە کە بەخشرایە شێخ ئەحمەدی سەردار، چونکە ئەستەمە بزووتنەوە و ڕێبازە ئاینییەکان بێ بوونی ئیمام و ڕابەر و پێشڕەوێك بە ئاسانی بەڕێوەبچێت و درێژە بە مانەوە و گەشەسەندنی خۆی بدات، بەتایبەتی ئیمام و سەرکردە ناوەندی دەسەڵات و فاکتەری گەشەسەندن بەڕێوەبردنن.

شێخ ئەحمەدی سەرداریش یەکێکە لە ڕابەرە دیار و گیانییەکانی(روحیەکانی) تەریقەتی نەقشبەندی، و ڕەگ و ڕیشەی بزووتنەوەی هەقە بۆ ئەم کەسایەتییە دەگەڕێتەوە کە سێزدەهەمین خەلیفەی تەریقەتی نەقشبەندییە[3]، جەمال بابان دەڵێت: " شێخ ئەحمەدی سەردار پێشنیاری کردووە، کە ڕابەر و شێخایەتی بە هەڵبژاردن بێت" [4]، سەرەڕای ئەو پێشنیارە (شێخ قادرە سوری کوڕی)[5] بۆ جێگرەوەی خۆی دەست نیشان کردووە[1]، لە ئەنجامی هێمای گرینگیدان و بەخشینی متمانەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بە شێخ قادرە سور بووە لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ

---

[1] عارف تیفور : س.پ، ل٢١٥ ؛ عەبدولکەیم مدرس: س.پ، ب١، ل٨٨.

[2] بە بۆچونە جێگەی گومانە، چونکە ئەگەر مەولانا وەسیەتی لە شێوەیەی جێهێشتبێت ، ئەوا بۆ تێکرای ئەو کەسانەی ڕابەرایەتی تەریقەتی لە نێوچە جیاوازەکان پێدا بوون ، هەمان وەسیەتی بۆ دەکردن، بەڵام ئەو وەسیەتە تەنها لە نیو شێخەکانی سەرگەڵوودا باسی لێوە کراوە، ئەمەش جۆرێکە لە پیرۆزی بەخشین بەو حەوت کەسایەتییە.(محەمەد عەلی سولتانی: س.پ، ل٢٤٩).

[3] چاوپێکەوتن لە گەڵ عارف تەیفور، شاری هەولێر، ٢٠١١/٥/٨، گەرەکی مامۆستایان (عارف شێخ تەیفور کوری شێخ عارفی سەرگەلووە، لە ساڵی ( ١٩٤٥) لە گوندی سەرگەڵوو دایك بووە، کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە، پاشان پێوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و بە کاری حزبیەوە خەریك بووە و چەندین پلەی حکومی و حیزبی بینیوە، ئێستاش جێگری سەرۆکی پارلەمانی عیراق و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

[4] یاداشتنامەی ژیانم، چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٨٣.

[5] شێخ قادر کوڕی شێخ ئەحمەدی سەردارە و لە سەرگەڵوو لە دایك بووە و لای باوکی دەستی بە خوێندنی زانستە ئیسلامیەکان کردووە، کەسێکی زیرەك و شارەزا و لێهاتوو بووە، لە ساڵی (١٨٨٩) کۆچی دوایی کردووە و لە کەرکوکیش نێژراوە. (عارف تەیفور: تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە بۆ هەقە، ل٢١٥-٢١٨ ؛ محەمەد جومیل ڕۆژبەیانی : بنەماڵەی خانەقا لە کەرکوك، گۆڤاری (دۆز)، ژمارە (١)، تشرینی دووەمی ٢٠١٠، ل١٧).

سەرگەڵوو[٢]، هەروەها بەجێهێشتنی دیاریەکی تایبەتی بۆ شێخ قادر کە لە عەباو کلاوێك پێکهاتبوو، وەك هێمایەك بۆ بەهێزی و لێهاتوویی شێخ قادرە سور کە دوای کۆچی دوایی شێخ ئەحمەدی سەردار دیاریەکانیان گەیاندە شێخ قادرە سور لە شاری کەرکوك، ئەمەش ئاماژەیەکی روونی دانپێیانی بە شێخایەتی ئەو دەردەخات، هەرچەندە شێخ قادرە سور منداڵ بووە کاتێك مەولانا خالید هاتۆتە سەرگەڵوو[٣] .

شێخ قادرە سوریش سودی زۆری لە ئامۆژگارییەکانی باوکی بینیوە، جگە لەوەی کەسایەتییەکی خوێندەوار و شاعیرێکی بە تواناو زانایەکی بواری زانستە ئیسلامیەکان و سۆفیەکی بە ناوبانگ و ئیمامێکی راستگۆ و خاوەن بڕیار بووە و ماڵەکەی لە سەرگەڵووەوە گواستۆتەوە بۆ شاری کەرکوك لەوێ مزگەوتێك بنیاد دەنێت و دەیکاتە خانەقای نەقشبەندی و بنکەی بلاْوکردنەوەی پەیامی تەریقەتی نەقشبەندی لەو شارەدا، ناوبانگی شێخ قادرە سور گەیشتە کۆشکی سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ، سوڵتانی عوسمانی فەرمان بە دروستکردنی خانەقایەکی شکۆدار بۆ شێخ قادرە سورە لە شاری کەرکوك دەکات[٤]، داوا لە شێخ قادرە سورە دەکات سەردانی شاری ئەستەمبوڵ بکات، بەلاْم شێخ قادرە سورە کوڕە گەورەکەی کە ناوی جواد بووە و بە حەمە جواد ناسراوە دەنێرێتە ئەستەمبوڵ.[٥]

شێخ قادرە سوریش لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا (شێخ ڕەزای عەسکەر)[٦]، بە مەبەستی ڕاپەڕاندن و درێژەدان بە کارەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و بلاْوکردنەوەی ڕێنماییەکان و گەیاندنی

---

[١] مستەفا عەسکەری : س.پ،ل٢٥ ؛ جواد الجوم حيدري : محمد بن عبدالله جلي وجهوده العلمية، ص٦٢ ؛ حەسەن عەوالاْنی : س.پ، ل١٣.

[٢] چاوپێکەوتن لە گەڵ عارف تەیفور، شاری هەولێر، ٢٠١١/٥/٨.

[٣] محەمەد عەلی سوڵتانی : س.پ، ل٢٤٠.

[٤] لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە ناوی ئەو سوڵتانە نەدراوە کە خانەقای کەرکوکی بۆ قادرەسور دروست کردووە بەلاْم ئەو ماوەیە سوڵتان عبدالمجيدی یەکەم (١٨٣٩-١٨٦١) سوڵتانی عوسمانیەکان بووە.( محەمەد سوهەیل تەقوش : عوسمانیەکان لە دامەزراندنەوە تا کودەتا بە سەر خەلافەتدا، و: مستەفا سەید مینە و نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاْت، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٣١ ؛ عارف تەیفور : تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە بۆ هەقە، ل٢١٥-٢١٧ ؛ عەبدولکەریم مدرس :س.پ، ب١، ل٨٨ ؛ جواد الجوم الحيدري : الشيخ خالد النقشبندي،ص٤٥٩.

[٥] عارف تەیفور: چاوپێکەوتن، شاری هەولێر، ٢٠١١/٥/٨.

[٦] شێخ ڕەزای عەسکەر : یەکێکە لە شێخە بە ناوبانگەکانی گوندی عەسکەرو ساڵی لە دایك بون و مردنی دیار نییە بەلاْم لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە ژیاوە و کەسایەتییەکی بە توانا و لێهاتوو خاوەن

ئیرشاد و بەخشینی تەریقەت بە سۆفی و مریدەکان[1]، ئەم پرۆسەیەش گرینگی خۆی هەبووە بۆ ئەو سەردەمە کە لە زۆربەی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان ڕابەر و شێخایەتی لە سەر بنەمای پشتاوپشت دادەنرا، بەلاّم شێخ قادرە سور ئەم ڕێچکەیەی شکاند و کاریگەری لە سەر شێخەکانی دوایی خۆی دروست کرد تا کوڕەکانیان لە شوێنی خۆیان دانەنێن، بۆ درێژەدان بەم پرۆسەیە شێخ ڕەزایی عەسکەر، شێخ محەمەدی ئیلەلاّیی [2] دەست نیشان کرد بۆ جێگرەوەی پێگەکەی خۆیی و بە هەمان شێوە شێخ محەمەدی ئیلەلاّش (شێخ مستەفای عەسکەری)[3] بە شایستە ترین کەسایەتی زانی بۆ درێژەدان بە شوێن گرتنەوەی خۆی[4]، لەو سەردەمەدا تەریقەت گوڕوتینێکی زۆری بە خۆیەوە بینی و مریدو لایەنگرانی لە ڕۆژهەلاّتی کوردستانیش پەیدا کرد، هەروەها لەو بارودۆخەدا بەشداریان لە شەڕی شوعیبەدا(١٩١٥) کردووە و بۆ هەمان مەبەست سەردانی شاری بەغدای کردووە و (مەلا ئەحمەدی گەلنێری) [5] بۆ جێگرەوەی خۆی دەستنیشان دەکات[1] .

---

ئەزموون و شارەزای بنەماکانی ئاینی ئیسلام و فەرمودەکانی پێغەمبەر بووە، نەوەکانی ئەم شێخە بوونە ناوکی دروست بوونی بزووتنەوەی هەقە (مستەفا عەسکەری : ئاوەردانەوەیك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٢٥)

[1] حەسەن عەوالانی : س.پ، ل١٣ ؛ محەمەد عەلی سولّتانی : س.پ، ل٢٤٠.

[2] شیخ محەمەدی ئیلەلا کەسایەتی بە توانا و پەروەردەی خانەقای کەرکوك بووە و یەکیك لە خوێندکارە زیرەکەکانی شێخ قادرە سور بووە و شارەزایی لە زانستی ئاینی و سۆفیگەری هەبووە، بەم هۆیەوە بۆ ڕابەرایەتی تەریقەتی نەقشبەندی دیاری دەکرێت (جمال بابان : اعلام الکرد، ط٢، سلیمانی، ٢٠٠٩ ، ص٣٠٣ ؛ مستەفا عەسکەری : س.پ، ل٢٥).

[5] شیخ مستەفا کوڕی شێخ ڕەزایی عەسکەرە و لە نێو بنەماڵەیەکی شێخایەتی وخاوەن تەریقەتدا پەروەردە بووە، توانایەکی ماددی و مەعنەوی زۆری هەبووە، بۆیە لە سەردەمی شێخ مستەفا دا تەریقەت گڕوتینێکی باشی بە خۆیەوە بینی و لە ساڵی (١٩١٥) ز کۆچی دوایی کردووە و لە شاری بەغدا لە گۆڕستانی شێخ مارفی کەرخی نێژراوە (کەریم زەند : ئاینستان، چ١، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٠٠).

[6] مستەفا عەسکەری : س.پ، ل٢٥ ؛ چاوپێکەوتن لە گەڵ مەحمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧(محمود کوری کاکە حمە کوڕی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە ناسراوە بە شێخ محمود لە ساڵی (١٩٥٤) لە شەدەڵە لە دایك بووە، تا ئێستاش کەسایەتییەکی دیارو ناسراوی نێو بزووتنەوەی هەقەیە، خوێندنی ناوەندی تەواو کردووە، ئیستاش دانیشتووی گوندی شەدەڵەیە).

[5] مەلا ئەحمەدی گەلّنێری بە دیاری کراوی ساڵی لە دایکبوونی دیار نییە، بەلاّم لە ساڵی (١٩١٩) کۆچی دوایی کردووە و یەکێك لە نەوەکانی دەلّێت کاتێك کۆچی دوای کردووە تەمەنی لە ٨٠ بۆ ٨٥ ساڵی دەبوو، مەلا ئەحمەد یەکێکە لە کەسایەتییە دیار و ناسراوەکانی تەریقەتی نەقشبەندی، لە بەر لێهاتوویی و بە بۆ ڕابەرایەتی تەریقەت دەستنیشان کرا(چاوپێکەوتن لە گەڵ بێستون سابوراوەیی، شاری سلێمانی ٢٠١١/٧/٢٨ ، بێستون سابوراوەیی ناوی تەواوی بێستون عەبدوڕەحمان حەمەیە و لە ساڵی (١٩٥٧) لە دایك بووە و خوێندنی سەرەتایی لە قەزای

مەلا ئەحمەدیش یەکێك لە کوڕەکانی شێخ مستەفای عەسکەر بە ناوی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دیاری کرد، چەند بۆچونێکی جیاواز سەبارەت بە بەرواری لە دایك بوونی شێخ عەبدولکەریم هەیە.

١-ئەم بۆچوونە پێیان وایە لە ساڵی (١٨٧١) لە دایك بووە.(٢)

٢-بۆچوونی دووەم پێیان وایە لە ساڵی (١٨٩٢) یان (١٨٩٣) لە دایك بووە(٣).

بە بۆچونی ئێمە (١٨٧١) لە ڕاستیەوە نزیکە، چونکە ئەو وێنانەی ئیدمۆندس لە ساڵی (١٩٣٤)دا گرتوویەتی کەسێکی بە تەمەن پیشان دەدات و لە ساڵی (١٩١٩) وە وەکو ڕابەری تەریقەت دەست نیشان کرا، نەگونجاوە کەسێکی تەمەن ٢٦یان ٢٧ساڵان ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێت، بە تایبەتی ئاماژە بە ڕەنگ کردنی ڕیشی و کەوتنی ددانی ژێرەوەی دەکات، هەروەها لە بەڵگەنامەی شارستانیەکەیدا هاتووە لە ساڵی (١٨٧١) لە دایك بووە، شێخ عەبدولکەریم زانایەکی تێگەیشتوو شارەزا بووە و زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی زانیوە، مامۆستایەکی لێهاتووی بواری ئاین و شەریعەت وبەلاغە بووە و ئیجازەی مەلایەتی لە لای مەلا عەبدولای جەلی زادەی کۆیە وەرگرتووە، دایکی ناوی ئامینەیە وکچی شێخ عبدوسەمەدی قازیە، دوو جار حەجی کردووە، لە ساڵانی (١٩٢٢) و (١٩٣٢) داو لە ساڵی (١٩٤٢) کۆچی دوایی کردووە، لێرە بە دواوە سەرەتای دامەزراندن و دەرکەوتنی بزووتنەوەی هەقە لە هەناوی تەریقەتی نەقشبەندیەوە دەستی پێدەکات و ڕێباز و ئایدیای تایبەت بە خۆی دادەنێت(٤)، بەمەبەستی درێژەدان بە ڕێبازی باوباپیرانی کە ڕۆڵی گەورەیان لە گەشەسەندن و بنیادنانی تەریقەتی نەقشبەندیدا هەبووە.

---

بەکرەجۆی سەر بە پارێزگای سلێمانی تەواو کردووە و ناوەندی و ئامادەیی و کۆلێژی گارگێری و ئابوری لە سلێمانی تەواو کردووە و ئێستاش خوێندکاری ماستەرە و لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە(نەوەی شێخ ئەحمەدە ) .

(١) چاوپێکەوتن لە گەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکە سماق، گوندی کەلکە سماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

(٣) جمال بابان: اعلام الكرد، ص٣٠٢ ؛ کەریم زەند: ئاینستان، ل٢٠٠.

(٤) مستەفا عەسکەری : ئاوەڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٣١ ؛ جواد فقی علی: محمد بن عبداللة الجلي و جهوده العلمية ، ص٦٠٦١ ؛ دانا کاکە حەمە : ڕۆڵی بزووتنەوەی هەقە لە کۆمەڵی کوردەواریدا، گۆڤاری (پەیڤ)، ژمارە (١٥) ساڵی چوارەم ١٩٨٩، نەمسا، ل١١٣٥.

(٤) محەمەد سەعید محمود : یاداشتەکانم، دار الحکمە، لندن، ل٤٣ ؛ عارف تەیفور : س.پ، ل٢٢٠ (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە یەك).

# بەشی دووەم

# بزووتنەوەی هەقە لە باشوری کوردستان

## باسی یەکەم

## مێژووی سەرهەڵدان بزووتنەوەی هەقە

### یەکەم

### هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەقە

### دووەم

### شوێنی جوگرافی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە

### سێیەم

### سەرهەڵدان و مانای هەقە

## باسی دووەم

## قۆناغەکانی بزووتنەوەی هەقە

### یەکەم

### سەردەمی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە

### دووەم

### دوایی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە

# باسی یەکەم

# مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەقە

## یەکەم : سەرهەڵدان و مانای هەقە

وشەی هەق یەکێکە لە سیفەت و ناوەکـانی خـودای گـەورە. لـە ڕێبـازە سـۆفیگەرییەکاندا بەمانای خودی خودا هاتووە[1] و وشەی (الحق) (٢٢٧)جـار و حقـیش (١٢) لـە قورئانـدا دوو بـارە بۆتەوە[2]، بەمەبەستی خودا پەرستی و نزیك بونەوە و پەنابردن و هاواركردن و دۆزینەوەی هەقیقەت و ڕاسـتی و دروسـتی ژیـان و دەسـتەبەركردنی سـەربەرزی و سـەرفرازی لـە ڕۆژی دواییـدا دێـت و یەكێكیشە لە سیفاتەكانی خودا. لە بنەڕەتدا هەق وشەیەكی عەرەبیە بە مانای مـاف یـان ڕاسـتی، یان كۆمەڵێك دەسكەوتی مرۆڤە دەتوانێت لـە ڕێـی یاسـاوە بـە دەسـتی بێنێـت، بـەڵام لـە دیـدی سۆفیگەریدا بەشێكە لە بیروباوەڕ و قوڵبوونەوە و بێئاگایی و حاڵەتی بێهۆشـی و توانـەوە و تێكـەڵ بوون بە زیكری خودا هاتووە[3].

بۆچونی جیاواز سەبارەت بە پەیدا بوون و سەرهەڵدانی وشـەی هەقـە هەیـە، لـە گـرینگترین بۆچونەكانیش:

١- محەمەد عەلی سوڵتانی لای وایە سەرەتای پەیدا بوون و سەرهەڵدانی ئەم وشـەیە و پیـادەكردنی بە میكانیزمێكی تایبەتی بۆ زیكر و بیروباوەڕی عەلەوییە توندڕەوەكان كە بە (اهل الحـق) ناسـراوە دەگەڕێتـەوە[4]. ناكرێـت بڵـێین سـەرهەڵدان و پەیـدا بـوون و بـەكارهێنانی لـە ڕێبـاز و تەریقەتـە سۆفیگەریەكاندا و دەقگرتنی وەكو زیكری سۆفی و مریدەكان بە ڕێكەوت بـووە[5]، لایـەنگرانی ئـەم تێزە خۆشەویستی و لایەنگری تەواویان بۆ هەق پەرستی هەبووە و ئامـادەی بـەرگریكردن و خـۆ بـۆ تەرخان كردن و گیان فیداكاری لەو پێناوەدا بوونە[6]، بەڵام عومەر فاروقی پێی وایە " هـیچ جـۆرە

---

[1] ئیبراهیم ئەحمەد شوان : فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠١، ل١١٢ .

[2] محمد فؤاد عبدالباقي : المعجم الفهرس لالفاظ القران الكريم، تهران، ١٣٨٣ه.ق، ص٢٦٤-٢٦٩ .

[3] حسینی خەلیقی : كۆمەڵناسی كوردەواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٩٢، ل٢٢١ .

[4] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕاپەرینی عەلەویەكانی زاگرۆس، ل٢٤١-٢٤٢.

[5] محەمەد عەلی سوڵتانی : ڕاپەرینی عەلەویەكانی زاگرۆس، ل٢٤٢.

[6] جوان بەختیار : وظائف المزارات الدینیة، دراسة انثروبولوجیة في محافظة السلیمانیة، اطروحة دكتوراه غیر منشورة، جامعة السلیمانیة، ٢٠١٠، ص٨٢ .

پێوەندیەك لەو نێوان ئەهلی هەق و بزووتنەوەی هەقەدا نییە و باسێکی لەو شێوەیە بە هەڵە دەزانێت".[1] وێڕای بۆچونی فاروقی ئێمە لامان وایە پێوەندیەکی فیکری لەو نێوەندەدا هەیە، بە تایبەتی لە تێکەڵی ڕەوشت و ڕێنمای و پرەنسیپەکانی هەردوو لادا، وەك ئاشتیخوازی و گرینگیدان بە ژنان و هەوڵدان بۆ دادی کۆمەلآیەتی.

٢- ناوی بزووتنەوەی هەقە وەك کۆمەڵەیەك، یان گروپێك بۆ بەهائیەکان و خودی بەهائولاّ دەگەڕێتەوە، کە ماوەی دوو ساڵ لە ئەشکەوتێك لە سەرگەڵوو ژیانی بە سەر بردووە و پاشماوەی بیروباوەڕەکەی کاریگەری لە سەر بزووتنەوەی هەقە هەبووە[2] .

عەبدولرەقیب یوسف لە دیدارێکدا دەڵێت: " لە یەکێ لە سەرکردەکانی هەقەم پرسی پەیوەندی ئیوە بە بەهائیەکانەوە چیە؟، لە وەلآمدا وتی خەڵکی دەڵێن هەقە خورمای بەهائیەکانی خواردووە)[3]، ئەم بۆچوونە باس دەکرێت بەلآم لای کەسانێکی تر هیچ بنەمایەکی سەلمێنراوی نییە[4] .

ئێمەش هاوڕاین لە گەڵ محەمەدی مەلا کەیم و پێمان وایە هیچ پێوەندیەك لەو نێوەندەدا نەبوو، جگە لەوەی تێکرای ئاین و مەزهەب و تەریقەتەکان خاڵی هاوشێوەیان زۆرە، بەتایبەتی لە نێوان بزووتنەوەی هەقە و بەهائیەکاندا چەندین خاڵی هاوبەش هەیە وەك ئاشتیخوازی و گرینگی دان بە ژنان و دادی کۆمەلآیەتی و یەکسانی...هتد.

٣- ئەم بزووتنەوەیە خۆیان بە ڕاسترین و باشترین کۆمەڵەی سۆفیگەری دەزانن و بەردەوام بانگەشە بۆ هەق ناسی و هەق پەروەری و هەق پەرستی دەکەن، بە دەنگی بەرز هاواری هەق دەکەن ، بە تایبەتی کاتێك شتێکی نامۆ دەبیستن یان دەنگی تەقەیەك دێت یان دەستیان بەرکەوێت هاواری

---

(١) تەریقەتی هەقە، گۆڤاری (سروە)، ب٢، ژمارە (١٦)، ساڵی دووەم، مهابات، ١٩٩٢، ل١٥ .

(٢) عومەر فاروقی : س.پ، ل٢٤ " سامي شۆرش : تنوع الكرد في العراق، مطبعة الوزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٠، ص٥٦ .

(٣) مەبەستیش لە خواردنی خورمای بەهئیەکان ئەو دەنکە خورمایەیە کە بەهائولاّ لە کاتی سەردانی خەڵکی پێی دەدان، بە تایبەتی ئەو کەسانەی بۆچوونەکانی بەهائولاّیان قبوڵ دەکرد .چاوپێکەوتن، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٩. ( عەبدوڕەقیب یوسف لە ساڵی (١٩٣٩) لەدایك بووە و لە ساڵی (١٩٨٠) خوێندنی زانکۆیی تەواو کردووە، کەسایەتیەکی ناسراوی بواری مێژوو کەلتورو شوێنەواری کوردستانە و زیاتر لە (٤٥) هەزار وێنەی شوێنەواری کوردستانی گرتووە و چەندین کتێبی لەو بوارەدا نوسیوە).

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدی مەلا کەریم، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٩ . (محەمەدی مەلا کەریم لە ١٩٣١/٨/١٤ لە بیارە لە دایك بووە و لە ساڵی (١٩٥٤) خوێندنی مەلایەتی تەواو کردووە، لە ساڵی (١٩٥٥) دەستگیر کراوە بە بیانوی پەیوەندی بە حزبی شیوعیەوە، پاش ئازادکردنی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا کاری کردووە، بە تایبەتی ڕۆژنامەی شەبەق و هیوا ، زیاتر لە بیست پەرتوکی داناوە لە دیارترین ئەو پەرتوکانەش (حاجی قادری کۆیی، بیری کۆمەلآیەتی و سیاسی پیرەمێرد، شانۆنامەی محمود ئاغا، دیوانی محوی، گۆران و بێکەس ...هتد) .

هەقیان دەکرد و زۆرجار قسەی هەلەق و مەلەق دەکەن و دەست لە کەسی نزیکیان دەوەشێنن، ئەمەش دەرئەنجامی ڕاچەڵەکاندنیان لە قوڵایی بێئاگای دەهات[1]، بەردەوامی و دووبارە کردنەوەی (هەقە هەقە هەقە) ئەم وشەیەبە سەرلەقاندنەوە لە لایەن پێڕەوانی بزووتنەوەکەوە ئەم نازناوەیان لە لایەن خەڵکەوە بە سەردا سەپێنرا[2].

هەڵبەتە هەقە بووە ناسنامەی بزووتنەوەکە بە هۆی لایەنگری و دڵسۆزی و شانازی کردنیان، بانگەشەیان بۆ ئەم وشەیە دەکرد و لایان وابوو هاوتەریب لەگەڵ فەرمانەکانی خودادا بەڕێوە دەچن[3]، هەڵبەتە جێگەی گومانە ئەم بۆچوونەی مستەفا عەسکەری لە نێو تەواوی پێڕەوانی بزووتنەوەکەدا پیادەکرا بێت، بەڵام دەکرێت بڕوا بکرێت بەوەی لە نێو نوخبەیەکدا ئەم بۆچوونە بوونی هەبێت.

گۆڕدرا بۆ ناسنامەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کاریگەری لە سەر نێوچەکانی دەوروبەریدا دروست کرد.

## دووەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەقە

بزووتنەوەی هەقە وەکو بزووتنەوەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی، کە عەودالی دادی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی یەکسانی ئابوری و ڕزگارکردنی ژێردەستەکان لە جەور و ستەمی زۆردارەکان و پیادەکردنی پرنسیپی شێوە سۆسیالیستی مەدەنی ڕوپۆشکراو بە بیروباوەڕی سۆفیگەری و هاوبەشی لە داهات و وەبەرهێنان، لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دامەزرا[4].

---

[1] کەریم زەند : ئاینستان،چ١، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٩٨ ؛ علاء دین سجادی : ڕشتەی مرواری، بەرگی پێنجەم، چاپخانە و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل٧٦ ؛ محەمەد رەئوف تەوەکلی : مێژووی سۆفیگەری لە کوردستاندا، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە (١٥ )، ساڵی سێیەم، ٢٠٠٠ ، ل ٣٠٨.

[2] عەبدولڕەحمان ئەبو بەکر : بۆچی کاکە حەمەی مامەڕەزا خۆی تەسلیم کردەوە، گۆڤاری (لڤین)، ژمار (٨٦)، مارسی ٢٠٠٩، ل٢٧ ؛ فریاد شوانی : یەکێك لە ڕابەرانی بزووتنەوەی هەقە کامە حەمەسوری کلاوقوت، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، چاپی دەرەوە، ژمارە (٦٩)، ١٩٩٩، ل٥٦ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان محەمەد گدرون، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٨ .

[3] محەمەد رەئوف توەکلی : س.پ، ل٢٦٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقایی شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

[4] جەعفەر(فازیل کەریم ئەحمەد) : ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆیی گەشەکردن، چ١، چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٦٧-٦٨.

ئـــەم بزووتنەوەیـــە لـــە نێـــو کۆمەڵگەیـــەکی بچـــوکی جوتیـــاری و شـــوانکارەیی و چـــینە زەحمەتکێشەکان و چەوساوەکاندا سەری هەڵدا و بانگەشەی بـۆ سەربەسـتی و یەکسـانی ڕەگـەزی و نەهێشتنی جیاوازییەکانی نێوان نێر و مێ دەکرد[١]، هەوڵی چاکسازی لە بەشـێك لـە دابونـەریت و کەلتوری کوردەواری دەدا، بۆ ئەم مەبەستە پشتی بە بابەتە پێشینەییەکان دەبەست کە پێویسـتن بـۆ برەودان بە ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست، کە وێنەی واقعی داخـوازی و بەرژەوەنـدی و پێداویستییە ڕاستەقینەییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەکە بکێشی[٢].

لە واقعیشدا هەوڵی پراکتیزەکردنی بنەماکانی بزووتنەوەکەی دەدا، کـە خـۆی لـە سـادەیی مامەڵەکردن و داکۆکی کردن لە ئەنجامـدانی کـاری ڕەواو پیـادەکردنی هـەق بیـژی و ڕاسـتگۆیی و یەزدان پەرستی و خۆنزیك کردنەوە لە سەرجەم چین و توێژەکان دەبینیـەوە، ئەمانـەش ڕێگـەیان بـۆ کۆبونەوەی پێڕەوانی لە چوارچـێوەی بزووتنەوەکـە خۆشـکرد، بـە تایبـەتی ڕەتکردنـەوەی جیـاوازی چینایەتی و ڕەگەزی و خزمەت کردنیان بێجیاوازی[٣]، نەك ڕەچاوکردنی دەوڵەمەند و ئاغا و شێخ و مەلا و...هتد[٤]. ئەمانە لە گرینگترین کارەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوون.

هەڵبەتە چەندین فاکتەر ڕۆڵیان لە دامەزراندنی ئەم بزووتنەوەیەدا بینیوە، لە گرینگترینیان:

١-زەمینەی سیاسی: ئەو زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لە عێراقدا هاتەکایەوە، پاشاگەردانی و ڕاوەدونان و کپکردنەوەی جوڵانەوە کوردیەکان، نیگەرانی بـۆ زۆرینـەی گـروپ و هـۆز و عەشـیرەتە کوردیەکان دروست کردلە نـاو ئەوانەشـیدا بزووتنـەوەی هەقـە[٥]، ئەمـەش فاکتـەری دروسـتبوونی

---

[١] کەریم زەند : ئاینستان، ل١٩٤-٩٥ ؛ رفیق مجید : الحركة الحسورية بين الاسلام والباطنية، مجلة جامعة دهوك، عدد خاص (١)، المؤتمر الاول لجامعة دهوك، ٢٧-٢٨/نيسان١٩٩٩، ص١٦٥.

[٢] محەمەد رەئوف زهدی : بۆ لە هەقە کەوتنـە تەقـە، چ١، چـاپخانەی الحـوادث، بەغـداد، ١٩٨٥، ل٢٢-٢٥ ؛ چاوپێکەتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقای گوندی شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧ .

[٣] بەرهەم شێخ عزدین : گوندی کەلکـە سمـاق و بزووتنـەوەی هەقـە، رۆژنامـەی خـەبات، ژمـارە (٢٢٧٠) لـە ٢٠٠٦/٩/١٨ ؛ دانا کاکە حەمەی شەدەڵە : س.پ، ل١١٣٣ .

[٤] چاوپێکەتن لەگەڵ شالاّو عەلی عەسکەری، شـاری سـلێمانی، ٢٠١١/١/٨ .( شـالاو عـەلی عەسـکەری لـە ١٩٦١/٢/١٨ لە گوندی عەسکەر لە دایك بووە، تاکو سێی ناوەندی لە شاری سلێمانی و گونـدەکانی دەوروبـەری خوێندویەتی و بۆ هۆی بەشداری خێزانەکەیان لە کاری سیاسیدا، لە ماوەیەی خوێندندا هەژدە خوێندگای کردووە، پاشان لە ئەوروپا درێژەی بە خوێندن داوە و پەیمانگایی ڕاگەیاندنی تەواو کـردووە، پێـنج زمـانی بیـانی دەزانێـت تورکی وعەرەبی و فارسی و سویدی و ئینگلیزی، چەندین خولی جیاجیای لە ناوخۆی کوردستان و دەرەوەدا بینیوە و ئێستاش ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)ە).

[٥] محەمەد عەلی سوڵتانی : س.پ، ل٢٤٦ .

بزووتنەوەی هەقە بوو، وەکو بزاڤێکی چاکسازی خواز لە بواری ئاینی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا .

٢-ڕۆڵی کەسێتی: زیرەکی و بە توانای و لێهاتووی شێخ عەبدولکەریم یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی دامەزراندنی بزووتنەوەی هەقە، ئەمەش بە قۆستنەوەی ئەو زەمینە و هەلومەرجەی بەشێك لە نێوچەکانی کوردستان بە تایبەتی لادێ نشینەکانی باکوری شاری سلێمانی و باکوری ڕۆژهەلاتی شاری کەرکوك و دەشتی کۆیە گرتبووەوە، ، ئەمەش وایکرد شێخ عەبدولکەریم سەرکەوتوو بێت لە پێشەوایەتی و دامەزراندنی و ڕێبازێکی نوێ بۆ پێڕەوانی تەریقەتی باوك و باپیرانی و کۆکردنەوەی ژمارەیەك لە پیڕەوان لە چوارچێوەی بزووتنەوەکەیدا.[١]

٣-پێڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی: پاشماوەی پێڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندی دەستمایەیەکی گرینگ بوون بۆ برەودان بە بەرنامەکانی شێخ عەبدولکەریم لە دامەزراندنی بزووتنەوەکەدا[٢]. ئەمەش ئەوە دەگەێنی بەر لە دروستبوونی بزووتنەوەی هەقە زەمینەی پێگەیەکی جەماوەری لە ئارادا بووە، شێخ عەبدولکەریم توانی ئەو توانا داراییە بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجەکەی خۆی ئاراستە بکات.

٤-کاریگەری نێوچە جوگرافیەکە: یەکێکی تر لە فاکتەرەکانی دامەزراندنی بزووتنەوەی هەقە ژینگەی جوگرافی نێوچەی شەدەڵە بوو کە بە ناوەندێکی تری تەریقەتی نەقشبەندی دادەنرا و وەکو نێوچەیەکی دابراو پەراوێزبزووتنەوەکەی لیێ پەیدا بووە.

٥-بارودۆخی کۆمەلایەتی: بوونی کێشەی چینایەتی و چەوسانەوەی جوتیاران و قۆرغ کردنی تواناکانیان کێشەی لادێ نشینەکانی کوردستاندا دروست کرد بوو بەشێکی زۆری گوندنشینەکان بە دەست توندوتیژی و چەوسانەوەی دەرەبەگەکانەوە دەیانالاند، هەروەها بە هۆی کارەساتی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە بارودۆخی ئابوری و ژیانی کۆمەڵگە بەرەو دارمان و دەچوو بارێکی ناهەموار و ناجۆری دروست کرد بوو[٣]. شێخ عەبدولکەریم توانی سود لەو بارودۆخە وەربگرێت و بزووتنەوەکە

---

[١] عارف تەیفور : تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە بۆ هەقە، ل٢١٤.

[٢] عزەدین مستەفا رەسوڵ : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە لە کتێبەکەی مستەفا عەسکەری، پاشکۆی دووەم، ل١١٨.

[٣] ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی : شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، چ١، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥٢

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد، شاری کەرکوك، ٢٠١١/٢/٢٥ (ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی=

=(١٩٥٧) لە گوندی حاجی جردیس لە دایك بووە، لە ساڵی (١٩٧٥) خانەوادەکەیان بۆ کەرکوك گواستویانەتەوە، لە ساڵی (١٩٧٦) بۆتە سەرباز لە سوپای عێراق تاکو ساڵی (١٩٧٩) بەردەوام بووە لە سەربازی و لە ساڵی (١٩٨٠) پێوەندی بە ڕیزەکانی ی.ن.ك کردووە و چەندین پلەو پۆستی جیاوازی بینیوە و تاکو ئێستا لە شاری کەرکوك نیشتەجێیە) .

پێکەوە بنێت، بەلاّم بزووتنەکە بانگەشەی بۆ ڕزگارکردنی ئەو خەڵکە لە جەور و ستەمی زۆرداران و چەوسێنەران دەکرد، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ دامەزراندی بزووتنەوەکە[1].

٦- بارودۆخی ئاینی لە کوردستان : لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژمارەیەیەك ئاین و مەزهەب و تەریقەتی جیاواز تیادا پیادە کراوە، هەر یەکە لەو ئاین و مەزهەب و تەریقەتانەش خاوەن پەیام و ئامۆژگاری تایبەت بە خۆی بووە و بەرنامەی بۆ ڕاستەڕێ کردن و چاکسازی لە ناخی مرۆڤ و کردەوەکانی داڕێژاوە[2]، بۆیە دەتوانین بوونی ئاین و تەریقەت بە یەکێکی تر لە فاکتەرەکانی دامەزراندی ئەم بزووتنەوەیە بزانین، ئەمەش کاریگەری لە سەر زانایانی ئاینیش هەبوو ژمارەیەکیان لێ هاتنە ڕیزی بزووتنەوەکەوە[3].

٧- فاکتەرێکی تری دامەزراندنی بزووتنەوەکە کاریگەری هەستی نیشتمانی پەروەری بووە: بزووتنەوەی هەقە تەنها گرینگی بە لایەنی ئاینی و کۆمەلاّیەتی نەدا، بەڵکو خۆی بە بەشێك لە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان دەزانی.[4]

ئەم فاکتەر و پاڵنەرە کۆمەلاّیەتی و ئابوری و سیاسیانە بوونە هۆی دروستبوون و دامەزراندنی بزووتنەوەی هەقە لە نێو جەماوەری بەشێك لە شار و شارۆچکە و لادێکانی کوردستاندا و بنیادنانی مینبەرێکی تری سۆفیگەریانە و بەستنەوەی بە خواستی زەحمەتکێش و جوتیاران و کرێکارانەوە.

## سێیەم : شوێنی جوگرافی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکە

مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەقە لە گوندی شەدەڵە[1] و سەرگەڵوو[2]ەوە دەست پێدەکات، گوندی شەدەڵە ژینگە و پێگەی سەرەکی بزووتنەوەکە بووە دەکەوێتە ناوچەی سورداش و

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕی کاکە حەمەی کەسکەسماق، گوندی کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ شالاّو عەلی عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨ ؛ چاوپێکەوتن لە گەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، گوندی شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

[3] لە گرینگترین ئەو کەسایەتییە ئاینیانە ( مەلا ڕەشیدی ئۆمەرگومەت، مەلا عەبدەلاّی جەلەمۆرد، مەلا سالّحی عەسکەر، مەلا حەمەدەمینی کەلکەسماق، مەلا حەمەدەمینی هەنجیرە، مەلا سابیری سۆفی لە سلێمانی) (چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕی کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکە سماق، ٢٠١٠/١١/١٤) .

[4] کەریم زەند : ئاینستان، ل١٩٤-١٩٥ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد، شاری کەرکوك، ٢٠١١/٢/٢٥.

سەر بە پارێزگایی سلێمانی، لە سەردەمی حاجی شێخ مستەفای کوڕی شێخ ڕەزای عەسکەر لە کۆتای سەدەی نۆزدە دروست کراوە[٣]، (١٢) کم لە سلێمانیەوە دوورە. ئەم گوندە بنکەی سەرەکی دامەزراندی بزووتنەوەی هەقە بووە و سیمایەکی دلڕفێنی هەیە، لە بناری شاخەکان دروست کراوە، بەشی ڕۆژئاوای بە داری سپیندار تەنراوە، ناوەکەشی بۆ چڕی دارەکان و بەرزیان شێوازی هەڵکەوتەیان بە (شادار) یان (شادۆل) ناونراوە[٤].

گوندی شەدەڵە لە نێو دۆڵێکی تەنگەبەری نێوان هەردوو شاخی دابان و پیرەمەگرونە[٥]، ئەم هەڵکەوتە جوگرافیەش بە هۆی سەختی ناوچەکەوە بۆتە سەرچاوەیەك بۆ پاراستن و پارێزگاریکردنی لە مانەوەو درێژەدان بە نەشونماکردن وگەشەکردنی ئەم بزووتنەوەیە و کاریگەری لە سەر بیرکردنەوە دانیشتوانەکەی دروستکردووە و گیانی سۆفیگەریێتی و هەست و ئەندیشە و بیرکردنەوەی تایبەتی لە ناخی خەڵکەکەدا دروست کردووە، سەرەڕایی دووری لە دەست تێوەردانی دوژمنان و ناحەزانی بزووتنەوەکە، بە ئاسانی نەیانتوانیوە چاودێری جموجوڵ و گەشەکردن و ڕەوتی بزووتنەوەکە بکەن، ئەمەش وایکردووە، کە گوندی شەدەڵە پەناو حەشارگەیەك بێت بۆ ئەو کەس و لایەنانەی گلۆڵەی ڕۆژگار لە بەرژەوەندیان گوزەری نەکردووە، بۆ نمونە : بەهائولا[٦]، کە لە ساڵی (١٨٥٤-١٨٥٦) لە ئەشکەوتێکی ناوچەی سورداشی سەر بە پارێزگایی سلێمانی بۆ ماوەی دوو ساڵ ماوەتەوە[١].

---

[١] سیسل جۆن ئیدمۆندس : کورد، تورك، عەرەب، و: حامید گەردی، چ١، چاپخانەی هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢٥٣ ؛ مستەفا عەسکەری :س.پ، ل٢٦ ؛ بێ ناوی نوسەر: گوندی شەدەڵە مەڵبەندی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەقە، گۆڤاری (شمشارە) ، ل٥ .

[٢] سەرگەڵوو گوندێکە دەکەوێتە ناوچەی سورداش و سەر بە پارێزگای سلێمانیە، دێیەکی جوان و قەشەنگە و بە دووەم پێگەی بزووتنەوەی هەقە دادەنرێت .( عەبدوڵلا غەفور: س.پ، ٢٠٥).

[٣] عارف تەیفور: تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە بۆ هەقە، ل٢١٤-٢١٥.

(٤) کەریم زەند : ئاین و باوەڕ لە کوردستان، ل٨٥ .

[٥] سیسل جۆن ئیدمۆندس: س.پ، ل٢٥٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکەحەمەی شدەدەڵە، خانەقای شەدەڵە ١٧/ ١١/ ٢٠١٠.

[٦] بەهائولا کوڕی میرزا حوسێن کوڕی عەلی کوڕی میرزا بزرگ نورییە، لە ساڵی (١٨١٧ ) لە شاری تارانی پایتەختی ئێران لە دایك بووە، پاشان خێزانەکەیان بۆ عێراق کۆچ دەکەن و لە شاری بەغداد نیشتەجێ دەبن، لە شاری بەغدا بانگەشەی بیروباوەڕێکی تایبەتی داوە، بۆیە دەستگیر دەکرێت و دەیگوازنەوە بۆ ئەستەمبوڵ، پاشان بۆ شاری ئەدرنە لە تورکیا دواتر بۆ شاری عەکای فەلەستین، لە ساڵی (١٨٦٤) کۆچی دوای کردووە (ج.ا.اسلمنت : بهاءاللة و العصر الجدید، ط١، لندن، ٢٠٠٦، ص٣٢).

دوره دەستی گوندی شەدەڵە گەشەیەکی خێرای بە بزووتنەوەی هەقە بەخشیوە و بە شێوەیەکی چالاکانە لق و پۆپ و ڕەگ و ڕیشەی بە چەند نێوچەیەکی دەوروبەری پارێزگای سلێمانی و کۆیەدا بلاوبووە، سەرەتای ئەم گەشەسەندنەش لە پارێزگای سلێمانیەوە دەست پێدەکات بەتایبەتی (ناحیەی میرزا رۆستەم و قەلادزی و ڕانیە و خەلەکان و بنگرد و سەنگەسەر و ژاراوە و تۆپزاوە و سارتکە و گەڵنیری و کەلکەسماق و جوبلاغ و تەلان و پیرەمەگرون و بازیان و شارستێن)[2]، لە دەشتی کۆیەش پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە لە گوندەکانی( کلێسە، قازبەگیان، ساتوقەلا، بۆگد و شیلە، خەرابە، ئیلەلا،کانی بی، کێلە زیندان، کاولان، قوزلو، گۆمەشین، شەوگێر، باغەجنێر، ئۆمەرگومەت)[3] مرید و سۆفیان لێکۆبووەوە[4]، لە شاری کەرکوکیش زۆربەی گوندەکانی ناوچەی شوان و شێخ بزێنی وەك ( حەساری گەورە، قولی بەگ، تۆراغ، جەوەجەوە، سمایل بەگی، حاجی بێخانی سەروو، حاجی بێخانی خواروو، خدرشیرین، قادر زەمە، عەسکەر و توسران، مۆرد، پاپیلان، جولحان، دووبزنی، چەڵتوکە، قەفار، دەلۆ، پیرجان، مام ڕەش، حاجی جردیس، ناروجە ....هتد) و قەلاسێوکە و ئاغجەلەر ( بە تایبەتی گوندەکانی (گۆپتەپە، عەسکەر، بۆلقامیش، دالەوای سەروو، دالەوای خواروو، گەورەدێ، جەلەمۆرد، ...هتد)[5]، هەروەها تەکیە و سەنگاو و قەرەهەنجیر و قەزای

---

[1] جواد الجوم حيدري : محمد بن عبدالله جلي وجهوده العلمية، ص٦٣-٦٤ ؛ کەریم زەند : ڕەو، چ١، چاپخانەی ئەزمەڕ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٦٤.

[2] ئەم نێوچانە دەکەوێتە سنوری پارێزگای سلێمانیەوە( عەبدەڵلا غەفور: س.پ، ل١٣١-٢٣٧ ؛ جمال بابان : س.پ، ل١٨٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧ (عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق کە ناسراوە بە شێخ عمر، لە ١٩٦٣/٧/١ لە گوندی کەلکەسماق لە دایك بووە، لە بنەماڵەیەکی ئاینی وخاوەن تەریقەتدا گەورە بووە و خوێندنی سەرەتایی ناوەندی لە ناحیەی دوکان تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، پاشان لە (١٩٧٩) پەیوەندی بە ریزەکانی شۆرشەوە لە (ی.ن.ك) دا کردووە و لە شاخدا تا پلەی سەرتیپی بڕیوە، ئێستاش لە پیرەمەگرون نیشتەجێیە.

[3] عەبدوڵلا غەفور: س.پ، ل٢٦٨-٢٧٧.

[4] مستەفا عەسکەری : س.پ، ل٢٦ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها ،قەزای دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠، (ئامانج تەها ڕەزا ناسراو بە ئامانج تەها عەسکەری، لە بەرواری (١٩٦٣) لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی تۆپزاوای نزیك دوکان دەست پێکردووە،پاشان لە بنگرد و دوکان و کەربەلا تەواوی کردووە، ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و چۆتە پەیمانگا بە هۆی کێشەی سیاسییەوە وازی لێهێناوە، لە ساڵی (٢٠٠٤) گەڕاوەتەوە زانکۆی سلێمانی وکۆلێجی زانستە سیاسییەکانی تەواو کردووە،ئێستاش لە قەزای دوکان نیشتەجێیە).

[5] عەبدوڵلا غەفور: س.پ، ل٣٢٣-٣٣٧.

چەمچەماڵی گرتەوە[1]، لە شاری هەولێریش لایەنگرانی بزووتنەوەی هەقە گەشەی کردووە، بەڵام بەو شێوە فراوانە نەبووە[2]، چونکە زوو کەوتە بەر شەپۆلی دژایەتی حکومەتی عێراق و نەپرژایە سەر گەیاندنی پەیامەکەی بۆ شاری هەولێر، هەروەها بزووتنەوەکە، بزووتنەوەیەکی جوتیاری بوو لە گەڵ کێشە و داوکاریەکانی هەموو نێوچەکاندا نەدەگونجا بە تایبەتی دانیشتوانی نێو شارەکان .

بزووتنەوەی هەقە دوای گەشەکردنی وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی فراوان لە نێوەڕاستی تەمەنیدا گوندی شەدەڵە بەشێك لە گرینگی خۆی لە دەست دا بە هۆی ململانێ و دووبەرەکیەوە گوندی کەلکەسماق بووە پێگەی سەرەکی بزووتنەوەکە و ناوەندی کۆکردنەوەی دەسەلات و بنکەی سەرەکی فەرمانڕەوایی و بلاوکردنەوەی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی بزووتنەوەکە، کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری جەماوەر لە بازنەکانی بزووتنەوەی هەقەدا، دواتر گوندی کەلکەسماق وەکو پێگەی گرینگ و دووەمی بزووتنەوەی هەقە دەرکەوت، کەلکەسماقیش یەکێکە لە گوندە جوانەکانی بناری شاخی کەلکەسماق و دەڕوانێتە دەریاچەی دوکان[3]، هەروەها گوندی کەلاوقوتییش لە ناوچەی شوانی سەر بە پارێزگایی کەرکوك، وەکو سێیەم پێگەی بزووتنەوەی هەقە دەرکەوت[4]، ئەم گوندە ڕۆلی لە ڕابەرایەتی کردنی بەشێکی بزووتنەوەی هەقەدا هەبووە.

---

[1] جمال بابان : اعلام الكرد، ص٣٠٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها ، قەزای دوکان،٢٠١١/٤/٢٠.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕی کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ١٤/ ٢٠١٠/١١ .

[3] بەرهەم شێخ عزەدین : گوندی کەلکەسماق، ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە ٢٢٧١ لە ٢٠٠٦/٩/١٨ .

[5] چاوپێکەوتن لە گەڵ عارف حەسەن ئەحمەد، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٤.

# باسی دووەم

# قۆناغەکانی بزووتنەوەی هەقە

## یەکەم : سەردەمی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە

بزووتنەوەوی هەقە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم لە گوندی شەدەڵە بە ڕابەرایەتی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دامەزرا[١]، هەرچەندە ئیدمۆندس، شێخ عارفی سەرگەڵوو[٢] بە دامەزرێنەری ئەم بزووتنەوەیە دەزانێت[٣]، بەلاّم لە ڕاستی دا شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی هەقەیە[٤]، تەنانەت عارف تەیفوریش کە نەوەی شێخ عارفی سەرگەڵووە دەڵێت: " شێخ عارف تەنها هاوڕێ و هاوکار و پشتیوان و ڕاوێژکاری شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بووە، شێخ عەبدولکەریم دامەزرێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەکەیە" [٥]، عزەدین مستەفا ڕەسول ئاماژە بەم بابەتە دەکات و دەڵێت: " ئیدمۆندس زمانی کوردی بە باشی زانیوە و یارمەتی داوە بۆ بەشداری کردنی لە کۆڕوکۆبونەوەکاندا و شارەزای کەلتور و دابونەریتی خەڵکی کوردستان بووە، لە سیەکانی سەدەی ڕابردوودا دوو جار سەردانی کوردستانی کردووە، هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی و کێشە دروست کردن لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵگەی کوردی داوە" [٦]، بەلاّم شێخ عەبدولکەریمی

---

[١] هەمزە عبداللە : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە کتێبی مستەفا عەسکەری، پاشکۆی یەکەم، ل١٠٩ ؛ ئاوات عەبدولرەحمان مام ڕەزا : هاوچەرخی بیری کوردایەتی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،ژمارە (٢٥٣٦) لە بەرواری ٢٠٠١/٨/٢٠.

[٢] شێخ عارفی سەرگەڵوو ناوی (عارف شێخ عەلی کوڕی قادرە سورە) و لە ساڵی (١٨٧٤یان ١٨٧٣) لە سەرگەڵوو لە دایك بووە، یەکێکە لە کەسایەتیە دیا رو ناسراوەکانی بزووتنەوەی هەقە، خزمی نزیکی شێخ عبدولکەریمی شەدەڵەیە، ڕاوێژکار و یارمەتیدەری شێخ عبدولکەریم شەدەڵە و نەوەی شێخ ئەحمەدی سەرداره، لە ساڵی (١٩٣٦) کۆچی دوای کردووە(چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد کوڕی مام ڕەزای کوڕی شێخ عارفی سەرگەڵووەو ناسراوە بە مام سەید، شاری سلێمانی، ٢٠١١/٩/١٥ ، مام سەید نەوەی شێخ عارفی سەرگەڵووە و لە ساڵی (١٩٤٦) لە سەرگەڵوو لە دایك بووە. کەسێکی شارەزا و لێهاتووە و چەندان ولاّتی جیاواز گەڕاوە و چەندین زمانی بیانی دەزانێت و ئێستاش لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە ؛ مستەفا عەسکەری : ئاوەڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٢٨).

[٣] سیسل جۆن ئیدمۆندس : س.پ، ل٢٥٣-٢٥٤.

[٤] مستەفا عەسکەری : ئاوەڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٢٨.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، شاری هەولێر ٢٠١١/٥/٨ .

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ (ساڵی (١٩٣٤) لە شاری سلێمانی لە دایك بووە تا خوێندنی ئامادەی لە شاری سلێمانی خوێندویەتی، پاشان لە کۆلێژی پەروەردە لە شاری بەغدا وەرگیراوە، لە ڕاپەرینی (١٩٥٢)دا دەستگیر دەکرێت، پاش ڕزگار بوونی بۆتە مامۆستا لە چەندین=

دامەزرێنەری بزووتنەوەکە توانی بە سەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا سەربکەوێت و بزووتنەوەکـەی لـە سەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەمدا بخاتە سەر پـێ، ئەمـەش بـۆ لێهـاتووی و بـە توانـایی شـێخ عەبدولکەریم دەگەڕێتەوە[1].

لە گرینگترین سیفاتەکانیشیدا کەسێکی چاکەکار ومرۆڤێکی خواناس و سادەو ساکار بووە و خۆی لە خەڵکی تر جیانەدەکردەوە و هانی مرید و سۆفیەکانی دەدا هـەموو توانایـەکیان لـە پێنـاو خۆشگوزەرانی و برایەتی و چـاکەکاریدا بخەنـە گـەڕ و خۆیـان لـە کۆکردنـەوەی سـامان دەسـەڵات بپارێزن[2]، شارەزایی لە زانستەکانی نەحوو تەفسیر و فیقھ و ئوسـولی شـەرعیدا هـەبووە و مـەلای وتار بێژو پیری مریدەکان و چاودێری هەلسوکەوت و مامەڵە و دیـاری کردنـی شـێوازی جولانـەوەی پێڕەوانی بووە، لە کارە نەشیاو نابەجێیەکانی دەکۆڵیەوە و سزای لادەرانـی دەدا و هـەوڵی زۆری بـۆ ڕاستە ڕێکردنیان دەدا[3].

بەڵام بۆ پتەو کردنی بزووتنەوەکەی بە شێوەیەکی لەسەرخۆ هەوڵی داهێنانی کۆمەڵێك بنـەما و ڕێنمایی نوێی دا، ئەمەش بووە هۆی دوورکەوتنەوە و لادان لە ڕێڕەوی تەریقەتی نەقشـبەندی، بـە قسە هەڵبڕکاندن(شەتەحات)[4] و گەڕانەوەی عیسای پێغەمبەر و دەرکەوتنی مەهدی چاوەڕوان کـراو و چەند بابەتێکی تر دەستیان پێکرد، وەك وازهێنان و جێبەجێ کردنی بەشێك لە بنچینەکانی ئاینی ئیسلام و دوور کەوتنەوە لە نوێژ و ڕۆژو و گفتوگۆ سەبارەت بـە یەکتاپەرسـتی و دۆنـادۆن (تناسـخ

=ناوچەی جیاواز وەك هەڵەبجە و قەمچوغە و سلێمانی، پاشان چۆتە سوریا و دواتریش چۆتە ڕوسیا لەوێ خوێندنی دکتۆرای تەواو کردووە، بە دەیان پەرتوکی داناوە لە بوارە جیاجیاکاندا، ئێستاش لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە) ؛ بدرخان السندی : المجتمع الکردي في المنظور الاستشراق، ط١، دار اراس للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠٠٦، ل١٦٥

[1] لە دیارترین سیماکانی شێخ عەبدولکەریم پیاوێکی گەنم ڕەنگی باڵا مام ناوەندی دەموچاوپان و چاوێکی ڕەشی گەورە و ڕیشێکی درێژی قەترانی هەبووە، جبەیەکی ئاوەڵدامانی لە بەر کردووە و سەرکەواو مێزەرێکی گەورەی شێخانەی لە سەر کردووە، دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێش و هەبووە و ویقاری پێ بەخشی بوو.(علادین سجادی : س.پ، ل٧٣) ؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی شەشەم.

[2] حسینی خەلیقی : کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی الحوادپ، بەغداد، ١٩٩٢، ل٢٢١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

[3] محەمەد عەلی سوڵتانی : س.پ، ل٢٤١ ؛ جواد فقی علی جوم الحیدری : محمد بن عبدالله جلی ، ص٦٧.

[4] شەتەحات : ئەم وشەیە لە بواری سۆفیگەریدا بە کاردەهێنرێت، بەو قسانە دەوترێت لە کاتی زیکـر و فیکـری سۆفیەکاندا بە دەمیاندا دێت، بە شێوەی وڕێنەو بزرکاندن و زۆربەی ئەو قسانەی دەیکەن لەو کاتـەدا پێچـەوانەی بنەماکانی ئاینی ئیسلامە (امین شێخ علاوالدین : تەسەوف چیە، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەغـداد، ١٩٨٥، ل٣٠٣).

الارواح) و نواندنی چـەند هەڵسـوكەوتێكی نائاسـاییان ئـەنجام دەدا[1]، وەك خـۆ لـە زبـڵ وەردان و جنێودان و هاتو هوت و جەزبەلێهاتن[2]، ئەنجامدانی كرداری سەیروسـەمەرە و فرێـدانی جلوبـەرگی ئاسایی و لە بـەركردنی گونیـە و گـەڕان بـە دێهاتەكانـدا بـە دەم سـرود و گـۆرانی ئاینییـەوە [3]، هەرچەندە شێخ عەبدولكەریم لەگەڵ بەشی زۆری ئەو ڕەفتارانەدا نەبوو كە بەشێك لە سۆفی مریدەكان ئەنجامیان دەدا، بەلاّم لە ژێر كۆنترۆلی دەرچوو بوو و نەیدەتوانی ڕێیـان پێبگرێـت، چـونكە زۆربـەی ئەو كەسانەی ئەم كردارانەیان ئـەنجام دەدا لـە كوڕەكـانی خـۆیی و شـێخ عـارفی سـەرگەڵوو سـەید (ئەحمەدی خانەقا)[4] بوون، ئەمانەش دەسەلاّتێكی بالاّیان لە خانەقا و نێو بزووتنەوەكەدا هەبووە[5]
.

لەو سەردەمەدا شـێخ عەبدولكـەریم بـەردەوام بـوو، لـە (تـەلقین)[6]دان یـان (تەریقەتـدان) و بانگەواز چاكەخوازی و بانگەشە و بلاّوكردنەوەی ئەو پەیامەی كە بۆ خزمەتی گشتی خەڵك هـەڵیان

---

[1] مستەفا عەسكەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە،ل٣٤.

[2] جەزبە لێهاتن : یەكێكە لە ئاداب و ڕەوشتەكانی سۆفیگەرییەكان، كە لە ئەنجامی دروست كردنی پەیوەندی لە نێوان سۆفی و مریدەكان و پیرەكەیانەوە دروست دەبێت، میكانیزمیی ئەم پرۆسەیەش بە دەست نوێژەوە ڕوو لە قیبلە ڕادەوستن و چاویان دەنوقێنن و لە بەر خۆیانەوە (الله الله )دەڵێنەوە، تا دەگەنە ڕادەیەك ئاگاداری ڕەفتارەكانی خۆیان نین و كردەوەی دوور لە ئیرادەی خۆیان ئەنجام دەدەن (مني یاسین طه الرفاعي : م.س، ص٦٨-٦٩ ؛ علادین سجادی : س.پ، ل٧٢ ؛ مستەفا عەسكەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٣٨) .

[3] نوری عەبدولاّ ئاغجەلەری : بیرەوەریەكانم لە نیوان بینین و بیستن دا، ئامادەكردنی سدیق سالح، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٣.

(٤) سەید ئەحمەدی خانەقا : یەكێكە لە نەوەكانی شێخ قادری كوری شێخ ئەحمەدی سەردار و كەسایەتی ناودار و لێهاتوی شاری كەركوك بووە، ڕۆڵی دیاری لە ڕێنمایی و ئامۆژگاری سۆفی و مریدەكانی و چارەسەر كردنی كێشە كۆمەلاّیەتییەكانی كەركوك دا هەبووە و لە ساڵی (١٩٢٣ تا ١٩٢٥) بۆ بەسرا دوور خراوەتەوە، ئەمەش بۆ ئەو دەسەلاّتە بالاّیەی كۆمەلاّیەتی و ئیداری و بەڕێوەبردنەی كە لەو شارەدا هەیبووە، پاش دامەزراندنی حكومەتی عێراق و لە ماوەی سالاّنی (١٩٢٥-١٩٣١) چەند جارێك مەلیك فەیسەڵی یەكەم سەردانی خانەقای سەید ئەحمەدی كردووە و دیاری پێشكەش كردوون، لە ١٨ تەموزی (١٩٥٢) بە هۆی نەخۆشیەكی درێژخایەنەوە كۆچی دوای كرد (محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی :س.پ، ل١٨-١٩) .

[5] چاوپێكەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، شاری هەولێر، ٢٠١١/٥/٨ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ هاوڕێ كاكە حەمەی كەلكەسماق، خانەقای كەلكەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

(٦) تەلقین دان : بریتییە لە ئامۆژگارییەكانی شێخی تەریقەت، لە كاتی پەیوەندی كردنی هەریەكێك لە و كەسانەی دەیانەوێت، پەیوەندی بە ڕیزەكانی تەریقەتەوە بكەن، ئەم پرۆسەیەش بە شێوەیەكی نهێنی بەڕێوە دەچێت، ئەو وتانەی شێخیش تا كۆتایی بە نهێنی دەمینێتەوە (مستەفا عەسكەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوە هەقە، ل٣٥-٣٦ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوكان،٢٠١١/٤/٢٠).

گرتبوو، به مەبەستی گەیاندنی پرەنسیپەکانی تەریقەت و خەسڵەتەکانی سۆفیگەری و ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی ئاینی ئیسلام بە پێڕەوانی و تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە بکات[(١)]، دادی کۆمەلایەتی و یەکسانی و هەق پەرستی و ڕاستگۆیی لێ بەرهەم بێنێ.[(٢)]

بە شێوەیەك بتوانێ بزووتنەوەکەی لە گەڵ بەشێك لە داواکاریەکانی کۆمەڵگە بگونجێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش چەند بنەمایەکی دارشتبوو، تاکو خۆی و مریدەکانی کاری لە سەر بکەن، لە گرینگترین ئەو بنەمایانە :

١-کۆنترۆڵکردنی ویست و ئارەزووە دەروونیەکانیان، بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی کردارەکانیان و شێوازی مامەڵەکرنیان لە نێو بزووتنەوەکە و دەرەوەیدا[(٣)]، دەروونیش سەرچاوەی برِیاردان و فەرمانداری کردارکانی مرۆڤە، کاتێك دەروون دەگاتە پلەی خاوێن و پەروەردەی تەواو دەکرێت، مرۆڤەکان پێویستیان بە چاودێری نامینێت و دەروونی خۆی دەبێتە چاودێر بەسەر کردارەکانیەوە و لە هەڵە و تاوانەکان دوردەکەوێتەوە و دەیپارێزێت [(٤)]، بێ ئەوەی چاوی شێخ یان هاوڕێ و هاوئاین یان هاوتەریقەتێکی لێوە دیار بێت، دەروونی بە خوداوە دەبەستێتەوە و کردەوەکانی لە لایەن خوداوە چاودێری دەکرێت.

٢-هەوڵدان بۆ پیادەکردنی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلایەتی لە نێو چین و توێژەکاندا بە تایبەتی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە[(٥)].

٣-هاوبەشی و هاوکاری و ڕەخساندنی زەمینەیەکی گونجاو بۆ پێکەوە ژیانی کۆمەڵگە بە ئاشتی و

---

[(١)] حەسەن عەوالأنی : س.پ، ل١٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال بابان، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٩ ، (جەمال بابان لە (١٩٢٧) لە شاری سلێمانی لە دایك بووە و تا تەواو کردنی ئامادەیی لە شاری سلێمانی خوێندویەتی و پاشان لە ساڵی (١٩٥١)کۆلێژی مافی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، دەیان پلە و پۆستی جیاوازی بینیوە، بۆتە مدیر ناحیەی عەربەت و خورماڵ و قەرداخ و میرزا رۆستەم و کەندیناوە و حەویجە، دوای شۆرشی ١٤ی تەموز بۆتە مدیر عام دار **الثقافة** الکردیە، ئیستاش خانەنشینە و سەرقاڵی نوسینە و (٣٥) پەرتوکی چاپکراوی هەیە و بە سەدان بابەتی لە رۆژنامە جیاجیاکان بلأو کردۆتەوە).

[(٢)] عەبدولاّ غەفور : ئەتنودیموگرافیایی باشوری کوردستان، چ٢، بلاّکردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٤٧-٤٨ .

[(٣)] جمال بابان : اعلام الکرد، ص٣٠٣ ؛ رەشاد میران : ڕەوشی ئاینی و نەتەوەی لە کوردستاندا، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٦٣.

[(٤)] کەیوان ئازاد ئەنوەر : مێژووی ئاینەکان، چ١، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٩١.

[(٥)] عەبدوڵلاّ کەریم مەحمود : تێڕوانینێك بۆ ڕابردووی هەشتا ساڵەی بزووتنەوەی هەقە،گۆڤاری (تایم)، ژمارە(١١)، ساڵی ١٩٩٩،ل٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوکان،٢٠١١/٤/٢٠.

ئارامی و دوور له خۆپەرستی و ململانێ و شکاندنی یەکتری[1].

٤-گرینگی نەدان بە خۆدەوڵەمەندکردن و پاوان کردنی زەوی و زار و موڵکایەتی تایبەتی و ڕەتکردنەوەی دەست بە سەراگرتنی موڵك و ماڵی خەڵکی تر[2]، ئەمەش وەکو پرەنسیپێك و بەرنامەیەکی بزووتنەوەکە کاری لەسەر دەکرا، بووە بناغە بۆ سەرنج ڕاکێشان و کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی هەقەدا [3].

٥-هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردن و دابین کردن و یەکسانی بوون و هێنانە پێشەوەی ڕەگەزی مێینە بۆ نێو کۆڕ و کۆبونەوەکان و بەشداری پێکردنیان لە پێشهات و ڕوداو کێشە کۆمەلاَیەتییەکان و پێدانی دەسەلاَت و مافی زیاتر بە ژنان و جیانەکردنەوەیان لەگەڵ پیاواندا[4] .

ئەم بیرکردنەوەیە بووە مایەی تۆمەتبار کردنەوەی شێخ عەبدولکەریم و ڕابەرانی تری بزووتنەوەی هەقە بە پیادەکردنی بیروباوەڕی شێوە سۆسیالیستێکی مەدەنی کە دوورکەوتنەوە لە ئاین کە بۆ ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی گرینگ بوو، هەرچەندە بزووتنەوەکە باجی ئەو داهێنانەی دا، بە تایبەتی لە بواری گرینگی دان بە ڕەگەزی مێینە و شێوازی مامەڵەکردن و هێنانە پێشەوەیان، ئەمەش لە تێکڕایی تەریقەت و بزووتنەوەکانی تر جیای دەکردنەوە[5].

لە لایەکی ترەوە بەریتانیەکان قوڵتر و ورد تر لە کاکڵی بزووتنەوەی هەقەیان دەڕوانی و چاودێری جولاَنەوە و پەیوەندییە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەکەیان دەکرد، شێوازی مامەڵەیان لەگەڵ جوتیارانی ناوچەکە و پشتیوانیان لە چینی چەوساوە و ستەم لێکراوەکان و دژایەتی دەرەبەگەکان

---

[1] جمال بابان : اعلام الكرد، ص٣٠٣.

[2] دانا کاکەحەمەی شەدەڵە : س.پ، ل١١٣٨.

[3] حەسەن عەوالاَنی : س.پ، ل١٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠.

[4] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٦٧ ؛ محەمەد عەلی سولتانی : بزاڤی حەقە لە کەرکوك، گۆڤاری (کەرکوك)، ژمارە(٣)، چاپخانەوئۆفیسی ژیار،ساڵی سێیەم، زستانی ٢٠٠٢، ل١٠٣.

(٥) حەسەن عەوالاَنی : س.پ، ل١٣.

جێگەی سەرنج و تێڕامانی بەریتانیەکان بوو[1]، هەروەها بەریتانییەکان نیگەرانی دەردەبڕی لەو پێگە جەماوەریەی بزووتنەوەکە کە لە نێو جوتیاراندا دروستیان کرد بوو. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لە پەیوەندیەکانی هەردوو لادا دروست کرد بوو، لە لایەکی ترەوە نەتەوەی کوردیش پرۆتیستۆی کاروکردەوەکانی حکومەتی عێراق کرد و هەر لە سەرەتاوە ژمارەیەکی زۆرکەم دەنگیان بە شا فەیسەڵی یەکەم (١٩٢١-١٩٣٣) دا[2].

بۆ ئەم مەبەستە چەند کەس و لایەنێکیان ڕاسپارد، هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی شێخ عەبدولکەریم بدەن، دەست بەرداری بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی بێت و واز لە درێژەدان بە ڕێبازەکەی بهێنی، لە دیارترین ئەو کەسایەتیان ئیدمۆندس ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بوو، کە بە جلوبەرگی کوردیەوە لە ساڵی (١٩٣٣) سەردانی شەدەڵەی کردووە[3]، بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری لە سەر دەروونی شێخ و پێڕەوانی بەشداری لە نوێژی جەماعەت لە مزگەوتی شەدەڵەدا دەکات .

بەڵام شێخ عەبدولکەریم ڕازی نابیت و لە مزگەوت دەری دەکات، ئیدموندس لەم سەردانەیدا هەموو هەوڵ و تواناکانی دەخاتە گەڕ لە پێناو دەست بەرداربوونی شێخ عەبدولکەریم لە درێژەدان بە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی، یاخود بە هەر نرخێك بێت بزووتنەوەکە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی بەریتانیەکان بشکێتەوە. دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆی چڕ نەگەیشتنە ئەنجام، هەرچەندە ئیدمۆندس بەڵێنی ئیمتیازات و بڕینەوەی موچە و پلە و پایە بۆ خۆیی و کوڕ و نەوە و پێڕوانی دەدا، بەڵام سەرجەم بەڵێنەکانی هیچ کاریگەریەك لە سەر بیرکردنەوەی شێخ عەبدولکەریم دروست ناکەن، ئامادەی هاوکاری کردنی حکومەتی عێراقی یان دەست بەرداری بانگەشەگردن بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری بزووتنەوەکەی نابێت[4].

ئیدمۆندس بەر لە ڕۆیشتنی پاش ئەوەی دەزانێت هەوڵەکانی بێسود بووە سەردانی شێخ عارفی سەرگەڵوو دەکات و سکالا وگازاندە لە هەڵوێستەکانی شێخ عەبدولکەریم دەکات. پاشان

---

(١) مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٤١ ؛ تومابوا : م.س، ص٣٢ ؛ عومەر فاروقی : سەیری تەریقەت لە کوردستاندا، گۆڤاری (ئامانج)، ژمار(٢٢)، مهابات، ساڵی١٣٦٧ھ ، ل٩ ..

(٢) کریس کۆچەرا : کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، و: حەمەکەریم عارف، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦٨ ؛ جوان بەختیاربهالدین : م.س، ص٦٢ .

(٣) سیسل جۆن ئیدمۆندس : س.پ، ل٢٥٣-٢٥٤ ؛ مستەفا عەسکەری : ئاوەڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٤١ .

(٤) حەسەن عەوالانی : س.پ، ل١٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکەحەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧،.

باسی خراپی دەرئەنجامەکانی گوێڕایەڵی نەکردنی شێخ عەبدولکەریم دەکات و هەڕەشە و ئاراستەی بزووتنەوەی هەقە دەکات، بەڵام ئەم هەڵوێستەی ئیدمۆندس دووبارە هیچ کاریگەریك لە سەر گۆڕینی بیروڕایی شێخ عەبدولکەریم دروست ناکات و ئامادەی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی نابێت.[(١)]، پاشان بەریتانیەکان بلاّویان کردووە، کە وشەی بۆلشویك(مەبەستیان بەلشەفیکی یەکێتی سۆڤیەتە) لە شاری سلێمانی دەوروبەریدا دەبیسترێت، لەمەدا تەنها مەبەستیان دۆزینەوەی پاساوێك بۆ پەلاماردانی بزووتنەوەی هەقە بوو[(٢)].

لەم سەروبەندەدا کێشە لە نێوان شێخەکانی سەرگەڵوو کە خزمی نزیکی موتەسەریفی ئەو کاتەی شاری سلێمانی[(٣)] بوون و خزمێکی شێخ عەبدولکەریم ڕوودەدات، موتەسەریفی شاری سلێمانی ئاگاداری سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان بزووتنەوەی هەقە و بەریتانیەکان و حکومەتی عێراقی بوو، هەوڵی قۆستنەوەی ئەو هەلەی دا، کەوتە بلاّوکردنەوەی پروپاگەندە دژی خودی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و بزووتنەوەکەی و پێڕەوانی[(٤)]، لەلایەکی تریشەوە بەشێك لە دەرەبەگەکان و مەلا و فەقێکانیان بە هاندانی دەسەلاّتداران کەوتنە دژایەتی بزووتنەوەکە و فەتوای کافر بوون و لە دین دەرچونیان خستە پاڵ شێخ عەبدولکەریم و بزووتنەوەکەی[(٥)].

پاش ململانێ و مشت مڕێکی زۆر، شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە ئامادەی هاوکاری و هەماهەنگی حکومەتی عێراقی و بەریتانیەکان نابێت، سەرئەنجام لە ساڵی (١٩٣٤) دا، شێخ عەبدوکەریم و شێخ عارفی سەرگەڵوو مامە ڕەزا و ژمارەیەك لە کەس و کار و پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەیان دەستگیرکرد و بەرەو شاری کەرکوك و قەزای حەویجەیان بردن[(٦)] .

ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراقی و دەسەلاّتداری بەریتانی لە عێراق، کاردانەوەی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەی بە دوای خۆیدا هێنا، بانگەوازی هەلاّیسانی شۆرشێکی سپیان، لە سەر بنەمایی

---

[(١)] حەسەن عەوالاّنی : هـ.س.پ، ل١٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق ١٤/١١/٢٠١٠.

[(٢)] چاوپێکەوتن لەگەڵ عزەدین مستەفا رەسول، شاری سلێمانی، ٩/١١/٢٠١٠،.

[(٣)] لە سیەکانی سەدەی رابردوو موتەسەریفی شاری سلێمانی (ئەحمەد تۆفیق بەگی ئاغاسی) بووە و هەوڵی داوە سود لەو بارودۆخە وەرگرێت و لە بەرژەوەندی خزمەکانیدا بە کاری بهێنێت.( ڕێبوار حەمە تۆفیق : کۆمەڵی هەقە، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٧٧).

[(٤)] ڕێبوار حەمە تۆفیق : هـ.س.پ، ل٧٧ ؛ ستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٤٣ .

[(٥)] چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٧/١١/٢٠١٠.

[(٦)] کەریم زەند: ئاینستان، ل١٩٦ ؛ شاکر فتاح : ئاوێنەی ژینم، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٣، ل٤٣٦ ؛ مەلا نامیق: هەقە، دەستنوس، ل١ (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە چوار).

ئا شتیخوازی وبەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایی لە ڕێگەی کۆڕەوی فراوانی پێڕوان و لایەنگرانی بزووتنەوەی هەقە ڕاگەیاند، بە فڕێدانی جلوبەرگی ئاسایی و لەبەرکردنی گونیە لە لایەن پیاوەکانەوە، دوای کۆبونەوەیان لە سەرجەم ناوچەکان و یەکگرتنیان، پیاوەکان بۆ چەند گروپێك و هەر یەکە لەو گروپانە سەرپەرشتیاری خۆیان هەبووە، بەم کۆبوونەوە جەماوەرییە فراوانە فشاری زۆریان خستە سەر دامودەزگا و دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی و بەریتانیەکان لە شاری کەرکوك و بووە هۆی دروستکردنی کەشێکی ئالۆز و بڵاوبوونەوەی نائارامی و دڵەڕاوکێ لەو شارەدا[1] ، کۆڕەوی فراوانی بزووتنەوەی هەقە هێمای دڵسۆزی و نیشانەی خۆبەختکردنیان بۆ ڕێبازەکە و پیشاندانی متمانەیان بە شێخ عەبدولکەریم وەکو ڕابەرێکی دڵسۆز و خاوەن هەڵوێست، شایستەی ڕێز و وەفداری و بەخشندەیە بووە، ئەمەش پیرۆزی بۆ شێخ عەبدولکەریم دروست کرد بوو.

پاش گەیشتنی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بۆ شاری کەرکوك، بەرەو ناوەندی شار بەڕێ کەوتن و داوای دەست بەجێ ئازاد کردنی شێخ عەبدولکەریم و هاوەڵانیان پێشکەش بە بەرپرسانی شارەکە کرد، بەڵام سەرەتا گوێیان بە داواکارییەکەیان نەداو ژمارەیکی تریشیان لێ دەستگیر کردن و دەستییان بە توندو تیژی و هەڕەشەکردن لە خۆپیشاندەرانی بزووتنەوەی هەقە کرد، بەمەبەستی پاشگەز بوونەوە و بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، بەڵام هەوڵەکانیان بێسود بوون و نەیانتوانی زاڵ بن بە سەر ڕێپێوان و کۆڕەوەی فراوانی بزووتنەوەی هەقەدا[2] .

لە شاری کەرکوك دادگایی کردنی شێخ عەبدولکەریم و هاوەڵانی دەستی پێکرد، کاتێك دادوەر لە ئیش وکاری شێخ عەبدولکەریم پرسی، لە وڵامدا وتی " من جوتیارم و پێڕەوانیشم برای من و مریدی باوباپیرانی منن، مافی ئەوەیان بە سەرمەوە هەیە چاودێری وئامۆژگاریان بکەم و ڕێگەی ڕەوشتی چاکیان پێنیشان بدەم" [3]، دەستگیر کردن و بەردانی شێخ عەبدولکەریم و هێمن بوونەوەی بارودۆخەکە شەش مانگی خایاند[4]، بەڵام دوای فشاری زۆری خۆپیشاندەران و هەوڵ و

---

[1] شاکر فتاح : هەقەکان، گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)، ژمار(١٠٥)، بغداد، ١٩٨٥، ل١٨٧ ؛ کەریم زەند : هەقە، گۆڤاری (کاروان)، ژمار(٤)، هەولێر، کانونی دووەمی ١٩٨٣، ل٢٨-٢٩ ؛ عەبدولکەریم محمود : تێڕوانینێك بۆ ڕابردووی هەشتا ساڵەی بزووتنەوەی هەقە،گۆڤاری (تایم)،ژمارە(١١)، ساڵی ١٩٩٩، ل٢١.

[2] محەمەد عەلی سولتانی : ڕاپەرینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٤١ ؛ کەریم زەند : هەقە، ل٢٨ .

[3] هەمزە عەبدوڵا: ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، پاشبەندی یەکەم، ل١٠٨.

[4] مەلا نامیق: هەقە، دەستنوس ، ل١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوکان، ٢٠/٤/٢٠١١.

هیمەت و هاوکاری دۆست و خزمەکانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە[1]، توانرا کێشەکە چارەسەر بکرێت و شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و هاوەڵانی ئازاد بکرێن، پاشان گەڕایەوە بۆ گوندی شەدەڵە[2]، ئەم ساڵەش (١٩٣٤) بە ساڵی گونیە ناسراوە[3]، لەم ساڵە بە دواوە بزووتنەوەکە تا کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم لە ساڵی (١٩٤٢) خامۆشی و لاوازی و کزبوون باڵی بە سەر بزووتنەوەکەدا کێشا و ئەم دەستگیر کردنە کاریگەری نەرێنی کردە سەر بزووتنەوەکە و بارودۆخەکەی بە لاوازی هێشتەوە و کەش و هەوایەکی نالەبار و ناجێگر ناوچەکانی بزووتنەوەی هەقەی گرتەوە[4]، حکومەتی عێراق دەسەڵاتی بەریتانی چاودێری پێشهات و کاروکردەوەکان و جولانەوەکانی بزووتنەوەکەیان دەکرد.[5]

ئەمەش زیانی زۆری لە بزووتنەوەکە دا و بزووتنەوەکە لە گڕوتین کەوت، بەلاّم شێخ عەبدولکەریم هیچ جێگرەوەیەکی بۆ شوێنی خۆی دیاری نەکرد، لە ژێر کاریگەری وەسیەتەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی دا تاکو حەوت پشت شێخی تەریقەت بدرێت، ئەمەش پەیوەندی بە دانایی و لێهاتووی و شارەزایی مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە هەیە، کە دوای حەوت پشت بارودۆخی ئابوری و کۆمەلاّیەتی ناوچەکە گۆڕانی بە سەردا دێت[6]، ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٤٢) دا شەوێك دوای نوێژی خەوتن، لە کاتی گەڕانەوەی لە مزگەوت، لە بەر دەرگایی ماڵەکەی خۆی تەقەی لێدەکرێت و دوو گوللە بەر قاچ و سینگی شێخ عەبدولکەریم دەکەوێت و بە سەختی بریندار

---

[1] دیارترین ئەو کەسانەی هاوکار بوون بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و هاوەلاّنی بریتی بوون لە سید ئەحمەدی خانەقا و هاوکاری معروف چیاوکی کە دادوەری دادی کەرکوك بوون و جەمیل راوی موتەسەریفی ئەو کاتەی شاری کەرکوك (مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٤١-٤٣).

[2] حەسەن عەوالاّنی : س.پ، ل١٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

[3] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوە لە بزووتنەوەی هەقە، ل٤٤ ؛ چاوپێکەوتن لە گەڵ سەروەر هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، بەرنامەی واریَ مە، تەلەفیزیۆنی کوردستان، شەوی ٢١/٢٢/٥ / ٢٠١١، کاتژمێر ٩:٠٠-١٠:٠٠شەو.

[4] عەبدوڵلاّ کەریم مەحمود : س.پ، ل٢١ ؛ کەریم زەند : ئاینستان، ل١٩٦.

[5] کەریم زەند : ئاین و باوەڕ لە کوردستان، ل٨٥.

[6] عەبدوڵلاّ کەریم مەحمود : س.پ، ل٢١ .

دەبێت[١]، بە هۆی خراپی بارودۆخەکەوە شێخ عەبدولکەریم سەردانی نەخۆشخانەی نەکردووە و لە لایەن دکتۆرێکی میللییەوە بە دەرمانی گیایی و خۆماڵی برینەکانی پاك کراوەتەوە کراوەتەوە[٢].

لە ڕۆژانی برینداری چەند ڕۆژێك بەر لە مردنی کۆبوونەوەیەکی فراوانی بە خەلیفە و سۆفی و مریدەکانی کرد و ئامۆژگاری زۆری کردن، دەست بەرداری بزووتنەوەکە نەبن و برایەتی وتەبایی و یەك ڕیزی خۆیان بپارێزن[٣]، لە کۆتایدا پاش چل ڕۆژ لە بریندار بوونی، شێخ عەبدولکەریم لە ساڵی (١٩٤٢)دا کۆچی دوایی کرد و هەر لە گوندی شەدەڵە بە خاکیان سپارد[٤]، شەدەڵە دوا وێستگەی کاروانەکەی بوو. سەبارەت بە بکوژەکەشی تاکو ئێستا بە نهێنی ماوەتەوە.

## دووەم : دوای شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە

مردنی شێخ عەبدولکەریم لە ساڵی ١٩٤٢، پەرتەوازەیی و ناکۆکی و ناتەبای بەرۆکی بزووتنەوەی هەقەی گرت و بۆ چەند گروپێکی جیاواز دابەش بوون، هەر یەکێك لەو گروپ و کۆمەڵانە لە لایەن کەسایەتییەکی دیار و ناسراوی بزووتنەوەی هەقەوە ڕابەرایەتی دەکرا، هیچ یەکێك لەو ڕابەرانە ئامادەی سازش و پاشەکشە و یەکگرتن لەگەڵ گروپەکانی تردا نەبوون، بارودۆخێکی نەخوازراو بە سەر بزووتنەوەکەدا هات و دابەشی سەر پێنج گروپی جیاواز بوون:

١-بەشێك لە سۆفی و مریدەکانی بزووتنەوەی هەقە، وازیان لە بزووتنەوەکە هێنا و بە ژیانی تایبەتی خۆیانەوە خەریك بوون و فەرمانە ئاینییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی ئاینی ئیسلامدا جێبەجێ دەکرد[٥]، ئەم کۆمەڵەیە لە لایەن بەشێك لە پێڕەوانی تەریقەتی نەقشبەندییەوە هاندەدران تا بگەڕێنەوە سەر تەریقەتی نەقشبەندی[٦]، ئەمانە مەیلیان بەلای کوڕەکانی شێخ عەبدولکەریمدا

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، ، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ بێ ناوی نوسەر: کۆچی دوای کردنی شێخ عەبدولکەریمی، گۆڤاری (شمشارە)، ل١٢.

[٢] ئەو دکتۆرەش یەکێك لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بە ناوی سۆفی عەلییە شەلی سۆفیانی بووە ( بێ ناوی نوسەر: کۆچی دوای شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە، گۆڤاری (شمشارە) ، ژمارە(٥٠)، ل١٢.

[٣] عەبدولا کەریم مەحمود : س.پ، ل ٢١.

[٤] جمال بابان : اعلام الكرد، ص٣٠٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەمەر کاکەحەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ چاوپێکەوتن لە گەڵ مەحمود کاکەحەمەی شەدەڵە، بەرنامەی واریٚ مە، تەلەفیزیۆنی کوردستان، شەوی ١٤/١٣ ٤/ ٢٠١١، کاتژمێر ٩:٠٠-١٠:٠٠شەو .

[٥] جواد فقي علي الجوم حيدري : محمد بن عبدالله جلي وجهوده العلمية، ص٦٨.

[٦] محەمەد عەلی سولتانی : ڕاپەرینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٥٢.

هەبووە و ساڵانە لە بۆنە و یادەکاندا سەردانی شەدەڵەیان دەکرد و لەگەڵ هاوڕێبازەکانیان بەشداریان لە مەراسیمە ئاینی و نەتەوەیەکاندا دەکرد[١] .

٢-گروپی دووەم بە سەرپەرشتی (حەمەئاغای)[٢] پشدەر جیابوونەوە گروپێکی بە ناوی حەمە ئاغا دروست کرد، زۆربەیان لە گوندی (کانی تووی) ناوچەی مەرگە کۆبوونەوە، پاشان گەڕاونەتەوە پاڵ یەکێك لە گروپەکانی تر و ساڵانە سەردانی شەدەڵە و گۆڕی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەیان دەکرد[٣]، حەمە ئاغای پشدەر بانگەشەی بۆ خەلافەت و جێگرەوەی شێخ عەبدولکەریم دەکرد و پێڕەوانی بە مەهدی چاوەڕوانکراو ناویان دەبرد و نوێژ و ڕۆژوویان نەدەکرد و پێڕەوانی ریشیان دەتاشی لە کاتی تەوقەکردندا دەستی یەکتریان ماچ دەکرد، ئەمەش پێچەوانەی کۆمەڵە و گروپەکانی تری بزووتنەوەی هەقە بووە، کە بە هیچ شێوەیەك دەستی یەکتریان ماچ نەدەکرد[٤].

٣- بەشێکی تریان بە سەرپەرشتی شێخ عەبدولای عەسکەری برا گەورەی شێخ عەبدولکەریم جیابوونەوە و چوونە گوندی عەسکەر، ئەم گروپە زۆربەیان لە کوڕ و خێزان و نەوەی شێخەکان پێك هاتبوون، پاشان گەڕانەوە ڕیزی یەکێ لە گروپەکانی تر[٥].

٤-مامەڕەزاییەکان[٦]: بە گەورەترین و فراوانترین گروپ و کۆمەڵەی بزووتنەوەکە دادەنرێت پاش کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم بە گڕوتینێکی تازە و هەوڵدان بۆ چاکسازی و بە فۆرمێکی نوێ لە

---

[١] مەراسیمە ئاینیەکان وەك جەژنی قوربان و ڕەمەزان، مەراسیمی نەتەوەیش وەك جەژنی نەوزۆز (مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوە لە بزووتنەوەی هەقە، ل٤٩ ؛ جمال محمد فقي رسول باجلان : الحقة، گۆڤاری (زانکۆی کۆیە) ،ژمارە(٦)، کانونی دووەمی ٢٠٠٦، ل٤٠١).

[٢] حەمە ئاغای پشدەر ناوی حەمە ئاغای کوڕی بابەکری هەباسی میراودەلییە و بە حەمە ئاغایی هەنارۆك ناسراوە، لە ساڵی (١٩٥٢) کۆچی دوای کردووە، لە گۆڕستانی شێخ رسولی پیمالك لە ناوچەی پشدەر بە خاك سپێردرا(بێ ناوی نوسەر: حەمەئاغای پشدەر و حەمە ئاغاییەکان، گۆڤاری (شمشارە) ، ل٤٤ ).

[٣] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٤٩ .

[٤] بێ ناوی نوسەر: پەیڕەوەکانی حەمە ئاغایی، گۆڤاری (شمشارە)، ل٤٥-٤٦ .

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧ .

[٦] مامەڕەزاییەکان دەگەڕێتەوە بۆ مامەڕەزا مستەفا ڕەزای عەسکەرکە برای بچوکی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە شەدەڵە بووە، لە ساڵی(١٩٠٥) لە گوندی شەدەڵە لە دایك بووە، لە سەر زاری کوڕەکانی شێخ عەبدولکەریمەوە بە مامە ناوبانگی دەرکردووە، یەکێك لە کەسە نزیك و گوێڕایەڵ و خەلیفەکانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بووە و شارەزایی لە زمانی عەرەبی و فارسی دا هەبووە، زانیاری زۆری لە بواری شەریعەت و بەلاغە و تەفسیر و مێژووی گەلاندا هەبووە، دۆستایەتی نوێخوازان و کەسایەتییە دیارە و ناسراوەکاندا کردووە و پەیوەندی فراوانی لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوەکاندا دروست کردووە، لە (١٩٦١) کۆچی دوای کردو لە گوندی شەدەڵە نێژراوە( F. David Andrews: The Lost People of the Middle

بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕزگار کردنی کۆمەڵگە لە دابونەریت و کەلتوری کوردەواری، لەو نێوچانەی کاریان تێدا دەکرد[1].

مامەڕەزا خۆشەویستی زۆری بۆ پیرەوان و لایەنگرانی دەردەبڕی و کاریگەری لە سەر دەروونی بەرامبەرەکەی دروست دەکرد و ناچاری دەکردن ڕێزی لێبگرن[2]، گرینگی بە کۆکردنەوەی ماڵی دونیا و خۆ دەوڵەمەند کردن نەدەدا و بەردەوام هەوڵی چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دەدا، لە هەر شوێنێك پێویستی بە هاوکاری بووبێت و داوای پشتیوانیان لێکردبێت بە دڵسۆزیەوە بە هانایانەوە چووە[3]، مامە ڕەزا کەسێکی میانڕەو و هێمن و لەسەرخۆ بوو، بە چرپە قسەی دەکرد و پیاوێکی بالاٚ بەرزی گەنم ڕەنگ و بە شەوکەت بووە و ڕوحیەتێکی بە هێز لەو کەسایەتیەدا بە دیدەکرا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زادەی پەروەردەی ئەو خێزانەی تێیدا گەورە ببوو، کە خاوەن مێژوویەکی درێژی تەریقەت و پەروەردە و پێگەیاندنی سۆفی و مریدان بوون، لە بەر ئەوە گیانێکی بەهێز لە مامەڕەزا دا بە دیدەکرا و توانی سەرکەوتوانە بەرەنگاری ئەو بارودۆخە بێتەوە، کە دوای کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە هاتەپێشەوە زۆرینەی پیڕەوانی بزووتنەوەکەی بە لای خۆیدا کێش کرد و درێژەی بە مانەوەی بزووتنەوەکەدا و هەوڵی جێگرتنەوەی پێگەی شێخ عەبدولکەریم دەدا، تا بتوانێ بە شێوەیەکی گونجاو ڕابەرایەتی پیڕەوانی بزووتنەوەکە بکات و بزووتنەوەکەش بخاتەوە سەر پێ[4] .

خۆ ئامادە کرد بۆ دەرکردنی ڕێنمایی بەرپرسانە بۆ بەڕێوەبردن و ڕایی کردنی کاروبارەکانی بزووتنەوەکە، بەلاٚم لە سەرەتاوە کوڕەکانی شێخ عەبدولکەریم کەسایەتی مامەڕەزایان بە شیاوی ئەو پۆستە نەدەزانی و کەوتنە دژایەتیکردنی، تەنانەت جبە و عەمامەی شێخ عەبدولکەریم کە هێمایە

---

East,Salisbury.N.C.,U.S.A.,1982, P76؛ محەمەد عەلی سوڵتانی : ڕاپەرینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٤٤ ؛ کەریم زەند : هەقە، ل٢٩ ).

[1] عەبدوڵلاٚ کەریم مەحمود : س.پ، ل٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عزەدین مستەفا رەسوڵ، ، لە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ .

[2] محەمەد رەئوف تەوەکلی : مێژووی سۆفیگەری لە کوردستاندا، ل٢٦١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد، شاری کرکوك، ٢٠١١/٢/٢٥.

[3] عەبدوڵلاٚ کەریم مەحمود : س.پ، ل٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، ، لە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

[4] رفیق مجید عبدالله : م.س، ص١٦٤ ؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی حەوتەم.

بۆ جێگرتنەوەی پێگەکەی، دەیدەنە حەمەسوری کەلاّوقوت[1]، ئەمەش مانای بەخشینی متمانەی نەوەکانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەیە بە شێخایەتی حەمەسوری کەلاّوقوت، ماوەی یەك هەفتە بارودۆخەکە بەم شێوەیە مایەوە و حەمەسوری کەلاّوقوت وەکو جێگرەوەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە مامەڵەی دەکرد، بەلاّم دۆست و لایەنگرانی مامەڕەزا بە توندی دژی حەمەسور وەستانەوە و ئامادەی دانپیانان و متمانە بەخشین بە شێخایەتی حەمەسور نەبوون .

ئەم بارودۆخە پەشێوی و ئاڵۆزیەکی نوێی هێنایە ئاراوە، ئایندەی بزووتنەوەی هەقە بەرەو چارەنوسێکی نادیار هەنگاوی دەنا، ململانێی وەرگرتنی پۆستی جێگرەوەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە پەیوەندی نێوان براو ئامۆزاکانی تێکشکاند و جیابوونەوە و توڕە بوونی بە دوایی خۆییدا هێنا، مامەڕەزا لە خانەقای سەرەکیەوە گواستیەوە بۆ شوێنیکی تر لە هەمان گوند کە ناسراوە بە بەشی نسێن(سێبەر) کە دەکەوێتە بەشی رۆژئاوایی شەدەڵەوە[2]، بەلاّم بارودۆخەکە لە خراپەوە بەرەو خراپ تر دەچوو، مامە ڕەزا نەیتوانی درێژە بە مانەوەی خۆی لە هەمان شوێندا بدات، ناچاریان کرد پاش چل ڕۆژ بۆ گوندی تۆپزاوەی نزیك شارۆچکەی دوکان بە هاوەڵی کۆمەڵێك لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە کۆچ بکات، پاشان سەردانی شێخ عەبدولاّی برا گەورەکەی کرد، کە ڕابەرایەتی بەشێك لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەی دەکرد، بەلاّم شێخ عەبدولاّ ئامادەی پێشوازی کردن و دانیشتن لەگەڵ مامەڕەزا نابێت، بۆیە بەرەو گوندی عەسکەری نزیك ئاغجەلەر بەرێ دەکەوێت[3]، یەکەم تەکیەی بزووتنەوەی هەقە لەم گوندە وەکو گروپی مامەڕەزاییەکان دروست دەکات و دوایی شەش مانگ مانەوەی لە گوندی عەسکەر گەڕایەوە خانەقا دێرینەکەی لە گوندی کەلکەسماق[4]، لەم گوندەوە دەستی کرد بە دانانی بەردی بناغەی گروپەکەی و ئامادەکردنی پەیرەوی

---

[1] حەمەسوری کەلاوقوت : ناوی محەمەد ئەحمەد بابەکرە، لە ساڵی (١٨٩٠) لە دایك بووە، لە بەرواری ١٩٨٦/١٢/٤ کۆچی دوای کردووە، ( دواتر بە فراوانی باسی دەکەین) (محەمەد عەلی سوڵتانی : ڕاپەرینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٥٢ ؛ بدون المؤلف: معاون في قوة السيار يفضح مبادي حمة سور ،جريدة (الجمهورية)، عدد(٥٠)، ايلول ١٩٥٨، ص٨ )، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە دوو.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧.

[4] خانەقای کەلکەسماق : دروست بوونی خانەقای کەلکەسماق بۆ سەردەمی شێخ مستەفای باوکی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە دەگەڕێتەوە، کاتێك سۆفی و مریدەکانی دۆڵی شالەبەگیان(خەڵەکان) داوایان لە شێخ مستەفا کرد، یەکێك لە کوڕەکانی بنێرێتە ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی ڕێنمایی و ئامۆژگاریان بکەن و ئەلقەی بەستنەوەی پەیوەندی نیوان خەڵکی دۆڵی شالّبەگیان و خانەقای شەدەڵە بیت، ئەویش شێخ عەبدولاّ کوڕە گەورەکەی دەنێریتە ناوچەکە و لە گوندی عالیقە، لە بناری چیای کۆسرەت نیشتەجێ دەبێت، پاش ماوەیەك دەگوازێتەوە گوندی عەسکەر، پاشان لە سەردەمی شێخ عەبدولکەریم دا بە هەمان شێوە خەڵکی ناوچەکە=

ناوخۆ بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردن و دیاری کردنی جومگە بنچینەییەکانی بزووتنەوەکـە، بـۆ ئەم مەبەستە بانگەوازی بۆ برایەتی وەکو جێگرەوەی تەلقین دان و بەخشینی تەریقەت بـە لایـەنگران و هەوادارانی بزووتنەوەی هەقە کرد[1].

سەرەتای کارەکانی مامەڕەزا لە ساڵی (١٩٤٢) بە گەشـتێکی فـراوان بـۆ تێکـڕای نێوچـە و گوندەکانی بزووتنەوەی هەقە دەست پێکرد، لەم سەردانەدا مامەڕەزا تێکـڕای دۆسـت و لایـەنگرانی بزووتنەوەی هەقەی بە سەرکردەوە و بەرنامە و شێوازی کاردنی گروپەکـەی بـۆ ڕوون دەکردنـەوە[2]. ئەم سـەردان و بـە سـەرکردنەوانەی مامـەڕەزا تـوانی کاریگـەری ئـەرێنی لـە سـەر بیرکردنـەوە و کێشکردنی سەرنجی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە دروست بکات[3]، هەرچەندە بەشـێك لـە بەرنامـە و پرۆگرامـی مامـەڕەزا تەواوکـەری کارەکـانی شـێخ عەبدولکـەریم بـووە، ئـەو کارانـەی کـە شـێخ عەبدولکەریم نەدەپرژایە سەر ئەنجامدانی مامـە ڕەزا هـەوڵی جێبـەجێکردنیانی دەدا[4]، هـەنگاوی زیاتری نا بەرەو چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئاینی، بە تایبەتی لـە سـنوری کـارکردن و بڵاوبوونـەوەی دەنگ و باسی بزووتنەوەکە، هەوڵیدا بزووتنەوەکە لە چوارچێوەیەی سۆفیگەریدا نەمینێتـەوە و ئـەو بازنەیە بشکێنێ، کار لە سەر دروست کردن و پیادەکردنی بیری چەپ بکـات و لەگـەڵ هەلومـەرجی

=داوای نوێنەری خانەقا دەکەنەوە، ئەویش مامەڕەزای برای دەنێرێتە ناوچەکە و لە گوندی کەلکە سماق نیشتەجێ دەبێت، مزگەوت و خانوو بۆ مەلا و دیوەخانێکیش بۆ خۆی دروست دەکات، خەڵکی گوندەکەش بە گەرمی پێشوازی لێدەکەن و چەندین پارچە زەوی و باخ و باخات و کارێزی بە دیاری پێشکەش دەکەن، بۆیە بە خانەقای دێرینی مامەڕەزا ناودەبرێت و ئەم گوندەش دەکەوێتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی دوکانەوە لە دووری پێنج کم و سەر بە ناحیەی خەلەکانە(چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠).

[1] عەبدوڵڵا کەریم مەحمود : س.پ، ل٢١-٢٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵای لالە مەولودی ئۆمەگومەت، ، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٠/١١/٢٠ ( عەبدوڵا لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی ئۆمەگومەت لەدایك بووە و زۆرینەی ژیانی بە جوتیاری و هەژاری بەڕێ کردووە ، یەکێکە لە کەسایەتیە دیارەکانی بزووتنەوەی هەقە ، ئێستاش لە ناحیەی تەق تەق نیشتەجێیە.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠.

[3] عباس العزاوي : **خلفاء** مولانا خالد، گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد)، بەرگی دوهەم، بەشی شەشەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٤، ل٢٠٩ ؛ هەمزە عەبدوڵا : دەسنوس، لە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی محەمەدی مەلا کەریم، ل٤ .

[4] عەبدوڵڵا کەریم مەحمود : س.پ، ل٢١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧.

کوردستان و بارودۆخی دابونەریتی کوردەواری بیگونجێنێت[1]، گەلاڵە بـوونی بیروبـاوەڕی چـەپ لـە بیری مامەڕەزا و گۆڕینی ڕوخساری بزووتنەوەی هەقە لە بزووتنەوەیەکی ئاینی و سۆفیگەرییەوە بـۆ بزووتنەوەییەکی چاکسازی کۆمەلاّیەتی و ئاینی و نیمچە سیاسـی، جێبـەجێکردنی لـە نێـو بۆتـەی کۆمەڵگەیەکی کوردی موسڵماندا بوو[2]، ئەم بەرنامەیەش کاردانەوەی زۆری بە دوایی خۆیدا هێنـاو بە لادەر و دەرچوو لە پرەنسیپەکانی ئاینی ئیسلام تۆمەتبار کرا، هەرچەندە مامەڕەزا نکۆڵی دەکرد لە ڕەتکردنەوە و جێبەجێ نەکردنی بنەما و بنچینەکانی ئاینی ئیسلام و خۆی و بزووتنەوەکـەی بـە ڕاسترین و باشترین موسلمان دەزانی، بەلاّم کەمتر خەمییان لە بەشێك لە بنەماکانی ئـاینی ئیسـلام هەلاّیەکی بە دوای خۆیدا هێنا، مامەڕەزا و بزووتنەوەکەیان بە کافربوون لە قەلەم دەدا.

لەو بارەیەوە عزەدین مستەفا رەسول باس لە چاوپێکەوتنێکی نێوان باوکی و مامەڕەزا دەکات لە ساڵی (١٩٤٥ یان ١٩٤٦) دەڵێت: " باوکم لە سەر سەکۆی مزگەوتی باشچاوەش لە شاری سلیمانی دانیشتبوو، لە ناکاو مامەڕەزا بە هاوەڵی یەکێ لە سۆفیەکانی هاتنە نێو مزگەوتەوکەوە، ڕوویکردە باوکم و وتی مەلا مستەفا تۆ نەوەی مەولانا خالید نەقشبەندی، بۆ تۆ نەدەشیا ئەو قسانە بە ئێمە بڵێی ؟

-باوکیشم لە وەلاّمدا وتی پێویستە ئێوە حوکمی ئیسلامتان بە سەردا جێبەجێ بکرێت.

-مامەڕەزاش وتی بۆ ئێمە موسڵمان نین؟!

-مەلامستەفا لە وەلاّمدا وتی موسڵمان چۆن نوێژ تەرك دەكات!

-مامەڕەزا وتی خوای گەورە دەفەرموێت(وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ)[3] حتی بلوغ غایەیە، ئێمە یەقینمان پەیدا کردووە بۆیە پێویست بە عیبادەت ناکات"[4](ئەوەی شایەنی باسە ئـەم گێڕانەوەیـە لە نێوان دوو کەسایەتی ئەگینا لە بەشی زۆری سەرچاوەکان یقین بە مانای مردن هـاتووە)، هاوکـات لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لە شاری سلێمانی بە شێك لە مامۆستایانی ئاینی داوای لە سـێدارەدانی مامەڕەزا و چەند هاوەڵێکی لە بزووتنـەوەی هەقـەیان کـرد، بـەلاّم بـە هـەوڵ و توانـای مـەعروف

[1] بەهجەت محەمەد-شاهۆ : س.پ، ل٥١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەعفەر(فازل کەریم)، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٢٥ .

[2] ستار حمدامین :هەقە لە نێوان تەریقەت و چاکسازیدا، بەرنامەی دۆکۆمێنتاری لە کەناڵی تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی هەولێر، لە بەرواری شەوی ٢٠٠٧/٩/١٥/١٤، کاتژمێر ٨:١٥-٩:٠٠شەو .

[3] سورة حجر : اية ٩٩.

[4] ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقەی کتێبەکەی مستەفا عەسکەری، پاشبەندی دووەم، ل٩٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

جیاوك[١] ، كە ساڵی (١٩٤٤) موتەسەریفی شاری سلێمانی بـوو، دژی ئـەو هەڵوێسـتەی مـەلاكان وەستایەوە و زۆریش لەو پێشنیارەیان تورە دەبێت[٢] .

سەرەڕای زۆری فشارەكان، مامەڕەزا بەردەوام دەبێت لە هەوڵدان بۆ بلاْوكردنەوەی پەیامەكـەی، بۆیە درێژەی دا بە ئەنجامدانی كۆبونەوە و نزیكبونەوەی زۆربـەی چـین و توێـژەكان و خزمـەتكردن و كێشكردنی سەرنجیان بەرەو بزووتنەوەكە دا، ئەمەش بەشێك بوو لەو پەیامەی كە مامەڕەزا كاری بۆ دەكرد، لە چوارچێوەی پراكتیزەكردنی یەكسانی و دادی كۆمەلاْیەتی[٣] .

كێشە و ململانێكانی نێوخۆیی بزووتنەوەی هەقە زەمینەی زیاتری بۆ نەیارانی بزووتنەوەكـە ڕەخساند، هێرش و پەلامارەكانیان بۆ سـەر بزووتنەوەكـە چـڕ بكەنـەوە[٤]، تەنانـەت كـار گەیشـتە دەستگیركردنی مامەڕەزا لە سـاڵی (١٩٤٤)دا لەلایـەن سـەعید قـەزازەوە[٥] كـە بـە سـەردانێكی چاوەڕوان نەكراو دێتە قەزای دوكان و بانگێشتی مامـەڕەزا دەكـات بـۆ دیـدارێكی دوو قـۆڵی، بـێ ئەوەی گوێ بە موتەسـەڕیفی سـلێمانی بـدات، بـەلاْم لەگـەڵ گەیشـتنی مامـەڕەزا دەسـت بـەجێ دەسـتگیری دەكـات و بـە ئۆتۆمبیلـە تایبەتییەكـەی خـۆی تـاكو شـاری عـەمارە ڕایناگرێـت[٦]،

---

[١] معروف جیاوك لە ساڵی (١٨٨٥) لە بەغداد لە دایك بووە، تاكو ئامادەی لە بەغدا خوێندووە و پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن چۆتە ئەستەمبوڵ، ڕێورەچەڵەكی خانەوادەكەیان بۆ نێوچەی باڵەكایەتی هەولێردەگەڕێتەوە، پاشان بۆ دەشتی بەڕانەتی نزیكتر لە شاری هەولێر كۆچیان كردووە، چیاوك لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا دەگیرێت و ڕەوانەی ولاْتی بۆرما دەكرێت، دوای گەڕانەوەی دەبێتە ئەندامی نوێنەرانی عێراق، لە ساڵی (١٩٤٤) بۆتە موتەسەریفی سلێمانی و لە ٢١ی كانونی دووەمی (١٩٥٨) كۆچی دوای كردووە (ئازاد عوبێد ساڵح : ڕۆڵی سیاسی و كارگێڕیی و ڕوناكبیری مەعروف جیاوك، نامەی دكتۆرا لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پێشكەش بە زانكۆی سەلاْحەدین-هەولێر كراوە، چاپ نەكراو، ٢٠٠٨، ل٨-١٠ ؛ میر بصری : اعلام الكرد، لندن، ١٩٩١، ص١٨٥-١٨٦ ).

[٢] عزەدین مستەفا رەسول : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، پاشبەندی دووەم، ل١١٤

[٣] تۆمابوا : م.س، ص٣٢.

[٤] محەمەد رەئوف تەەوەكلی : مێژووی سۆفیگەری لە كوردستاندا، ل٢٦١.

[٥] سەعید قەزاز لە ساڵی (١٩٠٤) لە بنەماڵەیكی ناسراوی شاری سلیمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی ئامادەی لە شاری سلێمانی تەواو كردووە، پاشان چۆتە شاری بەغداد ولەوێ درێژەی بە خوێندنی زانكۆیی داوە، دواتر بە كاروباری حكومەتەوە خەریك بووە و چەندین پلە و پۆستی جیاوازی بینیوە، لە ساڵی (١٩٣٢)دا بۆتە بەرێوبەری تحریراتی هەولێر و پاشان مدیر ناحیەی تكریت و قایمقامی هەلەبجە و زاخۆ و موتەسەریفی هەولێر و لە ساڵی (١٩٥٢) بۆتە وەزیری كاروباری كۆمەلاْیەتی و دواتر وەزیری ناوخۆ و لە ٢٠ی ایلولی ١٩٥٩ لە سێدارە درا( شاكر فتاح : ئاوێنەی ژینم، ل٢٣١-٢٣٢).

[٦] محەمەد عەلی سولتانی : بزاڤی حەقە لە كەركوك، ل١١٠ ؛ كەریم زەند : ئاین باوەڕ لە كوردستان، ل٨٦ ؛ ئیدمۆندس : كورد، تورك، عەرەب، ل٢٥٤.

موتەسەریفی سلێمانیش هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند، دەستگیر کردنی غافلگیرانەی مامە ڕەزا دەرفەتی بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی بۆ پێڕەوانی نەهێشتەوە و بارێکی ئالۆز و شێواندنێکی دەروونی زۆری بە سەر بزووتنەوەکەدا هێنا، تەنانەت بە نزیکبونەوەی لەڕۆژی دوایی و کۆتایی هاتنی ژیانیان دەزانی[1]، لەو هەلومەرجەدا تاکە پەیامی مامەڕەزا بۆ پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە ئەوە بوو کە هەموو هەوڵێکیان لە پێناو ڕزگار کردنی بخەنە گەڕ و ڕێگای ئاشتیخوازانە بگرنە بەر و نەگەڕێنەوە تا دڵنیا دەبن لە ئازاد کردنم[2]، ئەوەی مایەی سەرنجە لە کاتی پشکنینی ماڵی مامەڕەزا پەرتوکی بەهائیەکان دەدۆزنەوە[3]، بوونی کتێبی بەهائیەکان ئەو بۆچونەی لای خەڵکی دروست کرد کە مامەڕەزا کاریگەری بیروباوەڕی بەهائیەکانی لە سەر بووە و جۆرە پەیوەندییەك لەو نێوانەدا هەبووە، بە تایبەتی لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی بەهایەکان کە بریتی بوون لە ئاشتی خوازی و ئازادی بیروڕا و یەکسانی نێوان ژن و پیاو و پیادەکردنی دادپەروەری و هاوبەشی ئابوری ...هتد[4]، بەڵام ئێمە هاوڕاین لە گەڵ جەمال بابان و مستەفا عەسکەری کە لەو باوەڕەدان هیچ پەیوەندیەك لە نێوان بزووتنەوەی هەقە و بیروباوەڕی بەهائیەکاندا نیە[5]، ئەگەر دۆزینەوەی ئەم کتێبەش لە ماڵی مامەڕەزا ڕاست بێت دەکرێت مامەڕەزا بۆ زانیاری وەرگرتن خوێندبێتیەوە.

سەرەڕای تاوانبار کردنی مامەڕەزا و دروستکردنی چەندین پروپاگەندە بۆی، بەڵام لایەنگرانی لە پشتیوانی کردنی مامەڕەزا پاشگەز نەبونەوە و بانگەوازیان ئاراستەی تێکڕای پێڕەوانی

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان محەمەد گدرون ناسراو بە مامۆستا عوسمان، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١٢/٩ .
(مامۆستا عوسمان لە ساڵی (١٩٥٦) ز لە دایك بووە، سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگای مامۆستایانی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، بۆ ماوەیەك سەرۆکی شارەوانی پیرەمەگرون بووە، ئێستاش سەرقاڵی پیشەی مامۆستاییە و لە ناحیەی پیرەمەگرون نیشتەجێیە).

[2] ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ ،ل ٩١-٩٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مام عارف، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٤ .
(ناوی تەواوی عارف حەسەن ئەحمەدە، لە ساڵی (١٩٣٤) لە گوندی حاجی جەردیسی ناوچەی شوان لە دایك بووە، لە ساڵی (١٩٥٢) بۆتە سەرباز لە سوپای عێراقیدا، زۆربەی ژیانی بە جوتیاری و هەژاری لە گوندی حاجی جەردیس بە سەر بردووە، ئێستاش لە گوندی سمایل بەگی نیشتەجییە).

[3] جواد فقي علي الجوم حيدري : محمد بن عبدالله جلي، ص٦٤.

[4] عبدالرزاق الحسني : البابيون والبهائيون في حاضرهم وماضيهم، دار العربية للموسوعات بغداد، د.س، ص١٢٠ ؛ محمد ابو زهرة : تاريخ المذاهب الاسلامية في سياسة و العقائد و تاريخ الذاهب الفقهية، دار الفكر العربية، قاهرة، د.س،ص٢١٥-٢١٧ ؛ کەریم زەند : ڕەو، ل١٦٤؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدی مەلا کەریم، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٩ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەقیب یوسف، شاری سلێمانی ٢٠١٠/١٢/٩ .

[5] چاوپێکەوتن لە گەڵ جەمال بابان، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٩ ؛ چاوپێکەوتن لە گەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧.

بزووتنەوەی هەقە کرد، لایەنگران و پێڕوانی بزووتنەوەکەش بە دەنگ بانگەوازەکەوە چوون و دەستیان بە فرۆشتنی ماڵ و سەروەت و سامانیان بە شێوەیەکی هەرزان فرۆش لە بازاڕ و شەقامەکان کرد و ڕێگای نێوان سلێمانی و دوکان بازاڕێکی گەرمی کەلوپەلی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بوو[1]، پاش ساغکردنەوەی سەروەت و سامانیان و کردنی بە پارە، بەسێ قۆناغ کۆڕەوی گشتییان بۆ شاری کەرکوك بە مەبەستی دروست کردنی فشار بۆ سەر حکومەتی عێراقی و دەسەلاّتی بەریتانیەکان لە عێراق دەست پێکرد:

**قۆناغی یەکەم** : دوای بلاّوبونەوەی هەواڵی دەستگیر کردنی مامەڕەزا، هەوادارانی بڕیاری کۆبونەوە و بە دەنگەوەچوونی مامەڕەزایان دا بە مەبەستی هەوڵدان بۆ ئازاد کردنی، قۆناغی یەکەم سەرجەم پێڕەوانی هەقە لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە و بەرەو ناوچەی قەلاّسێوکە لە نزیك ئاغجەلەر بەڕێکەوتن، پاش گەیشتن و کۆبوونەوەی تێکرای پێڕەوانی بزووتنەوەکە لە گەورە و بچوك و ژن و پیاو بەرەو نێوچەی شوانی نزیك شاری کەرکوك بەڕێ کەوتن، جێگەی باسە هەمان شێوەی کۆڕەوی (١٩٣٤) بەشێکی پیاوان جلی ئاساییان فرێدا و گونیەیان لە بەر کرد و دارێکی بچوکیان بە دەستەوە گرت[2].

**قۆناغی دووەم** : پاش کۆبونەوەی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە لە نێوچەی قەلاّسێوکە، قۆناغی دووەمی کۆڕەوەکە بەرەو گوندی حاجی بێخانی ناوچەی شوان دەستی پێکرد، سەرجەم ئەو خێزانانەی لە قەلاّسێوکەی ناوچەی ئاغجەلەر کۆبووبونەوە لەگەڵ پێڕەوانی تریان کە نیشتەجێی ناوچەی شوان و شێخ بزێنی و خاڵخالاّن و دەشتی کۆیە بوون لە ناوچەی شوان یەکیان گرتەوە[3]، ئەم کۆبوونەوە فراوانەی پێڕەوانی بزووتنەوەکە حکومەتی عیراقی و دەسەلاّتی بەریتانی هەراسان کرد و چەندین نوێنەریان نارد بۆ بلاّوەپێکردنیان، بەلاّم بێسود بوو، بۆیە حکومەتی عێراقی کەوتە هەڕەشە و چاوسورکردنەوە، تەقەکردن بە سەرخەڵکی خۆپیشاندەردا و گرتنی ژمارەیەکی تر لە خۆپیشاندەران، هەڵبەتە هەموو هەڕەشەکانی حکومەتی عێراقی نەیتوانی پێش بە پێشڕەوییەکانی پێڕەوانی بزووتنەوەکە بگرێت[4].

---

(١) جەمال بابان : یاداشتنامە، ل١٨١.

(٢) محەمەد عەلی سولتانی : بزاڤی حەقە لە کەرکوك، ل١١٠-١١١ ؛ مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٩٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوکان،٢٠١١/٤/٢٠ .

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولاّی لالە مەولودی ئۆمەرگومەت، ناحیەی تەق تەق٢٠١٠/١١/٢٠.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف حەسەن ئەحمەد، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٢٤.

**قۆناغی سێیەم** : لەم قۆناغەوە دا پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بەرەو شاری کەرکوك بەڕێ کەوتن، لە کاتی ڕۆیشتن بەرەو شاری کەرکوك پۆلیس و پیاوانی حکومەتی عێراقی بەردەوام لەگەڵ خۆپیشاندەراندا لە گفتوگۆ و هەڕەشە و چاوسورکردنەوە و تەقەکردن بە سەر خۆپیشاندەراندا بوون، تێکڕای ڕێگەکانیان بە مەبەستی ڕاوەستاندنی خەڵکەکە و پاشەکشەپێکردنیان بە کار دەهێنا، تا گەیشتنە گوندی یاروەلی نزیك شاری کەرکوك[1]، ئەم ناوچەیە بارەگایەکی سەربازی گەورەی حکومەتی عێراقی لێبوو، تێکڕای خۆپیشاندەرانیان لە نێو ئەو سەربازگەیەدا کۆکردەوە و چوار دەوریان بە سەرباز گەمارۆدا، گەیشتنی ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەران بە یاروەلی و نزیك بوونەویان لە شاری کەرکوك، نیگەرانییەکانی زیاد کرد[2]، سەبارەت بە شێوازی بەڕێکەوتنی خۆپیشاندەران و قۆناغەکانی ڕۆیشتنیان شاعیرێکی میللی بە ناوی مامە حەمەی سەرگەڵوو بە پارچە شعرێك گوزارشت لە کۆڕەوی بزووتنەوەی هەقە دەکات[3].

سەرەڕای نیگەرانی حکومەت، لیژنەی سەرپەرشتیاری خۆپیشاندەران ڕایان گەیاند، کە هیچ نیازێکی خراپیان نیە و تاکە ئامانج و مەبەستیان ئازاد کردنی مامەڕەزا و هاوەڵانیەتی، ڕاشیان گەیاند ناگەڕێنەوە تا دواکەسیان لە ژیاندا بن، تا ئامانجەکەیان بەدەست دەهێنن[4]. جێگەی باسە گەیشتنی هەزاران کەس لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بەمەبەستی ئازاد کردنی ڕابەرەکەیان بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە و دوور لە توندو تیژی و بەکارهێنانی چەك و خوێن ڕشتن، کارێکی بێوێنە

---

(1) یاروەلی گوندیکی نزیکە لە شاری کەرکوکەوە، دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژهەلاتی شارەکەوە بە دووری شەش (کم) دوورە لە شارەکەوە (عەبدوڵلا غفور : گوندەکانی کوردستان، ل٣٢٣).

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧.

(3) سەبارەت بە شێوازی بەڕێکەوتنە پێڕەوان بەم شێوەیە باسی لێوە دەکەن :

ئەوەل قۆناغمان گۆپتەپە دێیە.

ئەچینە سەر کەرکوك لاینی لێیە

هەرچی تەبەعەی مامە ڕەزای

ئەچینە سەر کەرکوك لاینی لێیە

دووەم قۆناغمان حاجی بێخانە

ئەویش سەرکردەی هەموو نێو شوانە (حەسەن عەوالانی : س.پ، ل١٣).

(4) مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٩١ ؛ محەمەد عەلی سوڵتانی : بزاڤی حقە لە کەرکوك،ل١١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرمگرون، ٢٠١٠/١١/٧ .

بووه و له سۆنگەی دڵسۆزیەوە بەرز دەنرخێندرێت[1]، ئەمە سەرەتای خەباتی ئاشتیانەی بزووتنەوەیەکی ئاینی و چاکسازی بوو لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، پێشتر و دواتریش زیاتر پەنایان بۆ بە کارهێنانی توندو تیژی لە بەدیهێنانی خواستەکانیان دەبرد.

ئەم خۆپیشاندانەش لە لایەن لیژنەیەك لە کەسایەتیە دیار و ناسراوەکانی بزووتنەوەی هەقەوە سەرپەرشتی دەکرا و چاودێری بارودۆخەکەیان دەکرد و هەوڵ و هیمەتی خۆیان بۆ پاراستن وپارێزگاری لە خۆپیشاندەران و هاوکاری کردنی پەککەوتوان و نەخۆش و منداڵەکان دەکرد، لە هەمان کاتدا لیژنەی پەیوەندی کردن لە نێوان بزووتنەوەی هەقە و حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی بەریتانیەکاندا دروست کرا، نوێنەرانی حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی بەریتانیەکان هەموو هەوڵ و توانایەکیان بۆ پاشەکشە پێکردن و گەڕانەوە و وازهێنان لە خۆپیشاندان خستە گەڕ و بەڵێنی دامەزراندن و ئیمتیازاتی زۆریان خستە بەر دەست سەرپەرشتیارانی خۆپیشاندەران، بەڵام بێسود بوو[2].

دووبارە کەوتنەوە هەڕەشەکردن و تەقەکردن بە سەر خۆپیشاندرانی بزووتنەوەکەدا و دەستگیرکردنی ژمارەیەکی تری خۆپیشاندەران بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و پاشگەز بوونەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکانی دەسەڵاتی بەریتانیەکان و حکومەتی عێراق بێ هودە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لە هەوڵدان و ڕاگرتن و مانەوەی خۆپیشاندەران لە دەرەوەی شاردا بوون، چونکە بەرەو وەرزی پایز دەچوون و سەرما و سۆڵە زیادی دەکرد و بۆ خۆپیشاندەرانیش ئەرکەکەیان قورستر دەبوو، بۆیە ناچار دەبن پاشە کشە بکەن[3].

هەروەها ڕۆیشتنیان بۆ ناو شاری کەرکوك کیشەی لێدەکەوێتەوە و بارودۆخی نێو شارەکە ئاڵۆز دەکات، کاتێك سەرپەرشتیارانی بزووتنەوەی هەقە تێگەیشتن دەسەڵاتی بەریتانیەکان و حکومەتی عێراقی تەنها دەیانەوێت کات بە فیڕۆ بدەن و نایانەوێت مەرجەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکەن، بڕیاریاندا بەرەو قەڵای شاری کەرکوك بەڕێ بکەون[4]. کاتێك پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە گەیشتنە نێو شار و بە شەقامە سەرەکیەکانیاندا بڵاوبوونەوە، بەشێك لە خەڵکی دڵسۆزی شارەکە هاوکاری و پشتیوانیان بۆ خۆپیشاندەران ڕاگەیاند و یارمەتی زۆریان بە نەخۆش و پەککەوتە و منداڵەکان پێشکەش کرد بە تایبەتی چینی ڕۆشنبیران و شاعیران و نوسەران و مافپەروەران و ...هتد[5].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵای لالە مەولود ئۆمەرگومەت، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٠/١١/٢٠.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی ٢٠١١/١١/٧ .

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١١/١١/١٤.

[4] جمال باجلان : م.س، ص٤٠٣.

[5] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٩١ .

گەیشتنی شەپۆل و لێشاوی خۆپیشاندەرانی پێڕوانی بزووتنەوەی هەقە بۆ پشت مالّی (سەید حوسێنی خانەقا)[1] و (کاپتن لاین)[2]، نیگەرانی حکومەتی عێراقی و دەسەلاّتی بەریتانیەکانی زیاتر کرد، فشاری خۆپیشاندەران لە پێناو جێبەجێکردنی مەرجەکانیانیش زیاتر بوون و ناچاریان کردن بە دەنگ داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانەوە بێن، لیژنەی سەرپەرستیاری خۆپیشاندەرانیش ڕاپۆرتێکیان پێشکەشی دەسەلاّت کرد، دوای گفتوگۆ و چەندین دانیشتن لە سەر ئەم خالاّنەی خوارەوە ڕێك کەوتن:

١-ئازادکردنی مامەڕەزا و سەرجەم ئەوانەی پێشوتر لە ناوچەی شوان و یارەولی دەستگیر کرا بوون.

٢-حکومەتی عێراقی قەرەبووی ئەو زەرەر و زیانانە بکاتەوە، کە لە ئەنجامی ئەو کۆڕەوە فراوانەدا توشی هاتبوون.

٣-دروستکردنی ژمارەیەك خانوو لە ناوچەی ئاغجەلەر بۆ پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە و دابین کردنی نەخۆشخانە و خوێندنگا و زەوی کشتوکالّی و پرۆژەکانی تری خزمەتگوزاری، لە ڕێگا و باخچە و گۆڕەپان...هتد.

٤-خۆپیشاندەران بگەڕێنەوە ناوچەی شوان و بوار بۆ حکومەت بڕەخسێنن، تاکو داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات[3] .

پاش سەرکەوتنی گفتوگۆکان لە نێوان بزووتنەوەی هەقە و دەسەلاّتی بەریتانی و حکومەتی

---

[1] سەید حوسێنی خانەقا کوڕی سەید ئەحمەدی خانەقا و نەوەی شێخ عبدولقادری کوڕی سەید ئەحمەدی سەرداره و لە (١٩١٣) لە شاری کەرکوك لە دایك بووە و کەسایەتییەکی ناسراو ناوداری شارەکە بووە و چەندان پۆستی حکومی پێدراوە و چەند خولێکیش ئەندام پارلەمانی عێراقی بووە و ڕۆلّی دیاریان لە چارەسەر کردنی کێشەکانی شاری کەرکوکدا هەبووە و لە سالّی (١٩٨٤) کۆچی دوای کردووە(ڕێبوار حەمە تۆفیق: س.پ، پەراوێزی دووەم، ل٦٩ ؛ محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی : س.پ، ل١٧.

[2] کاپتن لاین : والاس لاین لە سالّی (١٨٩٢) لە بنەمالّەیەکی ئاینی سکۆتلاییەی سەر بە ئیرلندا لە دایك بووە، سەرەتایی خوێندی لە کلێسایی مەسیحی بووە و پاشان پەیوەندی بە زانکۆی نیشتمانیەوە کردووە، بەلاّم تەواوی نەکردووە و لە سالّی (١٩١٢) چۆتە هندستان بۆتە بەرپرسی لقی کۆمپانیای توتنی بەریتانی ئەمریکی و لە سالّی (١٩١٩) پاشان هاتۆتە عیراق و تاکو (١٩٤٤) لە عێراق ماوەتەوە و چەند سالێك لە کەرکوك حاکمی مەدەنی بەریتانیەکان بووە، لە سالّی (١٩٧٧) کۆچی دوای کردووە( کاپتن لاین:کورد عەرەب و بەریتانیەکان، و:یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٤).

[3] محەمەد عەلی سولّتانی : بزاڤی حەقە لە کەرکوك، ل١١٢-١١٣ ؛ جمال باجلان : م.س، ص٤٠٣ ؛ مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٩٤ ؛ چاوپێکەوتن لە گەلّ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، لە خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

عێراقیدا، (مامە سەلام)[1] پەیامی ڕێکەوتنەکەی گەیاندە مامەڕەزا لە شاری عەمارە تا بیروڕای خۆی لە سەر ڕێکەوتنەکە بدات، مامەڕەزا ڕەزامەندی نیشاندا بەو مەرجەی حکومەتی عێراقی و دەسەلاٚتی بەریتانیەکان ڕاستگۆ بن لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانیان و پێشنیاریشی کرد پێڕەوانی نەگەڕێنەوە تا حکومەتی عێراقی و دەسەلاٚتی بەریتانیەکان تێکڕای خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە جێبەجێ دەکەن، بەلاٚم دواکەوتنی مامە سەلام بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و دواکەوتنی گەیاندنی پەیامی مامەڕەزا بۆ لایەنگرانی، کێشەی لە نێوان خۆپیشاندەراندا دروست کرد و بەشێك لە خۆپیشاندەران پاشەکشەیان بۆ ناوچەی شوان کرد، ئەمەش درزێکی گەورەی لە ریزەکانی خۆپیشاندەراندا دروست کرد و بووە هۆی پاشگەز بوونەوەی حکومەتی عێراقی و دەسەلاٚتی بەریتانیەکان لەزۆرینەی خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە، تەنها گیراوەکان ئازاد کران و مامەڕەزاش بۆ شارۆچکەی هەڵەبجە دوور خرایەوە[2] .

جێگەی باسە ئەم مانگرتن و خۆپیشاندانەی بزووتنەوەی هەقە سێ مانگی خایاند، بیست و سێ ڕۆژ لە یارەولی و ماوەکەی تریش لە کەرکوك مانەوە[3]. ئەو بارودۆخەی حکومەتی عێراقی و دەسەلاٚتی بەریتانیەکان بە سەر بزووتنەوەکەیاندا هێنا و لە هەمان کاتدا ڕێگریکردنیش لە مامەڕەزا کە بگەڕێتەوە نێو پێڕەوانی، کاریگەری نێگەتیڤی لە چالاکییەکانی بزووتنەوەکە کردوو لاوازی زۆری لێکەوتەوە[4].

مامەڕەزا لە شاری هەڵەبجە درێژەی بە ژیانی دوورخراوەیی خۆی دا، وەکو کەسێکی کۆمەلاٚیەتی گرینگ ڕێزی لێ دەگیرا، لەو ماوەیەدا سەردانی شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لە بیارە و عەبابەیلی دەکرد[5]، جەمال بابان سەبارەت بە شێوازی ژیانی مامە ڕەزا لە هەڵەبجە دەڵێت: " چەند جارێك سەردانی هەڵەبجەم کرد و لەوێ مامە ڕەزام ناسی، کەسێکی قسە خۆش و بالاٚ بەرزی

---

[1] مامە سەلام کوڕی مستەفا ڕزایە ولە (١٩٠٧) لە دایك بووە، ئەندامی لیژنەی گفتوگۆ نێوان دەسەلاتی بەریتانی و حکەمەتی عێراقی و بزووتنەوەی هەقە بووە و سەرپەرشتی لیژنەکەی دەکرد و کەسایەتییەکی دیار و ناسراوی بزووتنەوەی هەقە بووە و برای مامەڕەزایە و لە ساڵی (١٩٧٢) کۆچی دوای کردووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرەیدون مامە سەلاٚم، شارۆچکەی چەمچەماڵ ٢٠١١/٨/١ ؛ عەبدولاٚی لالە مەولودی ئۆمەرگومەت، چاوپێکەوتن، لە بەرواری، ناحیەی تەق تەق،٢٠١٠/١١/٢٠).

[2] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٩٥ ؛ محەمەد عەلی سوڵتانی : بزافی حەقە لە کەرکوك، ل١١٣ ؛ محەمەد رەئوف تەوەکلی : مێژووی سۆفیگەری لە کوردستان، ل٢٦١.

[3] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٩٢ ؛ ئیدمۆندس : کورد، تورك، عەرەب، ل٥٥٤.

[4] جمال باجلان : م.س، ص٢٢-٢٣.

[5] ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل٩٣-٩٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

ڕێك و پێك و خاوێن بوو، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ مامدا کە بەڕێوبەری ناحیەی هەڵەبجە بوو، بەڕێ دەکرد، لەو ماوەیەدا مامەڕەزا سەرقاڵی هیچ کاروبارێکی تایبەتی نەبووە" [1] پاش پێنج ساڵ مانەوەی بە دوور خراوەیی و لە ژێر چاودێری حکومەتدا لە ساڵی (١٩٤٩) گەڕایەوە نێو دۆست و لایەنگران و پێڕوانی بزووتنەوەی هەقە و سەردانێکی فراوانی بۆ نێوچە جیاوازەکانی بزووتنەوەکەی ئەنجام دا، بەڵام لە ٣٠ی حوزەیران ١٩٥٣ بە شێوەیەکی کتوپڕ و لە ناکاو لە کاتی نوێژی بەیانی جەڵدەی دەماغ لێیدا و توشی ئیفلیجی کرد، بە ئازار و نەخۆشیەوە مایەوە تا لە ١٩٦١/٢/٢٥ کۆچی دوایی کرد، لە خانەقای شەدەڵە لە تەنیشت گۆڕەکەی شێخ عەبدولکەریم بە خاکیان سپارد[2].

٥-حەمەسوریەکان: لە ڕاستیدا هۆکاری جیابوونەوەی حەمەسور لە سەر بناغەی ئەو باوەڕەی خۆیی شایستە و شیاوی شوێنگرتنەوەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بووە و چەندین جار ئاماژەی کردووە بەوەی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە غەدریان لێکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرینگی پێدانەی کە شێخ عەبدولکەریم وەکو منداڵێکی بێ دایك و باوك بە حەمەسوری داوە[3]. بەڵام کاتێك هەوڵی جێگرەوەی دا زۆرینەی پێڕەوانی بزووتنەوەکە دژی وەستانەوە و نەیانهێشت بە ئاوات و ئامانجەکانی بگات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشینەیەی حەمەسور هەیبوو، بەشێکی زۆری بنەچە و ڕەچەڵەکی ژیانی لێڵی تیایە و لێکۆڵەران و نوسەرانیش لە سەر بۆچونێکی تایبەتی کۆك نین و بۆچونی جیاوازیان هەیە، لە گرینگترین ئەو بۆچونانە:

١-حەمەسور خەڵکی گوندی شەشۆی ناوچەی ئالانە و ماوەتە و لە خێزانێکی هەژار و نەناسراو دوور لە بنەچە و ڕەچەڵەکی شێخایەتی لە دایك بووە[4]. لە بەر ئەم هۆکارە زۆربەی جار ئاماژەی بەوە دەکرد، مەرج نییە سەرکردە و ڕابەر و شێخایەتی لە بنەماڵەی شێخەکان بێت.

---

[1] چاوپێکەوتن، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٩.

[2] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٩٧ ؛ کەریم زەند : ئاینستان، ل٢٠٢ .

[3] ڕەشید محەمەد عەلی : مەسەلەیکی مەزن و هەوڵێکی کەم، گۆڤاری (کاروان)، ژمار(١٥)، ساڵی دووەم، هەولێر، ١٩٨٣، ل٦٩ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا حەسەن (حەسەن کەریم)، تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەی دوکۆمینتاری هەقە لە نێوان تەریقەت و چاکسازیدا، ، شەوی ٢٠٠٨/٨/٩/٧، کاتژمێر ٩:٠٠-١٠:٠٠ی شەو.

[4] محەمەد عەلی سولتانی، ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٥٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عزەدین مستەفا ڕەسول ، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

٢-بۆچوونێکی تر هەیە حەمەسوریان بە ڕوسی زانیوە، ئەمەش وەکو تۆمەتێك لە کاتی دروست بوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە گوندی کلاۆقوت درایە پاڵی، بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی حکومەتی عێراقی و دەسەلاتی بەریتانیەکان بۆ تۆمەتبارکردنی حەمەسوری کلاوقوت[١]، ئەمەش لەو گۆشەنیگایەوە دێت حەمەسور چاوی شینە و ڕەنگی پێستی سور و سپیە[٢]، ئەم بۆچونەش پێ دەچێت تەنها بیانوو بێت و دوور بێت لە ڕاستیەوە .

٣-بۆچونێکی تر حەمەسوریان بە ئینگلیز زانیوە[٣]، چونکە حەمەسور توانیویەتی بە زمانی ئینگلیزی قسە بکات و پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیەکاندا هەبووە( بە تایبەت کۆمپانیای نەوتی کەرکوك، باس لەوە دەکرێت چەند جارێك دانیشتنی لە گەڵ ئەنجام داون) و دیداری لەگەڵ سازداون و کۆبونەوەی لەگەڵدا کردوون و زۆربەی کات شەبقەیەکی شێوەی بەریتانیەکانی لە سەر دەکرد[٤]، ئەمەش دوورە لە ڕاستیەوە، چونکە سەرەتای منداڵی و شێوازی گەشەکردنی دیارە و کەس و کارەکانیشی ناسراون.

٤-حەمەسوری کلاوقوت خەڵکی گوندی شەشۆیە لە ناوچەی ماوەتی شارباژێری سەر بە پارێزگای سلێمانی، پاش ئەوەی باوکی لە سەر دار مازۆ دەکەوێتە خوارەوە و کۆچی دوایی دەکات، ئەو کاتە حەمەسور منداڵ بووە دایکیشی دەمرێت[٥]، پاشان مامی ئەرکی بەخێوکردنی دەگرێتە ئەستۆ، دواتر دەچێتە ماڵی خاڵی لە گوندی سەرگەڵوو، شێخ عەبدولکەریم داوای لە خاڵی کردووە، کە حەمەسوری کلاوقوتی بداتێ لە خانەقا پەروەردەی دەکات، سەرەتا خاڵی ڕازی نابێت، بەڵام دواتر ڕازی دەبێت بەوەی حەمەسور بچێتە گوندی شەدەڵە[٦].

دواتر حەمەسوری کلاوقوت لە خانەقای شەدەڵە بە کاری شوانی و گاوانیەوە خەریك بووە[٧]. دوای گەیشتنی بە تەمەنی گەنجێتی و گەورە بوونی لە نێو خانەقا و مریدان و بەشداری

---

(١) رفیق مجید : م.س، ص١٦٦.

(٢) ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل١٠٠.

(٣) رفیق مجید : م.س، ص١٦٦.

(٤) جمال باجلان : م.س، ص٢٥ .

(٥) ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ،ل٧١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەڵکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ .

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا حەسەن (حەسەن کەریم) ، تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، بەرنامەی دوکۆمینتاری هەقە لە نێوان تەریقەت و چاکسازیدا، ، شەوی ٢٠٠٨/٩/٨/٧، کاتی بەرنامە ٩:٠٠-١٠:٠٠ی شەو.

(٧) ه.س.پ.

کردنی لە زۆرینەی کۆڕوکۆبونەوەکان، وەکو کەسایەتیەکی سەرنج ڕاکێش و قسەزان دەرکەوت[1]، توانی خۆی پەروەردەکات و شارەزای بواری شەریعەت پەیدا بکات، وەکو کەسێکی وتاربێژ و بیرکردنەوەیەکی زرینگ و شارەزا لە بواری مێژووی میللەتان دەرکەوت[2].

لە دیارترین سیفاتەکانی حەمەسوری کلاۆقوت کەسایەتیەکی بالاّ مامناوەندی چاوشینی پاکو خاوێن بوو زۆربەی کاتەکانی چۆغەیەکی جوانی لەبەردەکرد و مێزەرێکی دەبەستەوە و تێکڕایی ناومالّەکەشی بە فەرشی نایاب ڕازاندبووەوە و لە کاتی ئیشکردنیشدا زۆربەی کات جزمەیەکی درێژی لە ترسی پێوەدانی مار لە پێدەکرد، دیوەخانێکی گەورەی بۆ خزمەتی میوان و ڕێبوارەکان دروست کرد بوو، بێ جیاوازی خزمەتی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی دەکرد کە ڕێیان بە گوندی کلاۆقوت دەکەوت[3]، حەمەسور چوار ژنی هێناوە، ژنەکانی لە جوانترین ژنەکانی ناوچەکە بوون.[4] ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ حەمەسور وەك مامەڕەزا باوەڕی بە پارێزگاری کردن لە مافی ژنان نەبووە.

گروپەکەی حەمەسور نزیکەی (٢٠٠) خێزانێك دەبوون، پاش سەرهەلّدانی کێشەی جێگرەوەی ڕابەری بزووتنەوەی هەقە شێخ عەبدولکەریم و ڕازی نەبوونی زۆرینەی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بە شێخایەتی و بەخشینی متمانە بە حەمەسوری کلاۆقوت ، هەرچەندە بۆ ماوەی هەفتەیەك جبە و عەبای شێخ عەبدولکەریمی شەدەلّەی لەبەر کردووە و لە خانەقای شەدەلّە دانیشت، بەلاّم گروپەکانی تر ڕەتیان کردەوە[5]، بۆیە حەمەسور نەیتوانی درێژە بەمانەوە لە گوندی شەدەلّە بدات، ناچار بوو بەرەو شاری کەرکوك بەڕێ بکەوێت، بە مەبەستی مانەوەی لە خانەقای سەید

---

[1] دلّزار : دەمەتەقێیەك لەگەلّ حەمەسوری ڕابەری حەقەکاندا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری کوردستان)، ژمارە (٧) چاپخانەی ئۆفیسی هەولێر، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٨ .

[2] بەهجەت محەمەد(شاهۆ) : کورتە باسێك دەربارەی حەمەسوری کلاوقوت، گۆڤاری (بانەڕۆژ)، ژمارە(٢٩)، ٢٠٠٦، ل٥١.

[3] ڕەشید محەمەد عەلی : س.پ، ل٧٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەلّ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی هەشتەم.

[4] ژنی یەکەمیان ناوی حەمدیە ئەحمەدە و خەلّکی قەزای چەمچەمالّە، لەم ژنەیان کچ و کوڕێکی بە ناوی فاتمە و و عەبدولاّ هەبووە، بەلاّم عەبدولاّ پێش ژنهێنانی بە ڕوداوی ئۆتۆمبیل کۆچی دوای کردووە، فاتمەش لە سالّی (١٩٥٩) شوی کردووە، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە، ژنی دووەمی ناوی بەهێیە، زۆر لای حەمەسور نەماوەتەوە و تەلاّقی داوە، ژنی سێیەمی ناوی خەدیجە عەبدوڕەحمانە خەلّکی گوندی سەرمۆردە، ژنی چوارەمی ناوی تەلحەی سید حەمیدە و خەلّکی گوندی دەلّۆیە( ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل ١٠٥).

[5] شاکر فتاح : ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٦ ؛ چاوپێکەوتن لەگەلّ ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد، شاری کەرکوك، ٢٠١١/٢/٢٥.

ئەحمەدی خانەقا، بەلاّم سەید ئەحمەد و نەوەکانی ئامادەی پێشوازی کردن و شوێنکردنەوە و پشتیوانی کردنی نەبوون، بە ناچاری بەرەو ناوچەی شوان بەرێکەوت و لە گوندی کلاّوقوت لە لایەن چەند کەسایەتییەکی هەقەوە پشتیوانی لیّ کرا و شوێنی نیشتەجێ بوونی بۆ دەست نیشان کرا[1].
محەمەد عەلی سولّتانی پێی وایە پێش کۆچی دوای شێخ عەبدولکەریم حەمەسور چۆتە کلاوقوت، بەلاّم بە مەبەستی شوێنگرتنەوەی شێخ عەبدولکەریم گەڕاوەتەوە بۆ شەدەلّە[2].

پێمان وایە ئەم بۆچونە دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە سەرچاوەی تر و تەنانەت کەسە نزیکەکانیشی ئاماژە بە هاتنی بۆ کلاّوقوت بۆ دوایی کۆچ کردنی شێخ عەبدولکەریمی شەدەلّەی دەگێڕنەوە[3]، هەرچەندە گروپی حەمەسوریەکان جگە لە گوندی کلاّوقوت لە گوندەکانی قەرانگوێ و جوبلاغ[4] و سەرمۆر[5] و ئۆمەگومەتیش[6] هەبوون[7].

پێوەندی تۆکمەیان بە حەمەسورەوە هەبووە و پابەندی ڕێنمایی و فەرمان و ئامۆژگارییەکانی حەمەسور بوون، گوزەران و پێشکەوتنی ژیانییان بە حەمەسورەوە بەستا بووەوە بە تایبەتی ئەو گروپەی لەگەڵ خودی حەمەسور لە گوندی کلاّوقوت ژیانیان لە نێو یەك خێزاندا بە سەر دەبرد، نانخواردن و کارکردن و مانەوەیان پێکەوە بووە، تەنها لە کاتی خەوتن دا هەر خێزانێك لە

[1] نوری عەبدولاّ ئاغجەلەری : س.پ، ل١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، لە خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف حەسەن ئەحمەد، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٤.
[2] ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٥٤ .
[3] چاوپێکەوتن لە گەڵ حەسەنی جەبلاخ لە تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، بەرنامەی دۆکۆمێنتاری هەقە لە نێوان تەریقەت و چاکسازیدا ، شەوی ٢٠٠٨/٩/٨/٧، کاتژمێر ٩:-١٠:٠٠ی شەو ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا حەسەن، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨. (حەسەن کەریم، ناسراوە بە مەلا حەسەن لە ساڵی (١٩٣١) لە گوندی جولیجە سەر بە ناحیەی سورداش لە دایك بووە لە ساڵی (١٩٥٩) ژنی هێناوە و تاکەکچەکەی حەمەسوری خواستووە و ئێستاش لە ژیاندایە و لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە .
[4] قەرانگێ و جوبلاخ دوو گوندن لە ناوچەی سورداش، سەر بە پارێزگای سلێمانی(عەبدوڵلاّ غفور: گوندەکانی کوردستان، ل٢٠٧-٢٠٨ ؛ شاکر فتاح : ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٦).
[5] سەرمۆر گوندیکە لە ناوچەی سورداش سەر بە پارێزگای سلێمانیە. (عەبدوڵلاّ غفور: س.پ، ل٢٠٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف حەسەن ئەحمەد، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٤).
[6] ئۆمەگومەت گوندێکە دەکەوێتە باشوری شارۆچکەی تەق تەق لە دووری (١٠)کم و لە ڕووی ئیداریەوە سەر بە قەزای کۆیەیە. (عەبدوڵلاّ غفور: س.پ، ل٢٧١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولاّی لالە مەولودی ئۆمەگومەت، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٠/١١/٢٠).
[7] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ .

ژووری تایبەتی خۆی دەخەوتن[1]، شەوانە تێکـڕای ئەنـدامان و پێڕەوانـی حەمەسـور لـە کلاۆقـوت کۆدەبوونەوە و گوێیان لە پەندو ئامۆژگارییەکانی دەگـرت و چـەندین چـیرۆك و شـیعری شـاعیران و قسەی زانایان و ڕوداوە گرینگەکانی ڕابردوو و ئایەت و فەرمودەکانی پێغەمبەری بـۆ دەگێڕانـەوە، پاشان کاروبارەکانی ڕۆژی داهاتوی بە سەر پێڕەوانیدا دابەش دەکرد و خۆشی بەشداری لە کارکردنـدا دەکرد[2] .

سەرەڕایی ئەوەی بیروباوەڕی چەپی هەبووە، بەلاّم بەشێوەیەکی گشـتی نـەیتوانیوە بیـدرکێنی، تەنانـەت لـە سـەردەمی شـێخ عەبدولکـەریم دا حەمەسـور دانـی بـەوەدا نـاوە، کـە سـەردەمی ئەحکامەکانی شەرع تێپەڕیوە، ئەم بیرکردنەوەیەی حەمەسور شێخ عەبدولکەریم نیگـەران دەکـات و بڕیار دەدات دارکاری بکرێت، بەلاّم حەمەسور لە بۆچونەکەی پاشگەز نابێتەوە[3]، هەروەها لە کاتی کاتی کۆڕبەستن و زیکر حاڵهاتندا حەمەسور و بەشێك لـە سـۆفی و مریـدەکان خێزانـەکانیان تـەلاّق دابوو، شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لە کاتی چارەسەری ئـەم مەسـەلەیەدا دەڵێـت تێکـڕای سـۆفی و مریدەکان تەلاّقیان نەکەوتووە جگە لە حەمەسور، چونکە ئەو ئاگای لە خـۆی بـووە، بـەلاّم سـۆفی و مریدەکانی تر ئاگـاداری ئـەو کـردار و گوفتارانـە نـین کـە کردویانـە، سـەرەڕای بڕیارەکـەی شـێخ عەبدولکەریم، بەلاّم حەمەسور ژنەکەی تـەلاّق نـەدا[4]، ئەمـەش سـەلمێنەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە حەمەسور باوەڕی تەواوی بە بنەماکانی ئاینی ئیسلام نەبووە و هەڵسوکەوتەکانی جێگەی نیگـەرانی و بێزار کردنی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بوون، چەندین جار لێـی داوە و پێـی وتـووە لـە دونیـا و قیامەتیشدا تۆ هاوڕێ و هاوپۆلی ئێمە نیت[5] .

بیرکردنـەوە و تێـڕوانینی حەمەسـور دوای کۆچـی دوای شـێخ عەبدولکـەریم و جیابونـەوە و دامەزراندنی گروپێکی سەربەخۆ زیـاتر دەرکـەوتووە، هەرچـەندە بەشـی زۆری پێڕەوانـی حەمەسـور هاوشێوەی پێڕەوانی مامەڕەزا مامەڵەیان دەکرد و ڕێزی زۆریان لە یەکتری دەگرت و موڵك وماڵیان

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ حەلاوەخان، ناحیەی شۆڕش، ٢٠١٠/١١/٨ . (حەلاوەخان کچی حوسێن مارفە و لە ساڵی (١٩٥٧) لە دایك بووە، یەکێك لە پێرەوە دڵسۆزەکانی بووە و تا مردنی حەمەسور ژیانی لەگەڵ گروپەکەیدا بردۆتە سەر لە گوندی کلاۆقوت، ئێستاش لە ناحیەی شۆڕش نیشتەجێیە.

[2] ڕەشید محەمەد عەلی : س.پ، ل٦٩ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلیحە خان فتحولاّ سەعید، ناحیەی شۆڕش، ٢٠١١/١١/٨ . مەلیحەخان لە ساڵی (١٩٣٧) گوندی کەلاّوقوت لە دایك بووە و تا مردنی حەمەسور ژیانی لەگەڵ گروپەکەیدا بردۆتە سەر و ئێستاش لە ناحیەی شۆرش نیشتەجێیە .

[3] محەمەد عەلی سوڵتانی، ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٥٣.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەڵکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ .

[5] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٤٨ .

جیاواز نەبووە، خۆیان لە شەڕ و ئاژاوە و سەرکێشی پاراستووە[1]، بۆ خانەقای شەدەڵە بە وەفا بوون و سالآنە سەردانیان کردووە و دیاریان لە بەرهەمی کشتوکاڵ و دانەوێڵەکانیان بۆ خانەقا بردووە[2]، لێرەدا چەند خاڵێك هەن کە حەمەسور لە گروپەکانی تر جیا دەکاتەوە، لە گرینگترینیان :

١- گروپی حەمەسور ڕێگەیان لە منداڵ بوون گرتووە، پاساوی حەمەسوریش بۆ ئەم دیاردەیە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: {وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ}[3]، واتە بزانن کە ماڵ و منداڵتان مایەی کێشە و ئاشوبن. ئەمەش وەك بیانویەك تەماشا دەکرێت،

هەڵبەتە ئەم ئایەتە باس لە ماڵ و منداڵ دەکات، هەردووکیان سەرچاوەی ئاژاوە و کێشە و ئاشوبن، حەمە سور ڕێگەی لە منداڵ بوون گرتووە، کە کۆتایی هێنانە بە بزووتنەوەکەی بە شێوەیەکی ئاشکرا، بەلاّم دریّغی نەکردووە لە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و کڕینەوەی زەوی جوتیاران و باخ و ئامێری کشتوکاڵی و دروست کردنی کۆمۆنێکی تایبەت بە خۆی[4]، ئەمەش ئەوە دەگەێنیّ کە حەمەسور نیوەی ئایەتەکەی جێبەجیّ کردووە و نیوەکەی تری پشت گویّ خستووە.

٢-دوای پەرتەوازە بوون و دابەشبوونی بزووتنەوەی هەقە، زۆرینەی گروپەکان ڕیشیان دەتاشی، بەلاّم گروپی حەمەسورییەکان ڕیشیان دەهێشتەوە و نەیان دەتاشی[5]، وەك وەفایەك بۆ شێخ عەبدولکەریمی ڕابەری بزووتنەوەکە، ئەمەش بە جیاکەرەوەی گروپی حەمەسوریەکان لەگەڵ گروپەکانی تر دادەنرێت.

٣-بەشێك لە پێڕەوانی حەمەسوریەکان، پێیان وابوو حەمەسور مەهدی چاوەڕوان کراو، یا پێغەمبەر دەزانی، هەرچەندە بە شێوەی ئاشکرا خۆی بانگەوازی بۆ ئەم مەسەلەیە نەکردووە[6]، ڕەفیق شوانی دەڵێت:" بانگەشە بۆ لە ئاین دەرچوون و تێکەڵ بوونی ژن و پیاو نەگەڕانەوە لە ژنی یەکتری تەنها کۆمەڵێك تۆمەتی ناڕەوا بوون، بۆ بزووتنەوەی هەقە بە گشتی و گروپی حەمەسوریەکان بە تایبەتی

---

[1] محەمەد عەلی سوڵتانی، ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٥٢ ؛ عزەدین مستەفا ڕەسول : ئاوڕدنەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، پاشبەندی یەکەم، ل١١٥ .

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەڵکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ .

[3] سورة الانفال، اية ٢٨ .

[4] بەهجەت محەمەد (شاهۆ) : س.پ، ل٥١ .

[5] شاکر فتاح : ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٦ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١١/٧.

[6] جواد فقی علی الجوم حیدری : محمد بن عبدالله جلی وجهودە العلمیە،ص٧٣ ؛ تومابوا : م.س، ص٣٢.

هەڵبەسترابوون"[١]، ڕەفیق شوانی ئاماژە بە ڕاست پەروەری حەمەسور و یەکتاپەرستی و هەق بێـژی و دژایەتی ستەمکار و بەرگری لە چەوساوەکان دەکات.
بەلاّم بەڕای ئێمە حەمەسور بەرامبەر پێڕەوانی توندوتیـژ بـووە و نـەیتوانیوە هاوشـیوەی مامــەڕەزا گرینگی بە هاتنە پێشەوەی ژنان بـدات و یەکسـانی لـە نێـو پێڕەوانـی بپارێزێـت و پشـتگیری لـە جوتیاران بکات.
٤-گروپی حەمەسوریەکان زۆربەی کات چایان نەدەخوادەوە و جگەرەیان نەدەکێشا، بەلاّم پێشکەشی میوانیان دەکرد[٢]، ئەم دیاردەیەش پەیوەندی بەو بارودۆخـە ئابوریـەوە هەیـە، کـە بـاڵی بـە سـەر ناوچەکەدا کێشا بوو، حەسەنی زێنێ یەکێکە لـە کەسـایەتیبە دیارەکـانی گروپـی حەمەسـوریەکان دەڵێت " هەر کاتێك باری ئابوری گروپەکەمان خراپ بوایە وازمان لە چا خواردنەوە دەهێنا، ئەگـەر گوزەرانیشمان باش بوایە دەمانخواردەوە" [٣]، بەلاّم عومەر فاروقی پێی وایـە " جگـە لـە کێشـەی ئابوری، چا خواردنەوە بەشێك لە کاتی کرێکار و جوتیاران بە فـیڕۆ دەدات ".[٤] بـە پێـی هـەردوو بۆچوون کەمترین کات چایان خواردۆتەوە.
٥-گروپی حەمەسوریەکان خاوەنی بەرنامەیەکی دیاریکراو بوون، لە چوارچێوەی هەقیقەتنامەیەکـدا حەمەسوری ڕابەری بزووتنەوەکە لە کۆڕوکۆبونەوەکاندا ئاماژەی پێکـردووە، ئەمــەش بـە شـێك لـە حەقیقەتنامەکەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم
بیخوێنن مەتلەبی کاری کەریم
دائیرەی حەق شوناسی
هەر وەکو ماسی
کەوتنە بەحری غەواسی
هەموو مەست و فەنا فیلا بوون
مەستی نەزەری خاتەمول ئەولیا بوون
واسیتەی حوکمی مەستی بوون
لە خەمی شەریعەت و تەریقەت تەوەلا بوون

---

[١] دیسان لە هەقە کەوتنە تەقە، گۆڤاری (کاروان)، ژمار(١٤٢)، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٨ .
[٢] عباس العزاوي : **خلفاء** مولانا خالد، ل٢٠٨ .
[٣] چاوپێکەوتن لە گەڵ حەسەنی زێنێ کە وێنەگیراوە لە لایەن وێنەگرێکەوە بە ناوی عەباسی ڤیدیۆ لە ساڵی ١٩٨٦، لە گوندی کلاّوقوت .
[٤] تەریقەت هەق، ل١٧ .

هەموو ئەهلی زیکر، خاریج بوون لە فیکر
بوون بە ئەهلی زیکر
فیکریان کردە عیلمی ڕەحمانی
وتیان ئەمە چی بوو خوا بە سەر ئێمەی هانی
با وشیار بین لە چی؟ لە ئیمتحانی
لە ئیمتحانی بەحری مەعانی
نەوەك بکەوینە دەستوری شەیتانی
ئیشێکی عەجایب و نادر بوو
خودا بۆ خۆی پێی قادر بوو...[1]

دەرکەوتنی حەمەسور وەك کەسایەتیەکی دیار و ناسراوی نێوچەی شوان لە ماوەیەکی کورتدا، جێکەی نیگەرانی بەشێك لە خەڵکی کەلاٌوقوت و نێوچەکە بوو، ئەمەش کێشەی کۆمەلایەتی و سیاسی جۆراو جۆری بۆ حەمەسور دروست کرد، لە ئەنجامدا ساڵی (١٩٥٧) دەستگیر کرا[2]، بەم تۆمەتانەی لای خوارەوە تاوانبار کرا:

١-بانگەشەکردن بۆ پێغەمبەرایەتی و مەهدی چاوەڕوانکراو .
٢-بانگەشە کردن بۆ تێکەڵ کردنی ژن و پیاو، نەگەڕانەوە لە ژنی یەکتری و گوێنەدان لە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام.
٣-سەرپێچی کردنی سەرجەم ئاینەکان، بە تایبەتی ئاینی ئیسلام .
٤- دەست وەردان لە پرەنسیپ و زانستە ئیسلامیەکان .
٥-هەوڵدان بۆ هەڵوەشانەوەی تەلاٌق.
٦-بانگەشەکردن بۆ دۆنادۆن ( تناسخ الارواح).[3]

---

[1] تەواوکەری لە : بێ ناوی نوسەر: حەقیقەتنامە، گۆڤاری (شمشارە) ،ل٣٤ یان ستار حەمەدەمین : هەقە لە نێوان تەریقەت و چاکسازیدا، تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، لە بەرنامەی دۆکۆمێنتاری، بەرواری ٢٠٠٨/٩/٨/٧ ، کاتژمێر ٩:٠٠-١٠:٠٠ی شەو .

[2] مەلا عەبدولاٌی کوری مەلا عەبێد خەڵکی گوندی کلاٌوقوت بوو، یەکێك لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بووە و هاوکاری و پشتیوانی زۆری حەمەسوری کردووە، بەلاٌم وازی لە بزووتنەوەکە هێناوە، لە سەر مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئاشێك(ئاسیاوێك) کێشەیان بۆ دروست بووە و شکاتی لە حەمەسور کردووە، پاشان کێشەکە گوازرایەوە بۆ کێشەی ئاینی و سیاسی و زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەتر کرا و حەمەسوریش دەستگیر کرا.(جمال باجلان : م.س .ص٤٠٦ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون ، ٢٠١٠/١١/٧).

[3] بدون المؤلف: معاون في قوة السيار يفضح مبادي حمة سور ،جريدة (الجمهورية)، عدد(٥٠)، ايلول ١٩٥٨،ص٣.

دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکوك لێژنەیەکی بە دواداچوونی بۆ ئەم کێشەیە دروست کرد، دوای چەندین سەردان و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە، لەگەڵ کەسە نزیکەکانی حەمەسور و خەڵکی گوندی کلاوقوت، ڕاپۆرتێکیان ئامادەکرد و پیشکەشی دادگایان کرد، ئەم ڕاپۆرتە تێکڕای تۆمەتەکانی پشت ڕاست دەکردەوە، هاوپێچ ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە حەمەسور دانی بە بوونی خودا نەناوە و شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەی بە خودا زانیوە[1]، ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە حەمەسوری ڕەوانەی بەغداد کرد و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەلاّم شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دەبێتە فریادڕەس و ڕزگارکەری حەمەسوری کلاوقوت و ئازاد دەکرێت[2] .

زیندانیکردن و تۆمەتبارکردنی حەمەسور لە بنەڕەتدا لە سەر کێشەی ئاشێك بوو، کە خاوەنەکەی بە حەمە سوری فرۆشتبوو، خزمی نزیکی حاکم معتەسەم خەلیفە[3] بوو، بە (٦٠٠) دینار بە حەمەسوریان فرۆشتبوو، پاشان پەشیمان بوونەوە و کێشەکەی لێکەوتەوە، سەرەڕای زیرەکی و لێهاتوویی و قسەزانی حەمەسور، بەلاّم نەیتوانی لە پلانەکانی بۆی داڕێژرا بوو ڕزگاری بێت، بەلاّم دوای ڕزگار بوونی لە زیندان ئیتر برەوی بە کارەکانی گروپەکەی داو و ئەو کێشانە لە کاتی زیندانی بونیدا بە سەر پێڕەوانیدا هاتبوو چارەسەر کرد و درێژەی بە ژیانی گروپەکەی دا و کارو بارەکانی بەڕێوەبرد تا کۆتایی تەمەنی لە بەرواری ١٩٨٦/١٢/٢٤ لە گوندی کلاوقوت کۆچی دوایی کرد[4] .

---

[1] بدون المؤلف: م.س ، ص٣.

[2] محەمەد ڕەئوف تەوەکلی : س.پ، ل٢٦١ .

[3] حاكم موعتەسەم خەلیفە ساڵی (١٩٥٧)دا تەمەنی ٣٤ ساڵ بووە و حاكمی جەزایی شاری کرکوك بووە و یەکێك لە شایەدەکانی دۆسیەکە بووە و کاریگەری لە سەر شێواندنی ڕاستییەکان و بەلادا بردنی دۆسیەکە هەبووە و حەمەسوری تۆمەتبار کرد، شۆڕشی تەموزی (١٩٥٨) ڕزگاری کرد(چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولاّی لالە مەولودی ئۆمەرگومەت، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٠/١١/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەڵکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ بدون المؤلف : م.س، ص٣.

[4] جەعفەر (فازل کەریم ) : ئیدارەی کوردی، ئاستەنگ و ململانێ، ل٦٧ .

# بەشی سێیەم: شێوازی بەڕێوەبردن و مەراسیمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان لە دیدی بزووتنەوەی هەقەدا

**باسی یەکەم: بیروباوەڕە ئاینیەکان لە دیدی بزووتنەوەی هەقەدا**

**یەکەم: بیروباوەڕ**

**ا- ڕەوشتی یاکەریم و یا ڕەزا و تەوقەکردن لە بزووتنەوەی هەقەدا**

**ب- هاتنەوەی حەزرەتی عیسا و دەرکەوتنی محەمەدی چاوەڕوانکراو**

**دووەم ئەرکە ئاینیەکان**

**ا- یەکەم : نوێژ و ڕۆژووگرتن، ب- حەج کردن**

**سێیەم: تاییە تمەندییەکانی بزووتنەوەی هەقە**

**ا- نهێنی پارێزی،**

**ب- یەکسانی و داد پەروەری**

**ج- ڕاوێژ و کۆڕبەستن**

**د- گونیە لە بەرکردن**

**ح-دارەقوڵە**

**باسی دووەم : تێڕوانینی بزووتنەوەی هەقە بۆ پێگە کۆمەلایەتی و ڕەگەزیەکان( یەکەم : پێگەی ژن، دووەم : ڕەوشی خێزان، سێیەم : بارودۆخی خوێندن، چوارەم : بواری ڕۆشنبیری ، پێنجەم : برایەتی ، شەشەم : پاك و خاوێنی ، حەوتەم )**

**باسی سێیەم: پلە و پایەکانی نێو بزووتنەوەی هەقە ( یەکەم : شێخ یان ڕابەر، دووەم: سەرتەکیە، سێیەم: برا سەیار، چوارەم : برای مخلیس ) )**

# باسی یەکەم
# بیروباوەڕە ئاینییەکان

## یەکەم :بیروباوەڕ

## ١- گوتنەوەی یاکەریم و یا ڕەزا و شێوازی تەوقەکردن

پاش کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم، لە بەشی زۆری گروپ و لقەکانی بزووتنەوەی هەقە کۆمەڵێك داهێنان و نوێکاری هاتە کایەوە، وەکو جێگرەوە(بدیل)ی تەریقەت بۆ قەرەبووکردنەوەی لایەنی دەروونی سۆفی و مریدەکان و سازدانەوەیان بە گیانێکی نوێ و هاوچەرخ کە جێگەی ڕەزامەندی کۆمەڵگەی کوردی بێت و بۆشاییەکی گرینگی پێداویستییە دەرونی و ڕەوشتییەکانیش پڕ بکاتەوە[1].

مامەڕەزا بە هاوکاری (شێخ حەمەدەمینی مەڵحە)[2]، کۆمەڵێك پرەنسیپ و بنەمایان وەکو پەیڕەو پرۆگرامی بزووتنەوەکە داهێنا، بە شێوەیەك لەگەڵ بنچینەکانی ئاینی ئیسلام یەکیدەگرتەوە و ناو نرا ڕەوشت، یەکێك لەو ڕەوشتانەی کە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە پیادەی دەکەن لە کاتی یەکتر بینیندا تەوقە لەگەڵ یەکتردا دەکەن، بەلاّم ئەوەی لە تەوقەکردنی ئاسایی جیایان دەکاتەوە، بە سەری پەنجەکانیان و بێ ئەوەی هیچ جوڵەیەك بە دەستەکانیان بکەن و یەکتری ماچ بکەن لە یەکەم کەسی لای ڕاستەوە بە ئاراستەی لای چەپ دەست پێدەکەن، بێ ئەوەی کەس تێپەر بکەن، یان گوێ بەوە بدەن منداڵ یان ژن، هەژار یان دەوڵەمەند، لە لای ڕاست دانیشتووە یان ڕاوەستاوە، لە کاتی گەیشتنی سەری پەنجکانیان بە یەکتری دەیانوت (یاکریم و یا ڕەزا)[3]، مەبەستی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە لەم شێوازە تەوقە کردنە، بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێتەوە.

---

[1] مەنوچێر موحسنی : کۆمەڵناسی گشتی، و:موسلح ئیروانی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٥، ٧١.

[2] شێخ حەمەدەمینی مەلحە لە ساڵی (١٨٩٤) ز لە سەرگەڵوو لە دایك بووە، کەسایەتی دیار و ناسراوی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی هەقە بووە، کەسایەتییەکی زیرەك وژیر و وریا و بە توانا بووە و لە ساڵی (١٩٥٩) ز کۆچی دوای کردووە (چاوپێکەوتن لە گەڵ کەریم حەمەتاهیر محەمەدەمینی مەڵحە، ناحیەی راپەرینی شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

[3] دانا کاکە حەمە شەدەڵە : س.پ، ل ١١٣٧ ؛ محەمەد عەلی سوڵتانی : بزاڤی حەقە لە کەرکوك، ل ١٠٥

١-پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بە شێوەی فراوان ڕیز دەبن، بەتایبەت لە بۆنـە و یادەکانـدا، تێکـڕای ئامادەبوان تەوقە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، دەسـت ڕاوەشـاندن دەسـت مـاچ کـردن کـاتێکی زیـاتری پێویستە، بۆیە تەنها بە سەری پەنجەکان تەوقە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن .

٢- بۆ ئەوەی تەوقە کردن نەبێتە هۆی وروژاندنی غـەریزە و سـۆز و ڕاکێشـانی سـەرنجی نێـوان دوو ڕگەزەکە بۆ یەکتری تەنها بە سەری پەنجە تەوقە دەکرێت و (یاکەریم و یا ڕەزا)ش دەڵێنەوە بێئـەوەی درێژە بە هەواڵ پرسینی ماڵ و منداڵ و دەنگ و باس بدەن[١] .

مەبەستیشیان لە کەریم و ڕەزا سیفەتی خودا و پەنا و هانا بـۆ بردنـە بـەر ئـەو خودایـە[٢]، بـەڵام محەمەدی مەلا کەریم دەڵێت: "مەبەستی بە کارهێنانی یاکـەریم و یـا ڕەزای پێڕەوانـی بزووتنـەوەی هەقە، خودی شێخ عەبدولکریمی شەدەڵە و مامەڕەزای برایـەتی"[٣]، بەتایبـەتی ئـەم دیـاردەی نـاو هێنان و هاوار کردن بۆ پێغەمبەر و یاوەرانی و شێخەکانی تەریقەت و پیاوچاکان و ڕابەرانی ڕێبـازە جیاجیاکان باوە و لە زۆربەی ناوچەکاندا بوونی هەیە وەك " یا پێغەمبەر، یان یا حەزرەتی غەوس و یا شاهی نەقشبەند...هتد"، ئەم ڕاستییە ئەو باوەڕمان لا دروست دەکات، کە بۆچونەکەی محەمەدی مەلا کەریم ڕاست و دروستە هەرچەندە پێڕەوانی بزووتنەوەکە ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە وەك باسمـان کرد.

ئەگەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی یا کـەریم و یـاڕەزا بکۆڵینـەوە، دەمـان گێڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (١٩٤٤)، کاتێك سۆفی و مریدەکانی بزووتنەوەی هەقـە سـەردانی گونـدی سـەرمۆردیان کـردووە و کۆڕی زیکریان بەستووە، منداڵانی گوندەکەش لە چواردەوریان بڵاو دەبنـەوە، یـەکێ لـەو منداڵانـە وشەی یاکەریم یاڕەزای بەکارهێناوە، پاشان ئەم دەستەواژەیە بە شێوەیەکی فراوان لە نێـو پێڕەوانـی بزووتنەوەکەدا بەکارهاتووە[٤]، هەرچەند ئەم بۆچوونە لاوازە و جێگەی گومانە و ناکرێت بـەو شـێوە سادەیە سەری هەڵدابێت و پێڕەوانی بزووتنەوەکە بە کاریان هێنا بێت و بووبێتە بەشێك لە ڕەوشت و داب و نەریت و کەلتوری بزووتنەوەکە.

---

[١] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٦ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٨ .

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزایی دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزایی دوکان ٢٠١١/٤/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمگرون، ٢٠١٠/١١/٧ .

[٣] ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، ل ٧٨ .

[٤] محەمەد رەئوف توەکلی : س.پ، ل٣٠٩ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان محەمەد گدرون، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٨.

## ب- گەڕانەوەی حەزرەتی عیسا و دەرکەوتنی محەمەدی مەهدی چاوەڕوانکراو

گەڕانەوەی حەزرەتی عیسا و دەرکەوتنی محەمەدی مەهدی چاوەڕوانکراو وەکو بیرۆکەیەکی ئاینی لە لایەن بزووتنەوەی هەقەوە کاری لە سەر دەکرا، وەك ئەوەی ئان و ساتی دەرکەوتنیان بووبێت، بە پشت بەستن و پاڵپشتی ئایەت و فەرمودەکانی پێغەمبەر و گەرانەوە و دەرکەوتنی ئەو دوو زاتە، دەرئەنجامی کەڵەکە بوونی جەور و ستەم و زۆرداری و چەوسانەوە و بلاّوبوونەوەی نا یەکسانی و نادادپەروەری و توندوتیژی و کوشتن و ئاوارەیی و دەربەدەرییەوە پەیدا دەبن(واتە ئومێد بوون بە فریادڕسێك بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی) و بەو هیوایەی دادپەروەری کۆمەلاّیەتی و یەکسانی و ژیانێکی پڕ لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤایەتی بهێنێت و مرۆڤەکان بۆ تەمەنی گەنجایەتی بگێڕێتەوە[١] .

بەشی زۆری بزووتنەوەی هەقە بە ئاواتەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی حەزرەتی عیسا و دەرکەوتنی محەمەدی مەهدیان دەکرد و خۆیان بە سەربازی ئەوان دەزانی[٢] ، بەو هۆیەوە مام یاسین ئاماژەی بەم کۆپلە شیعرە کرد :

چاوم هەڵهێنا هەقیقەتم دی

یارەبی بمکەیتە سەرباز لە جەیشی مەهدی[٣]

بانگەشەکردنیش بۆ گەڕانەوەی عیسا و دەرکەوتنی محەمەدی مەهدی لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنی دادپەروەری و یەکسانی، پیادەکردنی لە سەر زەوی نەك لە ئاسماندا[٤]، ئەمەش وەك هەوڵدانێك بۆ بەرجەستەکردنی چاکسازی کۆمەلاّیەتی پیادەکراوە، هەرچەندە عەبدولاّی لالە مەولود کەسایەتییەکی دیاری بزووتنەوەی هەقەیە دەڵێت: (ئێمە هەمان بۆچونی ئاینی ئیسلامان هەیە کە ئاماژەی بە بەرزبوونەوەی حەزرەتی عیسا کردووە و بە هۆی بەرز

---

[١] محەمەد عەلی سوڵتانی : ڕاپەرینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٦٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقایی شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان محەمەد گدرون، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٨.

[٢] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فازل معروف حەسەن، گوندی حاجی جردیس لە نێوچەی شوان،٢٠١٠/١٢/٢٢.

[٣] جەیشی مەهدی مەبەستیان سوپای محەمەدی مەهدی چاوەڕوانکراو دێت کە لە ئاینی ئیسلامدا بانکەشەی بۆ دەکرێت(چاوپێکەوتن، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٠/١١/٢٧).

[٤] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤ ؛ بێ ناوی نوسەر : شێتەکان لە ناوهەقەدا کێ بوون ، گۆڤاری شمشارە، ل٨-٩.

بوونەوەی ڕێژەی تاوان و کوشتنەوە، ڕۆژگارێك دێت دەگەڕێتەوە و ئاشتی و تەبایی و دادپەروەری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت)[1].

ئەم مەسەلەیەش زیاتر لە بیروباوەڕ و هزری شیعەکانەوە نزیکە، شیعەکان چڕتر کاری لە سەر دەکەن، بە بۆچوونی ئێمە ئەو تەرزە کارکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی کاری شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە کە جۆرێك لە سود وەرگرتن لە مەزهەبەکان ناوچەکە بە گشتی و کاریگەری مەزهەبی شیعەی بە تایبەتی بووە، وەکو دەردەکەوێ بانگەشەکردنی دەرکەوتنی مەهدی چاوەڕوانکراو یەکێکە لەو دەرکەوتانەیە، پێم وایە ئەمەش هەقێکی ئاسای هەموو ڕابەرێکە بۆ ئیدارەدانی پێڕەوانی سود لە تێکستە ئاینیە گونجاوەکانی ناوچەکەی ببینێ.

## دووەم: ئەرکە ئاینینەکان

## ١-نوێژ و ڕۆژوو گرتن

نوێژ و ڕۆژوو گرتن لە بنەما گرینگ و سەرەکییەکانی ئاینی ئیسلامن، کە لە دوای پێگەیشتنی تەمەنەوە لە سەر هەموو موسڵمانێك پێویستە کە باوەڕی بە ئاینی ئیسلام هەیە، بێپسانەوە ئەم ئەرکانە ئەنجام بدات، بەلاّم بزووتنەوەی هەقە وەکو بەشێك لە نەتەوەی کورد لە ئاست ئەم سروتانەدا کەم و کوڕیان نواندووە[2]، هەرچەندە شێخ عەبدولکەریم ڕێوڕەسم و مەراسیم و سروتە ئاینیەکانی بە باشترین شێوە بە کۆمەڵ لە مزگەوتەکاندا ئەنجام داوە[3]، بەلاّم پاش کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم زۆربەی گروپ و کۆمەڵەکانی بزووتنەوەی هەقە بەشی زۆری سروت و ئەرکە ئاینیەکانیان فەرامۆش کردووە و جێبەجێیان نەکردووە، بە تایبەتی لە نوێژ و ڕۆژوودا، جگە لەوەی زۆربەی ئەو کردەوانەی کە بەشێکی زۆری بزووتنەوەی هەقە ئەنجامیان دەدا جێگەی ڕەزامەندی

---

(1) چاوپێکەوتن، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٠/١٢/٢٤.

(2) هەمزە عەبدولاّ : دەستنوس، ل٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەبیحەخان، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ (سەبیحەخان کچی جەلالی شێخ عوسمانە و لە ساڵی (١٩٤٢) لە دایك بووە، خانەوادەکەی لە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی بوونە و لە تەمەنی پانزدە ساڵیدا شوی بە عەلی عەسکەری کردووە و چوار منداڵی هەیە، ئێستاش لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە) .

(3) جەمال بابان : س.پ، ل١٨٢؛ ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٣-٦٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد، شاری کەرکوك، ٢٠١١/٢/٢٥ .

کۆمەڵگەی کوردەواری نەبووە و بە لادەر لە ئاین و دابونەریتی کۆمەڵایەتی دادەنران[1]، بۆ پشتگوێ خستنی ئەم مەراسیم و سروتانە چەند پاساوێك هەبووە، وەك:

١-خوای گەورە دەفەرموێت (وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ)[2] واتە خوداپەرستی بکە، تا دەگەیتە پلەی دڵنیایی، پیڕەوانی بزووتنەوەی هەقەش لایان وا بووە، گەیشتونەتە پلەی دڵنیایی و نوێژ و ڕۆژوویان تێپەڕاندووە، ئەمەش هێرشی زۆری مەلا نەیارەکانی بزووتنەوەی هەقەی بە دوای خۆیدا هێنا[3] و بە دەرچوو لە ئاین تۆمەتبار کران، عومەر فاروقی پێی وایە " بزووتنەوەی هەقە نوێژیان بە سونەت زانیوە، بۆیە دەتوانین بڵێین موسڵمان نین" [4]، بەلاّم پیڕەوانی بزووتنەوەکە ئەم بۆچونانە ڕەت دەکەنەوە .

٢-پیڕەوانی بزووتنەوەی هەقە پێیان وایە نوێژ و ڕۆژوو کراوەتە ئامرازێك بۆ نان پەیدا کردن و خۆشگوزەرانی، بێئەوەی کار بە ناوەڕۆکی نوێژ و ڕۆژوو بکەن، پێیان وا بوو ناکرێت کەسێك کردەوە و ڕەوشتەکانی خراپ بێت بە سروتە ئاینییەکان پەردە پۆشی بکات[5]، لە واقیعدا ئەنجامدانی کاری چاك پێوەر و زامنی سەرکەوتنەکان و گەیشتن بە بەختەوەری لە دونیا و سەرفرازی لە ڕۆژی دوایی دایە.[6]

٣-گوایە پیڕەوانی بزووتنەوەی هەقە گەیشتونەتە پلەیەك دەست بەرداری خۆشیەکانی دونیا بوون و پەیوەندیان لەگەڵ هەموو جۆرە پابەندبونێك کۆتای هاتووە و هەڵسوکەوتیان ئاسایی نەبووە و گوێیان بە هیچ شتێك نەدەدا، نوێژ و ڕۆژوگرتنیش بە بەشێك لە سەردانواندن و ئەرکی دونیایی دەزانن بۆیە

---

(١) عومەری فاروقی : سەیری تەریقەت لە کوردستان، ل٩ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠.

(١) سورة الحجر : اية ٩٩ .

(٣) جەمال بابان : س.پ، ل١٨١-١٨٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق ، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ بێ ناوی نوسەر: بزووتنەوەی هەقە لە چیەوە سەری هەڵدا؟ ، گۆڤاری (شمشارە)، ل٣.

(٤) تەریقەتی هەقە، ل١٦ .

(٥) محەمەد رەئوف زهدی : س.پ، ل١٨.

(٦) شاکر فتاح : ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٤ ؛ مسعود محەمەد : گەشتی ژیانم، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە(١٠٥)، ساڵی ١٩٨٥، ل١٨٧ .

جێبەجێی ناکەن[١]، هەرچەندە خۆیان بە خوداناسی ڕاستەقینە دەزانن.[٢]، بەلاّم ئەم بۆچوونە جگە لە پاساوێك بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئاینی هیچی تر نیە.

٤-سەبارەت بە گروپی حەمەسوریەکان، حەلاوەخان دەڵێت: " حەمەسور نوێژی دەکرد و سەردانی مزگەوتی دەکرد و بەشداری لە نوێژی هەینیدا دەکرد، بەلاّم پاش دروستبونی کێشە لە نێوان حەمەسور و چەند کەسێك لە مزگەوتی گوندی کلاّوقوت، ئیتر وازی لە نوێژ و ڕۆژوو سەردانی مزگەوت هێنا" [٣]، ڕەشید محەمەد عەلی دەڵێت: " هەموو هەینیەك حەمەسور بەشداری لە نوێژی هەینیدا دەکرد و سندوقێك لە بەرهەمی باغەکانی بۆ مزگەوت دەبرد و لە سەر دەرگای مزگەوتەکەی دایدەنا، بۆ ئەوەی دوای نوێژی هەینی بەشدار بوانی نوێژی هەینی لێی بخۆن"[٤]، بەلاّم ئەو کەسانەی زوو دەهاتنە دەرەوە میوە جوان و باشەکانیان دەخوارد و تەنها خراپەکان دەمایەوە کە لە کۆتایدا دەهاتنە دەرێ، ئەمەش هەفتانە دووبارە دەبۆوە وە بۆیە دەمەقاڵێ لە نێوان حەمەسور و بەشێك لە خەڵکەکە دروست بوو گوایە کام میوەی خراپە پێشکەشی نوێژکەرەکانی دەکات[٥]، پاشان حەمەسور واز لە سروتە ئاینیەکان دەهێنێ و سەردانی مزگەوتیش ناکات، کاتێك لێی دەپرسن بۆ نوێژ ناکەیت، لە وەلاّمدا دەڵێت من دەزانم بۆ نوێژ ناکەم، بەلاّم ئەوانەی نوێژ دەکەن ئایا ئەزانن بۆچی دەیکەن؟!

لە وەلاّمێکی تری هەمان پرسیاردا حەمەسور دەڵێت: "تاکو بەهەشت نەبینم نوێژ ناکەم"،[٦] ئەم وەلاّمەش ئەو ڕاستییە ڕونتر دەکاتەوە کە حەمەسور باوەڕی بە ئەنجامدانی ئەرکە ئاینیەکان نەبووە و بە دوای پاساوێکدا گەڕاوە تاکو دەست بەرداری ئەو بنەمایانە بێت ئەگینا ئەم پاساوانە لۆژیکی نین بۆ ئەوەی کەسێك واز لە سرۆتە ئاینیەکان بێنێت .

٥-ئەوانەی زۆر نوێژ دەکەن و کڕنوش دەبەن، لە وەسوەسەدا دەژین و گومانیان لە بەزەیی خودای گەورە هەیە، چونکە خوای گەورە ئەوەندە مترسیدار نیەبەرامبەر بە بەندەکانی، لە سەر سەرپێچی لە نوێژوو عیبادەت سزایان بدات، دەکرێ خودای گەورە لە سەر کردەوەیەکی گونجاو ئەنجامدانی

---

[١] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤-٦٥ ؛ بێ ناوی نوسەر: شێتەکان لە ناو هەقەدا کێ بوون؟ ،گۆڤاری (ثمشارە)، ل٨-٩ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم حەمەتاهیر حەمەدەمینی مەڵحە، ناحیەی (ڕاپەڕین) ی شاری سلێمانی ٢٠١٠/١١/٨.

[٢] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٨٧-٨٨.

[٣] چاوپێکەوتن، ناحیەی شۆرش، ٢٠١٠/١١/٨.

[٤] مەسەلەیەکی مەزن و هەوڵێکی کەم، ل١١٧.

[٥] ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل٧٠ .

[٦] ڕەشید محەمەد عەلی : **س.پ، ل٧٠**.

کاری باش لە گەل خەڵکیدا لە گوناهەکانی خۆش بێت و بەندەش پێی نەزانێ، کردەوەی باش لە گەڵ خەڵکیدا لە نوێژوو عیبادەتی پڕ وەسوەسە و گومان باشترە([1])

هەڵبەتە هیچ یەکێك لە ڕابەرانی بزووتنەوەی هەقە ڕاستەوخۆ بنەما و بنچینەیەکانی ئاینی ئیسلامیان ڕەتنەکردۆتەوە، تەنانەت مامەڕەزا لە سەر بەرماڵ لە کاتی ئەنجامدانی نوێژی بەیانی توشی نەخۆشی دەبێت[(٢)]، بەلاّم بەشی زۆری پێڕەوانیان وازیان لە سروتە ئاینییەکان هێنا، بە تایبەتی برا گەڕۆکەکان، لە ناوچەکانیشدا دەگەڕان و تێکڕای خەڵکیش ئاگادار دەبونەوە لەوەی براگەڕۆکەکان و بزووتنەوەی هەقە دەست بەرداری سروتە ئاینیەکان بوون، ئەمەش ئەو گومانە دروست دەکات کە سەرکردەکانی بزووتنەوەکە بە شێوەی نهێنی بیروڕاکانی خۆیان ئاشکرا کردووە ئەویش خۆی لە جێبەجێ نەکردی سروتە ئاینیەکاندا دەبینیەوە .

## ب- حەج کردن

زیارەتی ماڵی خودا یەکێکە لە بنەما ئەرکەکانی ئاینی ئیسلام و بە باوەڕ نەبوون بەو بنەمایەمرۆڤ لە چوارچێوەی ئاینی ئیسلام دەچێتە دەرەوە و بە لادەر تەماشا دەکرێت، ڕابەرانی تەریقەتی نەقشبەندیش وەکو موسڵمانێکی ڕاستەقینە و خاوەن بیروباوەڕێکی پتەوی ئیسلام ئەم ئەرکەیان جێبەجێکردووە، شێخ عەبدولکەریمیش دوو جار لە ساڵی ( ١٩٢٢)، (١٩٣٩) دا حەجی کردووە[(٣)]، لە هەمان کاتدا هەر کەسێك لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە مەبەستی سەردانی کردنی مەککە و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی بوو بێت هیچ کەس و لایەنێك ڕێگری لێنەکردووە[(٤)]، بەلاّم دوای کۆچی دوای شێخ عەبدولکەریم جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، وەکو بنەماکانی تر سستی و لاوازیان لە پیادەکردنیدا نواند، بیروباوەڕێکی نوێ سەری هەڵدا، ئەویش سەردانی بۆ خانەقای

---

[1] ئەم بۆچونەم لە مێژوونوس کامەرانی بابان زادە گوێ لێ بوو، ئەویش لە زمانی یەکێ لە هەقە ناسراوەکانەوە کوێی لێ بووە، بە ناوە سۆفی بەکری شیلە.

[(٢)] مستەفا عەسکەری : س.پ، ل١٩؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقایی شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

[(٣)] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوە هەقە، ل٣٨؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد، شاری کەرکوك، ٢٠١١/٢/٢٥ .

[(٤)] هاوڕێ باخەوان : س.پ، ل٦٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فازل معروف حەسەن، گوندی حاجی جردیس لە نێوچەی شوان، ٢٠١٠/١٢/٢٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولاّی لالە مەولودی ئۆمەرگومەت، ناحیەی تەق تەق ٢٠١٠/١١/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف حەسەن ئەحمەد، لە شاری سلیمانی،٢٠١٠/١٢/٢٠.

شەدەڵە و خانەقای کەلکەسماق جێگرەوە(بدیل)ی سەردانی شارەکانی مەککە و مەدینە بووە[1]، هاوشێوەی شیعەکان کە سەردانی نەجەف و کەربەلا دەکەن لە وەکو دوو پێگەی گرینگ و پیرۆزی مەزهەبی شیعە.

بەلاّم شالاّو عەلی عەسکەری سەرهەڵدانی بیرۆکەیەکی لەم شێوەیە، بۆ کەلتور و دابونەریت و ڕادەی توانای ئابوری خەڵکی سەردەمەکە دەگێڕێتەوە، کە ڕێزی زۆریان لە گۆڕی پیاو چاکان و ڕابەرانی تەریقەت گرتووە و سەردانی گۆڕەکانیان کردووە، داوای نزاو پاڕانەوەیان لای خواوەند لێکردوون، بە مەبەستی منداڵ پێبەخشین یان چارەسەری نەخۆشی و ...هتد . گۆڕی شێخ عەبدولکەریمش پیرۆزی بەم گوندە بەخشیوە و کەلکەسماقیش خانەقای سەرەکی و بنکە و پێگەی کۆبونەوەی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بووە[2].

## سێیەم : تایبەتمەندی سۆفیگەری هەقە

### ١-نهێنی پارێزی

بزووتنەوەی هەقە لە سەرەتای دروسبوونیەوە، وەکو بزووتنەوەیەکی داخراو مامەڵەیان دەکرد، زۆر بە دەگمەن تێکەڵیان لەگەڵ کەسانی دەرەوەی خۆیاندا پەیدا دەکرد، هەر کەسێك چوبێتە نێو بزووتنەوەکەوە ڕێزی زۆریان لێگرتووە، بەلاّم هەرگیز ڕێگەیان پێنەدەدا بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا بکات و بواریشیان نەڕەخساندووە هیچ کەسێکیش ئەو سنورە ببەزێنی، ئەم دیاردەیە لە سەردەمی مامەڕەزادا وەکو ڕەوشت مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و ڕێگە بە کەس نەدراوە لە چوارچێوەی ڕەوشتەکانیش دەربچێت[3] .

شاکر فتاح دەڵێت: " کاتێك مدیر ناحیەی میرزا ڕۆستەم بووم، سێجار سەردانی نێو پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەم لە کەلکەسماق کرد و گفتوگۆی زۆرم لەگەڵدا کردن، بەلاّم هیچیان بۆ نەدرکاندم و نەشیان دەهێشت جگە لە لایەنگران و پێڕەوانی خۆیان هیچ کەسێکی تر بەشداری لە

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، لە خانەقایی شەدەڵە، لە ٢٠١٠/١١/١٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان محەمەد گدرون، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٨.

([4]) چاوپێکەوتن لە گەڵ شالاّو علی عەسکەری ، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨.

[3] ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل١٤٥ .

کۆڕوکۆبونەوەکانیاندا بکات"[١]. ئەم بەشداری نەکردن و نهێنی پارێزیەش دەرئەنجامی چەند هۆکار و فاکتەری تایبەتی بووە، لە گرینگترین ئەو فاکتەرانە:

١- پێڕەوانی ئەم بزووتنەوەیە پارێزگاریان لە پاراستنی نهێنییەکانی نێو بزووتنەوەکە کردووە، ئەمەش لە ترسی کاربەدەستان و دەسەلاّتداران بۆ ئەوەی نەبنە هۆی ئازار و ئەشکەنجەدان و کاردانەوەی نەرێنی بۆ سەر ڕەوتی بزووتنەوەکە[٢]، بە تایبەتی کۆمەڵێك بنەما و پرەنسیپی بزووتنەوەکە لەگەڵ سیستەمی سیاسی و کەلتور و دابونەریتی کۆمەلاّیەتی دا یەك نەگرێتەوە و ببێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ لایەنگرانی بزووتنەوەکە، عزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێت: "بزووتنەوەی هەقە لە سەرەتادا لە ترسان نهێنی وتەکانی نێوکۆڕ و کۆبونەوەکانیان دەشاردەوە، پاشان بووە کەلتور و دابونەریتی تایبەتی بزووتنەوەکە و کاریان لە سەر دەکرد"[٣]، هێنی هارولّد هانسن دەڵێت: " لە سەردانێکمدا بۆ سەرگەڵوو خەڵکی بە چرپەوە قسەیان دەکرد و بە ترسەوە باسی بزووتنەوەی هەقەیان دەکرد"[٤].

٢-بزووتنەوەی هەقە لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە، ئەو بیروباوەڕەی کاری لە سەر دەکرد، بە تایبەتی پشتگیری کردنیان لە چینی هەژاران و جوتیاران، توشی بەرەنگاربونەوە و نەیاری زۆر بوونەوە، لەلایەن بەشێك لە ئاغا و پیاوانی ئاینی و کاربەدەستانی حکومەتی عێراقیەوە[٥]، بۆیە بە پێویستیان دەزانی پارێزگاری لە پاراستنی نهێنییەکان و دزە کردنی هەر زانیاریەك بۆ دەرەوەی بزووتنەوەکە بکەن .

٣-مامەڕەزای ڕابەری بزووتنەوەی هەقە لە سەرەتایی دەست بەکاربوونیەوە گرینگی بە نهینی پاراستن داوە و وەکو ڕەوشتێکی بایەخدار و بەشێك لە بنەماکانی تەریقەت لێی ڕوانیوە، بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە یەك ڕیزی بزووتنەوەکە و پاراستنی بیروباوەڕ و بیرکردنەوەی تایبەتی بزووتنەوەکە[٦] . ئەمەش نەریتی زۆرینەی ڕێباز و تەریقەت و بزووتنەوەکانە لە سەرەتای سەرهەڵدانیاندا.

---

[١] ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٣ .

[٢] جمال بابال : یاداشتنامە، ل١٨٠ .

[٣] چاوپێکەوتن، لە ٢٠١٠/١١/٨ لە شاری سلێمانی .

[٤] کچانی کورد گەشتێك بە ناو ئافرەتانی موسڵمان لە کوردستان، چ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٥، ل١٢٥.

[٥] جمال بابان : س.پ، ل١٨١-١٨٢ ؛ ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٥ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧ .

[٦] ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل١٤٥-١٤٦ .

تێکڕای ئەو فاکتەرانە ڕۆڵی خۆیان هەبووە، لە نهێنی پارێزی و شاردنەوەی ئەو زانیاریانەی لــە کۆڕوکۆبونەوەکاندا باسی لێوە کراوە، هەرچەندە عەبدوڵلاّ کەریم محمود دەڵێت: (هــیچ نهێنیــەك لــە بزووتنەوەی هەقەدا بوونی نەبووە، تەنها سڵ کردنەوە لە وتنی ڕاستیەکان بووە، کە خۆی لە گــۆڕینی واقعی کۆمەلاّیەتی و چاکسازی ئاینی و یەکسانی کردن لە نێوان ژن و پیاو دادپەروەری کۆمەلاّیەتی دەبینیەوە و لەگەڵ واقع و بارودۆخ و ژینگەی کۆمەلاّیەتی یەکیان نەدەگرتــەوە و تاکــە نهــێنی ئــەو تەلقینە بووە، کە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بە سۆفی و مریدەکانی داوە، تا مردن دەیپــارێزن و بــە نهێنی دەمێنێتەوە).[1]

بەلاّم یەکێك لەو ئاستەنگانەی هاتە پێش توێژەر، پارێزگاری کردن لە بەشی زۆری زانیاریــەکان و لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا، هەرچەندە لەم ڕۆژگــارەدا کــەمترین فشــار لــە ســەر پراکتیزەکردنــی بیروبۆچوونە مەزهەبی و ئاینی و تەریقەتەکان هەیە.

## ب- یەکسانی و داد پەروەری

بزووتنەوەی هەقە لە سەرەتای گەشەکردنیەوە هەوڵی پیادەکردن و پراکتیزە کردنی یەکسانی و دادپەروەری داوە و جیاوازی لە نێوان چین و توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا نــەکردووە، ڕێــزی بــۆ لایەنگران و پێڕەوانیان هەبووە و جیاوازیان لــە نێــوان چــین و توێژەکانــدا نــەکرووە[2]، هــەرەوەزی و هاوکاری و هەمەهەنگی لە کار و کاسبی و بەڕێوەبردندا لە سیماکانی بزووتنەوەی هەقــە بــووە، بــە تایبەتی گروپی حەمەسوریەکان کە تێکرایی کارەکانیان بە هەرەوەزی ئەنجام داوە[3] .

هەڵبەتە زۆرینەی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە لە چــینە هــەژارەکان بــوون و داهــاتی ســالاّنە و بژێوی ژیانیان لە یەکتریەوە نزیك بووە، ئەمەش بەرجەستە کردنی یەکســانی و دادپــەروەری لــە نێــو بزووتنەوەکەدا ئاسان کردووە[4]، چونکە مرۆڤ تاکو دەوڵەمەنــدتر بێــت داواکارییەکانیشــی زیــاتر و گەورە تر دەبێت، ئەرکی بەرجستەکردنی یەکسانی قورستر دەبێت .

---

[1] هـ.س، ل٢١ .

[2] ڕەشید محەمەد عەلی : س.پ، ل٧١ .

[3] نوری عەبدەلاّ ئاغجەلەری : س.پ، ل١٥ .

[4] ڕەشید محەمەد عەلی : س.پ، ل٧١ ؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی پێنجەم.

## ج- ڕاوێژ و کۆڕبەستن

ڕاوێژ و کۆڕبەستن دوو بنەمای گرینگی ڕەوشتەکانی بزووتنەوەی هەقەن و پێڕەوانیش دڵسۆزی تەواویان بۆ ڕەوشتەکانی بزووتنەوەکە هەبووە، بە شێوەیەك لە سەر زۆربەی کاروباری ڕۆژانەی پێڕەوانی بزووتنەوەکە ڕەنگی داوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە کۆبونەوە لە نێوان برا و خوشکەکاندا ئەنجام دەدرێت و هیچ کەسێك بیروڕای خۆی نەدەسەپاند بە سەر کۆبونەوەکەدا، بەڵکو هەموو ئەندامانی ئامادەبووی دانیشتنەکە بەو پەڕی ئازادی بیروڕای خۆیان دەردەبڕی، گفتوگۆ و مشتومڕەکان بەردەوام دەبوون تا دەگەیشتنە باشترین دەرئەنجام و کەمترین هەڵە و کەم و کوڕی تیادا بێت [1].

ئەم پرۆسەیەش بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بوو بۆ گیروگرفتەکان و ڕێکخستنی کاروبارەکانی بزووتنەوەکە و بیروڕا گۆڕینەوە سەبارەت بەو کێشە و بەربەستانەی کە دەبوونە کۆسپ و ئاستەنگ لە بەردەم مانەوە و گەشەسەندنی بزووتنەوەکەدا[2]. هەروەها لە کاتی هاتنە پێشەوەی بۆنە و یادە ئاینی و نەتەوەییەکاندا (وەك جەژنی قوربان و ڕەمەزان و نەورۆز) زۆربەی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە کۆبونەوەی فراوانیان ئەنجام دەدا و لە خانەقا سەرەکیەکان کۆدەبونەوە و مەراسیمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان ئەنجام دەدا، هەندێ جار ئامێری تەپڵ و دەفیش لەو بۆنانەدا بەکاردەهات، هەستێکی دەروونی نائاسایی لای پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە دروست دەکرد و لەوێدا بە دەنگی بەرز هاواری خودا و شێخەکانیان دەکرد[3]، ئەم شێوە هستریایە لە بۆنە ئاساییەکانی ژن گواستنەوە و سازدانی ئاهەنگی مۆسیقا و هەڵپەڕکێ بەدیدەکرا، ئەمەش زیاتر دەردەکەوت کاتێك کە بە دووری یەکێ لەو هەڵپەڕکێ و ئاهەنگانەدا تێپەڕ بیت بێ ئەوەی گوێ بیستی مۆسیقا بیت، دیاردەیەکی گاڵتەجاریە کە دەبینی ئەو خەڵکە بەوشێوەیە هەڵدەپەڕن، بەڵام کاتێك کە دەچیتە نزیکی هەڵپەڕکێ و گوێ بیستی مۆسیقاکە دەبیت، بە شێوەیەکی ئاسایی تەماشای دیاردەکە دەکەیت.

هەروەها لە کاتی ئاسایدا پێڕەوانی بزووتنەوەکە کۆدەبونەوە و گوێ بیستی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و سەرگوزشتەی باوباپیران و دانای شێخ و کەسایەتیە بە تواناکان دەبوون، کە لە لایەن شێخ و ڕابەر و برا گەڕۆکەکان و سەرتەکیەکان پێشکەش دەکران و زۆربەی کاتەکانیش سفرەی گەورە

---

[1] جمال بابان : س.پ، ل١٨٤ ؛ هاوڕێ باخەوان : س.پ، ل٦٧-٦٨ ؛ کەریم زەند : ئاینستان، ل١٩٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧ .

[2] رفیق مجید :م.س، ص ١٦٥ ؛ ؛ محەمەد عەلی سولتانی : ڕاپەرینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٦٢ .

[3] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٥ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزایی دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عزەدین مستەفا ڕەسول، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

دەرازێنرایەوە و پێکەوە نانیان دەخوارد[1]، سەرەڕای فشاری زۆر و چاودێری ورد لە لایەن ناوەندی دەسەلاتەوە، بەلاّم ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانە بەردەوامی هەبووە و گەورە و بچوك و خێزاندار و سەلّت لە ڕاوێژ وکۆڕوکۆبونەوکاندا بەشداردەبوون[2] .

کۆڕوکۆبونەوە و ڕاگۆڕینەوە بۆ ئەنجام دان و سەرکەوتنی هەموو کارێك بە سود بووە و گرینگی زۆری هەبوو، بەو مەرجەی ئەندامانی ئەو دانیشتنانە ئامانجیان خزمەتکردنی ڕاستەقینە بوایە بۆ ئەو مەسەلەیەی کە بۆی دانیشتون.

## د- گونیە لە بەرکردن

گونیە لە بەرکردن دیاردەیەکی تایبەتە بە بزووتنەوەی هەقە و پراکتیزە کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سیەکانی سەدەی بیستەم، ئەمەش بە باسێکی گرینگ و سەرەنج ڕاکێش و پڕ بایەخ دادەنرێت و وەکو بەشێك لە بنەما و ئەرکەکانی سۆفیگەری تەماشا کراوە، جلوبەرگە فەرمیەکانیان فڕێداوە و گونیەیەکی بۆری خەت سور، سێکونیان لە ژێرەوەی کردووە بۆ سەر و هەردوو دەستی سۆفیەکە و لایەکەی تریشیان لە هەردوو لاوە نزیکەی (٢٠)سم دڕاندووە، بۆ ئەوەی یارمەتی مرۆڤەکە بدات لە کاتی هەنگاو هاویشتن دا، پاشان بەم گونیانەوە بە ناوچەکاندا دەگەڕان و پەیامی بزووتنەوەکەیان بلاّودەکردەوە[3]، ئەو فاکتەرانەی وایان لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە کرد گونیە لە جیاتی جل و بەرگی ئاسای بپۆشن ئەمانە بوون :

---

[1] وینەی ڤیدیۆیی مەراسیمی جەژنی قوربانی ١٤٠٩ك/ ٢٠١٠ز لە خانەقایی کەلکە سماق .

[2] جەمال بابان : س.پ، ل١٨٣-١٨٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق لە٢٠١٠/١١/٨ لە ناحیەی پیرەمەگرون ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عزەدین مستەفا ڕەسول، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ ؛ وینەی ڤیدیۆیی مەراسیمی جەژنی قوربان ١٤٠٩ك/ ٢٠١٠ز لە خانەقایی کەلکە سماق ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عزەدین مستەفا ڕەسول، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەیم زەند، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ .

[3] عومەر فاروقی : تەریقەتی هەقە، ب١، ل٢٥ ؛ بەرهەم شێخ عزەدین : گوندی کەلکەسماق، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢٢٧٠، لە ٢٠٠٦/٩/١٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فازل معروف حەسەن، گوندی حاجی جردیس نێوچەی

١- جەعفەر(فازل کەریم) پێی وایە " وەکو فاکتەرێك بۆ شکاندنی دەروون لە بەریان کـردووە و لە نێو پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەدا رێگە بە کەس نەدراوە خۆی لە خەڵکی تر یان هاوڕێیان و هاو پێڕەوانیان بە گەورە تر بزانێت و ئاغایەتیان بە سـەردا بکـات" ، بـە تایبـەتی ئـەو کەسانەی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی مەزن بوون پێش ئـەوەی بێنـە ڕیـزی بزووتنەوەکـەوە، ئاگادارکراونەتەوە، وەکو کەسێکی ئاسایی مامەڵە بکـەن و دەسـبەرداری سـوار ئەسـپی و جلوبەرگی گران بەها بن و وەکو هاوپێڕەوانیان ژیان بە سەر بەرن، زۆرجار سـوکایەتیان بـەو کەسـانە کـردووە، کـە ڕەوشـتی خـۆ بـە گـەورە زانینیـان تیـادا بـەدیکراوە[1]، وەکـو تاقیکردنەوەیەکی قورس پێڕەوانـی بزووتنـەوەی هەقـە پیادەیـان کـردووە، بەرامبـەر ئـەو کەسانەی هاتونەتە ڕیزی بزووتنەوەکەوە و خۆشیان جل و بەرگی ئاسایان فڕێداوە و گونیەیان لە بەرکردووە[2] .

٢- گونیە لە بەرکردن بەشێك بووە لە بنەماکانی سـۆفیگەری ، لـە هـەمان کاتـدا وەڵامێکـی نەرێنی بۆحکومەتی عێراقی و هاوپەیمانەکانی بووە[3] .

٣- گونیە لەبەر کردن هۆیەك بووە بۆ ئەوەی خۆیان لە خەڵکی تر پێ جیابکەنەوە.[4]ئەمەش لە سەدەی بیستەمدا بە داهێنانێکی ئەم بزووتنەوەیە و تایبەتمەندی ئەو دەزانرێت.

بەبۆچوونی ئێمە هەر یەکە لەو فاکتەرانە ڕۆڵی خۆیان بینیوە، بەڵام دیارترینیان کە کاریگـەری لە سەر بیرکردنەوەی شیخ عەبدولکەریم هەبوو بێت تاکو بڕیارێکی لەو شێوەیە دەربکات بیروبـاوەڕی ڕێبازە سۆفیگەریەکان بووە، چونکە سۆفیگەری ناسـراون بـە لەبـەر کردنـی جلوبـەرگی هەژارانـە و سادە. لەو بارودۆخەدا کێشەیەکی نوێ سەری هەڵدا، ئەویش گرتنی شـێخ عەبدولکـەریم لـە لایـەن حکومەتی عێراقیەوە بوو، خۆپیشاندانی جەماوەری پێڕەوانـی بزووتنـەوەی هەقـەی بـە جلوبـەرگی

---

شوان،٢٠١٠/١٢/٢٢ لە ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٨.

[1] ئیدارەی کوردی و ئاستەنگ و ململانێ، ل٧٣.

[2] عبدولا کەریم مەحمود : س.پ، ل٢١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقایی شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، ، شاری هەلێر، ٢٠١١/٥/٨.

[3] هاوڕێ باخەوان : س.پ، ل٦٦-٦٨ ؛ چاوپێکەوتن لە گەڵ ئامانج تەها،قەزای دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لە شالاّوعەلی عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەبیحەخان، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨.

گونیه به دوای خۆیدا هێنا، تەنانەت ساڵی (١٩٣٤) لە مێژووی بزووتنەوەکە بە ساڵی گونیە ناسراوە[١] .

ئەمەش یەکێکە لە کارە دیارەکانی بزووتنەوەکە، کە لە نێو کۆمەڵگەیەکی دابڕاو قەتیس کراو وابەستە بە دابونەریت و کەلتور و ئاین و دابونەریتی کۆمەلاّیەتی پیادە کرا، بێ گوێدانە ئاستەنگ و پێشهاتەکانی بەردەم بەرجەستەکردنی ئەم پرۆسەیە.

## ح- دارە قوڵە

دارە قوڵە دارێکی ڕێکی بچوکە لە داری بەلالوك دروست کراوە، دار بەلالوك دارێکی سروشتی بچوکە و بە شێوەی خۆڕسك لە نێوچە چیاییەکاندا دەڕوێت، دارێکی ڕێکی بێگرێیە و درێژیەکەی نزیکەی مەترێك دەبێت، ڕەنگێکی سوری تۆخی هەیە و تامی ترشە [٢] و یەکێکە لە جیاکەرەوە و داهێنانەکانی تری بزووتنەوەی هەقە، کە لە کاتی کۆڕەو و خۆپیشاندانە فراوانەکەی پێڕەوان و لایەنگرانی بزووتنەوەکە لە ساڵ (١٩٤٤) بە دەستیانەوە گرتبوو، پەیامی هەڵگرتنی ئەم دارەش چەند مەبەستێك لە خۆ دەگرێت:

١- تێڕوانینی بزووتنەوەی هەقە لە ڕووی دەروونیەوە بۆ ئەم دارە ڕۆڵێکی گرینگ بۆ خۆپاراستن دەبینێ و پێڕەوانی بزووتنەوە لە مەترسیەکانی دوژمن دوور دەخاتەوە و ڕێگە لە هەڕەشەی دوژمن دەگرێ تا بە ئاسانی نەتوانێت چەك بەرامبەر پێڕەوان بە کار بهێنن[٣] .

٢-بزووتنەوەی هەقە چاوەڕوانی هاتنی محەمەدی مەهدی بوون، کە ببێتە فریادڕەس و ڕزگارکەری مرۆڤایەتی و پەیامی دادپەروەری و یەکسانی کۆمەلاّیەتی بلاّوبکاتەوە، لەو سۆنگەیەوە بزووتنەوەی هەقە خۆیان بە سوپای مهدی دەزانی و لایان وابووە، لەو سەردەمەدا هیچ چەکێك کار ناکات و لە کار دەکەوێت، بۆیە پێویستە خۆیان لە بە کارهێنانی دار ڕابهێنن[٤]، پراکتیزە کردن و هەڵگرتنی

---

[١] حەسەن عەوالانی : س.پ، ل١٣ ؛ کەریم زەند : ئاینستان، ل٢٠١ ؛ چاوپێکەوتن لە گەڵ سەروەر هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، بەرنامەی واریَ مە، تەلەفیزیۆنی کوردستان، شەوی ٢٢/٢١ /٥/ ٢٠١١ ، کاتژمێر ٩:٣٠-١٠:٣٠شەو.

[٢] نوری ئاغجەلەری : س.پ، ل١٥ ؛ جواد فقی علی الجوم حیدری : محمد بن عبدالله جلی و حهودە العلمیە، ص٦١ .

[٣] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فازل معروف حەسەن لە ٢٠١٠/١٢/٢٢ لە گوندی حاجی جردیس لە نێوچەی شوان.

[٤] ڕەشاد میران : ه.س.پ، ل٦٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف حەسەن ئەحمەد، شاری سلیمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٠.

ئەم داره بە شێوەیەکی فراوان لە ساڵی (١٩٤٤)دا پیادە کرا، تەنانەت ئەو ساڵە لە نێو پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەدا بە ساڵی داره قوڵە ناسراوە[١].

٢- عومەری فاروقی پێی وایە " لە بەر سادەی و ساکاری پێڕەوانی بزووتنەوەکە لایان وابووە ڕۆژێك دێ بە هیمەتی شێخ ئەم داره دەبێتە تفەنگ" [٢]، ئەم تێڕوانیە لای ئێمە زۆر لاوازە، چونکە بزووتنەوەکە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی مهدی بوون، لە دوای گەڕانەوەی مەهدیش بە تێڕوانینی پێڕەوانی بزووتنەوەکە چەك کار ناکات.

ئەمەش بۆتە بەشێك لە ناسنامە و کەلتور و شێوازی مامەڵەکردنی پێڕەوانی بزووتنەوەکە، هەرچەندە مامەڕەزا توانایەکی مرۆیی زۆر و هێزێکی ماددی و مەعنەوی و پەیوەندییەکی پتەوی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەگەڵ نێوچە جیاوازەکاندا هەبووە، بەڵام بیری لە بەکارهێنانی چەك نەکردەوە و داره قوڵەی لەو ساڵدا بە دەستەوە گرت، ئەمەش بە شانازی و دەستکەوتێکی گرینگی بزووتنەوەی هەقە دادەنرێت کە خۆی بە هەڵگری پەیامی ئاشتی زانیووە.

# باسی دووەم

# تێڕوانینی بزووتنەوەی هەقە بۆ پێگە کۆمەلایەتی و ڕەگەزیەکان

## یەکەم: پێگەی ژن

لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا ژنان ئازادیان لە کۆمەڵگەکانی دراوسێیان زیاتر بووە، هەرچەندە گوزەران و ژیانی ژنان لە گوندەکاندا زۆر ئەستەم و زەحمەت و ناهەموار و پڕە لە کاری سەخت و گران بووە، بەڵام گوێیان لێدەگیرێت و لە هەندێ شوێندا ڕابەرایەتی هۆزەکانیان کردووە[٣]، وێڕای ئەوەی لە تێکڕای ناوچەکانی کوردستاندا وەك یەك تەماشای پێگەی ژنانیان نەکردووە، بەڵکو لە هەندێ ناوچەدا ژنان بە سوکی سەیر دەکران.[٤]

---

[١] ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل٧٦ .

[٤] تەریقەتی هەق، ب١،ل٢٥ .

[٣] درك کینان : کورد و کورستان کورتەیەك لە مێژووی کورد،و: ئەبو بەکر خۆشناو، هەولێر، ١٩٩١، ١٩ ؛ ئاکۆ عەبدولکەریم : س.پ، ل٤٢ .

[٤] شاکر فتاح : ئافرەتی کورد، چاپخانەی معاریف، بەغداد، ١٩٥٨،٣٩ .

لە نێو ئەم کۆمەڵگەیەدا بە شێوەیەکی گشتی بزووتنەوەی هەقە وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی و چاکسازیخواز دەرکەوت، توانی ژنان لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە و لە کەسایەتییەکی تێکشکاوو لە کارکەوتووەوە بەرەو کەسایەتییەکی زیندوو سەرکەوتوو بە توانا و هاوبەش لە ژیانیان ببات[1]، هەرچەندە سنوری جوگرافیا و تەمەنی بزووتنەوەکە کەم بووە و نەیتوانیوە کاریگەرانە گۆڕانکاری لە کەلتور و داب و نەریتە ئاینی و کۆمەلایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بکات، بەلاّم گرینگی دان بە سەربەستی ژنان بە یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەرنامەی بزووتنەوەی هەقە دادەنرێت[2]، لەو باوەڕەدان جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا نییە و هەمویان بە شێوازی خوشك و برایەتی تەماشای یەکتری دەکەن، هەردوو ڕەگەز بە کردەوە بەشدارن لە مافە کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی و ئاینییەکاندا و پێویستە لە پێناو بەرجەستە بوونی سەرکەوتن و داڕشتنی بەرنامەی تۆکمە و پتەو بۆ ئایندەی بزووتنەوەی هەقە و نەوەکانی داهاتوودا ڕاوێژ بە ژنان بکرێت و بێ جیاوازی بەشداری لە کۆڕوکۆبونەوەکاندا بکەن، ئازادانە بیروڕایەکانی خۆیان دەربڕن دوور لە هەموو سانسۆر و فشارێك[3] .

ئەم شێوازی مامەڵەکردنەش لە سەردەمی مامەڕەزادا کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە و هەوڵی تەواوی خستە گەڕ لە پێناو ڕزگار کردنی ژنان لە ستەم و زوڵم و دابونەریتی کۆن و بەسەرچوو کە کۆمەڵگە تێی کەوتبوو[4]، مامەڕەزا توانی ژنان بە جلوبەرگی جوان و ڕازاوەوە بێنێتە نێو کۆڕوکۆبونەوەکانەوە بە مەبەستی بەشداری کردنیان لە دەرکردنی بڕیار و ڕاسپاردە و لە هەمان کاتدا گوێبیستی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی شێخ و خەلیفەکان و برا سەیار و سەرتەکییەکان بن.[5]

---

[1] هەمزە عەبدولا : دەستنوس، ل٢ ؛ مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٤١ .

[2] شاکر فتاح : ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٦ ؛ ئاوات عەبدولڕەحمان مام ڕەزا : هاوچەرخێتی بیری کوردایەتی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ٢٠٠١/٨/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد، شاری کەرکوك، ٢٠١١/٢/٢٥.

[3] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ٦٧ ؛ محەمەد عەلی سوڵتانی : بزاڤی حەقە لە کەرکوك، ١٠٣؛ جوان بەختیار : م.س، ل٨٢ ..

[4] ڕەشید محەمەد عەلی : س.پ، ل٧٢ ؛ مستەفا عەسکەری : بزووتنەوەی هەقە لە ئێوارە کۆڕێکدا، مەڵبەندی کوردی ڤین، نەمسا، ١٩٩٩/١٢/١١.

[5] شاکر فتاح : ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ .

له لایەك توانی ڕۆڵی كاریگەر ببەخشێت بە ژنان و جیاوازییەكانی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە كەم بكاتەوە و ژنان زیاتر لە جاران هەست بە بوون و كەسایەتی خۆیان لە نێو بزووتنەوەكەدا بكەن، بەڵاّم لەلایەكی ترەوە دەرئەنجامی خراپی لێكەوتەوە و بەو هۆیەوە چەندین تۆمەتییان درایە پاڵ، كە ئامانج لێی ناشیرین كردنی ڕوخساری بزووتنەوەكە و تێكشكانی كەسایەتی بوو لە ڕووی جەماوەرییەوە، وەكو هینی هارۆڵد هانسن دەڵێت: " بزووتنەوەی هەقە ژن پەرستن"[1]، محەمەد سەعید فقی محمود دەڵێت" باسی تێكەڵبوونی ژن و پیاوی هەقە كانم زۆر بۆ باسكرا بوو، كە لە یەكتر ناگەڕێنەوە، شێوەی تەگە و بەران و ئیباحین و كاری نا شەرعی ئەنجام دەدەن و ژن بەبێ مارەبڕین دەدەنە یەكتری، بەڵاّم كاتێك بوومە بەڕێوبەری ناحیەی میرزا ڕۆستەم، چەندین جار شەوان و ئێواران سەردانی خانەقای كەلكەسماقم دەكرد، هیچ دیاردەیەكی ناشیرین وناشایستەم بەدی نەكرد، جگە لە هاواری هەقە نەبێت"[2] .

سەرەڕای سەرهەڵدانی كێشە و نەیاری و ڕێگری، بەڵاّم بزووتنەوەی هەقە بەردەوام بوو لە كرانەوە بە ڕووی ژناندا، ئەمەش كاریگەری دەروونی لە سەر بیركردنەوەی پێڕەوانیان كرد، تەنانەت پیاوەكانیان دەیانوت لەوەتەی بوینە پێڕەوی بزووتنەوەی هەقە پیاوەتیمان نەماوە[3]، یان دەیانوت ئەگەر ژن و پیاوێكی بزووتنەوەی هەقە لە ژوورێكدا پێكەوە بخەون، كێوێك لە نێوانیاندایە.[4]

ئەمەش بابەتێكی دەروونییە و پەیوەندی بە شێوازی مامەڵەكردن و هەڵسوكەوتی ئەو كاراكتەرانەوە هەیە، كە دواكەوتەی بزووتنەوەی هەقەن، یان هەر جووڵانەوەیەكی تری ئاینی و فیكری، كە كار لە سەر ئامادەكردنی لایەنی دەروونی مرۆڤەكان دەكەن، لە پێناو كۆنترۆڵ كردنی جەستەییدا. ئەمەش بێ جیاوازی كاردانەوەی لە سەر ژن و پیاوەكان هەبووە[5]، هەریەكەیان دەتوانن دەتوانن نوێنەرایەتی شایستەی بەرژەوەندییەكانی خۆیان بكەن و سەربەست بن لە هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەرگیری لە چوارچێوەی بنەماكانی شەریعەتی ئیسلامی دا و توندو تیژی و بە زۆر بە شودانیان بە كار نەدەهێنا و لە سەر پەیوەندی سۆزداری كەسیان نەدەكوشت، بەڵكو لە ڕێگەی لە یەكتری

---

[1] كچانی كورد، ل٣٤٦-٣٤٧.

[2] یاداشتەكانم لە بەڕێوبەرایەتی گشتیدا و تیشكێك بۆ سەر ژیانم لە بەڕێوبەرایەتیدا، دارالحكمە، لندن،٢٠٠٤، ل٤٧ ؛ مستەفا عەسكەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٦٧ .

[3] جمال بابان : ڕونكردنەوە و لێكۆلینەوەی ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقەی مستەفا عەسكەری، ڕۆژنامەی (عێراق)، ژمارە (٢٣٣٤)، لە ٥/١٠/١٩٨٣.

[4] ڕەشید محەمەد عەلی : س.پ، ل٧٢ .

[5] جیەن فریدمەن : فیمینیزم، و: فەرشید شەریفی، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی،٢٠٠١، ل٨٧ .

گەیشتن چارەسەریان دەدۆزیەوە[1] . پێمان وایــە ئەمــەش لــە گــەڵ زانســتی بــایۆلۆجی و پێکهاتــەی ڕژێنەکاندا جنسیدا ناگونجێــت، وەك پێغەمبــەر دەفــەرموێت {**لا یخلـون رجـل بـالامراة الا ثالثهمـا شیطان**}رەواە **ترمذي**. واتە لە نێوان نێر و مێیەکدا سێیەمیان شــەیتانە. ئەمــەش ئــەوە دەگــەیێنێ قورسە نێر و مێیەکی تەمەن نزیك و گونجاو بۆ یەکتری ( واتە مارەیان لە یەکتری بێت) لە شوێنێکی تەنیادا بە یەکەوە بن و کاریگەری و کاردانەوە لە سەر یەکتر دروست نەکەن.

خانەقای کەلکەسماقیش لانەی لێقەوماوانی کێشە کۆمەلایەتییەکانی ژنــان و ئــەو کەســانە بووە کە لە ژێر کاریگەری جەور و ستەم هەلاتبوون[2]، لە هەمان کاتدا دیاردەی کوشــتنی ژنــان لــە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بە شێوەیەکی فراوان بوونی هەبووە، ئەمەش کاریگــەری لــە دەرونــی ژنــان کردووە و بەشێك لە ژنان ماڵ ومنداڵیان جێهێشتووە و دوای بزووتنەوەی هەقە کەوتوون[3]، لــە نێــو بزووتنەوەی هەقەدا ئەم ژنانە جێگەی ڕێز و خۆشەویستی بوون .

لەم بوارەدا گرینگی تایبەتی دراوە، وەك:

١- لە کاتی هاوسەرگیری خوشــك و کچــەکانیاندا شــیربابیان وەرنــەدەگرت، بــەڵکو وەرگــرتنی پارەی شیربابیان بە گلاو زانیوە و بۆچونیان وابوو نابێت ژنان بە پارە بگۆڕدرێنــەوە[4] ، لــە کاتێکدا لە نێوکۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدا دیاردەی شیربایی باو بووە.

٢- گرینگی و بایەخ پێدانی بزووتنەوەکە بە ژنان ســنوری ئاســایی بەزانــدووە و چــۆتە ئاســتی پیرۆزی پێدانەوە[5]، بۆیە بە ژن پەرست ناوی بزووتنەوەکەیان هێناوە.

٣- ژن بە ژن و گەورە بەبچوك لە نێو بزووتنەوەی هەقەدا بە کارێکی نەشیاو ناشایستە و هەڵــە دەزانن و ڕێگریان لێکردووە، تاڕادەیەك سەرکەوتوو بوونە لــە کەمکردنــەوە و نەهێشــتنی

---

[1] رفیق مجید : م.س، ل ١٦٥ ؛ جەعفەر (فازل کەریم ) : ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ململانێ، ل٧٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزایی دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠.

[2] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٧ ؛چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان محەمەد گدرون، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٨.

[3] لە گرینگترین ئەو ژنانەش کە ماڵ و منداڵیان جێهێشتووە و لە خانەقای کەلکەسماق نشتەجێ بوون، (خوشکە فاتم، خوشکە شیرین خان، لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەکەدا ناسراو بوون (چاوپێکەوتن لەگەڵ فازل معروف حەسەن، گوندی حاجی جردیس لە نێوچەی شوان، ٢٠١٠/١٢/٢٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٨).

[4] دانا کاکە حەمە شەدەڵە : س.پ،ل١١٣٦ ؛ محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ، ل٣٥-٣٦ .

[5] چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمگرون، ٢٠١٠/١١/٨.

ئەم دیاردەیە[1]، هەرچەندە لە بەشێك لە ناوچەكاندا ئەنجادراوە بەڵام بە شـێوەیەكی گشـتی توانرا سنوردار بكرێت[2]، تەنانـەت لـەو سـەردەمەدا ئـەو خێزانانـەی كـە تـەنها كوڕیـان هەبوایە، ژن هێنان كارێكی قورس دەبوو بۆ خانەوادەكەیان، چـونكە زۆرینـەی كۆمەڵگـەی كوردەواری هاوسەردەم ژن بە ژن، یان گەورە بە بچوكیان دەكرد، بەڵام بزووتنەوەی هەقە بـە تایبەتی لە سەردەمی مامەڕەزادا هەوڵی ڕیفۆرمی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگەی كـوردەواری دا، بەمەبەستی ڕزگار كردنی لەو دیاردانەی كە ژنان دەبوونە قوربانی حەز و ئارەزووەكـانی پیاوان .

## دووەم : ڕەوشی خێزان

لە نێو تێكـڕای شارسـتانیەكاندا خێـزان كۆمەڵگەیـەكی بچـوكە و بنـەمای دروسـت بـوونی كۆمەڵگە گەورەكانە، پێویستی بە چەندین بنـەما و ڕێنمـایی و ئامۆژگـاری ئـاینی و كۆمەڵایـەتی هەیە، تا شیرازەی ئەندامانی خێزانەكان بە شێوەیەكی تەندروست بە یەكەوە ببەسترێنەوە .

لە نێو كۆمەڵگەی كوردی بە گشتی و بزووتنەوەی هەقـە بەتایبـەتی، كۆمــەڵێك دابونـەریت و كەلتوری تایبەتی هەن، لە سەر تێكرای ئەندامانی خێزان پێویستە جێبەجێی بكەن، لەوانە:

١-لە نێو بزووتنەوەی هەقەدا ژنان ڕۆڵی سەرپەرشـتیاریان دەگێـڕا، لـە كـاتی هـاتنی میوانەكانـدا پێشوازیان لە میوانەكان دەكرد و وەكو جێگرەوەی پیاوان مامەڵەیان دەكرد لە كاتێكـدا پیـاوان لـە ماڵەوە نەبوونە[3].

٢-حەمەسوریەكان وەكو بەشێكی بزووتنەوەی هەقە نەیاندەهێشت منداڵیان بێت، بـە تایبـەت ئـەو خێزانانەی لەگەڵ حەمەسور لە كەلاوقوت دەژیان، بـۆ ئـەم دیاردەیـەش بیـانو پاسـاوی جیاجیایـان هەبووە، گرینگترینیان بریتی بوون لە:

ا- بە پاساوی ئەو ئایەتەی كە دەفەرموێت: {وَاعْلَمُوا أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُـمْ فِتْنَـةٌ}[1]، چـونكە لایـان وابوو منداڵ ئاژاوە و ئازار و ئەشكەنجە و تێكچونی شیرازەی بزووتنەوەكە بە دوای خۆیدا دێنێت[2].

دێنێت[2].

---

[1] بەرهەم شێخ عزەدین : گوندی كەلكە سماق، ڕۆژنامەی خەبات،ژمارە (٢٢٧٠) لە بەرواری ٢٠٠٦/٩/١٨ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ محمود كاكە خەمەی شەدەڵە لە ٢٠١٠/١١/١٧ لە خانەقای شەدەڵە ؛ دانا كاكەحەمەی شەدەڵە : س.پ، ل١١٣٦ .

[2] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٦ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ سەبیحەخان، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨ .

[3] چاوپێكەوتن لەگەڵ سەبیحەخان، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨.

ب-حەمەسور بە چاوی پیرۆزیەوە تەماشایی ژنەکانی دەکرد، دەیوت نابێت منالّیـان ببێـت[٣]، ئـەم جۆرە تەماشاکردنەش لە تێکرِای گروپ و لایەنەکانی بزووتنەوەکە دا بەرچاو دەکەوێت، بـەلاّم لـق و گروپەکانی تر رِێگەیان لە منداڵ بوون نـەدەگرت، بـەلاّم حەمەسـور نەیدەهێشـت منـداڵ سـەردانی دیوەخانەکەشی بکات لە کلاّوقوت، بە بیانوی ژنەکان سۆزدار و هەست ناسك و بـە سـۆزن، نـەوەکو ببێتە هۆی رِاکێشانی سەرنجیان و دواتریش حەزیان لە منداڵ ببێت[٤]، بە رِای ئێمە منالّ بوون مـافی سەرەتای و سەرەکی هەموو ژنێکە بەلاّم حەمەسور ئەم مافەی لە پێرِەوانی قەدەغە کرد بوو.
ج-پێدەچێت بۆ ئەوە رِێیان لە منداڵ بوون گرتبێت تا منداڵ بوون نەبێتـە هـۆی تێکچـونی لـەش و لاری ژنەکانییان و کەمبوونەوەی لە رِووی چێژە وەرگرتنەوە.
د- لە بەر سەرقالّی بە ئیش و کار و بەرِێوەبردن و خەمخۆری رِێبازەکە، هەروەها ترسـیان لـە گـەورە بوونی مندالّەکان و گوێرِانەگرتن لە باوکیان و جێهێشتنیان و گوێنەدان بە رِێبازەکە[٥].
هـ- حەمەسوریەکان لە ترسی تێکچـونی شـیرازە و رِیزەکـانی پێرِەوانیـان رِێگریـان لـە منـداڵ بـوون گرتووە، چونکە پێیان وابوو منداڵ دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە لە نێـوان خێزانەکانـدا[٦] ئێمـە ئەم خالّەیان بە دروسترین پاساو دەزانین بۆ رِێگری کردن لە منداڵ بوون .
و- لە تەمەنی منالّیدا حەمەسور مرۆڤێکی چارەرِەش و بەدبەخت بووە، بۆیە نەیویسـتووە منـالاّنی پێرِەوانی توشی ئەو گوزەرانە سەختە ببنەوە و نـەتوانرێت باشـیان بـەخێو بکـەن[٧]. ئـەم کـردارەی حەمەسوریش بە پەرچەکردار دادەنرێت، کە دژی منداڵ بوون گرتویەتی بەر، ئەمەش کۆتـای هێنانـە بە ژیانی مرۆڤەکان.

بە بۆچوونی ئێمە بریاردان لە سەر پێکەوەنانی خێزان و رِێگریکردن لـە منـداڵ بـوون داهێنـانی حەمەسوریەکان نەبووە، کاهینەکانی مەسـیحیەت ژنیـان نـەدەهێنا و خۆیـان بـۆ خزمـەتی ئـاینی مەسیحی یەکلا کردۆتەوە، ئەمەش زۆرقورسترە لەوەی ژنت هەبێت، بەلاّم رِێگـری لـە منـداڵ بـوون

---

[١] سورة الانفال : اية ٢٨.
[٢] فریاد شوانی : یەکێك لە رِابەرانی بزووتنەوەی هەقە کامە حەمەسوری کلاّوقوت، رِۆژنامەی کوردستانی نویٚ، چاپی دەرەوە، ژمارە (٦٩)، ل٨ .
[٣] عومەر فاروقی : تەریقەتی هەقە، بەشی دووەم، گۆڤاری (سروە)، ژمارە (١٦)،مهابات، ئێران، سالّی دووەم، ١٩٩٢، ل١٦ .
[٤] رِەشید محەمەد عەلی : س.پ، ل٧٠ .
[٥] چاوپێکەوتن لە گەلّ حەسەنی زێنی ، لە لایەن عەباسی ڤیدیۆوە، گوندی کلاّوقوت، سالّی(١٩٨٦).
[٦] فریاد شوانی : س.پ، ل٥٦ ؛ رِێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل١٢١.
[٣] عومەر فاروقی : تەریقەتی هەقە، ١٦.

بکەی، چونکە هاوسەرگیری بۆشاییەکی گەورەی ژیانی پیاوان پڕ دەکاتەوە و لە کۆمەڵێك سەرکێشی دەیپارێزێت.

٢-پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە خۆیان بە ئەندامی یەك خێزان زانیوە[١]، هەرچەندە هینی هارۆڵد هانسن بزووتنەوەی هەقە بە ڕێبازی بەرەڵایی و پێچەوانەی ئاین و زەمینە خۆشکەری بەزم و ڕابواردن و بلاوبوونەوەی بێشەرمی و تێکدانی پەروەردەی خێزان دەزانێت[٢]، بەلام چەندین مێژوونوسی کورد وەلامیان داوەتەوە و ئەو بۆچونانە بە تۆمەتی ناڕەوا و دژ بە بزووتنەوەی هەقە دەزانن[٣].

٣-شێخەکان و ڕابەرانی بزووتنەوەکە ژن و ژن خوازیان لەگەڵ خێزانەکانی تردا ئەنجام دەدا و خێزانیان پێکەوە ناوە[٤]. ئەمەش ڕۆڵی لە سەر پتەو کردنی شیرازە و ڕیزەکانی بزووتنەوەی هەقە هەبووە، لەگەڵ خێزانی هەژار و دەوڵەمەندەکانی تێکەڵ بوون و هەموو چینەکانی کۆکردۆتەوە و خۆیان بە خاوەن بزووتنەوەکە زانیوە.

## سێیەم : بارودۆخی خوێندن

لە ساڵی (١٩٣٤) بۆ یەکەم جار خوێندنگە لە گوندی شەدەڵە کرایەوە و نزیکەی چل خویندکاری هەبووە، بەشی زۆریان لە نەوەکانی شێخ عەبدولکەریم بوون[٥] .

هەڵبەتە بەراورد بە بارودۆخی ئابوری و کۆمەلایەتی ناوچەکە ئەم ژمارە خوێندکارە بە ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاو دادەنرێت، هەرچەندە ژمارەیەکیان لە ڕووی تەمەنەوە گەورە بوون، بە پێی پرەنسیپ و یاسا پەروەردەییەکان نەیدەگرتنەوە، بەلام شێخ عەبدوکەریم مامۆستای خوێندنگەی گوندەکەیان بۆ نانخواردن بانگهێشت دەکات و داوای لێ دەکات کە چارەسەرێك بۆخوێندکارە بە تەمەنەکان بدۆزنەوە و پێی دەڵێت ئەگەر دائیرەی مەعاریف ڕێی نەدا خوێندکارە بە تەمەنەکان بەردەوام بن لە پرۆسەی خوێندن ئەوا ناویان لە لیستی خوێندنگاکەدا تۆمار نەکات و خۆشیان (واتە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) قەڵەم و دەفتەر و پێداویستییەکانی خوێندنیان بۆ دابین دەکات و وەکو گوێگر لە خوێندنگەکە بمێننەوە، بۆ ئەوەی بێبەش نەبن لە خوێندن، مامۆستاش ڕەزامەندی لە سەر

[١] محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ، ل٢٦-٢٧.

[٢] کچانی کورد، ل٣٤٧ .

[٣] عەلی بۆسکانی : پێشەکی بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە، ل٥ ؛ جمال بابان : یاداشتنامە، ل١٨٢ ؛ محەمەد عەلی سوڵتانی : بزاڤی حقە لە کەرکوك،ل١٠٥ .

[٤] محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ، ل١٠٧.

[٥] محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ،ل١٦.

داواکارییەکەی پیشان دەدات[1]، هەروەها شێخ عەبدولکەریم داوا دەکات تێکرای منداڵەکان بە یەك چاو تەماشا بکات و جیاوازی لە نێوان منداڵەکانی خۆی و خەڵکی گوندەکە نەکات[2]، پشتگیری و پشتیوانی لایەنگران و پێڕەوانی بۆ درێژەدان بە خوێندن و خوێندەواری دەکرد و بەشێك لە منداڵی خێزانەکەیانی ناردۆتە سلێمانی بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن و گەیشتن بە پلەی بەرز لە بواری خوێندن و پەروەردەکردنیان، ئەم خوێندکارانەش دەرئەنجامی باش و پلەی باڵایان بە دەست هێنا[3].

لە سەردەمی مامەڕەزادا هاوشێوەی ناوچەکانی تری عێراق گرینگی زیاتر بە پرۆسەی خوێندن دراوە، لە زۆربەی نێوچەکانی بزووتنەوەی هەقە خوێندنگەی فەرمی کرایەوە و منداڵان نێردرانە سەر کورسیەکانی خوێندن و لە لایەن خانەقاوە پشتیوانی لە بەرەودان بە پرۆسەکە دەدرا و هانی مامۆستایان و پێڕوانیان دەدا کە بەشداری لەو خزمەتە مەزنەدا بکەن[4] ، بەلاّم لە لایەکی دیکەوە مێژوونوسان بۆچونێکی جیاوازیان سەبارەت بە دۆزی خوێندن لە نێو پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەدا هەیە و پێیان وایە لایەنگر و پاڵنەری پرۆسەی خوێندن نەبوون و دژایەتی بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەکەیان کردووە. لە گرینگترین ئەو مێژوونوسانەش شاکر فتاحە، ئاماژەی بە ڕێگری زۆر و ئاستەنگی قورس لە بەردەم کردنەوەی خوێندن و خوێندنگە لە کەلکەسماق دەکات، دەڵێت: " هەرچەندە سەرنجم دا نەمدیت شێخ خەمی خوێندن بخوات، زۆریان ماندوو کردم تاکو قەناعەتم پێهێنان واز لە تێکدانی خوێندنگایەکە بهێنن و ناچار بووم، هەندێك توندوتیژی بە کار بهێنم تاکو خەڵکەکە لەو تەمبەڵی و بەستەزمانیە ڕزگار بکەم"[5].

هەروەها شێخ حسێنی خانەقا دەڵێت: " شێخ و پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە ئارەزوویان لە برەودان بە خوێندن و کردنەوەی خوێندنگا نەبووە، ئەویش لە ترسی پەیدا بوونی خەڵکی ڕۆشنبیر و

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقایی شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

[2] محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ، ل١٦-١٧ .

[3] لە گرینگترین ئەو کەسانەی لە بزووتنەوەی هەقە و خانەوادەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە کە پلەی بەرزیان لە خوێندن بە دەست هێنا بریتی بوون لە ( مستەفا عەسکەری : کولێژی ماف زانکۆی بەغدا، تەهای کوڕی مامەڕەزا : کۆلێژی ماف زانکۆی بەغدا، دکتۆر عەلی عەسکەری دکتۆرای لە کشتوکاڵ لە ئەمەریکا، فایق عەبدولخالق عەبدولکەریم کۆلێژی لە زانکۆی بەغدا، محەمەد ڕەزا کولێژی ئەندازیاری لە ئەلمانیا (چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ١٧/ ٢٠١٠/١١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧).

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمە کەلکەسماق، خانەقایی کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

[5] ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٥ .

دەرکەوتنی چەند مەلایەکی نەیاری بە بیروباوەڕ و ڕەوشتەکانی بزووتنەوەی هەقە و نەوەکانیان بە گیانی دژایەتی و ڕەوشتە بنچینەیی و نێوخۆیەکانی بزووتنەوەکە پەروەردە بکەن" [1] ، پێمان وایە بزووتنەوە هەقە هاوکار و پشتیوان و پاڵنەری پرۆسەی خوێندن و کردنەوە خوێندنگە بوونە، بە لایەنی کەم بۆ ئەوەی نەوەکانی خۆیان بێبەش نەبن لە خوێندەواری زانست و زانیاری ئەگەر خەمی خەڵکی ترشیان نەبوو بێت، بەڵگەشمان ئەو ژمارەیەی پێڕەوانی بزووتنەوەکەیە کە لە پەراوێزی لاپەڕەی پێشەوەدا ناویان هاتووە و توانیویانە پلەی زانستی بەرز بە دەست بهێنن .

بەلاّم ئاغا و دەرەبەگەکان لە هەوڵی بەردەوام دا بوون بۆ ڕێگەگرتن لە کردنەوەی خوێندنگەی فەرمی و هەمیشە دژایەتی و ڕێگریان لێدەکرد، چونکە پێیان وابوو خوێندنگە هۆیەکە بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و پەیدا بوونی نەوەیەکی نوێی خوێندەوار، کە ملکەچی سیستەمی دەرەبەگایەتی و هیچ بڕیار و فەرمانێکی دەرەبەگەکان نابن و دەبنە هۆی لاواز کردنی ڕۆڵ و پێگەیان و لە دەستدانی بەرژەوەندییەکانیان، بۆیە لە نێوچە گوندنشینەکان و عەشیرەتەکاندا تاکو شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ئەم نەیاریە بەردەوامی هەبووە، بەلاّم شۆڕشی ١٩٥٨ گەشە و برەوی بە پرۆسەی خوێندن و کردنەوەی خوێندگای فەرمی داو نێوچەکانی بزووتنەوەی هەقەش لە کردنەوەی دەرگای خوێندن بەڕووی خەڵکی کوردستاندا سودمەند بوون .

## چوارەم : بواری ڕۆشنبیری

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی هەموو بزووتنەوەیەك بونی بوارێکی ڕۆشنبیری گشتییە کە هەناسە و گەشە و مانەوەی لە سەر بەندە، ئینجا ئەو بوارە ڕۆشنبیرییە ئاینی و مەزهەبی بێت یان نەتەوە و نیشتمان بێت ، ڕۆشنبیری بزووتنەوەی هەقەش وەك یەکێك لە بزووتنەوە سۆفیگەری و کۆمەلاّیەتییە دیارەکان خۆی لە بیروباوەڕی ئاینی بە گشتی و قورئان و وتەکانی پێغەمبەر و شێخ و ڕابەراندا بە تایبەتی دەبینیەوە، بە واتایەکی تر ڕۆشنبیری گشتی بزووتنەوەی هەقە هەڵچنراوی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامە و لەو چوارچێوەیە تێپەڕ ناکات، بە تایبەت لە سەردەمی شێخ عەبدولکەریمدا [2]، دواتر خانەقا و تەکیەکان، کەناڵی ڕۆشبیری و قوتابخانەی بلاّوکردنەوە و سەنتەری وشیاری و دەرکردنی بڕیارە ئاکاری و پەروەردەی زانستیانە و دامەزراندنی دستمایەیەکی

[1] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٧٧.

[2] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ١٧/ ٢٠١٠/١١ .

گیانی(روحی) تاکەکانی بزووتنەوەی هەقە بووە.[١] چونکە زۆرینەی کۆڕو کۆبونەوەکانیان لە خانەقا و تەکیەکانەوە دەردەچوو.

هەرچەندە ئەم تێزە بە شێوەیەکی سادەو ساکار لە چوار چێوەی چیرۆك و وتار و قسەی نەستەق و وتەی بە نرخ و ئامۆژگاری بایەخدار و سەرگوزشتە و بە سەرهاتی باوباپیران و ژیانی پێغەمبەران و یاوەرانیان دەستی پێکرد، بەلاّم بەردەوامی گفتوگۆ و بیرورا گۆڕینەوە و دروست کردنی کۆڕی گفتوگۆ و قسە کردن دەربارەی لۆژیك و بیرکردنەوە و پرسیار سەبارەت بە دروست کەر(خالق) و یەکتاپەرستی (وحدانیەت) و دۆنادۆن (تناسخ الارواح) هێنایە کایەوە[٢]، هەرچەندە ئەم دەستەواژانە گەورەن و لە سەر ئاستی سەنتەرە گرینگەکان و زاناکانەوە کاریان لە سەر کراوە، بۆیە ناکرێت باوەڕ بەوە بکەین کە ئەم بزووتنەوەیە توانای شیکاری لێکدانەوەی ئەم دەستەواژانەی هەبوبێت، بەلاّم مامەڕەزا بەردەوام بوو لە گەیاندنی بیروبۆچوونەکانی بۆ نێو پێڕەوانی لە ڕێگەی کۆمەلّێك کەسایەتی شارەزا و لێهاتوو، کە بە برا گەڕۆکەکان ناسرا بوون، ئەمانە شارەزای و ڕەوانبێژیان لە مریدەکانیان زیاتر بوو.[٣]

دیاردەی گەڕان و بەسەرکردنەوەی نێوچەکان و تێکەلّی لەگەلّ جوتیاران و هەژاراندا، بناغەیەکی پتەوی لێکتر نزیك بونەوەی هێنایە کایەوە و توانی خۆی لەگەلّ ئازار و مەینەتی و داواکارییەکانی زۆربەی چین و توێژەکاندا بگونجێنێت و کار بۆ وشیار کردنەوە و بلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیری سیاسی و کۆمەلاّیەتی جوتیاران و زەحمەتکێشان و ماف خوراوەکان بکات، هەولّی ڕزگاری و ئازادی و دادپەروەری بە تێکرایی چین و توێژەکان لە سەردەمی گەشەی تەمەنیدا بگەیەنێ[٤]، بەرجەستە بوون و پیادەکردنی ڕۆشنبیری کۆمەلاّیەتی، لە بزووتنەوەی هەقەدا، فاکتەری بەهێزی ڕەنگ گرتنی بزووتنەوەکە و تێکەلّبوونی بە پرۆسەی سیاسی و بەشێکی دانەبڕاوی ئازار و مەینەتییەکانی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بوو.[٥]

---

[١] هاوڕێ باخەوان : س.پ، ل٦٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەلّ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمگرون، ٢٠١٠/١١/٨.

[٢] مستەفا عەسکەری : س.پ، ل٣٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەلّ هاوڕێ کاکەحەمەی کەلکەسماق، خانەقایی کەلکەسماق، ٢٠١٠ /١١/١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەلّ عارف تەیفور، شاری هەولێر، ٢٠١١/٥/٨.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەلّ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

[٤] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٥ ؛ چاوپێکەوتن لەگەلّ ئامانج تەها، ناحیەی دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەلّ عارف تەیفور، شاری هەولێر، ٢٠١١/٥/٨.

[٥] محەمەد ڕەئوف تەوەکلی : مێژووی سۆفیگەری لە کوردستان، ل٢٦٠ .

بارودۆخی نێو خۆی بزووتنەوەی هەقە و ئەو زەمینە ڕۆشــنبیریەی لــە نێــو بزووتنەوەکــەدا هەبوو، ڕەنگدانەوەی لە ســەر کاروکردەوکــانی تاکــەکانی پێڕەوانــی بزووتنەوەکــە هــەبوو، خانــەقاو تەکیەکان شوێنی چارەسەری کێشــەکان بــوو هــەولیان دەدا کێشــە و ناکۆکییــەکانیان بــۆ دادگــا و بنکەی پۆلیس نەگوازنەوە، بەڵکو لە تەکیە و خانەقادا چارەسەری بۆ دەدۆزرایەوە، هــەروەها خۆیــان لە کێشە و ئاژاوە دەپاراست و هەوڵیان دەدا کێشە بۆ کەس دروست نەکەن و تــاوان ئــەنجام نــەدەن و ماڵ و موڵکی خەڵکی تر داگیر نەکەن[1]، ئەمەش زەمینەی ئاشتیخوازی و هــێمنی و ســەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ نێوچەکانی بزووتنەوەی هەقە ڕەخساند بوو، بە تایبەتی بزووتنەوەی هەقــە دژی هەڵگرتن و بە کارهێنانی چەك و یەکلاکردنەوەی کێشەکان بە توندوتیژی بوو[2] .

تەنانەت مامەڕەزا کە ڕابەری بەشی سەرەکی بزووتنەوەکە بوو، ئامۆژگاری مریدەکانی دەکات و دەڵێت: " ئەگەر لە شوێنێکدا توشی کێشە و گیروگرفت هاتن، پێویســتە زۆر هــێمن و لــە ســەر خۆبن و هەڵنەچن، کاتێك لێیاندان و غەدریان لێکردن ئێوە داوای لێبوردن بکەن، بۆ ئــەوەی ڕێگــری لە بلاوبونــەوەی کێشــە بکــەن"[3]، جێگــەی باســە ئــەم وشــیاری و ڕۆشــبیرییەی لــە ڕابــەرەکانی بزووتنەوەکــە دا هــەبووە، ڕاســتەوخۆ لــە پێڕەوانیانــدا ڕەنگــی داوەتــەوە و کاریگــەری لــە ســەر هەڵسوکەوت و کاروکردار و شێوازی مامەڵە و بیرکردنەوەیان دروست کردووە .

## پێنجەم : برایەتی

یەکێك لە گروپە بە هێز و خاوەن پێگــەی جــەماوەری بزووتنــەوەی هەقــە مامــە ڕەزایــەکان بوون، توانیان درێژە بە گەشەکردنی پێڕەوانیان بدەن و بەردەوام بن، زۆرینەی پێڕەوانــی بزووتنەوەکــە لە چوارچیوەی پەیامەکەی کۆ بکاتەوە، مامەڕەزاش بە مەبەستی دۆزینەوەی جێگرەوە(بــدیل)ی بــۆ تەریقەت و تەلقین دان برایەتی هێنایە کایەوە[4]، برایەتی لە دیدی بزووتنــەوەی هەقــەدا بــە مانــای ڕەفتاری برایانە و چاندنی گیانی تــەبایی و خۆشەویســتی و وەفــاداری و دابــین کردنــی یەکســانی و پیادەکردنی دادپەروەری و ڕەخساندنی پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانە دێت، کە سەرچاوەی بەختــەوەری و

---

[1] جمال بابان : یاداشتنامە، ل١٨٢ .

[2] جەعفەر (فازل کەریم ) : ئیداری کوردی ئاستەنگ و ململانێ، ل ٧٢-٧٣ .

[3] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤-٦٥ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، ناحیەی دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠ .

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکەحەمەی کەلکەسماق، خانەقایی کەلکەسماق، ٢٠١٠ /١١/١٤

؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

ئاسودەیی و گرێدانی پێڕوانی بزووتنەوەکە، وەکو یەك خێزانی گەورە و دوور لە جیاوازی چینایەتی و لە خۆبایی بوون و یەکسانی بەرهەم و دوور کەوتنەوە لە سەرمایەداری و خاوەنداریێتی تایبەت و دروست کردنی پردی پەیوەندی و هاوسۆزی لە نێوان تاکەکانی بزووتنەوەکەدا[١].

بە هەمان شێوە خوشکایەتیش لە نێو پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەدا هەبووە وپشتیوان و هاوکاری یەکتر بوون، بێ ڕەچاوکردنی جیاوازی ڕەگەزی و چینایەتی[٢]، تێکڕای ژنەکانیان جگە لە خێزانی تایبەتی خۆیان بە خوشکە بانگ دەکرد و هەردوو ڕەگەزدا ڕێزی زۆریان لە یەکتری گرتووە[٣]، ئەم برایەتی و خوشکایەتیە بە داهێنانی مامەڕەزا دادەنرێت و سەردەمێکی نوێ و دەرگایەکی تازەی لە بزووتنەوەی هەقەدا کردەوە، بە تایبەتی لە و چاکسازییە کۆمەلایەتیانەی لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لەنێو پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەدا خستیە بواری جێبەجێ کردنەوە [٤]، بە شێوەیەك تاکو ئەمرۆش لە نێو پێڕەوانیدا کاریگەری ماوە.

## شەشەم : پاك و خاوێنی

پاکی و پاراستنی تەندروستی تاك و خێزان وکۆمەڵ یەکێکە لە ڕەوشت و ئامۆژگارییە گرینگەکانی بزووتنەوەی هەقە، کە لە دەستپێکی بەرنامەکان دایە، ڕێنمایی پێڕەوانیان کردووە، کە هەمیشە جل بەرگەکانیان خاوێن و ڕازاوە و جێگەی سەرنج بێت و ڕۆژانە ریشیان دەتاشی و گرینگیان بە کەل و پەلی ناوماڵ و پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان دەدا و جلەکانیان زوو دەشۆری و بە پێلاوەوە نەدەچونە نێو تەکیە و خانەقاوە[٥]، ئەگەر یەکێك سەرپێچی بکردایە سزا دەدرا، زۆربەی کات سزاکەیان شەکر و هێلکە هێنان بوو بۆ ئەو شوێنەی، کە سەرپێچی تیادا ئەنجام درابوو[٦] .

---

[١] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٥ ؛ جوان بەختیار : م.س، ص٨٣ ؛ محەمەد عەلی سوڵتانی : ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٥٨ .

[٢] عزەدین مستەفا ڕسوڵ : سۆفیزم لە شعری کوردیدا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە(١٠٧)، ١٩٨٥ .

[٣] ڕەشید محەمەد عەلی : س.پ، ل ٧٢ .

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەبیحەخان، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فازل معروف حەسەن، گوندی حاجی جردیس لە نێوچەی شوان،٢٠١٠/١٢/٢٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم حەمەتاهیر حەمەدەمینی مەلحە، ناحیەی ڕاپەرین، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

[٥] رفیق مجید : م.س، ص١٦٥ ؛ محەمەد عەلی سوڵتانی، ل١٠٤ .

[٦] مسعود محەمەد : گەشتی ژیانم، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە(١٠٥)، لە بەرواری ١٩٨٥ ؛ شاکر فتاح : ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٤ .

جێگەی باسە بزووتنەوەی هەقە ئامۆژگاری پێڕەوانیان کردووە، کە بەردەوام قاتێکی نوێ و جوان و پاك و خاوێنیان لە ماڵەوە هەبێت و بۆ هەر شوێنێك دەرچون بە جل وبەرگی جوانەوە بڕۆن، با جیاوازیتان لەگەڵ خەڵکانی تردا پێوە دیار بێت[1]، ئەگەر جل و بەرگی نوێشتان دەست نەکەوتوو لە تواناتاندا نەبوو بیکرن، پێویستە خاوێن بێت، ئەگەر جلەکان پینەشیان پێوە بێت[2]، پیادەکردنی ئەم ئامۆژگاری و دیسپلینانەی بزووتنەوەی هەقە، بە مەبەستی گرینگی دان بە بواری تەندروستی و کەمکردنەوەی جیاوازی لە نێوان چینەکان و سەقامگیر کردنی دەروونی هەژاران و کەم درامەتەکان بووە، بە تایبەتی لەو بارودۆخەدا تەنها دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان و ئاغاکان پۆشاکی نوێ و جوانیان لە بەر دەکرد .

[1] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکەحەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

[2] چاوپێکەوتن لە گەڵ شالاۆ عەلی عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨ .

## باسی سێیەم: پلە و پایەکانی نێو بزووتنەوەی هەقە

### یەکەم : شێخ یان ڕابەر

تەریقەت و ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە لایەن ڕابەرێکی گیانی(روحی)یەوە پێشەواییان دەکرێ، بە شێوەیەکی گشتی بە شێخ ناسراوە[١].

شێخیش لە کۆمەڵگەی کوردیدا جێگەی بایەخ پێدانە و خاوەن ڕێزێکی گەورەیە و سەرپەرشتی هەموو کاروبارەکانی ئاینی و بەڕێوەبردنی خانەقا و تەکیەکان وچارەسەری کێشە کۆمەلاّیەتیەکان و بڕیاردەری چۆنیەتی مامەڵەکردنی سۆفی و مریدەکان و سەرپەرشتی ڕێوڕەسمەکان و ڕەوشت و شێوازی هەڵسوکەوتی سۆفی و مریدەکان دەکات[٢]، زۆربەی کاتەکانیان سەرقاڵی پێشکەشکردنی وتار و ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنە بە خوێندکار و سۆفی و مرید و میوانانی خانەقایە، پێڕەوانیشیان بە دڵسۆزی و ڕێزی تەواوەوە مامەڵە لەگەڵ شێخەکانیان دەکەن و بە گوێڕایەڵی و ملکەچیەوە لە بەردەمیاندا ڕادەوەستن و چاوەڕوانی فەرمان و فەرمایشتی شێخەکانیان دەبن، زۆرجاریش لە بەردەمیاندا چۆك دادەدەن و دەستیان ماچ دەکەن[٣].

پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەش گوێڕایەڵی تەواوی شێخ و ڕابەرەکانیان دەبن، زۆربەی شەوەکانیش گوێبیستی وتاری ئاینی و ئامۆژگاری و ڕێنمای شێخەکانیان دەبوون و ڕۆژانەش چاودێری کاروکردارەکانی خانەقایان دەکرد و بەشدار دەبوون لە ئیش و کاری سۆفی و مریدەکان و وەکو جوتیارێك مامەڵەیان دەکرد و خۆیان لە مریدەکان جیانەدەکردەوە[٤]، زەویان لە جوتیاران زیاتر نەبووە و جگە لەوەی جەماوەری فراوانیان هەبووە، بەلاّم بیریان لە داگیرکردنی موڵك و زەوی و زاری جوتیاران نەکردۆتەوە و بەشداریان لە خۆشی و ناخۆشیەکانیاندا کردووە و لە کاتی پێویستیدا هاوکار و پشتیوانیان بوون[٥]

---

[١] ا.م.منتیشاشفیلی : کورد، و:عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چ٢، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨، ل٥٧ ؛ Ahmet T. karamustafa : op.cit, p114.

[٢] ا.م.منتیشاشفیلی : هـ.س.پ، ل٥٦.

[٣] فلادیمیر مینورسکی : بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، و:نەجاتی عەبدوڵا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧٦ .

[٤] هاوڕێ باخەوان : س.پ، ل٦٦-٦٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق ، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠ .

[٥] بێ ناوی نوسەر : سیفاتەکانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە، گۆڤاری (شمشارە)، ل٢٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ شالاّو عەلی عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨.

## دووەم : سەرتەكیە

دوای كۆچی دوایی شێخ عەبدولكەریم، بەخشین و پێدانی تەریقەت و تەلقین دان كۆتایی هات، مامەڕەزا لە بزووتنەوەی هەقە دەركەوت و ڕوخسار و سیمای بزووتنەوەكەی لە بزووتنەوەیەكی ئاینیەوە گۆڕی بۆ بزووتنەوەیەكی كۆمەلاٌیەتی و ئابوری، چەندین بنەما و دیسپلینی گرینگی بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی كردن و ئاراستە كردنی پێڕەوانیی بزووتنەوەی هەقە دانا، سەرەتای كارەكانی دابەش كردنی دەسەلاٌت و ئەركەكان بە سەر چەند كەسایەتییەكی دیاری بزووتنەوەكە لە ناوچە جیاجیاكان دەستی پێكرد. میكانیزمی بەڕێوەچونی ئەم پرۆسەیەش بەم شێوەیە بەڕێوە دەچوو، لە هەرگوندێك دا كە ژمارەیەك خێزانی پێڕەوی بزووتنەوەی هەقەی تیادا نیشتەجێ بوو، خانویەكیان تایبەت دەكرد بە شوێنی كۆڕ و كۆبونەوە و وتاردان و گەیاندنی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەكان و وەرگرتنی پرس و ڕا و خواپەرستی و چارەسەركردنی كێشەكان و گێڕانەوەی سەرگوزشتە و بەسەرهاتەكانی باوباپیران و كەراماتەكانی شێخ و ... هتد، بەو شوێنەش دەوترا تەكیە[1].

لە هەمان گوند یان شار و شارۆچكە كەسێكی شیاو و لێهاتوو زیرەك و بە توانا و ڕەوانبێژ و شارەزا لە ئاین وەك سەرپەرشتیاری تەكیە بۆ چارەسەر كردنی كێشە كۆمەلاٌیەتییەكان دەست نیشان دەكرا و بە سەرتەكیە دەناسرا[2].

كار و ئەركی گرینگی سەرتەكیەكانیش بەڕێوەبردنی كاروباری تەكیەكە و گەیاندنی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و بڕیارەكانی خانەقا بوو بۆ پێڕەوانی بزووتنەوەكە و پێشوازی كردن لە میوانەكان و كۆكردنەوەی ئابونە(واجبات)ی مانگانەی پێڕەوانی بزووتنەوەكە و سەرپەرشتی چارەسەر كردنی كێشەكانی كردووە، ئەگەر هەر چارەسەر نەكرایە، ئەوا ئاراستەی خانەقا دەكرا و ڕابەری بزووتنەوەكە بەشداری لە چارەسەر كردنی كێشەدا دەكرد و كۆتایی پێدەهێنا، ئەمەش وای كردبوو تەكیەكان و خانەقاكانی بزووتنەوەكە ڕۆڵی دادگا و ئەركی پۆلیسیش بگێڕن[3]. هەروەها تەكیەكان

---

[1] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٣-٦٥ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ كەریم حەمەتاهیر حەمەدەمینی مەلٌحە، ناحیەی ڕاپەرینی سەر بە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ عومەركاكە حەمەی كەلكەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ هاوڕێ كاكە حەمەی كەلكەسماق، خانەقای كەلكەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

[2] محەمەد عەلی سولٌتانی : بزاڤی حەقە لە كەركوك، ل١٠٦.

[3] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٣-٦٥ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ عوسمان محەمەد گدرون، لە ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٨ .

قۆناغی بەستنەوە و بەیەك گەیاندنی ناوچە جیاجیاكانی بزووتنەوەی هەقە بووە، هاوشێوەی بارەگای پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكان، هەركاتێك پێڕەوێكی بزووتنەوەكە بەو ناوچەیەدا تێپەڕی كـرد بێـت لە تەكیەكەدا حەساوەتەوە و پشوی داوە[1] .

ژمارەی گشتی تەكیەكانیش لـە تێكـڕای نێوچـەكانی بزووتنـەوەی هەقـە (٦٢) تەكیـە بـووە[2]، سەرتەكیەكانیش لە سەر بنەمای لێهاتووی و دڵسۆزی بۆ بزووتنەوەی هەقـە دادەنـرا، بـێ جیـاوازی دەوڵەمەندی و هەژاری و ڕەگەزی نێر و مێ.[3]

ئەم سەرتەكیانە ڕۆڵی زۆریان لە كەمكردنەوەی ئەركـەكانی خانـەقا و بـەڕێوەبردنی كارەكانـدا بینیوە و كاریگەریشیان لە سەر ڕاكێشان و كۆكردنـەوەی خـەڵكی لـە دەوری ڕێبـازی بزووتنەوەكـە هەبووە.

---

[1] مستەفا عەسكەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٧٩-٨٠.

[2] لە گرینگترین ئەو تەكیانە و ناوی سەر تەكیەكان، ئەمانەی لای خوارەوە بوون :

١-تەكیەی سلێمانی سەر تەكیەكەی مەلا سابیری سۆفی دواتر حاجی محەمەد كوێرەكانی بوو.

٢-تەكیەی كەركوك سەر تەكیەكەی حەمە بۆر دواتر محەمەدمین عەرەب بووە.

٣- تەكیەی گوندی عەسكەر سەر تەكیەكەی كاكە ڕەزای كاكە عەلی بووە.

٤- تەكیەی گوندی هەنجیرە سەر تەكیەكەی حەمە عەزیزی كوڕی كوێخا عەبدوڵا بووە.

٥ — تەكیەی گوندی دولكان سەرتەكیەكەی ڕەشید عەلی ئاغا بووە.

٦- تەكیەی گوندی سێكانیان سەر تەكیەكەی محەمەد عەبدولا ناسراو بە حەمە شەل بووە.

٧-تەكیەی گوندی سەرمۆرد سەر تەكیەكەی عەبدوڵا حەسەن بووە پاشان كاكەمینی سەرمۆرد بووە.

٨-تەكیەی گوندی قزڵو سەر بە ناحیەی ئاشتیە سەر تەكیەكەی محەمەد قوربانی بووە.

٩-تەكیەی گوندی شیلە سەر بە قەزای كۆیەیە سەر تەكیەكەی سۆفی نەبی بووە

١٠-تەكیەی گوندی قۆمەرغان سەر بە ناحیەی سورداشە سەر تەكیەكەی خوشكە خانم بووە

١١-تەكیەی گوندی بۆگد سەر بە ناحیەی ئاشتیە سەر تەكیەكەی خوشكە فاتم بووە.

١٢-تەكیەی گوندی سێدەر سەر بە ناحیەی بنگردە سەرتەكیەكەی خوشكە مانە ناسراو بە مانە شەل بووە.

١٣-تەكیەی گوندی كانی سارد ناوچەیەكە لە نزیك قەزای دوكان سەر تەكیەكەی خوشكە خەجێ بووە (مستەفا عەسكەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٨٠-٨١).

[3] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٣-٦٥ چاوپێكەوتن لە گەڵ عارف حەسەن ئەحمەد، شاری سلیمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٠.

## سێیەم : برا سەیار

بەشێك لە بزووتنەوەی هەقە، بۆ سەرپەرشتی و بەڕێوەبردن و گەیاندنی پەیامەکانی خانەقا بۆ نێوچە جیاوازەکانی نیشتەجێی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە و پاش کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم، مامەڕەزا گروپی دوو کەسی پێکهێنا لەو کەسانەی خاوەن کەسایەتییەکی تایبەتی بوون و هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بزووتنەوەکەدا بوون و وازیان لە کار و کاسبی و ماڵ و منداڵ هێنا بوو، خۆیان بۆ بلاٌوکردنەوە و تەبلیغاتی بزووتنەوەکە تەرخان کرد بوو، پێیان دەوترا برا گەڕۆکەکان، لە نێو بزووتنەوەکەدا بە برا سەیار ناسراوە بوو[١]، برا گەڕۆکەکان لەو کەسانە پێك دەهات کە خاوەن قسەی شیرین و شارەزا لە هەڵبژاردنی وتەکان و بە ئەزمون بوون لە ژیاندا و ڕادەی وشیارییان لە خەڵکی بەرزتر و ڕەوانبێژ و دیار و ناسراو بوون[٢]، کاری سەرەکیان گەیاندنی ڕەوشت و پەیام و ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی خانەقای کەلکەسماق و ئاشکرا کردنی لایەنە ئەرێنییەکانی بزووتنەوەی هەقە و کۆکردنەوەی ئابونە لە کۆی سەر تەکیەکان و پەیدا کردنی دۆست ولایەنگر بوو بۆ بزووتنەوەکە.[٣]

زۆرینەی برا گەڕۆکەکان بنچینەکانی ئاینی ئیسلامیان فەرامۆش کرد بوو، بە بیانوی وازهێنانیان لە ژیانی دونیا و گرینگی نەدان بە ژیانی تایبەتی و خێزانداری و فرۆشتنی ماڵ و موڵك و زەوی زار، گوایە گەیشتونەتە پلەیەك( حاڵەتێکی دەروونی، لە نێو بزووتنەوەکەدا بە شێت ناوبراوە و شانازیان بەم ناونیشانەوە دەکرد و بانکەشەیان بۆ شێتی تەریقەت دەکرد)، ئیتر ئەرکی جێبەجێکردنی فەرزەکانییان لە سەر نەماوە[٤]، ئەم برا گەڕۆکانە نوێنەری مامەڕەزا بوون و فەرمانەکانیان جێبەجێ دەکرد[٥]، ئەو کارانەش سیمای پارتێك ئەم سەردەمەیان بە بزووتنەوەکە بەخشی بوو.

---

[١] کەریم زەند : ئاینستان، ل٢٠٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد، شاری کەرکوك ٢٠١١/٢/٢٥.

[٢] محەمەد عەلی سولتانی : بزاڤی حەقە لە کەرکوك، ل١٠٦ ؛ محەمەد رئوف تەوەکلی : س.پ، ل٢٦١ .

[٣] جمال باجلان : م.س، ص٣٤

[٤] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤-٦٥ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم حەمەتاهیر حەمەدەمینی مەڵحە، ناحیەی (ڕاپەڕین) ی شاری سلێمانی ٢٠١٠/١١/٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

[٥] ژمارەیەکی زۆری برا گەڕۆکەکان کارەکانیان ئەنجام دەدا وەکو مرۆڤێکی نائاسایی لە ڕوی عەقلەوە مامەڵەیان دەکرد، بەلاٌم لە بنەڕەتدا خەڵکی ژیر و ورياو تێگەیشتوو بوون، دیارترین ئەو کەسانەش ئەمانە بوون ( مستەفای مەلا ساڵح لە گوندی ئیلەلاٌی دەشتی کۆیە، شێخ ئەبوبەکر شێخ عەبدوڕەحمان لە سەرگەڵو، سەید عەلی سید محەمەدەمین لە گوندی کانی هەنجیر لە ناوچەی سورداش، قادر فەرەج لە قۆمەرغان، ڕەشید مستەفا لە نێو دزرییەکان، ئەحمەد ساڵح ناسراو بە ئەحە شەڕبەلە لە هەڵەدن، سەید عەلی لە گەورە دێ، سەید عەبدولاٌ لە

## چوارەم : برای موخلیس

بزووتنەوەی هەقــە لەژمارەیــەك پێــڕەوان پێــك دەهــات و پێگــەی جــەماوەریان كــەوتبووە ناوچەكانی شاری سلێمانی و كەركوكەوە، تێكڕای ئەو پێڕەوانەی لە شار و شارۆچكەكان و لادێكانــدا نیشــتەجێ بــوون و دڵســۆزی و لایــەنگیری و پێــڕەوی تــەواویان بــۆ بزووتنــەوەی هەقــە و ڕابــەر و خانەقاكەیان پیشانداوە، بە برای دڵسۆز، لە نێو بزووتنەوەكەدا بە (برا مخلیس) ناسرا بوون[1]، ئەم برا دڵسۆزانە زۆربەیان لە جوتیاران پێكهاتبوون، ئەمەش بــۆ ئــەو ســەرخانە فیكریــە دەگەڕایــەوە، كــە بزووتنەوەكە هەڵیگرتبوو، خۆی بە بەرگریكاری ئەو چین و توێژانە دەزانی كە لە ژێر جەور و ستەمدا دەیاننالاند، بزووتنەوەی هەقە زۆرینەی پێڕەوانی پشت گوێ نەدەخست لە كــاتی كارەســات و ڕوداوو كێشەكاندا بە هانایانەوە دەچوو و دڵسۆزی خۆی بۆ دەنواندن[2] .

سەرەڕای بەشداریكردنی تێكڕای برا موخلیسەكان لە كۆڕ و كۆبوونەوە و ڕادەربــڕین و گفتوگــۆ كردن و ڕەخنەگرتن و بەدواداچوون و لێپرسینەوە بێ جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێــر و مێــدا[3]. لــەم بارەیەوە محەمەد ڕەئوف زوهدی دەڵێت: ( مامە ڕەزا وتویوتی لە نێــو ئێمــەدا، چ پیــاو چ ژن، بــۆی هەیە، لە هەموو شتێكی گەورە و بچوك بپرسێتەوە، هــەموو لایــەنگران و پێڕەوانمــان دەتــوانن بــەو پەڕی ئازادیەوە لە هەموو شتێك بدوێن و ڕەخنە بگرن، هەموو كەسێكمان بــەش بــە حــاڵی خۆمــان بۆمان هەیە دەست بخەینە سەر كەم و كوڕی و لە ڕەوشت لادەر یان درێخی كــەر ســزا دەدرێــت)[4] ، ئەم شێوازی بەڕێوەبردن و مامەڵەكردنەش، بزووتنەوەیەكی تۆكمە و خاوەن ڕێكخستنێكی بە هێــزی دروست كرد، وەكو لە كاتی گرتنی مامەڕەزادا دەركەوت، كە ژمارەیەكی زۆری بزووتنــەوەی هەقــە، بە مەبەستی بەردانی مامەڕەزا لە شاری كەركوك ئەنجامیاندا.

---

سەرگەڵوو، شێخ عارف لە ئیلەلاً، شێخ محەمەد شێخ مستەفا ناسراو بە كاكەدین لە سەرگەڵوو، شێخ سەلیمی شێخ ئەحمەد لە سەرگەڵوو، ئیسماعیل هەنجیرە ناسرا بە سمایلە قوچ، ساڵح ئیسماعیل ناسراو بە مزگەر، خدر سابلاغی خەڵكی مهابات... ) ( مستەفا عەسكەری ئاوڕدانەوە لە بزووتنەوەی هەقە، ل٨٢).

[1] كەریم زەند : ئاینستان، ل٢٠٢ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ عەبدولای لالە مەولودی ئۆمەرگومەت، ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٠/١١/٢٠ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ كەریم حەمە تاهیر حەمەدەمینی مەڵحە، ناحیەی (ڕاپەڕین) ی شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ محمود كاكە حەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

[2] محەمەد عەلی سولتانی : بزاڤی حەقە لە كەركوك، ل١٠٦ ؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ عارف حەسەن ئەحمەد، شاری سلیمانی،٢٠١٠/١٢/٢٠ .

[3] جەعفەر(فازل كەریم) : ئیداری كوردی و ئاستەنگ و ململانی، ل٧٠.

[4] بۆ لە هەقە كەوتنە تەقە، ل١٦٥.

**بەشی چوارەم: بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بزووتنەوەی هەقە**

**باسی یەکەم: بنەما ئابورییەکان**

**( یەکەم : ئابوری هاوبەش**

**دووەم : کشتوکاڵ**

**سێیەم :ئەرکەکان( واجبات )**

**چوارەم : دیاری**

**پێنجەم : پیشەوەری )**

**باسی دووەم : کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی هەقە.**

**یەکەم : شێخ عەبدولکەریم و مەلای گەورەی کۆیە.**

**دووەم : شێخ عەبدولاّی عەسکەر و سەید ئەحمەدی خانەقا .**

**باسی سێیەم : پێوەندییە کوردستانییەکانی بزووتنەوەی هەقە.**

**یەکەم: لەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندی دا.**

**دووەم: بە شێخ محمودی حەفیدەوە.**

**سێیەم: بە ئاغاو دەرەبەگەکانەوە.**

**چوارەم : لەگەڵ بارزانیەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان.**

**پێنجەم : لەگەڵ کۆماری کوردستاندا.**

**باسی چوارەم : پێوەندییە عێراقییەکان.**

**یەکەم : لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقدا.**

**دووەم : بە حکومەتی عێراقیەوە.**

**سێیەم : بە دەسەڵاتی بەریتانی لە عێراقدا.**

# باسی یەکەم

# بنەما ئابوورییەکان

## یەکەم : ئابووریی هاوبەش

پراکتیزەکردنی ئابووریی هاوبەش لە نێو پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقـەدا یەکێکـە لـە ڕەوشـت و بنـەماکانی ئـەو بزووتنەوەیـە، کـە لـە مـاوەی گەشەسـەندنی دا شـێوە سۆسیالیسـتی مـەدەنی پێبەخشیوە، هەرچەندە سۆسیالیستییەکە لە قاڵبێکی سەرەتایی دا بووە، بـەڵام بزووتنـەوەی هەقـە توانی بیکاتە بەرنامەی کارەکانی و لە سەر زەمینی بزووتنەوەکەدا جێبـەجێی بکـات، بـە جۆرێـك لەگەڵ ئاستی وشیاری کۆمەڵگە و ڕادەی بەرهەم هێنان و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی تـاك و خێزانـدا یەك بگرێتەوە و هەموو تاکێك بە پێی پێداویستی خۆی لەم پرۆسـەیە سـودمەند بێـت[1]. بنـەما و پرەنسیپەکانی شێوە سۆسیالیزم لە نێو پێڕەوانی حەمەسوردا چڕتر کاری لـە سـەر دەکـرا ، پێکـەوە کارەکانیان ئەنجام دەدا و شەوانە کۆدەبونەوە و زۆرینەی ئەوپێڕەوانـەیان بانگهێشـت دەکـرد کـە لـە گونـدی کلاوقـوت دەژیـان، دوای پێشـکەش کردنـی وتـاری ئامۆژگـاری و ڕێنمـایی پێڕەوانـی، کاروبارەکانی ڕۆژی داهاتوو دابەشـدەکرا بـێ ئـەوەی هـیچ کەسـێك فـەرامۆش بکرێـت بـە خـودی حەمەسوریشەوە[2].

لە گرینگترین کارەکانیش کشتوکاڵ و شوانکارە و جۆلاّیی و کورتان دورین و تەسـبیح و لیفکـە دروست کردن و دارهێنان و چەقۆ تیژکردن...هتد، بە هیچ شێوەیەك جیـاوازی لـە نێـوان پێڕەوانـدا بەدی نەدەکرا و ژیانێکی هەرەوەزی سادەیان ڕەخساند بوو[3] .

حەسەنی زێنی کەسایەتی دیاری بزووتنەوەکە بوو، بـە پلـەی دووەم دوای حەمەسـور دەهـات، کاروبارەکانی بازاڕ و کڕینی خۆراکی پێویست و جلوبەرگی لە ئەستۆدا بوو، ساڵانە دوو جار پۆشاکی بۆ پێڕەوان دەکڕی بە یەکسانی بە سەریاندا دابەشی دەکرد[4]، هەرچەندە لە ساڵێکدا دوو جار پۆشاك کڕین کەمە، بەڵام خراپی بارودۆخی ئابوری و گرانی بژێوی ژیان و قورسی بەڕێوەبردنی خێزان کـاری

---

[1] محەمەدی مەلا کەریم : وەختی ئەوە هاتوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزینەوە؟، ل٢٣ ؛ فواد قەرەداغی : سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە گەوهەری سۆسیالیزم، گۆڤاری (دوارۆژ)، ژمارە (١)، سلێمانی، ١٩٩٤، ل٣٧ ؛ محەمەد رەئوف زوهدی : س.پ، ل٢٦.

[2] هاوڕێ باخەوان : س.پ، ل٦٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان لە شەوی ٢٠٠٨/٩/٨/٧، کاتژمێر ٩:٢٥-١٠:٠٠ شەو.

[3] فریاد شوانی : س.پ، ل٥٧ ؛ هاوڕێ باخەوان : هـ.س.پ، ٦٨.

[4] رفیق مجید عبدالله : م.س، ص١٦٧ .

کرد بووه سەر بزووتنەوەی هەقە بەگشتی و پێڕوانی حەمەسور بە تایبەتی، تەنانەت حەمەسوریەکان وازیان لە خواردنی چا و جگەرەکێشان هێنا، حەمەسور هۆکاری تەرك کردنی چای بۆ ئامۆژگاری شێخ عەبدولکەریمی دەگێڕایەوە، کە چا خوارنەوەی بە لادان لە پێڕەوی خۆی(شێخ عەبدولکەریم) زانیوە[1]، بەلاّم ئەم بۆچوونە بە پاساوێکی لاواز دادەنرێت، چونکە حەمەسور لە زۆربەی بیروباوەڕ و بەرنامەکانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لای دابوو، بەلاّم حەسەنی زێنی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: " لە بەر سەختی بارودۆخی ئابوری وهەژاری وازمان لە چا خواردنەوە و جگەرەکێشان هێنا بە مەبەستی کەمکردنەوەی خەرجیەکانمان، کاتێك گوزەرانمان باشتر بوایە چامان دەخواردەوە، بەلاّم بۆ میوانەکان هەمیشە چا ئامادە بووە" [2] .

لە نێو زۆرینەی پێڕەوانی بزووتنەوەکەدا هاوبەشی لە ماڵ و سامان و زەوی و زاردا هەبووە، لە ئاست داخوازییەکانی یەکتردا خۆیان بە خاوەن ماڵ نەزانیوە، توانیویانە بە هەرەوەزی و هەماهەنگی کارە سەخت و قورسەکان ئەنجام بدەن [3] ئەمەش دەرئەنجامی ئەو سەرخانە فیکرییە بوو کە بزووتنەوەکە دژی نادادپەروەری و زوڵم و ستەم بوەستێتەوە کە بە درێژایی مێژوو بەرۆکی کۆمەڵگەی گرتبوو، ڕەخساندنی زەمینەی چاندنی خۆشەویستی و تەبایی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و بزووتنەوەی هەقە بە تایبەتی .

## دووەم : کشتوکاڵ

بزووتنەوەی هەقە زادەی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە و پشت ئەستور بووە بە داهات و بەرهەمی جوتیاران و ڕەنج و ماندووبونی هەژاران، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرینەی پێڕەوانی هەڵقولاّوی چینی جوتیاران و زەحمەتکێشان بوون، هەرچەندە باری تۆبۆگرافیایی ژێر قەڵەمڕەوی بزووتنەوەی هەقە شێوەی نیمچە شاخاوی بووە، بەلاّم کشتوکاڵ شادەماری ئابوری کۆڵەکەی سەرەکی ژێرخانی ئابوری بزووتنەوەکە بووە. لە کاری کشتوکاڵیدا شێخ عەبدولکەریم پشتیوانی و هاوکاری و هاندەری جوتیاران بووە و کاری لەگەڵدا کردوون[4]، بۆ بە دەستهێنانی

(1) ڕەشید محەمەد عەلی : س.پ، ل٦٩.

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەنی زێنی*، ڤیدیوی عەباسی ڤیدیۆ لە کوندی کلاوقوت، ساڵی ١٩٨٦ .

(3) محەمەد عەلی سوڵتانی : ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٥٩-٢٦٠ ؛ ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٥ .

(4) عومەر فاروقی: سەیری تەریقەت لە کوردستان، ل٩ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولکەریم حاجی، شاری سلێمانی ، ٢٠١٠/١١/١٧.

زۆرترین بەرهەم کە خۆی لە بەرهەم هێنانی گەنم و جۆ و نۆك و نیسك و توتن و ترێ و تەماتە و بە خێوکردنی مەڕ و مالاَت دەبینیەوە، بەشێکی ئەو داهاتەش بۆ خانەقا و تەکیەکان تەرخان دەکرا و بژێوی ژیانی سۆفی و مریدەکانی پێدابین دەکرا.[1] زۆربەی جار جوتیارانی بزووتنەوەی هەقە لە بەر کەمی زەوی تەخت و گونجاو بۆ کشتوکاڵ پەنایان بە بەرهەمی هێنانی ترێ و مێوژ و باسوق و سجوق و دۆشاو هەنار و قەزوان و بە خێوکردنی هەنگ دەبرد.[2]

پاش کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە هەریەکە لە مامەڕەزا و حەمەسوری کلاَوقوت سیاسەتێکی ئابوری تایبەتیان گرتە بەر، مامەڕەزا گرینگی بە کشتوکاڵ و کۆکردنەوەی دانەوێلە و چاندن نەدەدا، بەڵکو سەرقاڵی بانگەشە و گەڕان بوو بە ناوچە جیاوازەکان و شوێنی نیشتەجی بوونی پێڕەوانی بزووتنەوەکە و گەیاندنی ڕێنمایی و ئامۆژگاری و ڕەوشت و سازدانی کۆڕوکۆبونەوە، شاکر فتاح دەڵێت: " بزووتنەوەی هەقە لە سەردەمی مامەڕزادا وازیان لە چاندنی دانەوێلە و کشتوکاڵ هێنا و سەرقاڵی تەریقەت و بلاَوکردنەوەی پەیامی بزووتنەوەکەیان بوون، بە ڕادەیەك بەرەو هەژاری دەچوون، ڕابەرەکانیان سیاسەتێکی کشتوکاڵی گونجاویان بۆ پێڕەوانیان نەبوو". [3]

بەلاَم حەمەسوری کلاَوقوت سیستەمێکی کشتوکاڵی پتەوی لە چوارچێوەی خێزانێکی گەورە لە گوندی کلاَوقوتدا دروست کرد و کەوتە چاندنی زەوی و کڕینی زەوی کشتوکاڵی و کۆکردنەوە و کڕینی ئامێری کشتوکاڵی و کارکردنی بەردەوام و هاندان و سەرپەرشتی پێڕەوانی کە بە شێوەی یەك خێزان ژیانیان بە سەر دەبرد، ئەمەش لە ئاسۆی سەرکەتنی سیاسەتی کشتوکاڵی لە نێوچەکانی خۆیدا نزیکی کردەوە[4]، بەرهەمی جۆراجۆری لە نێوچەکان هێنا لە گوندی کلاَوقوت چاندی، بە تایبەتی قەزوان و هەنجیر و قەیسی ...هتد[5]، ئەم کارانەی حەمەسور بوونە بنەمایەکی ئابوری تۆکمە بۆ پێڕوانی و گروپەکەی و خۆشی وەکو کەسایەتییەکی گرینگی ئابوری کۆمەلاَیەتی ناوچەکەش دەرکەوت و دیوەخانێکی گەورەی لە ناوچەکەدا پێ بەڕێوە دەبرد .

هەروەها ئاژەڵداری و بەخێوکردنی مەڕومالاَت ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینی لە کوردستاندا هەیە و بە بناغە و بنەمایەکی تری ئابوری بزووتنەوەکە دادەنرێت، سەرەڕای بوونی ناوچەی شاخاوی لە نێوچە جیاجیاکانی بزووتنەوەی هەقەدا، ئەمەش کاری کردۆتە سەر کەمکردنەوەی بەرهەمی

---

[1] ئاکۆ عەبدولکەریم : س.پ، ل٤٢ .

[2] محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ،ل١٢ .

[3] ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٤.

[4] ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل١٥٢ .

[5] هـ س، ل١٢٣-١٢٤.

کشتوکاڵی و گرینگیدانی زیاتر بە بەخێوکردنی ئاژەڵ، بە تایبەتی(مانگا و گوێدرێژ و مەڕ و بزن و هێستر و ئەسپ )[1]، بە مەبەستی سود وەرگرتن لە بەروبوم و بەرهەمەکانی لە شیر و ماست و پەنیر و دۆو گۆشت و خوری و پێستە و ...هتد، هەروەها سودیان لە ئاژەڵداری وەردەگرت بە مەبەستی بەرێوەبردنی کارەکانی رۆژانەیان، لە زۆربەی شوێنەکان کەر و هێستر و ئەسپ، شوێنی ئۆتۆمبیلیان گرتبووەوە، هەرچەندە ماڵی شێخ مەرومالاتی زۆریان نەبووە، کە لە خەڵکی ئاسایی جیایان بکاتەوە[2]، بەڵکو گرینگی زۆریان بە کۆکردنەوە و فراوانکردنی پێگەی جەماوەری و بە هێزکردنی لایەنی گیانی(روحی) پێڕەوانیان و تۆکمە کردنی ڕیزەکانیان و خۆ ئامادە کردن بۆ ڕەتکردنەوە و پوچەڵکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی نەیارانی و ناحەزانی بزووتنەوەکە بووە.

## سێیەم : ئەرکەکان(واجبات)

واجبات یەکێکی ترە لە سەرچاوەکانی تری بزووتنەوەی هەقە و کاریگەری زۆری لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان و بەرێوەبردن و سەرپەرشتی بزووتنەوەکەدا هەبووە، لە پێناو پڕکردنەوەی بۆشایی دارایی و ملنەدان لە بەردەم ئەو هێز و لایەنانەی کە دەیانویست پشتیوانی دارایی پێشکەش بزووتنەوەکە بکەن، تاکو بزووتنەوەکە ناچار بکەن بە پاشەکشە لەو پرنسیپ و دروشمانەی هەڵیانگرتبوو، وەکو ئیدمۆندس سەردانی شەدەڵەی کردووە و ئامادەی خەرجکردنی موچە بۆ خۆی و خانەقا و پێڕەوانیان بووە، بەو مەرجەی شێخ عەبدولکەریم ئامادەی هاوکاری و پشتیوانی لە سیاسەتی حکومەتی عێراقی بێت، بەڵام شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە ڕەتی دەکاتەوە هیچ جۆرە هاوکارییەکی ماددی وەربگرێت، بەڵکو پشتی بە کارکردنی خۆی و خانەوادەکەی و هاوکاری پێڕوانی بەستووە[3].

کاتێك شێخ عەبدولکەریم لە نێوەراستی جەنگی جیهانی دووەمدا کۆچی دوایی کرد، بارودۆخی ئابوری و دارایی خەڵکی کوردستان خراپ تێکچوو بوو، مامەڕەزاش بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دارایی بیری لە هاوکاری مانگانەی پێڕەوانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان و بەرێوەبردنی

---

[1] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٥-٦٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکەحەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

[2] جەعفەر(فازل کەریم) : ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، ل٧٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧.

[3] جەعفەر(فازل کەریم) : ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، ل٧٠-٧١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ فواد سەیدە، تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، بەرنامەی دۆکۆمێنتاری، شەوی٢٠٠٨/٩/٨/٧، کاتژمێر ٩:١٥ تا ١٠:٠٠.

خانەقا کردەوە، بە مــەرجێك لــە توانــای پێڕەوانــی دابێــت. کــە بــە (واجبــات) لــە نێــو پێڕوانــی بزووتنەوەکەدا ناسراوە، ئەم پرۆســەیەش دوور لــە هــەر جــۆرە فشــار و تونــدو تیــژی و هێزێــك بــۆ کۆکردنەوەی ئەم داهاتە بەڕێوە دەچوو، تێکڕای پێڕەوانی بزووتنەوەکە لە داهاتی خۆیان دانەوێلە یان بەرهەمی کشتوکاڵی یان پارەیان دەبەخشیە تەکیە و خانەقای سەرەکی[١].

هەرچەندە یاسایەکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی ئابونە لە نێو ڕیزەکــانی بزووتنەوەکــەدا نــەبووە، سەرەتا بە شێوازی هەڕەمەکی بەڕێوە دەچوو، بەشێك لەو کەسانەی هــەژار و نــەدار بــوون و توانــای ماددیان نەبووە، داریان بۆ خانەقا دەبرد و بەشێکی تر بزن و مەڕ و گۆڵك و مانگایان پێشکەش بــە خانەقا کردووە، پاشان ئەو داهاتە کۆکراوەتەوە و بەشێکیان لە تەکیەکان خەرج کردووە و بەشــەکەی تریش لە لایەن سەرتەکیەکان یان برا گەڕۆکەکانەوە بــۆ خانــەقا گوازراوەتــەوە و هاوکــاری هــەژار و پەککەوتە و نەخۆش و کەمئەندام و ئــەو کەســانەی بــە مەبەســتی داواکردنــی یارمــەتی ســەردانی خانەقایان دەکرد، خەرج کراوە[٢]. ئەو بــڕە ئابونەیــەی کــە دەبەخشــرایە بزووتنەوەکــە ئەوەنــدە زۆر نەبووە کە کاریگــەری ڕاســتەوخۆ بکاتــە ســەر ئــابوری بزووتنەوەکــە، بــەڵام لــە ڕووی دەروونــی و تۆکمەکردنی مەعنەوی پێڕەوانی بزووتنەوەکە و بەستنەوەی لایەنی گیانی (روحی) و دروست کردنــی گیانی هاوکاریەوە گرینگی خۆی هەبووە، بۆیە کاریگەری لە سەر بیرکردنەوەی پێڕەوانی بزووتنەوەکە دروست دەکرد و هەریەکەیان خانەقایان بە ماڵی خۆیان دەزانی، لە کاتی پیری و پەککەوتندا زۆربەی ئەو کەسانەی خانەوادەیان نەما بوو لە خانەقادا دەژیان و وەکو خەڵوەتگەی پیری خزمەت دەکران[٣].

---

[١] محەمەد عەلی سوڵتانی : ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٦٠ .

[٢] دیارترین نمونەی ئەو هاوکاریانە ( مەلا ئیبراهیمی کوچەك و ساڵح مهاباتی کە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوون و لە خانەقای شەدەڵە هاوکاری زۆریان پێشکەشکراوە، یەکێك لەوانە نەنە کوردە بوو کە لە لایەن کەس و کارەکەیەوە لە شەدەڵە فڕێ دراوە و هێنراوەتە خانەقا تامردن لەوێ خزمەتکراوە . (چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکەحەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧ ، چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکەحەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ محەمەد عەلی سوڵتانی : ڕاپڕینی عەلەویەکانی زاگروس، ل٢٦٠ ).

[٣] لە دیارترین ئەو کەسایەتیانەی کە تامردن لە خانەقای شەدەڵە و کەڵکەسماق مانەوە و خزمەتکران (شێخ ئەحمەدی کاچان، شێخ مەحمودی سەرگەڵوو، حاجی سمایلی گەرمیان، ئەحمەدی حاجی جوبلاغی، حاجی ڕەشید پیرجانی، مام حسین مام ڕەسوڵی دێی ڕکاوە، خوشکە ڕەحیم، پورە ئامینە، خوشکە فاتم، مەلا نامیق شوانی، شێخ عارفی ئیلاالله، علی سێکانی، حەمەڕووت سێکانی، خواکەرم عەسکەری، شێخ بکر سەرگەڵوو...هتد ) . ( چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکەحەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکەحەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل١٣٨) .

## چوارەم : دیاری

دەست و دیاری سەرچاوەیەکی تری ئابوری بزووتنەوەی هەقەیە بە هەزاران کەس سالآنە سەردانی خانەقایان دەکرد و دیاری جۆراوجۆریان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا و پێشکەشی خانەقایان دەکرد[1]، لە دیارترین ئەو دیاریانەش ( مەڕ و بزن و مانگا و ڕۆن و شەکر و چاو خورما و کوتاڵ و ...هتد) چەندین کەل و پەلی تریان بۆ خانەقا دەهێنا[2]، ئەمەش خەرجییەکانی سەر شانی خانەقایا ن کەم دەکردەوە و لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە سۆز و خۆشەویستی لە نێوان پێڕەوانی بزووتنەوەکەدا دەچاند و زۆرینەی ئەو کەسانەی سەردانی خانەقایان دەکرد، چەندین ڕۆژ دەمانەوە و پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ پێڕەوانی ناوچەکانی تردا پەیدا دەکرد و شارەزاییان لە دابونەریت و شێوەزاری ناوچەکانی تر پەیدا دەکرد و خانەقا وەکو بارەگایەك بۆ لێکتر نزیك کردنەوەی خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی لێهاتبوو.

جێگەی باسە دەست و دیاری لە نێو پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەدا بۆتە کەلتور و دابونەریتی سەردانەکانیان، تەنانەت لە سەردانیماڵەکانی یەکتریشدا لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر یان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەست و دیاریان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد، ئەگەر ژمارەی سەردانیکەران زۆر بونایە سەرجەم پێداویستی ڕۆژانەیان لە نێوخۆیاندا دابەش دەکرد، بۆ نمونە یەکێك تۆو چاو و یەکێکی تر ڕۆن و یەکێکی تر شەکر ...هتد[3]. ئەمەش ئەرکی سەرشانی خانەخوێی کەم دەکردەوە، تەنانەت دەبوونە پاڵپشت بۆ ئەو خێزانانەی ئاستی بژێوی و ڕادەی گوزەرانیان خراپ بووە یان توشی نەخۆشی بوون، ئەم دیاردەیەش لە نێو زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا پیادەکرێت و وەکو بەشێك لە دابونەریتی ڕەسەن مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە .

---

[1] جەعفەر(فازل کەریم) : ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، ل٧٠-٧١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ شالاَو عەلی عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١/٨.

[2] ئەحمەد فەیزی : س،پ، ل٧-٨ .

[3] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ دارا معروف حەسەن، ناحیەی شوان، ٢٠١١/٥/١١، ( دارا معروف حەسەن لە ساڵی (١٩٧٧) گوندی حاجی جردیس لە دایك بووە و خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە و زۆربەی ژیانی بە کرێکاریەوە خەریك بووە و لە خانەوادەیەکی ناسراو بزووتنەوەی هەقەن.

## پێنجەم : پیشەوەری

پیشەوەری جۆرێکی تری پەیدا کردن و خۆبژێوی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بووە و ڕۆڵی گرینگی لە بەهێزبوونی توانای ئابوری و خزمەتکردنی خانەقا دا هەبووە، گرینگی کاری دەستی و پیشەوەری لە دوو خاڵدا کورت دەکەینەوە:

١- پیشەوەری گرینگی زۆری بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکانی خانەقا و تەکیەکان هەبووە و بەشی زۆری ئەو پێداویستیانەی دەبوایە بکڕدرێن لە لایەن پێڕەوانی بزووتنەوەکەوە دروست دەکران وەك ( دروست کردنی لیفکە و تەزبیح و ناڵبەندی و کورتان و دارتاشی و جۆلایی و دروست کردنی ڕانکوچۆغە و هەلاجی و ئاسنگەری ...هتد[١]).

٢- ئەو کەلوپەلانەی پیشەوەرانی بزووتنەوەی هەقە دروستیان دەکرد لە بازار و شارەکاندا دەیانفرۆشت و کەلوپەلی تریان پێدەکڕی، ئەمەش بە سەرچاوەیەکی تری ئابوری پاڵپشت بۆ بەهێز بوونی ئابوری بزووتنەوەکە دادەنرێت[٢] .

[١] محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ،ل١٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مام یاسین، شارۆچکەی تەق تەق، ٢٠١٠/١١/٢٧.

[٢] فریاد شوانی : س.پ،ل٥٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا حەسەن، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٨.

## باسی دووەم : کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی هەقە

بزووتنەوەی هەقە وەك بزووتنەوەیەکی ئاشتیخواز و خاوەن بیروباوەڕی میانڕەو و مینبەری بلاوکردنەوە و ئازادی بیروڕا بووە و زەمینەی بۆ هاتنە پێشەوەی ژنان دروست کردووە و بانگەشە بۆ یەکڕیزی بزووتنەوەکە و چاندنی گیانی برایەتی و یەکسانی کۆمەڵایەتی و دەستەبەر کردنی بەرگری لە چینی چەوساوە و هەژاران و زەحمەتکێشان کرد، بزووتنەوەیەك و خاوەن پێگەی فراوانی کۆمەڵایەتی بێت، بەدەر نییە لە کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری، لە دیارترین ئەو کێشانە:

### یەکەم : شێخ عەبدولکەریم و مەلای گەورەی کۆیە :

یەکێك لە کێشە دیارەکانی بزووتنەوەکە لە سەرەتای تەمەنییەوە ململانێی نێوان بزووتنەوەی هەقە و بەشێك لە پیاوانی ئاینی بووە، لە دیارترین ئەو کەسایەتییە ئاینیانەش کە دژایەتی بزووتنەوەکەیان دەکرد مەلای گەورەی(محەمەد کوڕی مەلاعەبدوڵڵای جەلی زادە) کۆیە بوو، نوسەرێك دەڵێت: " سەردەمێك دەروێش و سۆفی هەقە لە دەوروبەری کۆیە پەیدا بوون، شەو تا بەیانی خەریکی های و هوی و دەف لێدان بوون، مەلای گەورەش لێیان هاتە مەیدانی خەبات و وەکو کێوی سەختی سەرکەش ڕووبەرویان وەستا و لەو پێناوەشدا گیانی خۆی خستە مەترسییەوە"[1]، هەروەها مەلای گەورە دەڵێت :

هەموو مەمنونی شێخ عەبدولکەریمین    کە سڕی ئەم تەریقەتەی ئاشکرا کرد
لەم مەسرەج و خانە بەزمی مریدان    بە گوێرەی عەسری خۆی دانسی پەیدا کرد
نەزۆکێ گەر ئیخلاصی ڕوو لەوێ کا    دەبینی شێخ کوڕی پێ عەتا کرد
ڕەواجی دا بە دەستوری ئیباحی    کتاب و شەرع و علمیی بێ بەها کرد[2]

هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت :

هەتا شێخێك لە کوردستاندا بمینێ    ئومێدی زیندەگانیت پێنەمینی
تەریقەتی قادری و نەقشبەندی    بە بایدا ڕەونەق و ئاهەنگی کوردی
هەموویان بوونە سۆفی و پیرە دەروێش  بەرماڵ سەبحە و رستە و ڕیش[3]

جێگەی باسە عەبدولخالق عەلائەدین دەڵێت: " پێویستە بوترێت ئەمڕۆ گەلێك گەنجی ڕۆشنبیر و نەتەوەپەروەر لە بنەماڵەی شێخەکاندا هەڵکەوتوون و بە گیان و دڵ خزمەتی نەتەوەی

[1] عبدالخالق علاءالدین : مەلای گەورە، ل٧١ .
[2] فڕی فڕی قەل فڕی،چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣ .
[3] بۆ تەواو کەری شعرەکە بڕوانە مەلای گەورە : ه.س ، ل٣٠ .

کورد دەکەن"[١]، سەرەڕای پەیوەندی تۆکمە و دۆستایەتی و خزمایەتی مەلای گەورە لەگەڵ کۆمەڵێك لە شێخەکاندا هەیبووە[٢] . بەلاّم ململانێی توندی شێخەکانی تەریقەتی کردووە، هەرچەندە شێخەکانی تەریقەت مێژوویەکی درەوشاوەیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەبووە و خۆیان لە ئازار و مەینەتییەکانی نەتەوەکەیان جیانەکردۆتەوە[٣].

## دووەم : شێخ عەبدولاّی عەسکەر و سەید ئەحمەدی خانەقا :

یەکێکی تر لە دیارترین ئەو کێشانە لە ساڵی (١٩٤٦) دا، کێشەی زەوی و زار و ئاودێری لە نێوان سەید ئەحمەدی خانەقا و شێخ عەبدوڵلاّی عەسکەری برا گەورەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بوو، لە سەرەتادا هەوڵی زۆر بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە درا و چەندین دانیشتن و گفتوگۆی بە دوای خۆیدا هێنا، بەلاّم نەگەیشتنە چارەسەرێکی بنەڕەتی، پاشان توند و تیژی و شەڕ لە نێوان هەردوو لادا ڕویدا و حکومەتی عێراقی هاتە نێوکێشەکەوە و کۆنترۆلی بارودۆخەکەی کرد[٤]، لە ئەنجامی هەڵگیرسانی ئەم توندوتیژیەدا یەکێ لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە کوژرا و پێنج کەسیشیان لێ دەستگیر کرا، چواریان لە کوڕەکانی شێخ عەبدوڵلاّی عەسکەر بوون[٥]، یەك یەکێکیش لە لایەنگرانی سەید ئەحمەدی خانەقا دەستگیر کرا[٦] .

لەو بارودۆخەدا بزووتنەوەکە لە بارێکی ناهەمواردا بوو و مامەڕەزای ڕابەری بەشی سەرەکی بزووتنەوەکە دوورخرابووەوە و دەیان تۆمەت و پڕوپاگەندە دژی بزووتنەوەکە بلاّوکرا بووەوە، حکومەتی عێراقیش لە بیانویەك دەگەڕا پەلاماری بزووتنەوەکەیان بدات و تۆڵەی خۆپیشاندانەکەی ساڵی (١٩٤٤) یان لێکردنەوە[٧]، بەلاّم بە هۆی پەیوەندی تۆکمە و پتەو و بە هێزی سەید ئەحمەدی خانەقا لەگەڵ دەسەلاّتدارانی حکومەتی عێراقیدا، توانی لە کێشەکەدا سەرکەوتوو بێت .

---

(١) عبدالخالق علاءالدین: س.پ، ل٧٢ .

(٢) لە گرینگترین ئەو شێخانەش شێخ تاهیری هەلەجە و کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ عەلی تاڵەبانی (عەبدولّخالق عەلادین مستەفا : س.پ، ل ٧٢).

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکەحەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

(٤) شاکر فتاح کۆمەڵە رۆژنامەی چەمچەماڵ، ژمارە (١)، ١٩٤٦/٧/١، ل٨-٩ .

(٥) محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ، ل٩٧ .

(٦) شاکر فتاح : کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، ل٨-٩ .

(٧) محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ، ل١٠٠ .

# باسی سێیەم

# پەیوەندییە کوردستانییەکانی بزووتنەوەی هەقە

## یەکەم : لەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندیدا

بزووتنەوەی هەقە درێژکراوەی تەریقەتی نەقشبەندییە، بەڵام گۆڕانکاری ئەنجامدا، بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ قۆناغە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردی دا بگونجێنێت . بە تایبەتی لە سیەکانی سەدەیی ڕابردوو بزووتنەوەکە تایبەتمەندی خۆی وەرگرت، هەرچەندە ئەم جیابونەوەیە کتوپڕ و لە ناکاو نەبووە، هەڵبەتە زۆرینەی ژیانی شێخ عەبدولکەریم تێکەڵیەك لە پیادەکردنی تەریقەتی نەقشبەندی و ممارسە کردن و بنیادنانی ڕێبازی بزووتنەوەی هەقە بووە، ئەمەش لە شەپۆل و لێشاو و هەڵمەت و ڕەخنەی توندی لایەنگرانی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچە جیاجیاکاندا پاراستی، سەرەڕای ڕابەرانی بزووتنەوەی هەقە خۆیان بە تەواوکەری تەریقەتی نەقشبەندی دەزانی[1] . بەڵام جیابونەوەی بزووتنەوەی هەقە لە تەریقەتی نەقشبەندی نیگەرانی و ناڕەزایی و بێزاری لایەنگرانی تەریقەتی نەقشبەندی لێکەوتەوە، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی هێرشیان نەکردە سەر پێڕەوانی بزووتنەوەکە، بەڵام ئامادەی بەرگری لێکردنیان نەبوون لە کاتی گرتن و دوور خستنەوە و دەربەدەر کردنی شێخ عەبدولکەریم و ڕابەرانی تری بزووتنەوەکەدا، ئەمەش زیاتر زەمینەی خۆشکرد بۆ هێرشی هەمەلایەنە و فراوانی فەرمانبەرانی حکومەت و ئاغا و دەرەبەگان و بەشێك لە پیاوە ئاینیەکان و بە تایبەت ئەوانەی بەرژەوەندییەکانیان کەوتبووە مەترسیەوە ، هێرشێکی توندو پڕسوکایەتی و جنێویان ئاراستەی بزووتنەوەی هەقە کرد و لە هەموو لایەکەوە لێی کەوتنە تەقە.[2]

کۆچی دوای شێخ عەبدولکەریم بووە ڕێگە خۆشکەر بۆ هێرش و دژایەتی کردنی بزووتنەوەکە لە سەر ئاستێکی فراوان تر[3]. سەرکەوتنی مامەڕەزا لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانیدا ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ چاککردنەوە و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لە نێوچە جیاجیاکانی کوردستان، سەرەڕای جیاوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینی جیاواز بۆ کێشەکان و شێوازی چارەسەر کردنیان، مامەڕەزا توانی بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوە و گیانی هاوکاری و دۆستایەتی و هەماهەنگی لە نێوان هەردوولادا نوێ بکاتەوە و وەکو دۆستێکی نزیك

---

[1] جەعفەر(قازل کەریم) : ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، ل٦٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ ؛ چاپێکەوتن لەگەڵ محمود کاکە حەمەی شەدەڵە، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

[2] محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ، ل٤٥-٤٦ .

[3] ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل٩٠ .

یەکتر مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن، بە دەنگەوە چوون و هاوکاری بارزانیەکان لە کاتی دوور خستنەوەیان بۆ شاری سلێمانی نمونەی دیاری ئەم پەیوەندیانەیە[1].

هەروەها دوای دوور خستنەوەی مامەڕەزا بۆ شارۆچکەی هەڵەبجە سەردانی شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەکانی تەوێڵە و بیارە و عەبابەیلێی کردووە و پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵدا دروست کردوون و سۆز و خۆشەویستی هاوتەریقەتی بۆ دەبڕی بوون[2]، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ هیچ کاتێك بزووتنەوەی هەقە دژایەتی و نەیاری لەگەڵ ڕابەرانی تەریقەتی نەقشبەندیدا نەکردووە و خۆی بە دۆستی تەریقەتی نەقشبەندی زانیوە و هەوڵی پتەو کردنی دۆستایەتی و بەستنەوەی خاڵە لە یەکچوەکانی لە نێوان هەردوو لادا داوە.

## دووەم : بە شێخ مەحمودی حەفیدەوە

لە کۆتایی تشرینی یەکەمی (١٩١٨) دا حکومەتی بەریتانی توانی سوپای عوسمانی تێك بشکێنێ و لە هەمان ساڵدا سوپای عوسمانیەکان پاشەکشەی کرد و کاروبارەکانی شاری سلێمانیان بۆ شێخ مەحمودی حەفید بە جێهێشت، شێخ مەحمودیش وەکو دیارترین و بە هێزترین کەسایەتی شاری سلێمانی لە مانگی کانونی یەکەمی (١٩٢٢) نامەیەکی ئاراستەی دەسەڵاتدانی بەریتانی کرد و لە نامەکەیدا سەرسامی خۆی بۆ دەسەڵاتی بەریتانیەکان دەربڕی و داوای لێ کردن ئیدارەیەکی کوردی لە ژێر سایەی بەریتانیەکان لە شاری سلێمانی دامەزرێنێ[3]، ئەوە بوو بەریتانیەکان متمانەی خۆیان بە شێخ مەحمود حەفید بەخشی و وەك حوکمداری شاری سلێمانی ناساندیان[4].

وێڕای ناوداری و ناسراوی شێخ مەحمود و بنەماڵەکەیان، بەلاّم پەیوەندییەکانی شێخ مەحمود فراوانتر دەبێت و چوار چێوەی ئاینی و کۆمەلاّیەتی دەبەزێنێ و پەیوەندییە سیاسی و ئابوری و نێوخۆی و دەرەکیش فراوانتر دەکات، هەرچەندە پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی بۆ پێش دامەزراندنی بزووتنەوەکە دەگەڕێتەوە کە نێوەڕاستی جەنگی جیهانی یەکەم بووەو بە بەشداری شێخ مستەفای باوکی شێخ عەبدولکەریم دەست پێدەکات کە دۆست و لایەنگر و خزمانی بۆ شەری

[1] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٥ ؛ ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل٩٤ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاورێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤ .

[2] عبدوڵلاّ کەریم مەحمود : س.پ، ل٢٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریمی زەند، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

[3] عوسمان عەلی : چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، و: کامەران جەمال بابان زادە، بەشی دووەم، چاپخانەی دیلان، ٢٠٠٦، ل١٢ .

[4] هـ.س، ل١٢-١٣.

(شوعەیبە)[1] بردووە[2]، لە کاتێکدا بزووتنەوەی هەقە لەو کاتەدا دانەمەزرا بوو، بەڵام پێدەچێ پێوەندی کۆمەڵایەتی و کاریگەری بیروباوەڕی ئیسلام هەردوو لای لە گۆڕەپانی ئەم شەرەدا کۆکردەوە، لە بەر ئەم هۆکارە دەتوانین ئاماژە بکەین بە دێرینی پەیوەندی سیاسی و ئاینی نێوان هەردوو خانەوادەکە بەر لە دروست بوونی بزووتنەوەی هەقە.

پاش دەرکەوتنی شێخ عەبدولکەریم پەیوەندییەکان چوونە قۆناغێکی ترەوەو پەیوەندییەکان بە شێوەی هەمەلایەنە دەرکەوت[3]، لە کاتی پێویستی دا هاوکاری و هەماهەنگی حکومەتەکەیان دەکرد و خۆیان بە پاڵپشت و پشتیوان و بەشێك لە حکومەتەکەی دەزانی و بەشداریان لە شەڕەکاندا کردووە، لە دیارترین بەشداری کردنیش (شەڕی کۆتەڵ)[4]، لە نێوان سوپای حکومەتی عێراقی و بە پشتیوانی هێزەکانی بەریتانی و حکومەتی شێخ مەحمودی حەفید بووە، بۆ بەشداری کردن لەم شەڕەدا شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە فەرمان بە پێڕەوان و خزم و کەسەکانی دەدات بە فەرماندەیی شێخ عەبدولای برای بەشداری لەم شەڕەدا بکەن و بە ئەرکی پارێزگاری کردن لە خاك و ئاو نیشتیمان هەڵسن و ئەو ئەرکانەی پێیان دەسپێردرێت سەرکەوتوانە ڕای بپەڕێنن[5] .

هەڵبەتە قورسایی شەڕەکە نەکەوتە نێوچەکانی پێڕوانی بزووتنەوەی هەقەوە، بەڵام تا کۆتایی هاتنی شەڕەکە چەکدارانی بزووتنەوەی هەقە شوێنەکانی خۆیان چۆڵ نەکردووە و لە ئامادەباشی دابوون[6]. لە کاتی پاشەکشەی هێزەکانی بۆ ئەشکەوتی جاسەنە لە نزیك شارۆچکەی دوکان شێخ مەحمود سەردانی شەدەڵەی کرد[7]، ئەمەش کاردانەوەی حکومەتی عێراق و سوپای بەریتانی بە دوای خۆیدا هێنا و بۆردومانی گوندی شەدەڵەی کرد کە بنکەی سەرەکی بزووتنەوەی هەقە بوو،

---

(1) شەری شوعەیبە : ئەو شەڕە بوو کەلە ساڵی (١٩١٥) لە نێوان سوپای بەریتانی و سوپای عوسمانیدا لە باشوری عێراق ڕوویدا و بە سەرکەوتنی بەریتانیەکان کۆتای هات و شێخ مەحمود بەشداری تێدا کرد( ڕەفیق حلمی : یاداشت، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، بغداد ١٩٨٨، ل٤٩ ) .

(2) محەمەد عەلی سوڵتانی : بزاڤی حەقە لە کەرکوك، ل٨٥ .

(3) محەمەد عەلی سوڵتانی : ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٥٠ .

(4) شەڕی کۆتەڵ لە ساڵی (١٩٢٣) نێوان هێزەکانی حکومەتی عێراق بە هاوکاری هێزەکانی بەریتانیا و هێزەکانی شێخ مەحمودی حەفید لە ناوچەی گوندی کۆتەڵ لە سەر ڕێگای دوکان — سلێمانی کە سەر بە ناحیەی سورداشە، ئەنجام درا (عەبدولکەریم مەحمود : س، پ، ل٢٢) .

(5) عبدوڵلاّ کەریم مەحمود : ھ.س، ل٢٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاورێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

(6) کەریم زەند : ئاینستان، ل٢٠١ .

(7) عبدوڵلاّ کەریم مەحمود : س.پ، ل٢٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولکەریم حاجی، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

دانیشتوانی گوندەکەی ناچار کرد گوندەکەیان چۆڵ بکەن بۆ ناوچە شـاخاوییەکان پاشەکشـە بکـەن و خۆیان لە نێو ئەشـکەوت و کـەلێن شـاخەکاندا حەشـار بـدەن تـا شـەڕەکە تـەواو دەبێـت[1]، لـەم بۆردومانەشدا چوار هاولاّتی لە دانیشتوانی گوندی شەدەڵە شەهید بوون و خانەقای شەدەڵەش زیانی زۆری بەرکەوت و بۆ ماوەیەك چۆڵ کرا[2].

ئەم پەیوەندییە لە نێوان هەردوو لادا بەردەوام بوو، سـەرەتای ئـەم شـەڕ و هاوکاریانـە بـەلاّم هەمزە عەبدولاّ لە لاپەڕە دووی بەڵگەنامەکەی دا ئامـاژە بـە دژایـەتی کردنـی شـێخ مـەحمود بـۆ بزووتنەوەی هەقە دەکات[3]، هەرچەندە درێژە بە باسەکە نادات و هۆکارەکـانی ئـەو دژایەتیـە ڕوون ناکاتەوە، ئەمەش ئەو بۆچوونەمان لا دروست دەکـات کـە ئـەم دژایەتیـە پێوەنـدی بـەو باسـانەوە هەبێت، بزووتنەوەی هەقە لە شەریعەت دەرچوون تۆمەتبار دەکران.

## سێیەم : بە ئاغا و دەرەبەگەکانەوە

بزووتنەوەی هەقـە وەکـو بزووتنەوەیـەکی جوتیـاری ناوبـانگی دەرکـرد، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە زۆربـەی پێڕەوانـی بزووتنەوەکـە لـە جوتیـاران و چـینی هـەژان و زەحمەتکێشـان و چەوساوەکان بووە و ئامادە نەبوون چیتر خزمەتی ئاغا و دەرەبەگـەکان بکـەن، هەرچـەندە لـە ڕووی دیسپلینەوە کارەکانی شێخ عەبدولکەریم ڕادیکالاّنە نەبووە، بەلاّم نیگەرانی و نـاڕەزایی و هێـرش و پەلامار و تۆمەتی زۆری ئاغا و دەرەبەگ و بەشێك لە مەلاکانی بە دوای خۆیدا هێنا و بـە کـافر و لە دین دەرچون و ئاژاوەگێڕ ناوزەدیان دەکرد[4] .

لەم بارودۆخەدا کۆمەڵگە پێویستی بە فریادڕەسێك دەبێت دەستی بگرێـت و لـە گـۆمی لێلـی چەوسانەوەی ستەمکاریدا ڕزگاری بکات و پاڵپشتی لە چینی چەوساوە و ستەم لێکراوەکـان بکـات، هەوڵی چاکسازی ڕاستەقینە بە ڕێگەی ڕاست و دروست بـدات و خـۆی لـە ڕێ دەرچـون بپارێزێـت، وێرای ئەوەی حکومەتی عێراقی هەوڵی زۆریاندا بۆ ئاسایی کردنەوەی تەنگژەکانی نێوان بزووتنەوەی هەقە و ئاغاکان، چونکە بەشی زۆری ئاغاکان نزیکی دەسەلاّتی حکومەتی عێراقی بوون، بەلاّم هیچ ئـەنجامێکی نـەبوو[5]، بـە تایبـەتی ئاغـا و دەرەبەگـەکان دەسـتیان لـە داگیرکردنـی زەوی و زاری جوتیاران و چەوسانەوەیان نەدەپاراسـت و بـە پاداشـت و بـەرتیل لەگـەڵ فەرمانبـەرانی دەسـەلاّتدا

---

[1] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٤٦ .

[2] عەبدولکەریم مەحمود : س.پ، ل٢٢.

[3] بڕوانە پاشکۆی سێیەم ، ل١٦٤.

[4] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤ ؛ جمال باجلان : م.س، ص٣٩٤ .

[5] محەمەد عەلی سوڵتانی : ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٤٧ .

ڕێکەوتبوون و چەند گوندێکی پێڕەوانی بزووتنەوەکەش بەر شالاوی داگیرکاری ئاغاکان کەوتبوو، بە تایبەتی گوندەکانی ناوچەی پشدەر و کۆیە و میرزا رۆستەم ...هتد[1]، بۆیە پەیوەندییەکان لە خراپەوە بەرەو خراپتر ڕۆیشت.

کاتێك خەڵکی ناوچەی شاڵەبەگیان(خەلەکان) داوا لە شێخ عەبدولکەریم دەکەن نوێنەری بزووتنەوەی هەقە بنێرێتە ناوچەکە، ئەویش مامەڕەزا دەستنیشان دەکات بۆ نوێنەرایەتی ناوچەکە، مامەڕەزاش هەوڵیدا جوتیاران ڕزگار بکات لە جەور و ستەمی ئاغاکان، ئەوەش لەگەڵ بەرژەوەندی ئاغاکاندا یەك ناگرێتەوە[2]، دواتر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەرەو خراپتر چوو، پڕوپاگەندەو تۆمەتی جۆراو جۆریان بۆ بزووتنەوەکە دروست کرد و هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی دەسەلاتیان بۆ سەنگەری دژایەتی بزووتنەوەی هەقە دەدا[3] .

بەرگریکردنی بزووتنەوەکە لە جوتیاران لە کاتی دەرچوونی یاسای تەسوەیەی زەوی و زاری گوندەکاندا ژمارە(٥٠) لە (١٩٣٢) زەقتر دەرکەوت ، چونکە ئاغاکان مەبەستیان بوو، دەست بە سەر تێکڕای زەوی وزارەکاندا بگرن و بە ناوی خۆیانەوە تاپۆی بکەن، لەم بارودۆخەکەدا بزووتنەوەی هەقەش پەیامی بەرگری کردن لە جوتیاران هەڵگرتبوو وەکو مامەڕەزا دەڵێت: " ئەگەر ئاغا و خاوەن زەویەکان ڕاست دەکەن با پێشەکی خۆیان مافی جوتیاران و هەژاران و ژێردەستەکانی خۆیان بدەن، زەوی و زاریان پێبدەن و دەست لە باج و بێگارییەکانی سەر جوتیاران هەڵگرن و خۆیان چاکسازی کشتوکاڵی بکەن، باشترە لەوەی حکومەت بە سەریاندا بسەپێنێ، ئەمەش متمانەی زیاترمان بۆ دروست دەکات" [4] .

بۆ ڕزگار کردنی زەویەکانیان، جوتیارانی (گوندی گەلنێری)[5]، هانایان بۆ مامەڕەزا و خانەقای کەلکەسماق برد، مامەڕەزاش بە دەنگیانەوە چوو، بۆ ڕزگار کردنی زەوی و زارەکان لە چنگی ئاغاکان زۆربەی زەوییەکانی بەناو خۆیەوە تۆمار کرد و پاش تەواو بوونی تەسویە بە فەرمی لە

---

[1] مسعود محەمەد : س.پ، ١٨٧.

[2] عومەر فاروقی : سەیری تەریقەت لە کوردستان، ل٩ ؛ بەرهەم شێخ عزدین : گوندی کەلکەسماق و بزووتنەوەی هەقە،ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٢٢٦٩)، لە١٧/٩/ ٢٠٠٦.

[3] سامي شورش : تنوع الكرد في العراق، مطبعة الوزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٠، ص٥٦ .

[4] هەمزە عەبدوڵلا : دەستنوس، ل١،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە سێ ؛ بێ ناوی نوسەر: هاتنی مامە ڕەزا بۆ کەلکە سماق، گۆڤاری (شمشارە)، ل١٥ .

[5] گەڵنێری : ئەم گوندە سەر ناحیەی میرزا ڕۆستەم و قەزای ڕانیە بووە و ئێستا کەوتۆتە ژێر ئاوی دەریاچەی دوکانەوە(عەبدوڵلا غفور : گوندەکانی کوردستان، ل٢٠٠) .

ڕێگەی تاپۆوە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانی گێڕایەوە[1]. عەلی بۆسکانی دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٤٧-١٩٤٩ لە گوندی ماوەت مامۆستا بووم، لەگەڵ یەکێ لە مامۆستا هاوڕێکانمدا چووین بۆ (گوندی گاپیلۆن)[2] کەلاوە خانویەکم بینی پێشتر هی ئاغاکان بوو، جوتیارەکان لێی هەڵسابوون و خانوەکەیان ڕوخاند بوو ئاغاکەشیان دەرکرد بوو، لە کابرایەکم پرسی دواتر زانیم لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەیە ئەو خانوە بە ڕەنج و ماندوبوونی خۆتان دروستکرووە بۆچی ڕوخانتان ؟ بۆچی بەکارتان نەهێنا ؟ بتانکردایەتە بنکەی تەندروستی یان قوتابخانەیەك باشتر نەبوو؟؟!! وا دیار بوو قسەکەمی بە دڵ نەبوو، بە لالوتێکەوە وتی تا خانوەکە مایە کاکی ئاغا بە نیازی گەڕانەوە دەبوو، بەلاّم ئێستا هیچ هیوایەکی نەماوە" [3].

سەرەڕای هەموو ئەو دژایەتی و نەیارییە لە نێوان بزووتنەوەی هەقە و ئاغاکاندا دروست بوو، بەلاّم نزیکی و تێکەڵی و بیروباوەڕ و زیکر و بیروباوەڕ و کارەکانی بزووتنەوەکە کاریگەری لە سەر بیرکرنەوەی بەشێك لە ئاغاکان هەبووە و سەرنجیانی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخە ڕابکێشێ و بە سۆزەوە مامەڵەیان لەگەڵ جوتیاراندا دەکرد[4].

جێگەی باسە وێڕای ئەوەی بزووتنەوەی هەقە خۆی بە داکۆکی کاری ڕاستەقینەی توێژی جوتیاران زانیوە، بەلاّم هێندێك ڕاو بۆچوون هەبوون کە شێخ و ڕابەرانی بزووتنەوەکە جۆرێك بوون لە دەرەبەگ و ئەوانیش هەڵگری هەمان پەیام و ئامانجی ئاغاکان بوون، بەڵگەشیان هێنانی دیاری و کەل و پەل بووە بۆ تەکیە و خانەقا لە لایەن خەڵکەوە، هەروەها شێخ و ڕابەرانی بزووتنەوەی هەقە زەوی زاری جوتیاران بە ناو خۆیان تۆمار دەکەن و خەڵکیش بۆ خزمەتی خانەوادەکەی خۆیان بەکار دەهێنن ، لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێخ هاوڕێی کاکەحەمە لە وەلاّمی ئەم بۆچونەدا وتی" هەرگیز شێخ و ڕابەرانی بزووتنەوەی هەقە، بیریان لە کۆنترۆل کردن وبەکارهێنانی دۆست و لایەنگران و پێڕەوانیان بۆ مەبەستی تایبەتی و قۆرغ کردنی تواناکانیان و دەست بە سەرا گرتنی زەوی زارەکانیان و مەڕومالاّت و ژنەکانیان نەکردۆتەوە، ئەو داهاتەی کە دەهاتە خانەقا بۆ خزمەتی پێڕەوانی

[1] محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ، ل١٧٦-١٧٧ .

[2] گوندی گاپیلۆن ئێستا بۆتە ناحیە سەر بە سنوری ماوەتە لە پارێزگای سلێمانیە( عەبدوڵلاّ غفور : گوندەکانی کوردستان، ل١٧٦) .

[3] **هەقە، دەستنوس، ل٢-٣ ,**

[4] **دیارترینیان ئەمانە بوون محمود ئاغای میراودەلی و شێخ حەسەنی شێخ عومەری خانەقا و جەمیل دزەی (هەمزە عەبدولاّ : ئاوڕدانەوەیەك لە بزوەتنەوەی هەقە، ل١٠٩ ؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە سێ، ل١٦٤.**

بزووتنەوەکە سەرف دەکرا و هیچ لەو داهاتە کۆنەدەکرایەوە تاکو یەکێك لە بنەماڵەی شێخ و خانەقا پێی دەوڵەمەند بێت و وەکو کەسایەتییەکی ئەرستۆقرات دەرکەوێت" [1] .

ئێمەش پێمان وایە بزووتنەوەی هەقە دەسەلاّت و لایەنگریان زۆر بووە و شەڕی دەسەلاّتیان لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگەکاندا کردووە، بەلاّم دەسەلاّتەکەیان لە خزمەتی خەڵکی خۆیان بە کار دەهێنا، لە کاتێدا ئاغا و دەرەبەگەکان دەسەلاّت و تواناکانیان تەنها بۆ خزمەتی خودی خۆیان بە کار دەهێنا و دەسەلاّتیان دابەش نەدەکرد تەنانەت ئەو کەسانەی کاریشیان بۆ دەکردن دەسەلاّتی پێ نەدەبەخشین .

## چوارەم : لەگەڵ بارزانیەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان

بزووتنەوەی هەقە وەك بزووتنەوەیەکی سۆفیگەری و کۆمەلاّیەتی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵیدا پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەموو کەس و لایەنێك رێك بخات، بە جۆرێك ئەو پێوەندییە قازانج بە کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و بزووتنەوەکە بە تایبەتی بگەیێنێت، بزووتنەوەی هەقە لە سەر ئەو بنەمایە پێوەندی ئاسایی خۆی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراند[2] .

هەڵبەتە پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی هەقە و بارزانیەکان بۆ پێش دامەزراندنی (پ.د.ك) دەگەڕێتەوە[3]، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای برای لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە بۆ شاری سلێمانی دوور خرابوونەوە و لە ژێر چاودێری توندی حکومەتی عێراقیدا بە دەست بە سەری ژیانیان بەسەر دەبرد، بزووتنەوەی هەقە هاوکاری ماددی و مەعنەوی پێشکەش بە بارزانیەکان کردووە.[4]

لەو بارودۆخەدا کە بارزانیەکان وەکو تۆمەتبار مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، بەلاّم بزووتنەوەی هەقە بێ ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخ و ئاستەنگ و پێشهاتانە هاوکاری ئاوارە بارزانیەکانیان

---

[1] چاوپێکەوتن ، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

[2] حسن ضاضا : عێراق، و: ئامانج نیعمەت، چ١، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠٠٩،ل٨٣-٨٥ .

[3] عەبدوڵلاّ کەریم مەحمود : س.پ، ل٢٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، شاری هەولێر، ٢٠١١/٥/٨ .

[4] دانا کاکەحەمە شەدەڵە : س.پ، ل١١٤٨؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ شالاّو عەلی عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨ .

دەکرد[١]، دیارترین ئەم هاوکاریانەش پێدانی تەکیەی سلێمانی بزووتنەوەکە بە ئاوارە بارزانییەکان و یارمەتیدانی مەلا مستەفا بارزانی لە ١٣ی تەموزی ١٩٤٣ دا بوو، کە بە شێوەیەکی نهێنی ڕێگەیان خۆش کرد بۆ مەلا مستەفای بارزانی کرد تاکو بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بگاتەوە نێوچەکانی بارزان[٢]، پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوو لادا بەردەوامیان هەبووە و بەنامە گۆڕینەوە و سەردانی یەکتریان دەکرد، سەرەتای پوەندییەکان لە سۆز و خۆشەویستی تەریقەتەوە دەست پێکرد و هۆشیاری دواتر و هەستی نەتەوایەتی پەیوەندییەکانی تۆکمەتر کردەوە و پاشان پێوەندییەکان بۆ چوارچێوەی خێزانی گواسترایەوە[٣].

دوای شۆڕشی (١٩٥٨) بزووتنەوەی هەقە شێوەیەکی سیاسی بە خۆیەوە بینیوە و بەشێك لە پێڕەوانی بزووتنەوەکە پێوەندیان بە (پ.د.ك) وە کرد[٤] بەم بۆنەیەوە شێخ ئەحمەدی بارزان لە ساڵی (١٩٥٩) سەردانی کەلکەسماقی کرد[٥]، بەلاّم مامەڕەزا بەلای بالّی چەپدا شکاندیەوە. پشتگیری لە سەر بڕیاری چاکسازی زەوییە کشتوکالّییەکان دەکرد کە یاسای ژمارە(٣٠) لە ٣٠ی ئەیلۆلی ١٩٥٨ دەرچووە، لە کاتێکدا بەشی زۆری ئاغاکان دژی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە وەستانەوە، چەند کەسایەتیەك لە ئاغاکان ئیمزایان بۆ گەڕانەوەی بارزانی لە بەغداوە بۆ کوردستان کۆدەکردەوە[٦]،

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، شاری هەولێر، ٢٠١١/٥/٨ .

[٢] ئەم هاوکاریانە لە ڕێگەی پۆلیسێك کە لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە بوو، بە ناوی عەبدولاّ و خەڵکی گوندی بنگرد بووە، بە پێشنیاری مامە ڕەزا هاوکاری مەلامستەفای کردووە تاکو بە سەلامەتی لە شاری سلێمانی دەربازی بێت، (بکر عەبدولکەریم حەویزی(رەئیس بەکر) : گەشتێك بۆ کۆماری مهاباد،چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٧ ؛ زەید ئەحمەد عوسمان (محەمەد شێرزاد) : خەباتی کورد، و: سامی قادر، چ١، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٥٠ )

[٣] هاوڕێ کاکە حەمە مامەڕەزا : بەشداری مامە ڕەزایەکان لە شۆڕشەکانی کورد لە سەرەتای چلەکانەوە ،گۆڤاری (شمشارە)، ژمارە (٥٠)، لە ئاداری ٢٠١٠، ل٢٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکە سماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

[٤] عەبدوڵلاّ کەریم مەحمود : س.پ، ل٢٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، شاری هەولێر، ٢٠١١/٥/٨.

[٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧ .

[٦] مەلامستەفای بارزانی دوای کۆتایی هاتنی کۆماری کوردستان لەساڵی (١٩٤٦) لە مەهابادەوە بۆ روسیا چوو، بەلاّم دوای شۆڕشی١٤ی تەموزی (١٩٥٨) گەڕایەوە شاری بەغدا و چەند کەسایەتییەك ئیمزایان بۆ گەڕانەوەی بۆ کوردستان بە مەبەستی بەرگری کردن لە بەرژەوەنیان کۆکردەوە، لە گرینگترین ئەو=

داوایان دەکرد شۆڕش دژی حکومەتی عێراقی هەڵبگیرسێنێتەوە، ئەمانە داوایان لە مامەڕەزا کرد ئیمزای بکات، بەڵام ئەو داوایەیان ڕەتکردەوە. هەرچەندە دژی ئیمزاکەرانیش نەوەستایەوە و ئامۆژگاری کردوون و پێیوتوون شۆڕش بە هەڵچونێکی ئاسایی ناکرێت، پێویستە خەڵك بەئاگایی و وشیارانە بیر بکاتەوە و ڕیزەکانی خۆی بە شێوەیەکی پتەو ڕێك بخات و خوێندنەوەی بۆ داهاتووی پێشهاتەکان هەبێت و پشتیوانی دەرەکی بە دەست بهێنێت، پێویستە بە شێوەیەکی ئاشتیانە داواکارییەکانیان بەرز بکەنەوە.[1]

ئەم هەڵوێستەی مامەڕەزا چەند بۆچوونێکمان لا گەڵاڵە دەکات:

١-مامەڕەزا بەلای حزبی شیوعیدا شکاندیەوە و ئامادەنەبووە پشتیوانی لە گەڕانەوەی مەلا مستەفا بکات.

٢-بزووتنەوەی هەقە وەکو بزووتنەوەیەکی جوتیاری دەرکەوت و کاری دەکرد بۆیە یاسای چاکسازی چاکسازی کشتوکاڵی خزمەتی بە بەرژەوەندی جوتیاران دەکرد، بۆیە ئامادەی ئیمزا کردنی ئەو پێشنیارە نەبووە.

٣-پێشنیارەکە لە لایەن ئاغاکانەوە کاری بۆ دەکرا، چونکە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە بەرژەوەندیەکانیانی دەدا، مامەڕەزاش لە کرۆکدا دژی دەست بەسەراگرتنی زەوی بوو لە لایەن ئاغاکانەوە، بۆیە ئاواتەخواز بوو ئەو زەویانە دابەش بکرێتەوە، بۆیە ئیمزای نەکرد.

وێڕایی ئەوەی مامەڕەزا لە شێوازی خۆئامادەکردن بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لەو بارودۆخەدا پێی گونجاو نەبوو، بەڵام کاتێك شۆڕش هەڵگیرسا و بووە ئەمری واقع پشتیوانیان لە شۆڕش کرد و لقێکیان بۆ مامەڕەزایەکان کردەووە و لە چوارچێوەی ئەو لقەدا درێژە بە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیاندا.[2]

دوای شێخ عەبدولکەریم بزووتنەوەکە دابەشی چەند گروپێك بوو، بە هەمان شێوە لە ڕووی ئینتمای سیاسیشەوە دابەش سەر هەردوو هێزە سەرەکیەکان بوون، بەشێکیان بەلای (پ.د.ك) دا کەوتن و بەشی سەرەکیش بەلای حزبی شیوعیدا کەوتن

---

=کەسایەتیانەش(شێخ عبدولخالقی کوری شێخ عبدولکەریم، کوێخا سمایلی تەلان و عەباس ئاغای ئاکۆیان بوون ). (هاوڕێ کاکە حەمە مامەڕەزا : س.پ، ل٢٣.

[1] بێ ناوی نوسەر: کەسایەتی مامە ڕەزا ،گۆڤاری (شمشارە) ، ل١٤.

[2] ئەم لقە بە سەرپەرستی کاك حەمیدی مامە ڕەزا بووە و بنکەیەکیش بە سەرپەرشتی کاك عبدولخالیق شێخ عبداکەریم بووە. عەبدوڵڵا کەریم مەحمود : س.پ، ل٢٣ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولکەریم حاجی، خانەقای شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤) .

## پێنجەم : لەگەڵ کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان بەشێکە لە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد بە گشتی و کوردانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی لە ٢٢ی کانونی یەکەم ١٩٤٦ لە کۆبونەویەکی فراوانی جەماوەریدا، لەمەیدانی چوارچرا لە شاری مهاباد بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد و ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری سەرۆك هۆز و عەشیرەتە کوردەکان و بازرگان و کاسبکار و جوتیاران، قەوارەیەکی سیاسی بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان دروست کرا[١]، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە یەکێ لە ڕوداوە گرینگ و مێژووییەکانی ژیانی سیاسی خەڵکی کوردستان دادەنرێت و جۆش و خرۆشی خستە نێو ڕۆڵەکانی تێکڕای هەر چوار پارچەی کوردستانەوە و هەواڵەکە بە شێوەیەکی خێرا بە ناوچە جیاجیاکاندا بلاوبووەوە[٢] .

پاش بلاوبوونەوەی هەواڵەکە بزووتنەوەی هەقە لە هەولی دروستکردنی پردی پێوەندی و خۆسازدان بۆ پشتیوانیکردنی کۆماری کوردستان بوو، بۆ ئەم مەبەستە مامەڕەزا سودی لەو پێوندییە تایبەتیانە وەرگرت، کە لە ماوەی ڕابردوو لە شوێنی جیاجیادا پێوەندی لەگەڵدا پەیدا کرد بوو[٣]، بارزانیەکان لە ڕوی سەربازیەوە یارمەتیدەری کۆماری کوردستان بوون و سوپای و بەشێکی گرینگی هێزی چەکداری کۆماری کوردستانیان پێك دەهێنا، بارزانیەکانیش لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمەوە پێوەندیان لەگەڵ مامەڕەزا و بزووتنەوەی هەقە دا پەید کرد بوو، بۆ ئەو پێوەندییەکان مامەڕەزا نێردراوێکی بۆ شاری شنۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان نارد، کە بارەگای سەرەکی بارزانییەکانی لێبوو، تاکو ئاگاداری پێشهات و گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی نێوچەکە بێت

[١] رەئیس بەکر : س.پ، ل١٢ ؛ هیمداد حسێن : ڕۆژنامەوانی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان (١٩٤٣-١٩٤٧)، چ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٠-٢٥ .

[٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین : کۆماری کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٩٦ .

[٣] لە گرینگترین ئەو کەسایەتیانەش میرحاج ئەحمەد ی کەسایەتی دیارو ناسراوی کوردستانی باشور و ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە و لە زیندانی عەمارە مامەڕەزای ناسیوە، هەروەها پێوەندی و ناسیاویان لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزانی برا گەورەی مەلا مستەفای بارزانی و دروستکردنی پێوەندییان لە چلەکانی سەدەی ڕابردودا، لە کاتی دوور خستنەوە و ئاوارە بونیان لە شاری سلێمانی (محەمەد عەلی سولتانی : ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس، ل٢٥٦ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤) .

و ڕێگەیەکی دروست بۆ پێوەندی دروست کردن لەگەڵ کۆماردا بدۆزنەوە[1]، لێرەوە سەرەتا پێوەندییەکانی بزووتنەوەی هەقە و کۆماری کوردستان دەست پێدەکات، مامەڕەزا فەرمانی بە دروستکردنی گروپێکی بزووتنەوەی هەقە و سازدانیان بە مەبەستی پێشکەشکردن و گەیاندنی هاوکارییەکانی بزووتنەوەکە بە کۆماری کوردستان دا، ئەم گروپەی پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە کە لە ژمارەیەك لە کەسایەتییە دڵسۆز و نیشتمان پەروەرەکان بە سەرۆکایەتی (شێخ حەمەدەمینی مەڵحە)[2]پێکهاتبوو[3] .

بەمەبەستی هاوکاری و پشتیوانی و بەشداری کردن لە خەباتی نەتەوایەتی و تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە مافی ڕەواکانی [4] .

پاش گەیشتنی ئەم گروپە لە لایەن بارزانیەکانەوە پێشوازیان لێکرا و ڕەوانەی بەرەی شەڕ لە شاری سەقز لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کران[5]، لەو بارودۆخەدا قازی محەمەد داوای زانیاری لە سەر بزووتنەوەی هەقە کرد، مامۆستا کەریمی زەند و شێخ حەمەدەمینی مەڵحە و مەلا سابیری سۆفی

---

[1] کەریم زەند : ئاینستان، ل١٩٧ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، شارۆچکەی دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

[2] شێخ محەمەدی مەڵحە: یەکێك لە کەسایەتی دیار و ناسراوەکانی بزووتنەوەی هەقەیە و لە (١٨٦٩) لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، و کەسی هەرە نزیکی مامەڕەزا بووە و لە کارو فەرمانەکاندا ڕاوێژی پێکردووە، پاش پێوەندی کردنی بە بزووتنەوەی هەقەوە ماڵ و منداڵی جێ دەهێڵێت و لە خانەقای شەدەڵە دەمینێتەوە و بە کاری بزووتنەوەکەوە سەرقاڵ بووە،پاشان لە گەڵ مامەڕەزا چۆتە کەڵکە سماق و لە ساڵی (١٩٥٨ ) کۆچی دوای کردووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولکەریم حەمە تاهیر حەمەدەمینی مەڵحە، ناحیەی ڕاپەرین سەر بە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨) .

[3] ئەو پێڕەوانەی بزووتنەوەی هەقە کە بەشداریان لە کۆماری کوردستاندا کردووە. ( شێخ محەمەد مستەفا سەرگەڵو ناسراو بە کاکەدین سەرگەڵو، شێخ سەلیمی شێخ ئەحمەد سەرگەڵو، ئەبو بەکری شێخ عەبدولڕەحمان، عەبدولاڵ وەیسی، حاجی محەمەد ئەمین کوێخا ئەحمەد کوێرەکانی، محەمەدی کوێخا عەزیز هەنجیرەی، کوێخا عەبدولاڵ هەنجیرەی، ئەحمەدی حاجی سلێمان خۆشناوەتی، عەبدولاڵی حاجی عزیزی خۆشناوەتی، خدر قادری کانیتوی، حوسێن عەلی کانیتوی، محمودی حەمە گەورە ناسراو بە مەلا سەفێ، ڕەشید ئیبراهیم تۆربەی، ئەحمەد عەزیز قادری هەڵەدن، قادر فەرەج قۆمەغان، حەسەن قادری دێرێ، حوسێن ئەحمەد سوری سێدەر، کەریم ڕەشید کلێسەیی، قادر عەبدولاڵ کانی ئەسپان (مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٥٦ ).

[4] حەسەن عەوالاَنی : س.پ، ل١٣ ؛ بەرهەم شێخ عزەدین : گوندی کەلکەسماق، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢٢٧٠، لە ٢٠٠٨/٩/١٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

[5] هاوڕێ کاکە حەمە مامەڕەزا : س.پ ، ل٢٣ .

کانێسکانی[1]، سەردانیان کرد و زانیاری وردی بزووتنەوەکەیان پێشکەشی قازی محەمەد کرد[2]، پاش کۆتایی هاتنی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦/١٢/١٧ گروپەکە دەگەڕێنەوە بۆ باشوری کوردستان[3].

نوێنەرانی مامەڕەزا بە گوێرەی توانای خۆی بەشداری لە کۆماری کوردستاندا کردووە و دڵسۆزی خۆیان بۆ کۆمار نواندووە، هەرچەندە بە ژمارەیەکی کەم بەشداریان لە پشتیوانی و بەرگری کردن لەو حکومەتە کردووە.

# باسی چوارەم
# پێوەندییە عێراقییەکان

## یەکەم :لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقدا

سەرەتای دەرکەوتنی بیری چەپ لە عێراقدا بۆ سەرەتاکانی سەدەی بستەم دەگەڕێتەوە، کە ژمارەیەك ڕۆشنبیری چەپڕەو کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئایدۆلۆژیە دەکرد، بەڵام هیچ شوێن و پێگە و بازنەیەکی دیاریکراویان نەبوو یەکیان بخات[4]، تا دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی لە ١٩٣٤/٣/٣١ بە سەرۆکایەتی (فهد)[5] لە شاری بەغدا دامەزرا، ئەمەش بووە مینبەری کۆکردنەوەی ئایدۆلۆژیە چەپڕەوەکان لە باشور و ناوەڕاستی عێراقدا[6] .

---

[5] مەلا سابیری سۆفی محەمەد لە ساڵی (١٩١٣) ز لە کانێسکانی شاری سلێمانی لە دایك بووە و کەسایەتییەکی دیار و ناسراوی بزووتنەوەی هەقە و سەرتەکیەی بزووتنەوەکە لە شاری سلێمانی بوو. (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریمی زەند، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ .

[2] کەریم زەند : ئاینستان، ل٢٠٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامانج تەها، قەزای دوکان، ٢٠١٠/٤/٢٠ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم زەند، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ .

[3] کەریم زەند : ئاین و باوەڕ لە کوردستان، ل٨٦ .

[4] **حسن ضاضا : س.پ، ل٦٩–٧٠ .**

[5] فهد: ناوی یوسف کوڕی سەلمان کوڕی یوسفە بە فهد ناسراوە، لە ساڵی (١٩٠١) لە شاری ناسریە دایك بووە و سەرەتای دەرکەوتنی بۆ ساڵی (١٩٢٨) دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی وەکو کەسایەتیەکی ژیری بواری مارکسی دەرکەوت و هەوڵی کۆکردنەوەی کەسایەتییە چەپڕەوەکانی لە چوار چێوەی بازنەیەکی دیاری کراودا دەدا و گروپێکی مارکسی لێ دروست کردن، لە ساڵی (١٩٤٩) لە شاری بەغد لەسێدارە دراوە(**احمد دلزار : لمحات من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي ، بغداد ، ٢٠٠٢ ، ص٨–٩ ؛ صلاح الخرسان : صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، ط١، بيروت، ١٩٩٣، ص١٨**) .

[6] **حنا بطاطو : العراق، ت: عفيف الرزاز ، ط١، تهران ، ٢٠٠٥ ، ص٦٤–٦٥ .**

سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بیری شیوعیەت و دامەزراندنی پارتێکی سیاسی وەك حزبی شیوعی کە هەڵگری دروشمەکانی یەکسانی و دادپەروەری و پاڵپشتی کردنی توێژی جوتیاران و ڕەنجدەران و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك بوون، بۆ ئەو سەردەمە وەچەرخانێکی فیکری گرینگ بووە، لە لایەك بووە هۆی جولاندنی هەستی چینایەتی و خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆبووەوە، لە لایەکی ترەوە بە هۆی هاوهەڵوێستی و نزیکی و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی هەقە و حزبی شیوعی، بە تایبەتی لە تێڕوانینیان بۆ دادی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشە چینایەتی و ڕەگەزییەکان و زەمینەسازی بۆ هێنانەپێشەوەی ژنان بۆ نێو کایە کۆمەڵایەتییەکان، بەرگری کردن لە چەوساوەکان و دژایەتی ڕژێمی دەرەبەگایەتی[1].

سەرەڕای نزیکی بزووتنەوەی هەقە لە پێڕەو و پرۆگرامی نێوخۆی و بنەما و پرەنسیپ و دیسپلینەکانی حزبی شیوعی، چەند فاکتەرێکی تریش هەبوون، هۆکاری زیاتر نزیك بوونەوە و تۆکمە کردنی ئەم پێوەندییە سیاسییە بوون . لە گرینگترین ئەو فاکتەرانەش :

١- تێڕوانینی بزووتنەوەی هەقە کە تێڕوانینێکی شێوە چەپڕەو بووە، بەڵام خۆیان ڕووپۆش کرد بوو بەبیروباوەڕی ئایدیالیستی و وێڵی دادی کۆمەڵایەتی بوون[2] .

ئەم بارگاوی بوونە بە بیروباوەڕی چەپ بە هەمان ناوەڕۆك و ئامانجی حزبی شیوعی عراقی بووە و بە یەکێ لە فاکتەری لێکتر نزیك بوونەوە دادەنرێت، وێڕای ئەوەی بزووتنەوەی هەقە پێشخانێکی تەریقەتی نەقشبەندی هەبووە و کاریگەری لە سەر بیرکردنەوەی پێڕەوانی بزووتنەوەکە دروست کردووە، تا وابەستەی بڕیارەکاتی تەریقەت و ڕابەری خانەقا بن، ئەمەش پێوەنداریێتی پارتایەتی و سیاسەت کردنی لە نێو پێڕەوانی بزووتنەوەکە لاواز کردووە و زۆرینەی کاروچالاکی و بیرکردنەوەیان لە لایەن ڕابەری بزووتنەوەکەوە بڕیاری لێوە دەدرا.

٢-بزووتنەوەی هەقە لە سەردەمی زێڕینی خۆیدا پێوەندی تۆکمەی لەگەڵ زۆرینەی جولانەوە سیاسی و نیشتمانییە عێراقی و کوردستانیەکاندا هەبووە[3]، هەروەها پێوەندی لەگەڵ کەسایەتییە ناسراو چەپەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هەبووە[4].

---

[1] جەعفەر(فازل کەریم) : ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن، ل٧١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان محەمەد گدرون، ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧.

[2] ڕەشاد میران : س.پ، ل٦٤ .

[3] حەسەن عەوالآنی : س.پ، ل١٣ .

[4] لە دیارترین ئەو کەسایەتیانەش ( میرحاج ئەحمەد و فهدی سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی و گۆرانی شاعیری گەورەی کورد) سەرجەمیان کەسایەتی دیارو ناسراوی گۆڕپانی سیاسی کوردستان و عێراقن . (چاوپێکەوتن لە

ئەو پارت و بزووتنەوە و کەسایەتیانە شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینیان بۆ ئایندەی عێراق و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، کە یەکسانی و دادپەروەری تێدا بەرقەرار بێت، یەك ئامانج کۆی دەکردنەوە، ئەمەش هەمان تێڕوانینی بزووتنەوەی هەقە بووە، هەرچەندە گومانێك هەیە، کە ئەم کەسایەتیانە مامەڕەزایان بۆ نێو ململانێ سیاسیەکاندا پەلکێش کردبێت و بزووتنەوەی هەقەیان لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینیەوە بەرەو بزووتنەوەیەکی جوتیاری هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی بیروباوەڕی سۆسیالیستی لە سەر ئەرزی واقعدا و گونجاندنی لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردەواریدا بوو .

٣-بەشێکی سەرەکی بزووتنەوەی هەقە بەلای حزبی شیوعی عێراق کەوتن، بە هۆی ئەو کێشە و ناکۆکیانەی لە نێوخۆی بزووتنەوەی هەقە کەوتەوە[(١)] و کاریگەری لەسەر ئایدۆلۆژی و شێوازی بیرکردنەوەی پێڕەوانی بزووتنەوەکە هەبوو، بەشێکیان بەلای (پ.د.ك) و بەشەکەی تریان بوونە هەواداری حزبی شیوعی عێراقی[(٢)] .

٤-سەبارەت بە باڵی حەمەسوریەکان، ئەو بۆچوونە هەبوو کە حەمەسور لە ڕوسیاوە هاتووە بیر و ڕێبازێ کۆمۆنیستی و شیوعیەت بلاّودەکاتەوە و هەوڵی کۆنترۆلکردنی عێراق دەدات[(٣)]، جگە لە بانگەشە کردن بۆ پێکەوە ژیان و گوزەران کردن و کۆکردنەوەی بەرهەمەکان و دابەشکردنی بە شێوەی یەکسان بە سەر پێڕەوانیاندا، ئەمەش بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حزبی شیوعی دادەنرێت، کە حەمەسور لە چوار چێوەی گوندێکدا هەوڵی جێبەجێ کردنی داوە[(٤)]، هەرچەندە جێگەی گومانە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی فەرمی لە نێوان حەمەسور و حزبی شیوعیدا هەبوو بێت، لەم بارەیەوە حەلاوەخان دەڵێت: " حەمەسور سەرقاڵی سەرپەرشتی کردنی کارەکانی ڕۆژانەی گروپەکەی بووە، زۆربەی ئەو دەنگۆیانە تەنها بۆ تۆمەتبار کردنی حەمەسور بوو"[(٥)] .

جێگەی باسە تێکڕای ئەم فاکتەرانە ڕۆڵیان لە ڕاکێشانی بیرکردنەوە و قبوڵکردنی بزووتنەوەی هەقە بۆ لایەنگیری و دواکەوتنی حزبی شیوعی هەبووە، لێرەوە ڕابەری بزووتنەوەکەهانی پێڕەوانی دەدات جێگەی خۆیان لە نێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیدا بکەنەوە، بە مەرجێك

---

گەل کەریم ئەحمەد، شاری کۆیە، ٢٠١٠/١١/٢٢ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤) .

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەبیحە خان، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفور، شاری هەولێر، ٢٠١١/٥/٨.

(٣) ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل١٨٤ .

(٤) ڕەفیق مجید : م.س،ص١٦٦ .

(٤) چاوپێکەوتن، ناحیەی شۆڕش، ٢٠١٠/١١/٧.

واز له ڕەوشت و بنەماکانی بزووتنەوەکە نەهێنن[1]، سەرەتای ئەم پێوەندییەش لە ڕێگەی (گۆرانی شاعیر)[2]، لە ساڵی (١٩٥٢) بوو، بەلاّم دەستگیرکردنی گۆرانی شاعیری بەسەردا هات، بەمەش پێوەندییەکان لاوازیان بە خۆیانەوە بینی، چونکە سەرەتای پێوەندییەکان لە چوارچێوەی دۆستایەتی و کەسێتییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەلاّم پاش تێکەڵ بوون و شارەزایی پەیداکرنیان سەبارەت بە پێرەو وپرۆگرامی حزبی شیوعی، مامەڕەزا گوتبووی حزبی حەقیقەتمان دۆزیەوە، بۆیە پێویستە خزمەتی بکەین[3]، پێوەندییەکان لە ساڵی (١٩٥٨)ەوە شێوەیەکی فەرمی بە خۆیەوە بینیوە و مەلاسابیری کانێسکانی وەکو نوێنەری فەرمی مامەڕەزا خۆی بۆ پێوەندییەکانی لەگەڵ حزبی شیوعی دەست نیشان کردووە[4]. پاشان ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی کەوتنە کارکردن و شانەبەندی لە نێو پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقەداو چەندین پلەیان بە کەسایەتیە دیارەکانی نێو بزووتنەوەکە بەخشی[5] .
.

لێرەوە بزووتنەوەی هەقە بوونە پاڵپشت و پشتیوانی حزبی شیوعی و ڕۆڵیان لە هاوکاری و بەدەنگەوە چوونی حزبی شیوعیدا بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرکەوت. بە تایبەتی کاتێك کە پێوەندییەکانی جکومەتی عێراقی لەگەڵ حزبی شیوعیدا تێکچوو، حزبی شیوعی هیچ پەنایەکیان نەما هانای بۆ ببەن ، بۆیە ناچار بوون داوای هاوکاری لە مامەڕەزا بکەن بۆ ئەوەی دالّدەی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی بدات، مامەڕەزاش داواکاریکەیان قبوڵ دەکات و گوندی چنارتوو لە نێوچەی ئاغجەلەر بۆ شوێن کردنەوە و دالّدەدانی ئەندامانی حزبی شیوعی دەستنیشان دەکات و

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عەسکەری، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧ .

[2] گۆرانی شاعیر : ناوی عەبدولاّ کوڕی سلێمان کوڕی عەبدولاّ بەگە و لە ساڵی (١٩٠٤) یان (١٩٠٥) لە شاری هەڵەبجە لە دایك بووە، سەرەتای خوێندنی لای باوکی دەست پێکردووە و پاشان چۆتە مزگەوتی پاشا لە هەڵەبجە و بیارە و خوێندنەکەی پچڕپچڕ بووە، دواتر لە خوێندنگای تورکیدا دەستی بە خوێندن کردووە، لە ساڵی (١٩٢٥-١٩٣٧) بۆتە مامۆستا لە هەڵەبجەو دواتر چۆتە ئیشغال تاکو (١٩٥١)ز لەوێ ماوەتەوە و پاشان دەستگیر کراوە تاکو( ١٩٥٢) و پاش بەربونی بۆتە بەرپرسی ڕۆژنامەی ژین، چەندین بابەت و دیوانی شیعری هەیە و لە ١٩٦٢/١١/١٨ کۆچی دوای کردووە (محەمەدی مەلا کەریم : دیوانی گۆران ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٠، ل٥٤٥-٥٤٦ ) .

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ئەحمەد، شارۆچکەی کۆیە، ٢٠١٠/١١/٢٢.

[4] غفور میرزا کەریم : چەند مەلۆیەك لە خەرمانی نوسینەکانم، سلێمانی،٢٠٠، ل١٢٠ .

[5] لە دیارترین ئەو کەسانەی پلەیان لە حزبی شیوعی وەرگرت لە مامەڕەزایەکان بوون، لە دیارترینیان (کاکە حەمەی مامە ڕەزا و کاکە حەمیدی برای و مەلا سابیری سۆفی محەمەد و حاجی محەمەدی شەدەڵە و مامە تەهای مامە ڕەزای عەسکەر ...هتد. (ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل١٤٩ ؛ کەریم ئەحمەد : ڕێڕەوی تێکۆشان، ل٢١١-٢١٢ ) .

داوایان لێدەكات ئاگاداری دابونەریتی خەڵكی ناوچەكە بن و كـردار و مامەڵـەكانیان نەبێتـە هـۆی ڕەنجاندن و ئازاردانی خەڵكی ناوچەكە[1] .

سەرەڕای ئەوەی ئەم بزووتنەوەیـە مـاڵ و مەڵبەنـد و پـەنا و داڵـدەری لێقـەوماوان بـووە[2]، هاوكاری و پشتیوانی زۆربەی چین و توێژەكانی ناوچەكە و حزبی شیوعیان كردووە.

## دووەم : بە حكومەتی عێراقەوە

دوای دەركەوتنی بزووتنەوەی هەقە بە نفوزێكی جەماوەری فراوانی لادێنشـینی نێوچـەكانی كـەركوك و سـلێمانیەوە، پێوەندییـەكانی بزووتنەوەكـە و حكومـەتی عێـراق بـەرەو بـارودۆخێكی نەخوازراو هەنگاوی دەنا و چـەند فاكتـەرێكیش ڕۆڵیـان لـە سـەرهەڵدان و ڕودانـی ئـەم ئـاڵۆزی و گرژیانەدا هەبووە، لە گرینگترین ئەو فاكتەرانەش :

١-ئەو بیروباوەڕەی كە بزووتنەوەی هەقەی لە سەر دامەزرا بوو، لە پشتیوانی كردنی جوتیـاران و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی، كە بنچینە و بنەمای بیروباوەڕی بزووتنەوەی هەقە بـوو، ئەمەش جۆرێكە لە جێبەجێكردنی بنـەماكانی سۆسیالیسـتی، كـە لـەو سـەردەمەدا لـە هـەرەتی گەشەسەندنییدا بووە[3]، ئەمەش نیگەرانی دەسەلاتی بەریتانی و حكومەتی عێراقی لێكەوتەوە .

٢-حكومەتی عێراق لە سەر بنـەمای ئـاینی ئیسـلام دامـەزراوە و قورئـان و وتـەكانی پێغەمبـەر سەرچاوەی دەستور و یاسا و بەڕێوەبردنن لە وەڵاتدا، بـەڵام زۆرینـەی پێڕەوانـی بزووتنـەوەی هەقـە بەشی زۆری بنەماكانی ئاینی ئیسلامیان فەرامۆش و پشتگوێیان خستبوو و جێبەجێ یان نـەدەكرد، ئەمەش مانای دەرچون و ڕەتكردنەوەی ئاینی ئیسلامی دەگەیاند، هەرچەندە شـێخ عەبدولكـەریم و ڕابەرانی تری بزووتنەوەكە ئاینی ئیسلامیان بە ڕاشكاوانە ڕەتنەكردۆتـەوە و باوەڕیـان بـە قورئـان و وتەكانی پێغەمبەر هەبووە و خۆیان بە موسڵمانی ڕاستەقینە زانیوە[4].

---

[1] ئەم ڕوداوە دوای كۆچی دوای مامەڕەزا ڕویدا. چاوپێكەوتن لەگەڵ هاوڕێ كاكە حەمەی كەلكەسماق، خانەقای كەلكەسماق، ١٤/١١/٢٠١٠ ؛ عوسمان مستەفا خۆشناو : س.پ، ل١٣٧-١٤١ .

[2] عەلی بۆسكانی : پێشەكی بۆ لە هەقە كەوتنە تەقە، ل٨ ؛ جەلال دەباغ: لە دەفتەری یادگاردا مامە ڕەزاییەكان یان (برایانی هەقە) و هەڵوێستی جوامێرانەیان،گۆڤاری چیا، ژمارە(٢٤)، ٢٠٠٩، **ل٢٤**.

[3] محەمەد عەلی سوڵتانی : بزاڤی حەقە لە كەركوك، ل١٠٧-١٠٨.

[4] بێ ناوی نوسەر: بزووتنەوەی هەقە چی بووە؟ ، گۆڤاری (شمشارە)، ل٢ .

سەرەڕای ئەوەی حکومەتی عێراق بیروباوەڕی بزووتنەوەی هەقەی بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاینی ئیسلام و حکومەتەکەی و بلاْوبونەوەی کۆمۆنیستی دەزانی، بۆیە هەموو هەوڵەکانی لە پێناو کپکردنەوە و خنکاندی بزووتنەوەی هەقەی لە سەرەتای تەمەنیدا خستبووە گەڕ، هەڵبەتە کێشەکە زۆر لە خۆی گەورەتر کرا بوو، ئەمەش پێوەندی بەو ململانێ و ناکۆیانەوە هەبوو، کە لە نێوان بزووتنەوەی هەقە و ئاغاکان و بەشێك لە فەرمانبەرانی حکومەتەوە دروست بوون، بە تایبەتی ئەو فەرمانبەرانەی لە ئاغاکان سودمەند دەبوون، هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییە ئابوری و کۆمەلاْیەتییەکانیان دروست بوو[1]، چونکە بە هۆی وشیار بوونەوەی جوتیاران و ڕەتکردنەوەی داواکارییەکانی ئاغاوە بەرژەوەندی ئاغاکان تێکچوو، ئەوانیش فشاریان بۆ فەرمانبەرە نزیکەکانی خۆیان لە حکومەت دەبرد، بەمەش ئالۆزی لە پێوەندییەکانی حکومەت و بزووتنەوەی هەقەدا دروست دەکرد.

٣-هاوکاری و پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی هەقە لە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان، بە تایبەتی پێشکەشکردنی هاوکاری ماددی و مەعنەوی بە ئاوارە بارزانیەکان، کە بۆ شاری سلێمانی دوورخرابوونەوە، ئەم داشکانە بە لای کوردایەتیدا حکومەتی عێراقی نیگەران کرد بوو[2]، هەروەها مامەڕەزا ئامۆژکاری و ڕێنمایی ئەو پێڕەوانەی دەکرد سەرباز بوون لە ڕیزەکانی سوپای عێراقیدا هەرگیز تەقە لە شۆڕشگێڕانی گەلی کورد نەکەن، هەرچەندە سەربازانی پێڕەوانی بزووتنەوەکە بە هۆی کەمی ژمارەیانەوە ڕۆڵی دیاریان نەبووە لە سوپای عێراقیدا[3] .

تێکڕای ئەم هۆکارانە بوونە مایەیی هەراسان کردنی حکومەتی پاشایەتی، بۆیە حکومەت چاودێری خستبووە سەر شێوازی مامەڵەکردن و جولاْنەوەی کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەکە و گومانی لە هەر کەسێك بکردایە دەستگیری دەکرد . هەڵبەتە شۆڕشی ١٤ی تەموزی (١٩٥٨) دەروازەیەکی نوێی بە ڕووی ئازادی بیروڕاو هاوبەشی نەتەوەکان لە خاوەندارێتی عێراق و ئازادکردنی زیندانیە سیاسییەکان و بانگەشە بۆ برایەتی کورد و عەرەبی هێنایەکایەوە[4]، بەلاْم لە بەرکەمی ماوە، نەتوانرا زەمینەی گونجاو بڕەخسێنێت بۆ پەرەپێدان و گەشەسەندنی پێوەندییەکان لە نێوان

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف حەسەن ئەحمەد، شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٠ .

[2] هاوڕێ باخەووان : س.پ، ل٦٨ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکە سماق، خانەقای کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

[3] مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، ل٦٠ .

[4] عبدالخالق حسین : ثورة ١٤ی تموز العراقية و عبدالكريم قاسم، ط١، دیشق، ٢٠٠٣، ص٥٣ .

بزووتنەوەی هەقە و حکومەتی عێراقیدا دروست بکرێت و شۆرشی ئەیلولی بە سەردا هات و بزووتنەوەی هەقەش وەکو زۆرینەی گەلی کورد بەشداری لەو شۆڕشەدا کرد[1].

لە بەر ئەم هۆیانە بە درێژایی تەمەنی بزووتنەوەی هەقە نەیتوانی پێوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا دروست بکات، بەڵکو نەیاری دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی بووە و لە بەرەی میللەتەکەیدا درێژەی بە خەبات داوە.

## سێیەم : بە دەسەڵاتی بەریتانیەکان لە عێراقدا

لە سەرەتای پەیدا بوون و بڵاوبوونەوەی ناوبانگی بزووتنەوەی هەقە و شێوازی کارکردن و شارەزای پەیدا کردن دەربارەی ناسنامەی پێڕەوان و پرۆگرامی کارکردنیان تێبینی لای دەسەلاتی حکومەتی عێراقی دروست کرد، بۆیە حکومەتی عێراق و بەریتانیەکان کەوتنە چاودێری کردنی بارودۆخی ناوچەکە، ئەمەش بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوە و تەشەنە کردنی بیری کۆمۆنیستی بوو کە شەپۆلەکەی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بەرەو ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دەهات[2]، بۆ ئەم مەبەستە بەریتانیەکان کەوتنە هەوڵی دەستەمۆکردنی بزووتنەوەکە، ئەدمۆندسی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقیان بۆ گوندی شەدەڵە نارد کەمەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی هەقە و شوێنی نشتەجێبونی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بووە .

دوای هەوڵی زۆری ئەدموندس بۆ ڕازی کردنی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بە هاوکاری کردن و دروست کردنی پردی پێوەندی لە سەر بنەمای پێکەوە کارکردن لە پێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بەریتانیا و حکومەتی عێراق و پێشنیار کردنی بڕینەوەی موچە و جیاوك (امتیازات) و پێدانی دەسەلات بە خۆیی و پێڕەوانی، لەمەدا بەریتانیەکان سەرکەوتوو نەبوون لە مەرامەکانیاندا، پاشان بەریتانیا بڕیاریدا بە توندوتیژی کێشەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی هەقە یەکلایی بکاتەوە و شێوازی چاوسورکردنەوە و دەستگیر کردنی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە و کەسایەتییە دیارەکانی

---

[1] عەبدوڵلا کەریم مەحمود : س.پ، ل٢٣ ؛ جەلال دەباغ: س.پ، ل٦ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولکەریم حاجی، خانەقای شەدەلە، ٢٠١٠/١١/١٧.

[2] شاکر فتاح : ئاوێنەی ژینم، ل٤٣٢ ؛ مسعود محەمەد : گەشتی ژیانم : ل١٨٨ .

بزووتنەوەی هەقەی لە ساڵی (١٩٣٤) کرد[١] . مەبەستی بەریتانیەکان لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە کۆتای هێنان بە بزووتنەوەکە بوو[٢].

پاشان بەریتانیەکان چاودێری هەڵسوکەوت و جوولانەوەی بزووتنەوەی هەقەیان دەکرد و بەکرێگیراوی سۆڤیەت و بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی سۆسیالیستی لە کوردستان و نێوچەکەدا تۆمەتباریان کردن[٣]، لە بنەڕەتیشدا دەسەلاتی بەریتانیەکان لە هەڵوێستی ڕابردووی بزووتنەوەی هەقە لە هاوکاری و پشتیوانیکردنی حکومەتی شێخ مەحمود حەفید .[٤]

ئەمەش ئالۆزی لە نێوان بزووتنەوەکە و دەسەلاتی بەریتانیادا دروست کرد و بزووتنەوەکەی دوچاری چەندین تەنگ و چەڵەمە کرد و باجەکەشی قورسی دا .

---

[١] حەسەن عەوالانی : س.پ، ل١٣ ؛ جمال باجلان : م.س، ص٣٩٤، ٣٩٦ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، ناحیەی پیرەمگرون، ٢٠١٠/١١/٨.

[٢] مستەفا عەسکەری : ئاوەڕدانەوە لە بزووتنەوەی هەقە، ل٥ .

[٣] عەلی بۆسکانی : پێشەکی بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە، ل٦ ؛ ڕێبوار حەمە تۆفیق : س.پ، ل٧٧ ؛ محەمەد ڕەئوف زوهدی : س.پ، ل١٢٤ .

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال بابان، شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٩ .

# ئه نجامه‌كان

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :

١- سەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوەکە ڕون دیار نییە، هەرچەندە ساڵی (١٩٢٠) بە سەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوەی هەقە دەست نیشان کراوە، بەلاّم بزووتنەوەکە بە شـێوەیەکی پلـەیی و لـە سەرخۆ و قۆناغ بە قۆناغ و لە ماوەی چەندین ساڵ دا بنیاد نراوە، بۆیە ئەسـتەمە بتـوانین سـاڵێکی دیاری کراو بۆ سەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوەکە دەستنیشان بکەین، لە ئەنجامی ئـەم توێژینەوەیـە گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە بیسـتەکانی سـەدی بیسـتەم بـە سـەرەتای دامەزرانـدنی بزووتنەوەکـە دابنێین.

٢- ڕێچـکە و ڕەچـەڵەکی بزووتنـەوەی هەقـە بـە حـەوت پشـت بـۆ تەریقـەتی نەقشـبەندی دەگەڕێتـەوە، بـەلاّم پـاش دامەزرانـدی بزووتنەوەکـە وردە وردە لـە بنـەماکانی سـۆفیگەری و پرەنسیپەکانی تەریقەتی نەقشـبەندی دووركەوتنـەوە و لـە پـارت و ڕێکخـراو و کەسـایەتیە دیـارە چەپڕەوەکان نزیك بوونەوە، ئەمەش بزووتنەوەکەی وەکو جوڵانەوەیەکی جوتیـاری ناسـاند و چـەندین کێشە و ئاستەنگ و ململانێی بۆ دروست کردن .

٣- بزووتنـەوەی هەقـە بـە جولانەوەیـەکی ئـاینی ناوبـانگی دەرکـرد، بـەلاّم لـە نێوەڕۆکـدا بزووتنەوەیەکی ئابووری و کۆمەلاّیەتی بووە. هەوڵی دا ئاینی ئیسلام بـە داب ونـەریت و کـەلتوری کوردەواری متوربە بکات و میکانیزمێکی گونجاو بۆ دروست کردنی پـردی پێوەنـدی و بەسـتنەوەی خاڵە لێکچوەکانی نێوان مەراسیم و سروتە ئاینیەکانی ئیسلام و کۆمەڵگەی کوردی بدۆزێتەوە. لـە تێروانینی پێڕەوانی بزووتنەوەکەدا ئاینی ئیسـلام وەکـو چـەمك و بنـەما و فەلسـەفە پێوەنـدی بـە ئەنجامدانی کردار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی چاکەخوازی و سودبەخشەوە هەیـە، نـەك جێبـەجێکردنی سروتە ئاینییەکان بە شێوەیەکی بریقەدار و ڕوکەش .

٤-بزووتنەوەکە توانیویەتی لە ڕۆژگارە سەختەکاندا جـاڕی بـە گـژدا چـوونەوە دەرەبەگایـەتی بدات و پاڵپشتی لە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردسـتان بکـات، بـێ گوێدانـە ئـەو ئاسـتەنگ و پیشهات و مەترسیانەی لە ئەنجامی ئەو کارانەدا بەرەنگاریان دەبێتەوە .

٥- بزووتنەوەی هەقە لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کوردا بە یەکێ لەو جولانەوە گرینگانـە دادەنرێت، کە مانگرتن و ڕێپێوان و خۆپیشاندانی ئاشتیانەی جەماوەری کردە شێوەیەك لـە خـەباتی بزووتنەوەکە، هەرچەندە بزووتنەوەکە خاوەنی پێڕەو و بەرنامە و پرۆگرامێکی تایبـەتی نـەبووە، بـۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی و سازدانی پێڕەوانی بزووتنەوەکە بـە شـێوەیەکی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراو و تۆکمە کردنی ڕیزەکانی لە تێکرای نێوچەکاندا .

٦- ئـەم بزووتنەوەیـە چـەندین خـاڵی لێکچـوو هاوبەشـی لـە گـەڵ بزووتنـەوە ئـاینی و کۆمەلایەتییەکانی تردا هەبووە، وەك بەهاییی و ئەهلی هەق بە تایبەتی لە یەکسانی نێوان ژن و پیاو بانگەشە کردن بۆ ئاشتی و پیکەوە ژیان...هتد. هەرچەندە پێوەندییەکی ڕاسـتەوخۆ لـەو نێوەنـدەدا نەبووە.

٧-هەلومەرجی ئاینی وکۆمەلایەیـەتی و سیاسـی و ئـابووری کوردسـتان و دواکـەوتوویی و لاوازی وشیاری و ڕۆشنبیری پێڕەوانی بزووتنەوەکـە بـە گشـتی، بـووە هـۆی پەکخسـتنی هـەوڵ و تواناکانی بزووتنەوەکە، تا ببێتە بزووتنەوەیەکی سەرتاپاگیر و لە چـەند ناوچـەیەکی دیـاری کـراودا قەتیس نەکرێت، هەرچەندە بزووتنەوەکە خاوەنی دوو سەنتەری گرینگـی بـەڕێوەبردن و ڕێکخسـتن و سەرپەرشـتی کردنـی کاروبارەکـانی بزووتنەوەکـە بـوون، وەك سـومبولی سەرپەرشـتی و هێمـای بەڕێوەبردن و پیرۆزی بزووتنەوەکە تەماشا دەکران و لە بۆنەو یادەکاندا تێکڕای پێڕەوانی بزووتنەوەکە لەم شوێنانەدا کۆدەبونەوە و کۆڕوکۆبونەوەی فراوانیان ئەنجام دەدا و گوێ بیستی وتار و ئامۆژگـاری و ڕێنمای ڕابەرەکانیان دەبن، بەلاّم ئەم سەنتەر و گردبوونەوانە نـەیانتوانی گەشـە بـە بزووتنەوەکـە بدەن و لە نێو چین و توێژە جیاوازەکاندا شوێن پێی قایم بکـەن و پشـتیوانی و لایـەنگری بـۆ پەیـدا بکەن تاکو لە فەوتان و لە ناوچوون بیپارێزن .

٨- زاڵ بوونی بیری چەپ بە سەر پێڕەوانـی بزووتنەوەکـەدا وایکـرد بەشـی زۆری گروپـەکانی بزووتنەوەی هەقە واز لە جێبەجێ کردنی مەراسیمە ئاینیەکان بهێنن، بۆ ئەم وازهێنانەش چـەندین پاساویان هێناوەتەوە و دواکەوتوانیان پێ قەناعەت هێناوە، هەرچەندە تێکـڕای پاسـاوەکان لاوازن و نابنە شوێنگرەوە(بدیل) بۆ وازهێنان لـە بنـەماکانی ئـاینی ئیسـلام. بـەلاّم سـەرکەوتوو بـوون لـە پەروەردەکردنی تاکێك کە بیرکردنەوەی ئاینی و هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتی جیـاوازە لـە کۆمـەڵگای ئەو کاتەی کوردی ئەنجام بدات، ئـەم بیرکردنەوەیـەش بـۆ ئێسـتا ئەسـتەم و قورسـە نـەك بـۆ ئـەو سەردەمە، کەچی بزووتنەوەی هەقە کردیان.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێبە کوردییەکان


١. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی : شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، چ١، چاپخانەی زانست، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢. ئەحمەد حمەدەمین هۆمەر : ڕەواندز، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٦ .

٣. ئیبراهیم ئەحمەد شوان : فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠١ .

٤. ئیبراهیم ئەحمەد شوان: سۆفیگەری، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

٥. ا.م.منتیشاشفیلی : کورد، و:عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چ٢، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

٦. امین شێخ علاءالدین : تەسەوف چیە، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، بەغداد، ١٩٨٥.

٧. بابی لالۆ (کەمال رەوف محەمەد) : عەقیدەی ئیمان عەقیدەی کوردی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤.

٨. بەهیە فەرەجولاّ : بیرەوەی، و: ئەنوەر سولْتانی، چ١، دەزگایی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠ .

٩. بکر عەبدولکەریم حەوێزی(رەئیس بەکر) : گەشتێك بۆ کۆماری مهاباد،چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١ .

١٠. بێ ناوی نوسەر : کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامیدا، و: حەمە کەریم عارف،چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

١١. تۆمابوا : ژیانی کوردەواری، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراق، ١٩٨٠ .

١٢. جەعفەر(فازل کەریم ئەحمەد ): مێژووی بیری کورد، سلێمانی،٢٠١٠.

١٣. جەعفەر(فازیل کەریم ئەحمەد) : ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆیی گەشەکردن، چ١، چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩ .

١٤. جەعفەر عەلی رەسول : سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا ١٨٨٠-١٩٢٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی،٢٠٠٨.

١٥. جەمال بابان : یاداشتنامەی ژیانم، چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧ .

١٦. جیەن فریدمەن : فیمینیزم، و: فەرشید شەریفی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠٠١.
١٧. حەسەن شێخ خالید مفتی : جیهادی ئەهلی تەسەوف، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،ب.س.
١٨. حسن ضاضا : عێراق، و: ئامانج نیعمەت، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٩ .
١٩. حسینی خەلیقی : کۆمەڵناسی کوردەواری، بەرگی دووەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٩٢ .
٢٠. حشمەتولا تەبیبی : ئاین و زمان و رەچەڵەکی کورد، و: ڕەفعت مرادی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢١. درك كینان : کورد و کورستان کورتەیەك لە مێژووی کورد، و: ئەبو بەکر خۆشناو، هەولێر، ١٩٩١.
٢٢. ڕەشاد میران : ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٠.
٢٣. ڕەفیق حلمی : یاداشت، بەشی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، بغداد ١٩٨٨ .
٢٤. ڕێبوار حەمە تۆفیق : کۆمەڵی هەقە، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠ .
٢٥. زەید ئەحمەد عوسمان (محمەد شێرزاد) : خەباتی کورد، و: سامی قادر، چ١، هەولێر، ٢٠١٠.
٢٦. سیسل جۆن ئیدمۆندز : کورد، تورك، عەرەب، و: حامید گەردی، چ١، چاپخانەی هەولێر، ٢٠٠٤ .
٢٧. شاکر فتاح : ئافرەتی کورد، چاپخانەی معاریف، بەغداد، ١٩٥٨ .
٢٨. شاکر فتاح : ئاوێنەی ژینم، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٣.
٢٩. عبدالخالق علاءالدین: مەلای گەورە، سلێمانی، ٢٠٠٢ .
٣٠. عبدالرحمن شێخ سەلاحەدین شێخ سلێمان بەرزنجی بێلاف : تەریقەتی نەقشبەندی،ب١،ب٢، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.
٣١. عبدولکەریم مودرس : یادی مەردان، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٩.
٣٢. عبدالکریم مدرس : یادی مەردان، ب٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد،بەغداد، ١٩٧٩.
٣٣. عبدالکریم مدرس: بنەماڵەی زانیاران، چ١، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، ١٩٨٤.
٣٤. عەبدوڵلا غەفور : ئەتنودیموگرافیایی باشوری کوردستان، چ٢، بلاوکردنەوەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٠ .
٣٥. عەبدوڵلا غفور: گوندەکانی کوردستان، ب٢، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣٦. عەتا قەرەداغی : سلێمانی  زەمینەی پەرەسەندن و ململانێــی تەســەوف، چ١، ئۆفســێتی بەرهەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٣٧. علادین سجادی : ڕشتەی مرواری، بەگی پێنجەم، چاپخانە و پەخشی سەردەم، ســلێمانی، ٢٠٠٥.
٣٨. عوسمان عەلی : چەند لێکۆلینەوەیــەك دەربــارەی بزاڤــی هاوچــەرخی کــورد، و: کامــەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی دیلان، ٢٠٠٦ .
٣٩.غفور میرزا کەریم : چەند مەلۆیەك لە خەرمانی نوسینەکانم، سلێمانی،٢٠٠٠.
٤٠. فلادیمیر مینورسکی : بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، و: نەجاتی عەبدولاّ، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٤١. کاپتن لاین: کورد  عەرەب و بەریتانیەکان، و: یاسین سەردەشــتی،  چ١، چــاپخانەی ســیما، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٤٢. کاوس قەفتان : چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێــژووی میرنشــینی بابــان ســۆران بۆتــان، چ٢، چاپخانەی ئۆفسێتی ڕاز، سلێمانی، ٢٠٠٦ .
٤٣. کەریم ئەحمەد : ڕێڕەوی تێکۆشان، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٤٤. کەریم زەند : ئاین و باوەڕ لە کوردستاندا، چ١، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧١ .
٤٥. کەریم زەند : ئاینستان، چ١، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی، ٢٠٠٦ .
٤٦. کەریم زەند : ڕەو، چ١، چاپخانەی ئەزمەڕ، سلێمانی، ٢٠٠٥ .
٤٧. کەیوان ئازاد ئەنوەر : مێژووی ئاینەکان، چ١، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠٠٩ .
٤٨. کــریس کۆچــەرا : کــورد لــە ســەدەی نــۆزدە و بیســت دا، و: حەمەکــەریم عــارف، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٤٩. کلۆدیۆس جێمس ڕیچ : گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان،و: حەمــەی حەمــە بــاقی، چاپی سێیەم، دەزگا و بلاّوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
٥٠. مارتن ڤان برۆنسن : ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ عەلی، ب٢، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٥١. مەلای گەورە : فڕی فڕی قەل فڕی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩ .
٥٢. مەنوچێر موحسنی : کۆمەڵناسی گشتی، و: موسلح ئیروانــی، چ١، چــاپخانەی وەزارەتــی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٥.
٥٣. محەمەد امین زەکی بەگ : تاریخی ســلێمانی ولاّتــانی، چ٢، چــاپخانەی شــڤان، ســلێمانی، ٢٠٠٥.

٥٤. محەمەد سوهەیل تەقوش : عوسمانیەکان لە دامەزراندنەوە تا کودەتا بە سەر خەلافەتدا، و: مستەفا سەید مینە و نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر،٢٠٠٩.
٥٥. محەمەد ڕەئوف زهدی : بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە، چ١، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨٥.
٥٦. محەمەد رەسول هاوار : بیرەوەری، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧ .
٥٧. محەمەد سعید فقی محمود : یاداشتەکانم لە بەرێوبەرایەتی گشتیدا و تیشکێك بۆ سەر ژیانم لە بەڕێوبەرایەتیدا، دارالحکمە، لندن،٢٠٠٤.
٥٨. محەمەد عەلی سولتانی : ڕاپەڕینی عەلەویەکانی زاگرۆس یان لێکۆلینەوەیەك لە سەر ئەهلی هەق، و: لە فارسیەوە حەسەن عەبدولکەریم و کەمال رەشید، چ١، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکال و ئاودێری، سلێمانی،٢٠٠٣.
٥٩. محەمەدی مەلا کەریم : دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٠ .
٦٠. مستەفا عەسکەری : ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقە، چ٢، بلاَوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
٦١. میهرداد ئیزەدی : ئاین و تایفە ئاینیەکان لە کوردستان، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٦٢. میهردادی ئیزەدی : چەردەباسێك لە بارەی کوردانەوە، و: ئەمین شوانی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦ .
٦٣. نەوشیروان مستەفا ئەمین : کۆماری کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٦ .
٦٤. نوری عەبدولاَ ئاغجەلەری : بیرەوەریەکانم لە نیوان بینین و بیستن دا، ئامادەکردنی سدیق سالح، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩ .
٦٥. هاوڕێ باخەوان : ئالاَی کورد، کۆمیتەر و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٦٦. هێنی هارۆلد هانسن : کچانی کورد گەشتێك بە ناو ئافرەتانی موسلمان لە کوردستان، چ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٥.
٦٧. واسیلی نیکتین : کورد و کوردستان، و: خالدی حسامی،ب.ش، ١٩٩٨ .

## دووەم: کتێبە عەرەبیەکان


٦٨. الاب صبري المقدسي : الموجز في المذاهب والاديان،ج١، مطبعة مديا، اربيل، ٢٠٠٧.

٦٩. ابو بكر بن اسحاق البخاري الكلاباذي المتوفي ٣٨٠هـ/٩٩٠م : التعرف لمذهب اهل التصوف، تحقيق وتعليق:عبدالحليم محمود و طه عبدالباقي سرور، مكتبة الثقافة الدينية، فاهيرة، ١٩٦٠.

٧٠. ابن عربي و اخرون : سلسة التصوف، تقديم وتحقيق و تعليق: محمد زينهم محمد عزب، مكتبة مدبولي، قاهيرة، ١٩٩٣.

٧١. ابي عبدالرحمن محمد بن احمد السلمي النيسابوري ت/٤١٢هـ : المقدمة في التصوف و حقيقتيه، تحقيق و تقديم: يوسف زيدان، الناشر مكتبة كليات الازهرية ، قاهيرة، ١٩٨٧.

٧٢. احمد تقي الدين ابن تيمية : التصوف و الصوفية، جمع وتحقيق: محمد طاهر الزين، دار الايمان، اسكندرية، د.س.

٧٣. احمد تقي الدين ابن التيمية : اهل الصفة والاحوالهم، دراسة وتحقيق، مجدي فتحي سيد، دار الصحابة للتراث، ط١، ١٩٩٠.

٧٤. احمد بن حنبل : مسند الامام احمد بن حنبل، تحقيق محمد عبد القادر عطا،مكتبة دار الباز،مكة المكرمة، ج١٩٩٤،٣.

٧٥. احمد خليل : تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،ط١، لبنان، ٢٠٠٧ .

٧٦. احمد دلزار : لمحات من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، بغداد، ٢٠٠٢ .

٧٧. ب.لرخ : دراسات حول الكرد الايرانين و الاسلافهم الكلدانين الشمالين، ت: عبدي حاجي، السليمانية، ٢٠٠٨.

٧٨. بدرخان سندي : المجتمع الكردي في المنظور الاستشراق، ط١، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٦.

٧٩. بطرس ابو منة : دراسات حول مولانا خالد والخالدية، ط١، مطبعة اراس، اربيل، ٢٠٠٩.

٨٠. ج.ا.اسلمنت : بهاءاللة و العصر الجديد، ط١، لندن، ٢٠٠٦.

٨١. جان شوفلي : التصوف والمتصوفة، ت: عبدالقادر قنيني، بيروت، ١٩٩٩.

٨٢. جمال بابان : اعلام الكرد، ط٢، سليماني،٢٠٠٩.

٨٣. جواد فقي علي الجوم حيدري : محمد بن عبداللة الجلي و جهوده العلمية،ط١،مطبعة وزارة التربية، اربيل،٢٠٠٦.

٨٤. جيرارد جالديان : الماساة الكردية،ت : عبدالسلام النقشبةندي، ط١، د.م، ٢٠٠٧ .

٨٥. حنا بطاطو : العراق،ت: عفيف الرزاز، ط١، تهران، ٢٠٠٥ .
٨٦. خالد بن تونس : التصوف قلب الاسلام، ت: معهد الف، باريس، ٢٠٠٥.
٨٧. سامي شؤرش : تنوع الكرد في العراق، مطبعة الوزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٠.
٨٨. سبنسر ترمينجهام : الفرق الصوفية في الاسلام، ت: عبدالقادر البحراني، بيروت، د.س.
٨٩. سعد روستم : الفرق والمذاهب الاسلامية منذ البدايات، دار الاوائل للنشر والتوزيع والخدمات للطباعة، ط١، دمشق، ٢٠٠٤ .
٩٠. شاكر خصباك : الاكراد، ط١، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٥ .
٩١. صلاح الخرسان : صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، ط١، بيروت، ١٩٩٣.
٩٢. عباس العزاوي : شهرزور السليمانية، ط١، بغداد، ٢٠٠٠ .
٩٣. عبدالرحمن الوكيل : هذه هي الصوفية، ط٣، د.م، ١٩٩٥.
٩٤. عبدالحكيم عبدالغني قاسم : المذاهب الصوفية و مدارسها، ط١، قاهرة، ١٩٩٩.
٩٥. عبدالحليم محمود : قضية التصوف المنقذ من الظلام، ط٣، دار المعارف، لبنان، د.س .
٩٦. عبدالخالق حسين : ثورة ١٤ى تموز العراقية و عبدالكريم قاسم، ط١، ديمشق، ٢٠٠٣.
٩٧. عبدالرحمن ابن خلدون : المقدمة، المجلد الثاني، ط٣، مؤسسة الكتب الثقافي، بيروت،د.س.
٩٨. عبدالرحمن بدوي : تاريخ التصوف الاسلامي، ط١،د.م، ١٩٧٥.
٩٩. عبدالرزاق الحسني : البابيون والبهائيون في حاضرهم وماضيهم، دار العربية للموسوعات بغداد، د.س.
١٠٠. عبدالقادر صالح : العقائد والاديان، ط٢، دار المعرفة، لبنان، ٢٠٠٦ .
١٠١. عبدالكريم المدرس : علماؤنا في خدمة العلم و دين، ط١، ١٩٨٣ .
١٠٢. عبدالرحمن شيخ علاءالدين النقشبندية : السادات النقشبتندية، ط١، بيروت، ١٩٨٥.
١٠٣. عبدالمجيد بن محمد الخاني : الحدائق الوردية في حقائق اجلاء النقشبندية، دار اراس للطباعة و النشر، اربيل، ط٢، ٢٠٠٢.
١٠٤. عبدالوهاب بن احمد بن علي الانصاري ت/٩٧٣هـ : الطبقات الكبري للشعراني المسمات بلواقح الانوار في طبقات الاخيار، ضبطه صححه: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٧.
١٠٥. عبود عبدالله العسكري : التصوف قراءة المصطلح و المعتقد و السلوك، دار النمر، ديمشق، ٢٠٠٦.
١٠٦. فريد اسسرد : اصول العقائد البارزانية، سليماني، ٢٠٠٨ .

١٠٧. قمر كيلاني : في التصوف الاسلامي، دار المجلة المصرية، د.س.
١٠٨. لويس ماسينون و مصطفي عبدالرزاق : التصوف، ط١، دار الكتاب اللبناني للطباعة ونشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٤.
١٠٩. محمد ابو زهرة : تاريخ المذاهب الاسلامية في سياسة و العقائد و تاريخ الذاهب الفقهية، دار الفكر العربية، قاهرة، د.س .
١١٠. محمد الخال : الشيخ معروف النودهي البرزنجي، دار مطبعة التمدن، بغداد، ١٩٧٦.
١١١. محمد فؤاد عبدالباقي : المعجم الفهرس لالفاظ القران الكريم، تهران، ١٣٨٣ه.ق، ص٢٦٤-٢٦٩ .
١١٢. محمد كسنزاني الحسني: الطريقة العلية القادرية الكسنزانية، ط١،مطبعة السعادة، بغداد،١٩٨١ .
١١٣. محمد مصطفي الحلمي : الحياة الروحية في الاسلام، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر، ١٩٧٠ .
١١٤. مصطفي عسكري : التفاته حركة الحقة، ت: مصطفي العسكري، سليمانية، ٢٠٠٩ .
١١٥. مني ياسين طه الرفاعي : علم التصوف واثرة في العبادات، ط١، مركز البحوث والدراسات الاسلامية، بغداد، ٢٠٠٩.
١١٦. مير بصري : اعلام الكرد، لندن، ١٩٩١.
١١٧. هاشم معروف الحسنى : بين التصوف و التشيع، دار القلم، بيروت، د.س.

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان

118. Ahmet T. karamustafa : Sufism , EdinBurgh university press , 2007.

119. Edward E.curtis: Encyclopedia of Muslim-American history , volume 1, Infobase publishing , Newyork,2010.

120. F. David Andrews: The Lost People of the Middle East,Salisbury.N.C.,U.S.A.,1982.

121. Malthew S.Gordon : islam , Chelsea house publishers , Newyork ,2009 .

122. Suha Taji –Farouki : Beshara and ibn Arabi :Amovement of sofi spirituality in the modern would , , Anqa publisheing Oksford 2007 .

123. Worldwide Sufi,Routledge , publishing,Newyork,2007


# چوارەم: گۆڤارەکان

## أ: بە زمانی کوردی

١٢٤. بەهجەت محەمەد(شاهۆ) : کورتە باسێك دەربارەی حەمەسوری کلاوقوت،گۆڤاری (بانەڕۆژ)، ژمارە(٢٩)، ٢٠٠٦.

١٢٥. بێ ناوی نوسەر : ژمارەی تایبەت بە بزووتنەوەی هەقە، گۆڤاری (شمشارە)، ژمارە (٥٠)، ئاداری ٢٠١٠ .

١٢٦. جەلال دەباغ: لە دەفتەری یادگاردا مامە ڕەزاییەکان یان (برایانی هەقە) و هەڵوێستی جوامێرانەیان،گڤاری چیا، ژمارە(٢٤)، ٢٠٠٩.

١٢٧. حەسەن عەوالآنی : تیشکێك بۆ نوسینەکەی محەمەدی مەلا کەریم لە ڕۆژنامەی (العراق)، گۆڤاری ڕەنجی کرێکار، ژمارە(٦)، سلێمانی، ساڵی چوارەم،١٩٨٠.

١٢٨. دانا کاکە حەمە : ڕۆڵی بزووتنەوەی هەقە لە کۆمەڵی کوردەواریدا، گۆڤاری (پەیڤ)، ژمارە (١٥) ساڵی چوارەم ١٩٨٩، نەمسا .

١٢٩. دلزار : دەمەتەقێیەك لە گەڵ حەمەسوری ڕابەری حەقەکاندا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری کوردستان، ژمارە (٧) چاپخانەی ئۆفیسی هەولێر، هەولێر، ٢٠٠٢ .

١٣٠. ڕەشید محەمەد عەلی : مەسەلەیکی مەزن و هەولێکی کەم، گۆڤاری (کاروان)، ژمار(١٥)، ساڵی دووەم، هەولێر، ١٩٨٣.

١٣١. ڕەفیق شوانی : دیسان لە هەقە کەوتنە تەقە، گۆڤاری (کاروان)، ژمار(١٤٢)، هەولێر، ٢٠٠٠.

١٣٢. شاكر فتاح : هەقەكان، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمار(١٠٥)، **دار الحرية للطباعة ونشر، بغداد، ١٩٨٥.**
١٣٣. عارف تەیفور : تەریقەتی نەقشبەندی لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە بۆ هەقە، گۆڤاری (ڕامان)، ژمار (٦٩)، هەولێر، ئاداری ٢٠٠٢ .
١٣٤. عەبدولڕەحمان ئەبو بەكر : بۆچی كاكە حەمەی مامەڕەزا خۆی تەسلیم كردەوە، گۆڤاری (لڤین)، ژمار (٨٦)، ئایاری ٢٠٠٩.
١٣٥. عەبدوڵلا كەریم محمود : تێڕوانینێك بۆ ڕابردووی هەشتا ساڵەی بزووتنەوەی هەقە،گۆڤاری (تایم)، ژمارە(١١)، ساڵی ١٩٩٩.
١٣٦. عزەدین مستەفا ڕسوڵ : سۆفیزم لە شعری كوردیدا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە(١٠٧)، ١٩٨٥ .
١٣٧. عومەر فاروقی : تەریقەتی هەقە، گۆڤاری (سروە)، ب١، ژمارە (١٦)، ساڵی دووەم، مهاباد، ١٩٩٢.
١٣٨. عومەر فاروقی : تەریقەتی هەقە، گۆڤاری (سروە)، ب٢، ژمارە (١٦)، ساڵی دووەم، مهاباد، ١٩٩٢.
١٣٩. عومەر فاروقی : سەیری تەریقەت لە كوردستاندا، گۆڤاری (ئامانج)، ژمار(٢٢)، مهاباد، ساڵی١٣٦٧هـ.
١٤٠. فواد قەرداغی : سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە گەوهەری سۆسیالیزم، گۆڤاری (دوارۆژ)، ژمارە (١)، سلێمانی، ١٩٩٤.
١٤١. كەریم زەند : هەقە، گۆڤاری (كاروان)، ژمار(٤)، بغداد، كانونی دووەمی ١٩٨٣.
١٤٢. كەیفی عەزیز خالد : مەولانا خالیدی نەقشبەنی بن و بنەچەی مەولانا خالید، گۆڤاری (مێژوو)،ژمارە (٣)، ساڵی دووەم، هاوینی ٢٠٠٧ .
١٤٣. محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی : بنەماڵی خانەقا لە كەركوك، گۆڤاری (دۆز)، ژمارە (١)، تشرینی دووەمی ٢٠١٠ .
١٤٤. محەمەد رەئوف تەوەكلی : مێژووی سۆفیگەری لە كوردستاندا، گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)، ژمارە (١٥ )، ساڵی سێیەم، ٢٠٠٠ .
١٤٥. محەمەد عەلی سولتانی : بزاڤی حەقە لە كەركوك، گۆڤاری (كەركوك)، ژمارە(٣)، چاپخانە و ئۆفیسی ژیار، ساڵی سێیەم، زستانی ٢٠٠٢ .
١٤٦. مسعود محەمەد : گەشتی ژیانم، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە(١٠٥)، ساڵی ١٩٨٥.

١٤٧. هاوڕێ کاکە حەمە مامەڕەزا : بەشداری مامە ڕەزایەکان لە شۆڕشەکانی کورد لە سەرەتای چلەکانەوە،گۆڤاری (شمشارە)، ژمارە (٥٠)، لە ئاداری ٢٠١٠).
١٤٨. هەڵکەوت مەلا حەکیم خانەقینی : پیشە و پێشینەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا، گۆڤاری (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)، ژمارە(١)، ساڵی شەشەم، سلێمانی، مانگی شباط، ١٩٩٨.

## ب: بە زمانی عەرەبی

١٤٩. جمال محمد فقي رسول باجلان : الحقة، گۆڤاری (زانکۆی کۆیە)، ژمارە(٦)، کانونی دووەمی ٢٠٠٦.
١٥٠. رفيق مجيد : الحركة الحمسورية بين الاسلام والباطنية، مجلة (جامعة دهوك)، عدد خاص (١)، المؤتمر الاولي لجامعة دهوك، ٢٧-٢٨/نيسان١٩٩٩ .
١٥١. عباس العزاوی : خلفاء مولانا خالد، گۆڤاری (کۆڕی زانیاری کورد)، بەرگی دوهەم، بەشی شەشەم، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٤.

## پێنجەم: ڕۆژنامەکان

## أ: بە زمانی کوردی

١٥٢. ئاوات عەبدولرەحمان مام ڕەزا : هاوچەرخی بیری کوردایەتی، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٢٥٣٦) لە بەرواری ٢٠٠١/٨/٢٠.
١٥٣. بەرهەم شێخ عزەدین : گوندی کەلکەسماق، ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە ٢٢٧٠، لە ٢٠٠٦/٩/١٨ .
١٥٤. بەرهەم شێخ عزەدین : گوندی کەلکەسماق، ڕۆژنامەی (خەبات)، ژمارە ٢٢٧١ لە ٢٠٠٦/٩/١٨ .

١٥٥.  جمال بابان : ڕونكردنەوە و لێكۆڵینەوەی ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقــەی مســتەفا عەسكەری، ڕۆژنامەی (عێراق)، ژمارە (٣٤٠٥)، لە بەرواری ١٩٨٣/١٠/٥.
١٥٦.  حەسەن عەوالانی : تیشكێك بۆ نوسـینەكەی (محەمــەدی مــەلا كــەریم ) لەرۆژنامــەی (عێراق)، گۆڤاری (ڕەنجی كرێكار)، ژمارە (٦)، سلێمانی، ساڵی چوارەم ١٩٨٠.
١٥٧.  سمكۆ محەمەد : هەقەكان- ئێستاو ڕابردویان-گفتوگۆیەك لە گەڵ (هاوڕێ كاكە حەمــە)، هەفتەنامەی (هاولاتی)، ژمارە(٥٣)، ٢٠٠١/١٢/٢٤ .
١٥٨. شاكر فتاح : كۆمەڵە رۆژنامەی (چەمچەماڵ)، ژمارە (١)، ١٩٤٦/٧/١.
١٥٩.  فریاد شوانی : یەكێك لە ڕابــەرانی بزووتنــەوەی هەقــە كامــە حەمەســوری كلاۆقــوت، ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، چاپی دەرەوە، ژمارە (٦٩)، ١٩٩٩ .
١٦٠.  محەمەدی مەلا كەریم : وەختی ئەوە هاتوە ولاّمــی ئــەم پرســیارە بدۆزینــەوە، ڕۆژنامــە (العراق)، پاشكۆی ژمارە (٣١)، تشرینی ١٩٧٩ .
١٦١.  هیمداد حسێن : ڕۆژنامەوانی كوردی سەردەمی كۆماری دیموكراتی كوردستان (١٩٤٣-١٩٤٧)، چ١، دەزگای چاپ و بلاّوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨ .

## ب: بە زمانی عەرەبی

١٦٢. دون المؤلف: معاون في قوة السيار يفضح مبادي حمة سور ،جريدة (الجمهورية)، عــدد(٥٠)، ايلول ١٩٥٨.

## شەشەم: نامە زانكۆیەكان

### أ: بە زمانی كوردی

١٦٣. ئازاد عوبێد سالّح : ڕۆڵی سیاسی و كارگێڕیی و ڕوناكبیری مــەعروف جیــاوك، نامــەی دكتۆرا لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ، پێشكەش بە زانكۆی سەلاّحەدین-هەولێر كراوە، چــاپ نەكراوە، ٢٠٠٨.

### ب:  بە زمانی عەرەبی

١٦٤.  جواد فقي علي الجوم حيدري : الشيخ خالـد النقشـبندي و منهجـه في التصـوف، رسـالة دكتوراه غير المنشورة، جامعة بغداد، ١٩٩٧ .

١٦٥. جوان بـەختيار بهالـدين : وظـائف المـزارات الدينيـة، دراسـة انثروبولوجيـة في محافظـة السليمانية، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة السليمانية،٢٠١٠.
١٦٦. علي محمود علي البلاطي : الشيخ عبـدالقادر الگيلانـی سـيرته ومنهجـه في التصـوف، رسالة الدكتوراه، معهد التاريخ العربي والتراث العلمي، جامعة اهلية في بغداد، ٢٠٠٢.
١٦٧. محمد خالد محمد عبداللة : مولانا خالد نقشبندي( ١١٩٣ه-١٢٤٠ه)، رسالة ماستر غـير المنشورة، جامعة الازهر،١٩٨٠.
١٦٨. محمد مصطفي : بيارة، رسالة ماجستر في علم الاجتماع غـير المنشـورة، جامعـة بغـداد، تشرين الاول ١٩٩٤.

.

## حەوتەم: سەرچاوە ئەلیترۆنییەکان

169. صـلاح النقشـبندي : مولانـا خالـد النقشـبندي الشـهرزوري..بداية رحلـة الكمـال. www.Alithad.com12/9/2011,retieved on 19/9/2011
170. اسماعيـــــل بـــــن احمـــــد بـــــن اســـــد: الســـــامانيون فى بخـــــارا، www.Hukam.net, 12/8/2011,retieved on 19/9/2011.
احمد بن عبدالرحمن: النقشبندية الجددية
171. www.sarfrazan.com11/8/2011,retievedon 14/8/2011.

## هەشتەم: دەستنوسەکان

١٧٢. ئەحمەد فەيزی : مەزهەبی هەقە، دەستنوس، سلێمانی، ١٩٧٤.
١٧٣. عەلی بۆسکانی : هەقـە، دەسـتنوس، لـە ئەرشـيفی عەبدولکـەريم حـاجی لـە شـاری سلێمانی .
١٧٤. مەلا ناميق، دەستنوس، خانەقای کەلکەسماق، ١٩٧٥، لە ئەرشيفی ئامـانج تـەها لـە شارۆچکەی دوکان.

١٧٥. هەمزە عەبدولا : دەستنوس، لە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی محەمەدی مەلا کەریم لە شاری سلێمانی.

## نۆیەم: چاوپێکەوتنەکان

١٧٦. ئامانج تەها ، لە قەزایی دوکان، ٢٠١١/٤/٢٠.

١٧٧. ئیبراهیم ئەحمەد محەمەد، لە شاری کەرکوك ، ٢٠١١/٢/٢٥.

١٧٨. بێستون سابوراوەی، لە شاری سلێمانی ، ٢٠١١/٧/٢٨.

١٧٩. جەعفەر(فازل کەریم)، لە شاری سلێمانی ، ٢٠١٠/١١/٢٥.

١٨٠. جەمال بابان ، لە شاری سلێمانی ، ٢٠١١/١/٩.

١٨١. حەلاوەخان، لە ناحیەی شۆڕش ، ٢٠١٠/١١/٨.

١٨٢. حەسەن کەریم، لە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨

١٨٣. دارا معروف حەسەن، لە ناحیەی شوان ، ٢٠١١/٥/١١.

١٨٤. سەبیحەخان، لە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

١٨٥. شالاو عەلی عەسکەری، لە شاری سلێمانی، ٢٠١١/١/٨.

١٨٦. عارف تەیفور، لە شاری هەولێر، ٢٠١٠/٥/٨.

١٨٧. عارف حەسەن ئەحمەد، لە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٤.

١٨٨. عبدولڕەقیب یوسف، لە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٩.

١٨٩. عەباسی ڤیدیۆ چاوپێکەوتن لە گەڵ حەسەنی زێنی لە ساڵی ١٩٨٦ لە گوندی کلاوقوت.

١٩٠. عەبدولای لالە مەولودی ئۆمەرگومەت، لە ناحیەی تەق تەق، ٢٠١٠/١١/٢٠.

١٩١. عەبدولکەریم حاجی، لە گوندی شەدەڵە ، ٢٠١٠/١١/١٧،.

١٩٢. عزەدین مستەفا ڕەسول، لە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨ .

١٩٣. عوسمان محەمەد گدرون، لەناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١٢/٩،.

١٩٤. عومەر کاکە حەمەی کەلکەسماق، لە ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠١٠/١١/٧.

١٩٥. فازل معروف حەسەن لە گوندی حاجی جەردیس لە نێوچەی شوان، ٢٠١٠/١٢/٢٢ .

١٩٦. فەرەیدون مامە سەلام، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ ، ٢٠١١/٨/١.

١٩٧. کەریم ئەحمەد، لە شاری کۆیە، ٢٠١٠/١١/٢٢.

١٩٨. کەریم حەمە تاهیر حەمەدەمینی مەڵحە، لە ناحیەی ڕاپەرینی سەر بە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

١٩٩. کەریم زەند، لە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٨.

٢٠٠. مەحمود کاکە حەمەی شەدەڵە، لە گوندی شەدەڵە، ٢٠١٠/١١/١٧.

٢٠١. محەمەدی مەلا کەریم، لە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١٢/٢٩.

٢٠٢. محەمەد ڕەزا عارف، ناسراو بە مام سەید، لە شاری سلێمانی، ٢٠١١/٩/١٥.

٢٠٣. مستەفا عەسکەری، لە شاری سلێمانی، ٢٠١٠/١١/٧.

٢٠٤. هاوڕێ کاکە حەمەی کەلکەسماق، لە گوندی کەلکەسماق، ٢٠١٠/١١/١٤.

٢٠٥. یاسین ئۆمەرگومەتی، لە شارۆچکەی تەق تەق، ٢٠١٠/١١/٢٧.

# دەیەم: کۆڕ و سیمینار

٢٠٦. مستەفا عەسکەری : بزووتنەوەی هەقە لە ئێوارە کۆڕێکدا، مەڵبەندی کوردی ڤین، نەمسا، ١٩٩٩/١٢/١١.

# یانزیەم: بەرنامەی تەلەفیزیۆنی


٢٠٧. یوسف تۆفیق: بزووتنەوەی هەقە، بەرنامەی واریَ مە، تەلەفیزیۆنی کوردستان، شەوی ١٦- ٢٠١١ /٢/١٧، کاتژمێر١٠:١٥ تا ١١:٠٠

٢٠٨. ستار حەمەدەمین : هەقە لە نێوان تەریقەت و چاکسازیدا، بەرنامەی دۆکۆمێنتاری لە کەناڵی تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، کەناڵی هەولێر، لە بەرواری شەوی ١٤-١٥-٢٠٠٧/٩، کاتژمێر ٩:١٥ تا ١٠:٠٠.

٢٠٩. ستار خەمەدەمین : هەقە لە نێوان تەریقەت و چاکسازیدا، تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان، بەرنامەی دۆکۆمێنتاری، شەوی ٧-٢٠٠٨/٩/٨، کاتژمێر ٨:١٥ تا ٩:٠٠.

## پاشکۆی یەکەم[1]

### وێنەی تۆماری شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە



دولت علیهٔ عثمانیه

---

[1] لە ئەشیفی ئامانج تەها لە قەزای دووکان وەرگیراوە

## پاشکۆی دووەم[1]

# ناسنامەی باری شارستانیی حەمەسوور



صاحب الدفتر رقم ( ٠٠٦١٥٦

الاسم واللقب

اسم الاب والجد

اسم الام والجد

اسم رئيس الدائرة

التوقيع

التاريخ

-١-

الدولة العراقية

وزارة الشؤون الاجتماعية

مديرية النفوس العامة

دفتر نفوس

صادر بموجب القانون رقم ٥٩ لسنة ١٩٥٥

للذكور

الرقم ٠٠٦١٥٦ اللواء: كركوك

ڕووی دەرەوەی ناسنامەی باری شارستانیی (حەمەسووری کڵاوقوت)*



عنوان القيد

رقم سجل النفوس العام

الصحيفة

اللواء

القضاء

الناحية

رقم المسكن

المحلة او القرية

-٢-

الأوصاف الجسمية والشخصية

العلامات الفارقة الثابتة

العاهات الجسمية الظاهرة

الدين

المهنة أو الحرفة

الحالة العلمية

رقم الدفتر ( ٠٠٦١٥٦ ) كركوك

محل الولادة

(داخل العراق)

رقم المسكن والشارع

نوع المسكن

المحلة أو القرية

الناحية

القضاء

اللواء

(خارج العراق) بذكر اسم المدينة التي ولد فيها والدولة

تاريخ الولادة

(رقما) اليوم الشهر السنة

كتابة

سند التاريخ المذكور

-٣-

ڕووی ناوەوەی ناسنامەی باری شارستانیی (حەمەسووری کڵاوقوت)

---

(1) ڕێبوار حەمەتۆفیق: س.پ، ل١٩٧

## پاشکۆی سێیەم(١)

## دەست نوسی هەمزە عەبدولاّ لە مانگی نیسانی ١٩٣٣

١

دەستنووسێکی (حەمزە عبداللە)

/٤/ ١٩٣٣

لما سُئل الشيخ عبدالكريم شدەلە قطب طائفة الحقە الصوفية أثناء محاكمتە
في كركوك عن مهنتە أجاب: انە فلاح ولما سُئل عن اتباع الحقە اجاب:
انهم اخوتە ومريدوە ابيە وجده وعليە هو مجالستهم وبذل النصح لهم باتباع سبيل
الصلاح والرشاد.

هناك قناعة كافية بأن الشيخ عبدالكريم كان واعياً للأثر الذي سيتركه
تحريكه المزدوج على السلطة وفي جموع الفلاحين والكادحين الرئيسيين من ابن
دعوته التي اتخذت التصوف قاعدة فكرية لها ~~[illegible]~~ تستهدف تحرير الفلاحين من
كثير من المظالم التي يتجرعونها على ايدي مالكي الارض من الاغوات والشيوخ والتجار
المسلفين لزراع التبغ والقطن والارز لجني ارباح فاحشة تذهب قسم منها إلى
جيوب الاغوات والشيوخ. وكذلك تخليصهم من عبء الاتاوات المتعددة التي يجبرون
على ادائها طبقاً لعادات عشائرية قديمة كأخذ جزء من صداق المرأة المتزوجة
(شيربائي) ونسبة معينة من رؤوس الاغنام (مرانە) والهدايا المقدمة لديوان
الآغا او الشيخ: مثل الدهن والجبن والدواجن والفواكه، والتحرر من العمل القسري
لهم دون أجر. إذن يمكن الاستنتاج، دون خشية الوقوع في الخطأ، ان حركة
الحقە، في الجوهر، هي حركة فلاحية استهدفت تحرير الفلاحين تحريرهم من العلاقات
القديمة المجحفة الاستغلالية والاجتماعية على السواء.
لقد حققت طائفة «الحقە» كثيراً من المكاسب في هذا المضمار في القرى والمناطق
الزراعية التي يشكلون فيها كثرة مناسبة، اما المناطق والقرى التي يشكلون فيها اقلية
ضئيلة فكانوا يعمدون إلى الهجرة إلى القرى التي تتواجد فيها الكثرة رفاقهم، الا اذا
كف المالك عن اضطهادهم، ووفر لهم الامن وفرص العمل في الارض. وكثيراً ما كانوا
يفوزون برضا المالك للسماح لهم بالعودة إلى ~~[illegible]~~ إلى عوائل الحقە لقطع ذويهم
واهله. خاصة الشباب الذي وجد في الحقە منفذاً للتخلص من الكبت والعنعنات
القديمة

---

(1) لە ئەرشیفی موستەفا عەسکەری لە شاری سلێمانی و ئامانج تەها لە قەزای دوکان پارێزراوە.

وشعائر دينية – صوم، صلاة أو تعاليم اجتماعية قديمة.

ترك سلوك «الحقة» في حقل العلاقات الفلاحية والاجتماعية خاصة ما يعود إلى قضية «المرأة»، وانعتاقها من القيود الثقيلة التي تفرضها التقاليد الاجتماعية المتأخرة وحريتها في اختيار شريك حياتها غير مبالية بأصول الشريعة، آثاراً شديدة الخطر على الطبقة الرفيعة السائدة: آغاوات وشيوخ، ملالي كبار، رؤساء عشائر ومن يسمون علماء الدين المحافظين من الملالي وشيوخ الطرق الصوفية ومن بينهم شيوخ الطريقة النقشبندية. وقد حفز هذا السلوك كل أولئك على مناوءتهم والكيد لهم لدى السلطات. حتى أن الشيخ محمود الزعيم المعروف وقف في وجههم ؟ لقد عد خروج «الحقة» على أصول الدين والشريعة الإسلامية بلا تشريف أوعز لكومبه زي المعروف بغزارة علمه الديني أن يشخص إلى «شده لم» قصد اغتيال الشيخ عبد الكريم وتخليص المؤمنين من بدعه، إلا أنه ما يدهش حقاً أن هذا المتطوع تحول فجأة إلى مريد مطيع للشيخ في أول مواجهة له وصار رمزاً لسطوة الشيخ الروحية والسحرية، في حكاية كركوك التي وصفته بخاتم «الأنبياء والأولياء».

إن ما يذكره المؤلف من دخول اقطاعيين وآغوات في سلك الحقة لا يعدو عن ثلاثة فقط أولهم محمود آغا المراودة لي القرى الكبرى في بشدر، إذ كان من أوائل المريدين الذي دخل على يدي الشيخ عبد الكريم الطريقة النقشبندية والذي تمسك حتى الأخير بالسلوك العادي للمتصوفة بإقامة شعائر الدين: من صوم وصلاة وحج وزكاة، وما ولاءه للحقة بسلوكهم المخالف للشريعة إلا لأن الشيخ لم يشجب سلوكهم. والإثنان الآخران «حمه علو زردي، والشيخ حسن الشيخ عمر خانقاه» وهما من الملاك الشم اقطاعيين واللذين اعتنقا الطريقة على يد الشيخ عبد الكريم في أيلول ١٩٤١ بخانقاه كركوك بقصد استحواذهما على فتاتين حقيتين جميلتين امتنعتا عن عقد قرانهما إلا بشرط دخولهما في سلك الحقة.

لقد أثقل «حب الله» في التصوف النقشبندي على «الحقة» في حشرهم المتجسد في المرأة الحقية في الغالب [illegible] وسواها في النادر

٣

إن خبر الحقة من الجنسين يعتبر في عرفهم «منكر» إلا إذا كان عاطفياً فهو «مخلص»
ليس معادياً بل يفاخر من جانبهم كالحقة.

إن عشرة الحقة المجرد هذا وهو في عرفهم «هك الاهي» لو تؤدي في أحيان كثيرة
إلى علاقات جنسية. وتحرم الحقية العاشقة نفسها جنسياً مع زوجها
الشرعي وتسميه «أخاً» كما تسمي العاشق الحقي كذلك.

عوامل ثلاثة، في نظري، أدت إلى انتشار مذهب الحقة بين الفلاحين
والكادحين الزراعيين في منطقة واسعة من كردستان الجنوبية: العامل الأول
تحررهم من العلاقات الاقطاعية الموروثة الاستغلالية والاجتماعية وتمردهم عليها
تمرداً مشهوداً لم ينفع معها ألوان الزجر والاضطهاد والقمع سواء من قبل الملاكين
والاغوات والشيوخ أو من قبل السلطة. والعامل الثاني تحرر المرأة من القيود
الدينية التي كبلتها لطوال أجيال وأجيال. والعامل الثالث ذلك التعاون
الأخوي الرائع بينهم الذي لم تشهده كردستان أو أي بلد آخر في منطقة
الشرق الأوسط، التضحية بالمال والملك إلى ما يبذل في سبيله.

إن حركة «الحقة» هي حركة فلاحية في الجوهر ولا تمت إلى الحركات
الوطنية أو الثورية المعاصرة وقد استخدمت السبل المناوئة السلمية
ولم تشهر السلاح في وجه السلطة أو المجتمع القديم إلا إذا اعتبر
«إدارة قلم» سلاحاً لكن حركة بارزان النقشبندية المتمردة
التي كان السلاح والمقاومة العنيفة وسيلتها الرئيسية.

## دەستنوسێکی هەمزە عەبدولاّ ٤-١٩٣٣

.......کاتێك پرسیار لە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەی گەورە پیاوی تایفەی هەقەی سۆفیگەری کرا لەکاتی دادگاییکردنیدا لە کەرکوك سەبارەت بە پیشەکەی، لە ولاّمدا وتی جوتیارم ، کاتێ پرسیاری لێکرا سەبارەت بەشوێنکەوتوانی بزوتنەوەی هەقە لەوەلاّمدا وتی ئەوان برای من و موریدی باوك و باپیرانی منن، مافی چاودێریکردنیان لە سەرمە بە ئامۆژگاریکردنیان و گرتنە بەری رێی ڕاست و چاکەکردن.

قەناعەتێکی تەواو هەیە بەوەی کە شێخ عبدولکەریم دەیزانی ئەو کاریگەرییە چییە کە لێدوانە دولایەنییەکان بەجێی دێلێت لەسەر دەسەلاّت و کۆی جوتیاران و زەحمەتکێشەلادێنشینەکان لەوەی کە ئەو بانگەشەیەی ئەو دەیکات کە سۆفیگەرایی کردۆتە بنچینەیەکی هزری خۆی و ئامانجی ڕزگارکردنی جوتیارانە.

زۆرێك لەو زوڵم و زۆرەی دەیانکێشا لەسەر دەستی خاوەن زەوییەکان و ئاغا و شێخ بازرگانەکانەی قەرزیان دەدایە گەشتیارانی توتن و لۆکە و برنج بۆ چنینەوەی قازانجی لە ڕادەبەدەر، بەشێکی زۆری ئەو سود و قازانجە دەچووە گیرفانی دەرەبەگ و شێخەکان.

هەروەها ڕزگارکردنیان لەبارقورسی باج و سەرانەی جۆراو جۆر کە لەسەریان سەپێنرابوو وەك بردنی بەشێك شیربایی ڕێژەیەکی دیاریکراو لەسەرمەڕەکان(سەرانەی مەر)و دیاری گرانبەها لە جۆری (ڕۆن و پەنیر و پەلەوەر)بۆ دیوانی ئاغا و شێخەکان، ئازادکردنیان لە کارکردنی زۆرە ملێی بێ کرێ.

کەواتە دەتوانین بەبێ ترس لەکەوتنە هەڵەوە ئەو ئەنجامانەمان دەستبکەوێ کە بزوتنەوەی هەقە لە ناوەرۆکدا بریتییە لە جولاّنەوەیەکی جوتیاری و ئامانجی ئازادکردنی جوتیاران بووە لە پەیوەندیە کۆمەلاّیەتییەکان و ستەم و چەوسیاندنەوە.

.....بەرەی هەقە دەستکەوتێکی زۆریان لەو لایەنە بەدەستهێنا لەوگوندو ناوچە کشتوکاڵیانەی کە وا ڕێژەیەکی چڕی دانیشتوانیان پێکدەهێنا، بەلاّم سەبارەت بە ناوچە کەمنشینەکان پەنایان دەبردە بەر کۆچکردن بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی هاوەڵەکانیان لەوێ بوون، تەنها ئەگەر خاوەن زەویەکان

وازیان له چەوسانەوەیان بهێنایە و ئاسایشیان بەرقەرار کردنایە و هەڵی کاریان بۆ ڕەخساندبونایە، زۆربەی جاریش ڕەزامەندی خاوەنەکانیان بەدەست نەدەهێنا لەبەر هۆکارگەلێك كە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە بنەماڵەی هەقە سۆزی خزم و کەسەکانیان بەدەست هێنابوو بەتایبەتی ئەوگەنجانەی لە هەقە بوندا ڕزگاربوونیان لە پێش خواردنەوە و نەریتە کۆنەکانی وەك ڕێ و ڕەسمی ئاینی و ڕۆژووگرتن و نوێژکردن یا داب و نەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی.

هەڵسوکەوتی هەقە لە بواری پەیوەندییە جوتیاری و کۆمەلایەتییەکاندا بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە مەسەلەی ژنەوە و ئازادکردنی لە کۆت و بەندە قورسانەی كە داب و نەریتە دواکەوتوە کۆمەلایەتییەکان بەسەریاندادەسەپاند و ئازادکردنی ژن لە دجیاریکردنی هاوسەر و پێدانی سەربەستی بەبێ گوێدانە ئوسولی شەریعەتی ئیسلام بوو.کە ئەوەش کاریگەرییەکی زۆر مەترسیداری هەبوو لەسەر چینە گوندنشینە باوەکان ئاغاو شێخ و خاوەن مولّکەگەورەکان و سەرۆك خێڵەکان و مەلا و شێخەکانی ڕێبازی تەریقەتی سۆفیگەری لە نێوانیشیاندا شێخەکانی ڕێبازی نەقشبەندی ئەم هەلسوکەوتەش هانی هەموو ئەو لایەنانەیدا كە ناشرینیان بکەن لای دەسەڵاتداران، تەنانەت شێخ مەحموود سەرکردەی ناسراو بەڕویاندا وەستا.

دەرچوونی هەقە لە ئوسوڵی دین و شەریعەتی ئیسلامی وایکرد مەلا شەریفی ئۆمەرگومەتی کە زۆر ناسراوبوو بە زانیاریە ئایینیە كانی ڕوبکاتە شەدەڵە بەمەبەستی تیرۆرکردنی شێخ عەبدولکەریم و ڕزگارکردنی باوەرداران لە بیدعەکانی، بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرسورمانە لێرەدا ئەو خۆبەخشە لە ناکاو گۆرا بۆ موریدێکی گوێرایەلی شێخ لەیەکەم ڕوبەرو بونەوەیدا لە گەلّ شێخ بووە ڕەمزێکی ڕۆحی شیخ و لە دادگای کەرکووك وەسفیکرد بە ئەنگوستیلەی(پێغەمبەران و پیاوسالحان)

ئەو دەرەبەگ و ئاغایانەی نووسەر باسی دەکات لە چوونە ناو ڕێبازی هەقەوە لەسێ کەس تێپەر نابن:

یەکەمیان: محمود ئاغای میراودەلی گەورە دەوڵەمەندی پشدەر لە موریدە یەکەمینییەکان بوو کە لە سەر دەستی شێخ عەبدولکەریم چووە ناو ڕێبازی نەقشبەندییەوە کە تا کۆتایی دەستی کردبوو بە ڕەفتاری دژ بە سۆفیگەری. واتە جێ بەجێ نەکردنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکان، لە ڕۆژوو گرتن و نوێژ و

حەج و زەکات ، دڵسۆزیان نەبوو بۆ هەقە بەو شێوازەی کە گرتبوویانەبەر کە پێچەوانەی شەریعەت بوو بەڵاّم شێخ عبدولکەریم نارەزای لە ڕەفتارەکانی دەرنەدەبڕی.

دووەم: جمیل علو دزەیی و شیخ حسن شیخ عمر خانقاکە دوو موڵکداری نیمچە دەرەبەگ بوون لەسەردەستی شێخ عبدالکریم بوونە شوێنکەوتەی ئەو ڕێبازە لەئەیلوولی (١٩٤١) لە خانەقای کەرکوك. مەبەستیشیان ئەوەبو دەست بگرن بەسر دووکچی جوان کە لێیان قەدەغە کرا بوو، تەنها بەو مەرجە نەبێ بچنە سەر رێبازی هەقە. ((خۆشەویستی خودا)کە لە تەریقەتی نەقشبەندیدا هەبوو رەنگی داببویەوە لەسەر هەقە لەو عیشقەی کە بۆ ئافرەتی هەقە هەیانبوو لەزۆربەی جاردا و لە ئافرەتانیتر لە حاڵەتی زۆر دەگمەندا.

ئەوانەی سەر بە هەقە نەبوون لە هەردوو رەگەزی نێرومێ لە عورفی هەقەکاندا بە مونکەر دادەندران تەنها ئەگەر لایەنی سۆزداری هەبوایە ئەوا بە دڵسۆز دادەنرا نەك دوژمن، لەلایەن خۆیانەوە وەك هەقەیەك هەلسوکەوتیان لەگەڵ دەکرا.

ئەو عەشقە بەرجەستەبووەی هەقە کە لەنەریتی ئەواندا خۆشەویستی خوداییە لە زۆربەی جاردا دەبێتە هۆی پەیوەندی سێکسی و دژی هەقەی ئاشق ، لە ڕووی سیکسیەوە خۆی لە مێردە شەرعیەکەی حەرام دەکات بە برا ناوی دەبات، بە پیاوی هەقەی ئاشقیش هەمان شت دەڵێ .

لە دیدی مندا سێ هۆکار بوونەتە هۆی بڵاّوبوونەوەی ڕێبازی هەقە لەنێو جوتیارەکان و ئەو زەحمەتکێشانەی بەکشتوکاڵ خەریکبوون لەناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستانی باشوردا:

یەکەم: ڕزگاربوونیان لەو پەیوەندی دەرەبەگایەتی و چەوسیاندنەوەی کۆمەڵاّیەتیانەی کە وەك میرات بۆیان مابوویەوە یاخیبوونیان لێی بەشێوەیەکی بینراو کە هیچ جۆرە ترس و چەوساندنەوە و لەناوبردنێك سوودی نەبوو لەگەڵیدا، چ لەلایەن خاوەن موڵك و ئاغا و شێخەکان یا لەلایەن دەسەڵاّتەوە .


دووەم: ئازادکردنی ژنان بوو لەو کۆت وبەندە قورسانەی کە پیچیەوە بەسترابوونەوە و پێیەوە دەتلانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر.

سێیەم: ئەوهاریکاری و هەرەوەزییە براییانە جوانەی نێوانیان بوو کە نە کوردوستان و نە هیچ ولاتێکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە خۆیەوە نەیانبینی بوو.مولك و مالّ کەمترین شتێك بوو کە لە پێناویاندا دەیانکردە قوربانی.

بزووتنەوەی هەقە جولانەوەیەکی جوتیارییە لەناوەرۆکدا سەر بە هیچ بزاڤێکی نیشتیمانی و شۆرشگێری هاوچەرخ نەبووە ، مەیلی بە هیچ لایەکدا نەدەچوو. ڕێگایەکی ئاشتیخوازانەی بە کاردەهێنا و چەکی بەڕووی کۆمەلّ و دەسەلات بەرزنەدەکردەوە بە لکو (دارقولە) تاکە چەکی ئەو بووە، بە پێچەوانەوە بزووتنەوەی (بارزان)ی نەقشبەندی بەرهەلستکار(یاخیگەرا) کە چەك و بەرگری توند ئامرازی سەرەکیانبووە..

پاشکۆی چوارەم[1]

**دەستنوسی مەلا نامیق یەکێك لە پێڕەوانی بزووتنەوەی هەقە کە لە ساڵی ١٩٧٧ نوسراوە**



ئێمە لە زمانی شێخ بە ئەجلا خواشیت بوین حالم
لیمالی کەوتە قەتکافر بوین ئەوێش ناکەین رۆژێ ناگرین
دەعا نەزانی هیباحن بوکوردنی گەیشتە دوی هەموو برگ خومایە
سوتاند گوندیە ماڵی کردە پرسالی ئەم دەنگو باسە گەیشتە حکومت
جناب شێخیان بانگ کرد بو کرکوک هەرچی مریدی
شێخ هەبو هاتن بوچی ٤٢ یەک کسانێ چونە بەغداد
٤٦ رۆژی لیمانەوە بو ناو خویان هاتنەوە
مریدی شێخ ١٩٢٤ (اجل سوتانی)
بەڵام شێخو حاجی شێخ عارف شەش مانگ حوکم درا بە
دیست بەسەر مانەوە لە خانەقای سید ئەحمد لە کرکوک
تەریقەت قەدەغە کرا چەند ساڵ رۆژێک لە روژان جناب شێخ
هات بو کرکوک ناو تەکان سید نەخوشی چەند رۆژێک
لەوێ مانەوە بەڵام جەمیلی عەلوی خورشیدی پایز
وەکی ترانەنا بی تلقینی کە جناب شێخ فەرموی
حوکومت تەریقەتی قەدەغە کردە بەچو بولا سیدە ئەحمد
ئەگر ئەوازی بیت تلقینت ئەکین جەمیل ئاغا چو بولای
سیدە ئەحمد رێگای دا کە تلقین بەکری بەرون سلا عو بیبە
تلقینی بکین بە خوی جەمیل ئاغا وە عالێکی زور تلقین
کرا لە کرکوک بە جناب شێخ هاتەوە بوشاری لەوێشی زور تلقین
کرا بەڵام جناب شێخ تاجی گەیشتە بو حوکومت هەرچی
تلقینی ئەکرا حبسی کرد ئێمە بو خواسانە تابعی [illegible] کە
تلقین



ماموستا ملا نامیق

---

[1] لە ئەرشیفی ئامانج تەها لە قەزای دووکان پرێزراوە.

پاشکۆی ژمارە(٥)


دروشمەکانی بزووتنەوەی هەقە کە لە دەروازەی خانەقای کەلکەسماق نوسراون










## پاشکۆی شەشەم[1]



(١) وێنەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لە ئەرشیفی خانەقای کەلکەسماق

## پاشکۆی حەوتەم [1]



(١) وێنەی مامە ڕەزا لە ئەرشیفی خانەقای کەڵکە سماق.

پاشکۆی هەشتەم [1]



(١) وێنەی حەمەسور کلاۆقوت لە گۆڤاری شمشارە ، ژمارە(٥٠)، ئاداری ٢٠١٠، ل١٨.

## پاشكۆی نۆیەم (ئەدوو ڕاپۆرتەی كە مامەڕەزا وەك كەسایەتی دیاری باشوری كوردستان ئیمزای لە سەر كردووە)[1]

OF THE UNITED STATES OF AMERICA

Baghdad, October 4, 1945

<u>SECRET</u>

No. 916

SUBJECT: Anti-Zionist League Formed in Baghdad.

The Honorable

The Secretary of State, Washington, D.C.

Sir:

With reference to the Legation's despatch no. 896 of September 12, 1945, I have the honor to report that a group of local Jews, most of whom are said to be between the ages of 18 and 25, have recently been attempting to form an anti-Zionist League in Baghdad. As a number of references to this organization have appeared in the vernacular press, two outstanding leaders of Baghdad Jewry, Messrs. Daoud Salman and Shalom Darwish, Secretary General to the Jewish Community, were interviewed on the subject. According to these gentlemen the leaders of the local Jewish community, while doing nothing to encourage the anti-Zionist movement here, have done nothing to oppose it. They add in fact, that while the proposed Anti-Zionist League is probably Communistic and certainly an extreme Leftist group, it has served a very useful purpose in obtaining statements from prominent local politicians which are favorable and reassuring to the Jews of Baghdad. In this connection, I have noted recent statements in the press from such men as Prime Minister Hamdi Pachachi; Mawloud Pasha Mukhlus, Senator and ex-President of the Chamber of Deputies; Ridha Al-Shabibi, ex-Minister of Education and former President of the Senate; Sa'ad Salih, a leading member of the Chamber of Deputies; and Sayid Abdul Mahdi, one of the most influential Shias of Iraq, a former Minister of Education and a Deputy - to the effect that the Arabs and Jews of Iraq had lived for many years in peace together and that they would, of course, continue to do so; that there was no feeling of animosity against Iraqi Jews among Iraqi Arabs; that the Jews of Iraq were sterling citizens of this great country, etc.

Messrs. Salman and Darwish state that the organizers and leaders of the anti-Zionist movement here, which now has about fifty members, are Masrour Qattan, a staff writer on the extremely pro-Soviet daily Al Sha'ab, and Brahim Naji, a minor employee of a local drug store. Qattan's father, they say, is a fairly well known lawyer and landowner, while Naji "has no social standing." They add that the leaders of the League have requested the right to organize legally as a "Society" but they do not believe this right will be granted as the Government fears it would be used to cloak communist activities.

Daoud Salam states that the British Embassy has unofficially inquired as to what local Jews thought of the Anti-Zionist League, and that the Jews replied that they had nothing for or against the idea since the Baghdad Jewish community is a non-political body. Salman adds that the Jews took advantage of

---

[1] - لــە كتــێبی- F. David Andrews: The Lost People of the Middle East,Salisbury.N.C.,U.S.A.,1982.وەرگیراوە

this opportunity to emphasize to the British that no real harm could befall Jews in Iraq without British approval.

In this connection Salam points out that there were two established and several rumored assaults on Jewish women by Moslem hoodlums last month. In each case the assault consisted simply of the throwing of acid on the womens dresses with no serious injury to the persons of the women attacked. Salam claims, however, that the husband of one of the women concerned reported the case to the police who refused to take action. Other Jews have told me that they are in constant fear of the outbreak of similar unorganized hoodlum activities.

With reference to the anti-Semitic letter in the Iraqi magazine Alam of-Ghad (World of Tomorrow), reported in despatch no. 896 of September 12, 1945, Salman says local Jews decided against risking the publicity inherent in their contemplated protest to Prime Minister Pachachi. The Jews, however, let their displeasure be known both to the editor of the offending publication and to the letter's author, Director General of Foreign Affairs, Fadhil Jamali. It is a fact that the magazine apologized for the story, and stated that it was written by one Fadhil Ahmed, who the Jews assert is a purely fictitious character. The magazine also published a. letter signed F.A., said by the Jews to be likewise written by Fadhil Jamali, which stresses that the letter to which local Jews objected had evidently been misinterpreted as the Jews of Iraq were held in high esteem.

Respectfully yours,

William D. Moreland, Jr.

Charge d'Affaires ad interim

File No. 840.1

RBM/hd

## Kurds Protest Iraqi, Iranian and Turkish Efforts at Suppression of Kurdish Independence Aims

THE FOREIGN SERVICE

OF THE UNITED STATES OF AMERICA

AMERICAN LEGATION Baghdad, October 12, 1945

CONFIDENTIAL

No. 928

SUBJECT: Petition Addressed to the Baghdad Representatives of the United States, Great Britain, Russia, China and France by Twenty-Eight Prominent Kurds of the Sulaimaniyah District.

The Honorable

The Secretary of State, Washington, D.C.

Sir:

In continuation of the Legation's despatch No. 892 of September 6, 1945, I have the honor to transmit herewith a petition signed by twenty-eight prominent Kurds of the Sulaimaniya Liwa addressed to the local representatives of the Governments of the United States, Great Britain, Russia, China, and France. The petition alleges that the "Iraqi and Iranian Governments - supported by the dictatorial government of Turkey" - are massacring the peaceful Kurdish people, and pleads that an international commission be formed to investigate the causes of these persecutions and to hear the case of the Kurdish people.

The Legation's Assistant Military Attache, Captain Archibald B. Roosevelt, who has just returned from a week's visit to the Sulaimaniya Liwa, reports that the people of that region are showing increasing resentment against recent actions of the Iraqi Government. He says that the Iraqi authorities in Kurdistan are reliably reported as arbitrarily arresting Kurds and confining them in concentration camps, and that there are constant rumors of summary executions of civilians after swift military court martials. He adds that the Iraqi authorities are exploiting the smaller Kurdish tobacco growers through such means as refusing to grade tobacco except in places which are inaccessible to many of the small farmers. A copy of Captain Roosevelt's complete report will be furnished the Department as soon as it is completed.

In this connection it is significant that G.H. Thompson, Counselor of the British Embassy, told a member of my staff today that the treatment of Kurdish civilians by the Iraqi Military authorities in recent weeks had been stupidly brutal and that minor offenses had been drastically punished with bare attention to legal forms. For example, he pointed out that a Kurdish boy was quickly condemned to death on October 12 for stealing a few yards of copper wire and was scheduled to be hanged next week. He said that the British Ambassador intended to discuss this case with the Regent on October 15. The Ambassador intends to tell the Regent that he can hang the Mulla Mustafa or any of his close associates he is able to catch, but he will emphasize strongly that the Kurdish people must from now on be treated with much greater leniency.

Thompson is of the opinion that the standard of living and general prosperity in Kurdistan is much higher than it was twenty or even ten years ago, and now that the recalcitrant Mulla is definitely on the wane there is no reason why the often cantankerous Kurds cannot be made a contented and important part of the Iraqi family. On the other hand, he fears that continuance of the present arbitrary methods of dealing with the Kurdish populations in certain areas, might lead to a general revolt of the Kurdish tribes with which the Iraqi government would be utterly unable to cope.

Respectfully yours,

William D. Moreland, Jr. Charge d'Affaires, a.i.

Enclosure:

Kurdish petition.

File No. 800

RBMemminger:bb

CONFIDENTIAL

## Proclamation of the Kurdish Rizgari Party

TRANSLATION

His Excellency the Minister Plenipotentiary of the United States Republic, Baghdad.

His Excellency His Britannic Majesty's Ambassador

His Excellency the Minister Plenipotentiary of the USSR His Excellency the Minister Plenipotentiary of the Republic of China

The Representative of the French Government.

The United Nations victory was received with great jubilation in Kurdistan because of the hopes which the oppressed Kurdish nation had pinned on that victory and because the Kurdish nation anticipated that the democratic powers would grant to it its natural right in life and freedom. But no sooner the victory guns announced the defeat of despotic Fascism than Kurdistan became, from one end to another, a theater for the most barbarous crimes. The peaceful Kurdish people also became the object of massacre, persecution and expulsion which were not witnessed by any of the now liberated European peoples even during the height of Nazi tyranny. The Iraqi and the Iranian Governments - supported by the dictatorial Turkish Government - have sent great armies, equipped with modern arms, against these unarmed people with the resolve to exterminate them for no offense or crime, unless, O God, if we regard their demand for the right of self-determination as an offense, or their complaint against their oppressors and hangmen as a crime.

On this day, when the world is looking toward the dawn of a new era in which nations and individuals will lead a life free from fear, oppression and persecution; at a time when the world is celebrating the Nazi defeat and their racial and Chauvinistic theories, we find the Governments of Turkey, Iran and Iraq filling the sky of Kurdistan with airplanes and raining death and ruin on peaceful villages and other inhabited areas-their bombs destroying the towns and their machine guns mowing down the bodies of innocent children, old men and women. The foregoing Governments formed martial courts and established concentration camps and prisons throughout the country, throwing into their dungeons innocent people for no crime and without trial. These measures took place while the democracies were celebrating their victory over the Nazis, and within the sight and hearing of the civilized world - no voice has been raised against these barbaric and ruthless deeds. It looks as though the world has, in the ecstacy of victory, forgotten its obligation to the weak nations or its confidence and hope-charged promises. It looks as though the world is offering these fine and gallant people as the last sacrifice on the altar of the war and Fascism.

We therefore, in the name of the Kurdish people who are doomed to annihilation, and, in the name of afflicted humanity, condemn the beastly deeds of the Iraqi and Iranian Governments - with Turkey's support - in Kurdistan. We submit this protest to Your Excellency and appeal to you to transmit it to your esteemed Government in its capacity as a signatory of the United Nations Charter charged with combating oppression and Nazism. We ask them, in the name of humanity, for immediate intercession to end these human butcheries and to form an international commission and delegate it to Kurdish in order to investigate the causes of these massacres and to listen to the complaints and demands of the Kurdish people.

In conclusion, we appeal to you to give due consideration to our complaint. May you remain the helper of the weak peoples.

(Note: This protest is signed by 28 persons whose names and identity appear in the enclosed sheet).

JNCattache/efg.

THE FOLLOWING LIST IS ATTACHED TO THE PROTEST GIVING THE IDENTITIES OF THOSE WHO HAVE SIGNED THE PROTEST

| Name | Profession | Place of Residence | Administrative Unit |
|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1. Shaikh Karim | Landowner | Halabcha | Sulaimaniya | Liwa |
| 2. Shaikh R.ashid Shaikh Muhammad | “ | “ | “ | “ |
| 3. Anwar Jamil Beg Jaf | " & Lawyer | “ | “ | " |
| 4. Mahmud Beg Husain Beg | “ | " | " | " |
| 5. Muhammad Husain Beg Zada | " | " | " | " |
| 6. Ahmad Salih Jaf | Chief of Jaf Tribe | " | " | " |
| 7. Burhan Hamid Jaf | Lawyer & a chief of Jaf Tribe | " | " | " |
| 8. Muhammad Karim | Religious Head | " | " | " |
| 9. Muhammad Sa'id Beg Zada Jaf | A chief of Jaf Tribe | " | " | " |
| 10. Muhammad Qadir | Chief of Galali Tribe | " | " | " |
| 11. Muhammad Ali Ibn Husain Beg | A Chief of Jaf Tribe | " | " | " |
| 12. Muhammad Mustafa Beg | A Chief of Baran-kiya Tribe | " | " | " |
| 13. Shaikh Mahmud Kaka Shaikh | Religious Head | " | " | " |
| 14. Shaikh Khalid Shaikh Jamil | “ | " | " | " |
| 15. Baba Rasul | " | " | " | " |
| 16. Muhammad Al-Mufti | " | " | " | " |
| 17. Muhammad Hasan | Chief of Tark-hani Tribe | Halabcha | Sulaimaniya | " |
| 18. Muhammad Salih | Chief of Rog-hazai Tribe | " | " | " |
| 19. Baba Ali ibn Shaikh Mahmud Hafid Zada | Chief of Bar-zanja Tribe | Sulaimaniya | " | " |
| 20. Muhammad ibn Abdul Rahman Agha | Notable of Sulaimaniya | " | " | " |
| 21. Shaikh Cadir Shaikh Sa'id | Chief of Bar-zanja Tribe | " | " | " |
| 22. Mami Ridha ibn Haj Mustafa | Chief of Haqqa Group | " | " | " |
| 23. Ibrahim Hafid zada | A Chief of Bar-zanja Tribe | " | " | " |
| 24. Ibrahim Ahmad | Lawyer | " | " | " |
| 25. Ismail Haqqi Shawis | Notable of Sulaimaniya | " | " | " |
| 26. Abdul Rahman Haj Mulla Sa'id | Notable of Sulaimaniya | " | " | " |
| 27. Fa'iq Hoshiyar | Lawyer | " | " | " |
| 28. Sa'id Afrasiab | Chief of Horami Tribe & Lawyer | " | " | " |

بۆ نوێنەرایەتی ئەمریکا لە بەغداد ، ١٢-١٠-١٩٤٥[١]

نهێنی:

ژمارە \ ٩٢٨

بابەت: سکالاَ نامەکە پێشکەش کراوە بەهەریەك لە نوێنەرانی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیاو روسیاو چین و فەرەنسا لە بەغداد، لەلایەن بیست و هەشت (٢٨) کەسایەتی ناوداری کورد لە ناوچەی سلێمانی.

بەڕێز : وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، واشنتۆن دیسی

ڕێزداران:

لەبەردەوام بوونی ناردنی ، ژمارە ٨٩٢ی ٦\٩ (ئەیلول) \ ١٩٤٥، شەرەفی ئەوەم پێدراوە کە سکالاَ نامەیەك پێشکەش بکەم، کە ئیمزای (٢٨) کەسایەتی ناوداری کوردی ناوچەی سلێمانی لەسەرە، بە نوێنەرانی هەریەك لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیاو روسیاو چین و فەرەنسا. لە سکالاَنامەکەدا هاتووە کەهەریەك لە حکومەتی عیراق و ئێران — بە پالَپشتی (بە پشتیوانی) حکومەتی دکتاتۆری تورکیا — دەستیان کردووە بە رەشە کوژی و کۆمەلَکوژی خەلَکی (گەلی) کوردی ئاشتی خواز، وە داوا دەکات لیژنەیەکی نێودەولَەتی پێك بهێنرێت بۆ لێکۆلینەوە لە پرسی ئەم چەوساندنەوانە وەبۆئەوەی گوێ بیستی دۆزو کەیسی گەلی کورد بن.

پسپۆڕی یاریدەدەری ندەکە نقیب(کابتن) ئارکیبۆند بی ڕۆزفێلد کە تازە گەڕاوەتەوە لە سەردانە حەوت ڕۆژیەکەی بۆ لیوای سلێمانی، ڕاپۆرتی ئەوە بلاَوبۆتەوە کە خەلَکی ناوچەکە بێزاری و توڕەی خۆیان پیشاندەدەن دەدەبڕن لە دژی کارەقێزەونەکانی ئەم دواییەی حکومەتی عێراق.

هەروەها دەلَێت کە کاربەدەستانی عێراق لە کوردستان ڕاپۆرتی باوەڕپێکراویان لە سەردراوە کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی خەلَکی کورد دەگرن و دەستەبەریان دەکەن، وە هەروەها لە کۆمەلَگا زۆرەملێکان کۆیان دەکەنەوە و نیشتەجێیان دەکەن، دەنگۆی بەردەوامی ئەوە هەیە کە هاولاَتیانی سڤیل لە ناکاو لە سێدارە دەدرێن پاش دادگایك کردنیان لە دادگای سەربازی بە خێرایی .

---

[١] F. David Andrews: The Lost People of the Middle East,Salisbury.N.C.,U.S.A.,1982و p62-76.

یاداشتەکە دەڵێت کاربەستانی عێراقی بەرهەمی توتنی جوتیارە کوردەکانیان قۆرخکردووە لە ڕێگای بە کارهێنانی چەند ڕێگە و هۆکارێك، لەوانە:
ڕەتکردنەوە یان و پۆلێنکردنی بەرهەمی توتنیان بە جۆرێکی خراپ. جگە لەو شوێنانەی کە سەختن و هاتوچۆیان تێدا زەحمەتە بۆ جوتیارە بێ دەسەلاتەکان، کۆپییەکی تەواوی ڕاپۆرتی نەقیب(کاپتن) ڕۆزفیبڵد دەدرێت بە بەشی پەیوەندیدار، هەر کە ڕاپۆرتەکە تەواو بوو.

لەم پەیوەندیەدا ئەوەی جێگەی بایەخە و گرینگی هەیە ئەوەیە کە گی ئێچ تۆمبسن، ڕاوێژکاری بالیۆزخانەی بەریتانیا، بە یەکێك لە ئەندامانی ستافەکەمی ووت  کە مامەڵەی کاربەستانی سەربازی عێراقی لە گەڵ هاولاتیانی سڤیلی کورد لەم چەند هەفتەیەی دواییدا زۆر دڕندانە بووە و سوکایەتی زۆریشیان پێکراوە بە توندی سزادراون لە گەڵ گرینگی دانێکی کەم بە شێواز و فۆرمە سیاسیەکان .

بۆ نمونە: ئەوەی خستەڕوو کە کوڕێکی گەنجی کورد بە خێرایی سزایی مەرگی بە سەردا سەپێنرا لە ١٠/١٢ بە هۆی دزینی چەند مەترێك لە وایەری مس، کاتێ بۆ دیاریکراوە لە هەفتەی داهاتوو بۆ ئەوەی لە سێدارە بدرێت. هەروەها ڕاوێژکارەکە ووتی کە بالیوزی بەریتانیا بە نیازە لە١٠/١٥ لە سەر ئەم کەیسە گفتوگۆ بکات لە گەڵ ڕیگن .

بالیوزی بەریتانیا بە نیازە ئەوەش بڵێ بە ڕیگن ئەو دەتوانێت مەلا مستەفا لە  سێدارە بدات یان هەر یەکێ لە هاوکار و  هاوڕێ نزیکەکانی ئەگەر بتوانێ بیانگرێت، بەلاّم بە توندی جەختی لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە گەلی کورد پێویستە لەمەو دوا زۆر بەنەرمیتر مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت.

تۆمپس لەو باوەڕەدایە کە بژێوی ژیان و سەرمایەگوزاری و سامانی گشتی لە کوردستان زۆر بەرزترە بە بەراورد لە گەڵ بیست ساڵ و تەنانەت (١٠) ساڵ پێش ئێستاش. ئیستا مەلا مستەفای یاخی بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرەو لاواز بوون دەچێت، هیچ هۆیەکیش نییە کە بۆچی کورد توڕە و زۆر بە گلەییەکان ناتوانرێت بکرێنە بەشێکی ڕازی و گرینگی کۆمەڵگای عێراق. لەلایەکی ترەوە ، ئەو تۆمپس لەوە دەترسێن کە بەردەوامی شێوازی ئێستای مامەڵە کردنی لە خۆوە و نابەجێی حکومەتی عێراق لە گەڵ دانیشتوانی کوردی هەندێك ناوچەی دیاریکراودا، لەوانەیە سەربکێشێت بۆ شۆڕش و یاخی بوونێکی گشتی هۆزە کوردیەکان کە تیایدا حکومەتی عێراق نەتوانرێت زاڵبێت بە سەر بارودۆخەکەدا یان کۆنترۆلی پێ نەکرێت.

جەنابی ڕێزدار: ولیام دی مۆلاند سەرۆکی دیبلۆماتی فەرەنسا
نامەی داخراوی سکالانامەی کورد فایلی ژمارە (٨٠٠)
نهێنی:
ڕاگەیاندنی پارتی ڕزگاری کوردی
جەنابی بەڕێز نوێنەری بالای ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغداد
جەنابی ڕێزدار بالیۆزی شاهنشای بەریتانیا
جەنابی نوێنەری بالای یەکێتی سۆڤیەت
بەڕێز نوێنەری کۆماری چین
بەڕێز نوێنەری حکومەتی فەرەنسا

سەرکەوتنی نەتەوەیەکگرتووەکان بە خۆشیەکی زۆرەوە پێشوازی لێکرا لە کوردستان بە هۆی ئەو هیواو ئاواتانەی کە گەلی کوردی چەوساوە هەیەتی لەم سەرکەتنەدا، چەنکە گەلی کورد چاوەڕێی ئەوە لە زلهێزە دیموکراتەکان دەکات کە مافی سروشتی ژیان و ئازادی خۆی پێبدات.

بەلام نەك زووتر لە ڕاگەیاندنی سەرکوتنی چەك بە سەر فاشیزمی دیکتاتۆری کوردستان لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر بوو بوو بە شانۆیەك بۆ پیشاندانی دڕندانەتریم تاوانەکان هەروەها گەلی کوردی ئاشتی خواز بۆتە ئامانج و کۆمەڵ کوژی و چەوساندنەوەو دەر بەدەر کردن کە هیچ کام لەو نەتەوانەی ئەوروپا کە ئێستا ئازادن شتی وایان نەبینیوە و بەسەریاندا نەهاتووە تەنانەت لەو کاتەی دکتاتۆری نازی لەو پەری دەسەلات دا بوون ، حکومەتەکانی عیراق و ئێران کە لەلایەن حکومەتی دکتاتۆری تورکیا پاڵپشت دەکرێن سوپای گەورەیان ناردوە بە چەکی مۆدێرن و هاوچەرغ چەکدار کراوان لەدژی ئەم خەڵکە بێ چەکە بەمەبەستی لەناوبردن و بنبڕکردنیان بەبێ ئەوەی هیچ تاوان و سەرپێچیەکیان ئەنجام دابێت، مەگەر ئەی خوایە! ئەگەر ئێمە داوای چارەی خۆنوسین وەکو سەرپێچیەك دابنرێت، یاخوود گلەیەکانیان لە دژی ستەمکارو جەلادەکان وەکو تاوانێك ئەژمار بکرێت.

هەر لەم ڕۆژەوە کاتێك جیهان پێی نایە سەردەمێکی نوێوە ، نەتەوەکان و تاکەکەسەکان ڕزگاریان بوو لە ترس و تۆقاندن و چەوسانەوەو سەرکوت کردن، لەکاتێکدا جیهان ئاهەنگی شکاندنی شۆڤێنیەت و دەمارگیری حکومەتی نازی دەگێڕا، بینیمان کەوا حکومەتی ئێران و تورکیاو عێراق ئاسمانی کوردستانیان پڕکرد لە فرۆکەو دەستیان کرد بە رووخانی گوندەکان و کوشتنی خەڵك ، هەروەها ناوچەکانیان پڕکرد لە چەك و بۆمب، بە چەکەکانیان شارو

شارۆچکەکانیان وێران کرد منداڵ و پیاوو ئافرەتی بێ تاوانیان کوشت ، حکومەتەکانیان دەستیان کرد بە دروست کردنی دادگای سەربازی و کۆمەڵگا زۆرەملێکان و بەندینخانەکان لە هەموو وڵات دا خەڵکی بێتاوانیان خستتە ناو بەندینخانەکانەوە بێ هیچ تاوان و دادگایی کردنێك ، هەموو ئەو شتانە روویاندا لە کاتێکدا حکومەتە دیموکراسیەکان ئاهەنگی سەرکەوتنیان بەسەر نازیزمدا دەگێرا ، وەلەناو ئەودیمەنانەدا هیچ دەنگێك نە ئەبیسترا دژی ئەو دڕندایەتی و ئەو کردارە بێ بەزەیانە وەك ئەوەی کە جیهان لە خۆشی و سەرکەوتن ئەرکی خۆی لەبیر چووبوو ئەو نەتەوە لاوازانە بپارێزێ خەڵکی باس پێشکەش بکات و قوربانی بدات وەك ئەوەی لە ڕووخانی فاشیزمدا بەخشیان.

لە بەرئەوە ئێمە بەناوی خەڵکی کورد کە بەم هۆیەوە گیانیان لەدەست دا وەبەناوی ئازاری مرۆڤایەتی ئیدانەی ئەو کردەوە دڕندانەی حکومەتی عێراق و ئێران بە پشتگیری تورکیا لە کوردستان دەکەین.

بۆیە ئێمە ئەو ناڕەزایەمان بۆ بەرێزتان دەردەبڕین و داوا لە بەرێزتان دەکەین بیگەێنن بە حکومەتە بەرێز و بە تواناکانی خۆتان، وەك سیگناتۆری ولایەتە یەکگرتووەکان کەڵێپرساوە لە بەگژداچوونەوە و بەرهەڵستی کردنی زوڵم و ستەم کاری نازیزم.، بە ناوی مرۆڤایەتی ، داوایی ڕاسپاردیەکی دەست بەجێ دەکەین بە کۆتای هێنان بەو کوشتاری مرۆییە و پێکهێنانی لێژنەیەکی لێکۆلینەوەی نێودەوڵەتی و ناردنیان بۆ لای کوردەکان، بەمەبەستی لێکۆلینەوە لە هۆکارەکان ئەو کۆمەڵکوژیە و گوێ لە سکالا و داواکاریەکانی خەڵکی کورد.

لە کۆتایدا داواکارین لە بەرێزتان کە گرینگی بە سکالاکانمان بدەن و هیوادارین ببنە یارمەتیدەری ئەم خەڵکە لێقەوماوانە. ئەم کردبونەوەیە لە لایەن (٢٨) کەس ئیمزا کراوە کە ناوەکانیان لە لیستی هاوپێچدا هاتووە:

سەرتای یاداشتەکە ئاماژە پیشە و شوێنی نیشتەجێ بوون و یەکەی ئیداری و خاوەن زەویەکان کراوە:

١-شێخ کەریم (خەڵکی هەلەبجە لە لیوای سلێمانی) .

٢- شێخ ڕەشید شێخ محەمەد

٣- ئەنوەر جەمیل بەگ پارێزەر

٤-مەحمود بەگی حوسێن بەگ

٥-محەمەد بەگی حوسێن بەگ.

٦-ئەحمەد سالح بەگی جاف (سەرۆکی عەشیرەتی جاف)

٧-بورهان حەمید جاف (پارێزەر و سەرۆکی عەشیرەتی جاف).

٨-محەمەد کەریم   (زانا و سەرکردەی ئاینی)

٩-محەمەد سەعید بەگزادەی جاف  (سەرۆکی عەشیرەتی جاف)

١٠-محەمەد قادر (سەرۆکی عەشیرەتی گەلاڵی)

١١-محەمەد عەلی کوری حوسێن بەگ (سەرۆکی عەشیرەتی جاف)

١٢-محەمەد مستەفا بەگ (سەرۆکی عەشیرەتی باران کیا)

١٣-شێخ محمود کاکە شێخ    (زانا و سەرکردەی ئاینی)

١٤-شێخ خالید شێخ جەمیل

١٥-بابە رەسول

١٦-محەمەد المفتی

١٧-محەمەد حەسەن (سەرۆکی عەشیرەتی تارك هانی لە هەڵەبجە لە لیوای سلێمانی)

١٨-محەمەد سالّح  (سەرۆکی هۆزی ڕۆگ هازای)

١٩-بابە عەلی کوڕی شێخ مەحمود حەفید زادە  (سەرۆکی عەشیرەتی بەرزنجە لە سلێمانی)

٢٠-محەمەد کوڕی عەبدوڕەحمان ئاغا (کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی)

٢١-شێخ قادری شێخ سەعید   (سەرۆکی عەشیرەتی بەرزنجە لە سلێمانی)

٢٢-مامە ڕەزا کوڕی حاجی مستەفا   (سەرۆکی کۆمەڵەی هەقە)

٢٣-ئیبراهیم حافیز زادە (سەرۆکی عەشیرەتی بەرزنجە لە سلێمانی)

٢٤-ئیبراهیم ئەحمەد  (پارێزەر)


٢٥-ئیسماعیل هەقی شاوێش

٢٦-عبدالرحمن حاجی مەلا سەعید کەساەتی ناسراوی سلێمانی

٢٧-فایق هۆشیار سەرۆکی هۆزی هەورامان سەر بە پارێزگای سلێمانی.

٢٨-سەید ئەفراسیاب پاریزەر لە شاری سلێمانی.

پاشکۆی دەیەم: نامەیەکی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە کە بە مەبەستی داخوازی ژنێك بۆ دۆستێکی خۆی ناردووە





**پاشکۆی یانزدەهەم: گوندی شەدەڵە لە ساڵی ١٩٨٦دا**



## پاشکۆی دوانزدەهەم(ڕۆژنامەی (الجمهوریە)ی ڕۆژی پێنج شەممەی مانگی ئەیلولی ١٩٥٨

# ... معاون في القوة السيار يفضح مبادىء مذهب

## احد الشهود يتهم حمه سور بان اصله من روسيا و

كتب سجاد الغازي يقول :

انعقد المجلس العرفي العسكري ظهر امس برئاسة العقيد شمس الدين عبد الله وعضوية كل من المقدم عبد الرزاق الجدة والمقدم نافع احمد وقد حضر الجلسة الملازم راغب فخري المدعي العام العسكري والمعاون يوسف السراج ممثل الشرطة والمحامي محمد احمد حافظ وكيل المتهمين .. وقد واصل المجلس النظر في قضية حمه سور المتهم بادعاء النبوة واشاعة الاباحية

وقد استمع المجلس امس الى شاهدين اخرين من الشهود حيث كشفا جوانب ... ري وفضائح جديدة من المذهب الاباحي ... تهم حمه سور باشاعته

### الشاهد المعاون عبد المنعم

الشاهد - عبد المنعم محمد معاون في ... السيارة في بغداد .



اعضاء هيئة المحكمة العسكرية العرفية اثناء محاكمة الحمه سوريين

هل تعتقد ان الترجمة كانت صحيحة وكيف ارسلتك دائرة الامن وانت تجهل اللغة الكردية

ج - صحيح ان الترجمة يمكن ان تكون غير صحيحة ولكني لم اجد احدا يترجم

### حاكم الامن



الحمه سوريون يمثلون امام هيئة المحكمة

القراءة والكتابة

س - ماذا كان يقصد بالخلوة

ج - نوه المتهم عنها بانها قضية جنسية .. ان معتصم لايعرف محتويات التقرير عن المتهمين

س - كيف علمت ان بقية المتهمين من اتباع المتهم

حمه سور ومذهبه

ج - نعم واتصل ذلك قبل ٩ اشهر كنت جالسا مع الرئيس الاول المتقاعد خير الله عطا الله ضابط استخبارات الفرقة الثالثة في كركوك واخبرني عن حمه سور وذكر ان الاستخبارات في الجيش تعلم عنه فكيف الشرطة لاتعرف عنه وكان مدير الشرطة عبد الرزاق

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (الجمهوریە) بلاوکراوەتەوە، لە پەرتوکی کۆمەڵی هەقەی مامۆستا رێبوار حەم تۆفیق وەرگیردرا بوو، بە کەمترین دەستکاری سوردم لە وەرگێڕانەکەی وەرگرت .

## دادگای کردنی حەمەسوردا

لە رۆژنامەی (الجمهوریە)ی رۆژی پێنج شەممەی مانگی ئەیلولی ١٩٥٨، لە ژێر ناوی (یاریدەدەرێك لە هێزی سەیار، رێبازی حەمەسور بە کردەوەی خراپ ناودەبات) و یەکێك لە شایەتەکان حەمەسور بەوە تۆمەتبار دەکات کە لە بنچینەدا خەڵکی روسیایە و لە رێگەی ئێرانەوە هاتۆتە ناوچەکە.

(سەجاد ئەلغازی) بەم شێوەیە دەنوسێت: ئەنجومەنی عورفی سەربازی بە سەرۆکایەتی عەقید (شەمسەدین عەبدولا) و بە ئەندامێتی هەریەکە لە موقەدەم (عەبدورەزاق جەدە) و موقەدەم ( نافیع ئەحمەد) دانیشتن، لەم دانیشتنەدا هەریەکە لە مولازم ( راغب فەخری) وەك داواکاری گشتی سەربازی و یاریدەدەر (یوسف سەراج) وەك نوێنەری پۆلیس و (محەمەد ئەحمەد حافیز) وەك پارێزەری تاوانباران ئامادە بوون. دانیشتنەکە تایبەت بوو بە کێشەی حەمەسور کە بە بانگەشە بۆ پێغەمبەرایەتی و بلاوکردنەوەی کاری خراپ تۆمەتبار کراوە، ئەنجومەن گوێ بیستی دوو شایەدی (گەواهی دەر)تر بوو کە لە سەر هەندێ لایەنی تر و خراپەکاری تری رێبازی خراپەکارانەی تۆمەتبار حەمەسور و بانگەشەکەیەوە شایەدییان دا.

شایەدی یەکەم : یاریدەر (عەبد ئەلمونعیم محەمەد) و یاریدەدەر لە هێزی سەیار لە بەغداد

لە مانگی شوباتی پێشودا زانیاریمان لە سەر کەسێك بە ناوی حەمەسورەوە پێگەیشت کە دانیشتوی گوندی کەلاوقوتە، بۆ ئەو مەبەستە لە کەرکوك چەند چاوپێکەوتنمان ئەنجام دا وە دەستمان بە لێکۆلینەوە کرد، یەکێك لە کەسانەی زانیاری باشی لە سەر هەبوو (موعتەصەم ) بوو، لە بەر ئەوەی زمانی کوردی دەزانی داوام لێکرد پێکەوە بچین بۆ گوندی کەلاوقوت و لەوێ چومان بە حەمەسور بکەوێت. ئەوە بوو رۆژێك چوومە ماڵ حەمەسور و لەوێ چاوم بە سێ کەس کەوت، بە یەکەوە بەرێ کەوتین بە رێبەری یەکێك لە شوێن کەوتوانی حەمەسور ، چوینە گوندی کەلاوقوت و سەرمان لە ماڵ حەمەسور دا لەو کاتەدا حەمەسور لە ماڵ نەبوو، پاش ماوەیك هاتەوە، منیش وەك نەناسێك و لە رێگەی وەرگێرێکەوە (موعتەصەم) کەوتمە پرسیار لێکردن و ئەمانەم بۆ دەرکەوت:

١-حەمەسور دان بە بوونی خودادا نانێت و پێی وایە دونیا لە کۆنەوە بووە و هێزێك نیە کە ئەم دونیایە بسورێنێت.

٢-پێی وایە شێخ عەبدولکەریم وەکو خودا وایە و دامەزرێنەر یەکەمی ئەم رێبازەیە.

٣-خۆی بە کەسێکی تێگەیشتوو دەزانی لە سەر ئەم زەویەدا، پێی وایە ڕۆژێك دێت کۆنترۆڵی هەموو بونەوەرەکان دەکات.

٤-هەر کەسێك بێتە ناو ئەم ڕێبازەوە پێویستە لە سەری دەست لە موڵك و خێزانی خۆی وەرگرێت، حەمەسور خۆی داهات بە سەر شوێنکەوتوانیدا بە پێی پێویست دابەش دەکات.

٥-خەڵکی دابەشی سەر دوو بەش کردووە: یەکەمیان ئەوانەی کە خراپن و خیانەت لە کۆمەڵگا دەکەن، ئەمانە دوای ئەوەی کۆچی دوای دەکەن گیانیان دەچێتە ناو لاشەی ئاژەڵکی خراپەوە، وەك سەگ و بەراز، دووەمیان : وەك کۆمەڵکەی ئەون، ئەمانە کەسانی باشن و خیانەت لە کۆمەڵگا ناکەن ، گیانی ئەمانە لە دوای کۆچی دوای دەچێتە ناو لاشەی کەسێکی باشی وەك خۆیانەوە.

٦- شێعرێکی لە بەری بۆ خوێندینەوە، کە وشەی کوردی و فارسی هۆنیبویەوە، لەم شیعرەدا هەندی ئایەتی قورئانی بە ناتەواوی تێدا بە کار هاتبوو.

٧-ئەوەندەی لە ماڵکەیدا بووین لە بەر دەرگاکەیدا چەند ژنێکمان بینی دانیشتبوون و دەست و دەموچاویان دەرخست بوو، تا هەستی لایەنگران و گەنجەکان بۆ خۆیان ببزوێنن.

دوای کۆتای هاتنی ئەم قسەو باسانە و هێنانی چەند پەندی مشك و پشیلە، داوام لێکرد کە پەیوەندی بە ڕێبازەکەیانەوە بکەم، ئەویش پێش هەر شتێك بەوە وڵامی دامەوە، دەبێت پێش هەموو شتێك دەست لە سەیارە و هەموو شتێکی خۆم هەڵگرم و خۆم لە هەموو بەهاکان دابڕێنم، دوای ماوەیەك ئینجا دەتوانم لە کۆمەڵکەیدا وەکو ئەندام وەربگیرێم، دواتر داوای لێکردنم کە لە ژورێکدا پێکەوە خەڵوەت بکەین...پاشان گەڕاینەوە بۆ کەرکوك، بۆچونی خۆمان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار کرد.

لە کۆتای مانگی ئاداری (١٩٥٨)دا پارێزگار دوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسای لە دژی حەمەسور و شوێنکەوتوانی گرتە بەر تا لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی خۆی و گروپەکەی بکرێت. هەر لەو ڕۆژەدا حەمەسور و یەکێك لە شوێنکەوتوانی بوو لە ناو بازاڕی کەرکوك دەستگیر کران و هێنرانە دائیرە، دوای پشکنینیان دەست بە سەر کاغەزێکی دەستنوسدا گیرا کە بە زمانی کوردی لە سەری نوسرا بوو، دوای وەرگێڕانی نوسینەکە دەرکەوت، کە بەڵێنامەی چەند کەسێك لە شوێنکەوتوانی حەمەسورە و بە شایەدی چەند کەسێك بەڵێن دەدەن کە ئامادەن دەست لە هەموو موڵك و ماڵیان هەڵبگرن و ژنەکانیشیان بە تەلاقی دراو دابنرێت، ئەگەر پاشەکشە لە ئاینی حەمەسور بکەن، کاتێك پرسیاری ئەوەی لێکرا کە ئاخۆ ئەم کارەی بۆچی کردووە؟ وڵامی دایەوە هەندێك لە شوینکەوتوانی ڕایان کردووە لە بەر ئەوە دەبێت هەموو شوێنکەوتووەکانی ئیمزا لە سەر ئەوە بکەن دوای ئەمە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەگەزنامەکەی نێردرایە سلێمانی و دوای گەڕانەوەشی لە دێی کلاوقوت ماڵەکەیم پشکنی ،

بەلاّم هیچ شتێکم نەدۆزیەوە، کە پەیوەندی بە ئەم باسەوە هەبێت هەر لە کاتی پشکنینەکەدا ئەوەم بینی کە لە بتلێکدا بۆنی مەی دەهات و لە ئەم بارەیەوە کەسێکی دانیشتوی ماڵەکە وتی .....

هەندێك لە ئەوانەی کە لە سەر حەمەسور دەستگیر کرا بوون داوایان کرد کە شایەدی لە دژی حەمەسور بدەن؟

چونکە لە پێشدا لێی ترساون و نەیانوێراوە کاریّ لەم شێوەیە بکەن، دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوە کە دۆسێکە بە پێی تایبەتمەندێتی دادگا نێردرایە لای حاکمی سزای کەرکوك، پاشان ڕەوانەی دادگای گەورە کرا، بەڕێوبەرایەتی ناحیەی سورداشیش لە سەر ئەمە زانیاری دامیّ هاوپێچی دۆسیەکە کرا، ئەمەش پیشتڕاستکەرەوەی قسەکانی من بوو. دوای ڕۆشتنمان بۆ گوندەکەلە گەڵ حاکم موعتصەمدا زۆر ژنمان بینی، بەلاّم منداڵمان نەبینی؟ دواتر زانیمان کە ڕێبازی حەمەسور ڕێگەنادات بە ئەوەی منداڵی بێت، تەنها بای چێژی سێکسی دەکەن.

شایەدەکە لە کاتی شایەدی داندا ڕەنگی سور هەڵگەڕا دەمناسی، خالیشی هەر لە شوێنکەوتوانی حەمەسور بوو، حەمەسور من نەبینیوە پەیوەندی بە خەڵکەوە بکات، کە چوشینەماڵی حەمەسور تێبینی ئەومان کردکە حەمەسور حاکم موعتەصەم دەناسیّ، من بە شێوەیەکی نافەرمی داوام لە موعتەصەم کرد، ئەویش تەنها لە ئەوە ئاگاداری کردمەوە کە ئەمانە خەڵکانێکن کە کردەوەی خراپ دەکەن.

پ/ تۆ زمانی کوردی نازانیت پێت وایە کە ئەو وەرگێرانەی بۆت کراوە ڕاستە؟ چۆن بۆ ئاسایشت نارد؟

و/ ڕاستە ڕەنگە وەرگێرانەکە ڕاست نەبێت، بەلاّم کەسم دەست نەکەوت کە کاری وەرگێڕانم بۆ بکات، چارەکە سەعاتێك دوای نانی ئێوارە جگە لە ماڵی حەسەن مەحمود، عومەر شێخ مەعروف و کوێخا مەحمود، گوندەکەیان سەر بە ناحیەی شوان بوو، پەیوەندیمان بە کەسی ترەوە لە خەڵکان و فەرمانبەر و بەڕێوبەری ناحیەوە نەکرد، ئەوەم بۆ دەرنەکەوت کە لە ڕێبازەکەدا شوو کردن و ژن هێنان نەبێت. حەمەسور دیار بوو کە نەخوێندەوارە و نازانێت بخوێنێتەوە و بنوسێت.

پ/مەبەستی لە خەڵوە چی بوو؟

و/ تۆمەتبار بە بابەتێکی سێکسی ناوی برد، موعتەصەم لە سەر ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی سەر تۆمەتبارەکان هیچ نازانێت.

پ/چونت زانی کە تۆمەتبارەکان تر لە شوێنکەوتوانی تۆمەتبارن؟

و/ دوای وەرگرتنی وتەی تۆمەتبار خۆی ئەوەی ئاشکرا کرد کە تۆمەتبارەکان لە شوێنکەوتوانی ئەون.

پ/ دوای گرتنی تۆمەتبار ، بۆ ئەو کەسانە گەڕایتەوە؟

و/نەخێر بەڵام داوام کردن و هەواڵمان پێدەگەیشت.

پ/داواکاری گشتی شایەد چۆن شیکردنەوەی بۆ خەڵوە دەکات، لە کاتێکدا کوردی نازانێن؟ هەر دەبێت وەرگێڕی هەبێت، تا لە سەر بیروباوەڕی حەمەسوری بگات.

و/ پشتم بە گێڕانەوەی موعتەصەم بەستبوو، کاتی لێکۆلینەوەدا دەرکەوتبوو کە حەمەسور لە یەکێك لە گوندەکانی سلێمانی دا لە دایك بووە، بە فەرمی بە عێراقی دانرا بوو لە دایك بووی گوندی ماوەتی سەر بە ناحیەی سورداشە لە لای شێخ عبدولکەریم خزمەتکار بووە، هیچ پارە و موچەیەکی نەدراوەتێ، دواتر چووەتە گوندی کلاوقوت، حەمەسور شیعرێکی خوێندەوە کەهەندێ ئایەتی قورئانی بە ناتەواوی تێدا بوو، من ئەو ئایەتانەم دەزانی کە لە شیعرەکاندا هاتبوون و موعتەسەمیش نەیدەتوانی شیعرەکە وەربگێرێت.

پ/ ئایا بۆت دەرکەوت کە ئەوانەی ئیمزایان لە سەر وەرەقەکە کرد بوو دەستیان لە موڵك و ماڵی خۆیان هەڵگرتووە؟

و/ بەڵێ دانیان بەوەدا نا بوو کە لە شوێنکەوتوانی ئەون.

شایەدی دووەم:

موعتەصەم محەمەد خەلیفە تەمەنی (٣٤) ساڵ، دادوەری سزای شارەوانی کەرکوك

یاریدەدەر (عەبدئەلمونعیم) دەناسم و ماوەی سێ ساڵە هاوڕێمە

پ/ئایا پێشتر ئەوەت دەزانی کە یاریدەدەر زانیاری لە سەر (حەمەسور) و ڕێبازەکەی هەیە؟

و/ بەڵێ ، بەر لە نۆ مانگ پێش ئێستا، کاتێك لە گەڵ سەرۆکی یەکەمی خانەنشین کراو( خیروڵلاٌ عەتا)ی ئەفسەری هەواڵگری فیرقەی سێ لە کەرکوك دانیشتبوم، وتی : هەواڵگری سەربازی زانیاری لە بارەی حەمەسورەوە هەیە و چۆن پۆلیس هیچ لە بارەیانەوە نازانێت؟! بەڕێوەبەری پۆلیس (عەبدەلڕەزاق غەفور) تازە بۆ لیوای سلێمانی هاتبوو، منیش سەردانی ئەو و جیگرەکەی ( عەبدولمونعیم)م کرد.

گۆڤارێکی سێکسیم لە لا بینی و بە جێگرەکەی عەبدەلمونعیمم وت: لە سوپادا هەواڵگری فەرمی لە سەر حەمەسور هەیە، ئایا هیچ زانیاریتان هەیە؟ ئەویش پێی وتم کە پەیوەندی بە لایەنی فەرمیەوە دەکات هەتا لە ڕاست ی هەواڵەکە ئاگادار بێتەوە.

ئیتر نازانم چۆن عەبدولمونعیم شوێن بابەتەکە کەوتووە، چۆن لێکۆڵینەوەی لە سەر کردووە ، چۆن حەمەسور دەستگیر کراوە! (حەمەسور) وای ڕاگەیاند بوو کە موستەصەم بە هۆی کێشەی ئاشەکەوە شکاتکەرەکانی هانداوە، کەس شایەدی لە سەر بدەن، کێشەی ئاشەکە پەیوەندی بە شەریکایەتی چەند کەسێکەوە هەبوو، کە یەکێك لەو شەریکانە بریتی بوو لە خاڵم کە ناوی (ئەحمەد عوسمان) بوو، یەکێکیش بوو لە شوێنکەوتوانی حەمەسور خۆی.

دوای کۆچی دوای خاڵم میراتگرەکانی کە بریتی بوون لە دوو کوڕ و دوو کچ، داوایان لە حەمەسور کرد کە بەشەکەیان بەرن، لە سەر ئەمە پەیوەندی لە نێوان و حەمەسور دا کۆتای پێهات؟ چونکە حەمەسورییەکان دەیانووت: ئێمە ئاشەکەمان بە (٦٠٠)دینار لە باوکتان کڕیووە.

ڕۆژێکیان (محەمەد مەلا عوبێد) هاتە لام و داوی لێکردم کە پەیوەندی لە نێوان ئەوان و مندالەکانی خاڵم دروست بکەمەوە، منیش وتم: باشە ، ڕێکەوتن ئاسانە بەلاّم من برایەکی لە خۆم گەورەترم هەیە بە ناوی موقودەم (عەبدولقادر محەمەد خەلیفە)وە با بچینە لای ئەو ، وتی باشە.

پاشان چوینە لای کاکم و لەوێ محەمەد وتی ئێمە نزیکەی سێ سەد دینارمان وەك نۆژەن کردنەوە لەو ئاشەدا خەرج کردووە، دەبێت بۆمان بگێڕنەوە، کاکم وتی باشە، باسەکە دەبەینە لای سێ کەسی شارەزا تاکو ئەوان بڕی ئەو پارەیەمان بۆ بخەملێنن. هەردوو لا لە سەر ئەمە پێك هاتن و ئیتر ئاگام لە هیچ نەما، تا ڕۆژێك تۆمەتبار (محەمەد مەلا عوبێد) هاتەوە لام و پێی وتم: مندالەکانی خالّت نایانەوێ ڕێك بکەون، منیش بۆ خۆیانم بە جێ هێشتوو دوای ماوەیەکی تر لە ماڵ خۆناندا بە ئامادە بوونی (ڕەشید عەلی) کوڕە خالّی باوکم و (محەمەد مەلاعەبێد) و کوڕە خالّەکەم...

محەمەد داوای کرد کە ئەو پارەیەی بۆ ئاشەکەی خەرج کردووە، بۆی بگێڕنەوە. منیش واتم وتم: لە بەر ئەوەی کە خاڵم سەر بە خۆتان بووە، بەشکو یامەتی مندالەکانی بدەن و ئەو پارەیەی بۆ کەم بکەنەوە، هەردوو لا لە سەر ئەوە ڕێککەتن کە بڕی (١٥٠) دینار حەمەسور بدرێت، تا ئویش دەست بەرداری ئاشەکە بێت بۆیان. عەسمانیش وتی: ماوەیەکمان بدەرێ تا ئەو بڕەت بۆ پەیدا بکەین، ئەیش وتی باشە، بەلاّم ئاشەکە لە ژێر دەسەلاّتی ئێمەدا دەمینێتەوە، تا پارەکە ئامادە دەکرێت، پاش ماوەیەك پارەکە لە بەر دەم نوسەری دادی کەرکوکدا ئامادە کرا...

لەوەندە زۆرتر کە بۆم گێڕانەوە، بەشداریم لە باسەکەدا نەکرد و هەموو ئەو بەڵگانەشم خستۆتە بەر دەستی بەڕێزتان کە پشتگیری قسەکانم دەکەن.

پ/ ئەوەندەی تێگەیشتبێتم و گوێم لێت بوو، تۆ لەسەرۆك (عەتا)وە زانیاریت لە سەر حەمەسور داوەتە یاریدەدەر؟

و/ من پارێزەری باوکە کوژراوەکە بووم کە لە شوێکەوتوانی حەمەسور بوو ئەو هیچی دەربارەی ڕێبازی هەقە باس نەدەکرد، سەبارەت بە هەر شتێك کە لە تایبەتمەندی ڕێبازەکە بێت، هیچی نەدەخستە ڕوو، من سێ جار سەردانیم کردووە و لە یەکێك لە ئەو سەردانانەم شەوێك بوو کە (خەلیل، عومەر خەیات، عەلی مەلا مەجید)م لە گەڵ بوون، کە خەڵکی ناوچەکەم و عەشیرەتەکەم بووم، لە سەر ئەوان هیچ زانیاریەکم نیە تا زانیاری لە سەر ڕێبازەکەیان بدەم، لەو کاتانەی کە سەردانی ماڵی تۆمەتبارمان کرد ئەو لە ماڵەوە نەبوو، بەلاّم لەوێ چەند کەسێکمان بینی نەمدەناسین و پاش ماوەیەك حەمەسور و چەند پیاوێکی گوندەکە دەرکەوتن، دوای دانیشتن و چا خواردنەوە یاریدەدەری ئاسایش لە ڕێگەی منەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی حەمەسور کرد و داوای لێکرد بچێتە ناو ڕێبازەکەیەوە، حەمەسوریش بە ئەوە ولاّمی دایەوە کە تۆ ناتوانیت ئەمە بکەیت و نمونەی پشیلە و مشکی هێنایەوە۔ داوای لێکرد کە دەست لە سەیارەکەی هەڵگرێت و لە گەڵیدا بچێتە خەڵوەوە، کە مانای خەڵوەی نەدەزانی، سیازدە ڕۆژ پێش ئەو کاتە (فتحیە عزیز)ی ژنە خاڵم سەردانمان و لێم پرسی بۆچی خاڵم تەلاّقی داویت، وتی هۆیەکەی دوور و درێژەو تۆش چاکم دەناسی کە ئێمە کارێك ناکەین کە پێچەوانەی ئاین بێت، خاڵت داوای لێکردم کە لە گەڵ ژنەکانی تردا کە لە کۆمەڵی حەمەسور بوون ئالگۆڕم پێ بکات، منیش بەوە ڕازی نەبووم، داوای تەلاّقم لێکرد.

خاڵم ژنێکی تری هەبوو بە ناوی (فاتیمە مستەفا)وە ئەویشی تەلاّق دا، هەمان باسی دەگێڕایەوە، خاڵم بەر لەوەی تێکەڵی ئەم ڕێبازە بێت پیاوێکی لە خوا ترس بوو، بەلاّم دوای ئەوەی چووە سەر ئەم ڕێبازە وازی لە نوێژوو ڕۆژوو هێنا و ئاینەکەی بە درۆ دەخستەوە، خاڵە ئەحمەدم حەوت ساڵ لەمەو بەر کۆچی دوای کردووە، خاڵم دەیوت باوکم بێ بڕوا بوو، پێی دەوتین ئەگەر قورئانەکەم لێنەکرن ئەوا دەیکەم بە تەپڵکی جگەرە هەروەها گوێم لە کچی خاڵم بووە کە ئافرەتێکی لە خوا ترس بووە دەیوت کاتێك نوێژم دەکرد پێی وا بوو کە ماڵکەیم پیس کردووە، کاتێك لە گەڵ (عەبد ئەلمونعیم) سەردانی لای حەمەسورمان کرد (عبدوڵلاّ عەبدولمەجید) پرسیاری ئەوەی لێکرد: کەوا نوێژی ئێوارەو خەوتن ڕۆیشت کەچی نە خۆت نەکۆمەڵەکەت نوێژتان نەکرد، حەمەسوریش وتی: نوێژوو ڕۆژوو لە سەر ئێمە هەڵگیراوە، هەموو خەڵکی کەرکوك ئەوە دەزانن کە حەمەسور باوەڕی بە ئاینی ئیسلام نەهێناوە, حالێشم لە سەر ئەم ڕێبازە قسەی بۆ نەدوکردین.

پ/ بۆچی ماوەی پانزدە ساڵە شکاتت لێ نەکردووە؟

و/ ساڵی (١٩٤١) شکاتم لێکرد، بەلاّم خەڵك هاتە نێوانمانەوە بابەتەکە داخرا.

پ/شوێنی ئەم ڕێبازە کوێیە؟

و/سلێمانی و دەلۆ و کلاو قوت.

پ/ ئایا حەمەسور بۆ ئەوەی ئەم ڕێبازە بلاّو بکاتەوە دەگەڕا؟

و/خۆم نەمبینیوە.

پ/ خالّت کەی کۆچی دوای کرد؟

و/ پێش سالّێك.

پ/ئایا حەمەسور هەولّی نەدا کاریگەری لە سەر مندالّەکانی خالّت هەبێت؟

و/بەلّێ دەیەویست کاریگەریان لە سەر دروست بکات، بەلاّم دوای ئەوە کە گەورە بوون ڕایان کرد.

پ/ حەمەسور لە کوێوە هاتووە ؟

و/ لە شێخ حوسێنی خانەقا دەگێڕنەوە ئێرانەوە هاتووە، لای شێخ عبدولکەریم کاری کردووە و دوای کۆچی شێخ شوێنکەوتوانی شێخ عەبدولکەریم دابەشی سێ بەش بوون، یەکێك لە بەشانە کۆمەلّی حەمەسور بوون، لە نێوان من و تۆمەتباردا ناکۆکی هەیە، پێشتریش هەڕەشەی ئەوەی لێکرد بووم کە بۆمب فڕێ دەداتە مالّکەمانەوە.

پ/ئایا هیچ بەلّگەیەکت لایە کە ئەوە بسەلمێنی خالّت دەستی لە هەموو سامان و مولّکی خۆی هەلّگرتبێت؟

و/ نەخێر تەنها بەلّگەی فرۆشتنی ئاشەکە لە بەر دەست دایە.

پ/ ئایا لە ئاشەکەدا بەشی هەیە؟

و/ بەلّێ. شایەد ئەوەشی وت: جارێکیان حەمەسور لە سەر بنچینەی نەزانراوی خۆی قسەی کردووە و وتویەتی: لە ڕوسیاوە بۆ ئێران هاتووە.

سەرۆکی ئەنجومەنی عورفی سەربازی دانیشتنەکەی بۆ ڕۆژی چوار شەممە داهاتوو بۆ گوێگرتن ل شایەد و بەرگری کردن و قسەی بریکاری تۆمەتبار دواخست.

پاشکۆی سیانزدەهەم ( گۆڤاری سروە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەردەچێت).

کوردستان پەروەرگای، گەورە پیاوانێکی وەکوو سوهرە وەردی و شارە زووری و سەعید نوورسی وشێخ قەسیم و مەلای موسەنیف ونالی ودەیان مەزن وبەرێزی ئەوتۆبوون کەهەرکامە توانیویانە بە یارمەتی خوای گەورە جێگای پێ ورەوتی خۆیان لەمێژووی ئێران وئیسلامی گەورەدا هەتا هەتایە دابنێن وئەوانە کە زمانی دڵ ودەروون دەزانن هەزاران رەحمەتیان بۆبنێرن. جا لەرێزی ئەوانەدا ئێمە دەبێ لەسەرئالقەی مشایەخ و شۆرەسواری فەرهەنگ وئەدەبی ئیسلامی وکۆمەلایەتی خوا لێ خۆش بوو مەولانا خالیدی نەقشبەندی موجە دەدەی شارە زووری ناوبەرین....

خوێنەری بەرێز..مەیدانی عیرفان وخۆپاراستنی ولە خوا ترسان مەیدانێکی ئەوتۆ نیە کەمن وتۆبتوانین چارەوای خەیالی خۆمانی تێدا لینگ بدەین وئەو بەحر وچەم وروبارە نیە کە بتوانین مەلەی تێدا بکەین " چونکە مەیدانەکەی سوارچاکی زۆر کارئامەوبەکاری دەوێ و، گۆمەکەی مەلەوانی بەتاقەت و مەندولەسەر خۆی گەرەکە تاکوو بەئارامی رێگا بگرێتە بەر وخۆلە شەپۆل وشەپلاخە بپارێزێ.بۆیە منی بێ بەشیش لەقەراخەوە وبێ ئەوەی بوێرم ئاوقەی ئەومەیدان و




# مەولاناخالید

«عومەرفاروقی»

گۆمەقوولەبم وەکوو لایەنگرێکی زانایانی کورد بە دلی خۆم بەسەرهاتی عارف و زانا وشێخ ومورشید وشاعیر و خۆپاریز ومەزنی کورد مەولاناخالیدتان پێشکەش دەکەم.....

من بەیارمەتی وەرگرتن لەسێ کتێبی تاریخ مشاهیرکُرد ژینا زەری زانایانی کورد گولزاری شاعیرانی کوردستان ئەم وتارەم بۆئێوە دەنێرم بەو هیوایە کەبتوانن کەلکی لێ وەرگرن وگەلی کورد شانازی بەوزاتەوە بکا و هەندەران وهاو ولاتی یە غەیرە کوردەکانیش ئەم زاتە وەکوو گەنجینە وخەزێنەیەکی فەرهەنگی کوردستان بناسن وبزانن هۆی سەربەرزی ئێمەیە.....

مەولاناخالید لەسالی ١١٩٣ ی کۆچی مانگی لە شارۆچکەی قەرەداغ نزیک شاری سولەیمانی لەدایک بووە باوک ودایکی لەبنەمالە گەورەکانی کوردبوون دایکی بەناوی فاتمەخاتوون لە. ئەولادی خوالێخۆش بوو پیر خدری شاهۆ وباوکی لە هۆزی جافی میکائیل ومەولانا ئەحمەدی حوسێنی ناوبوو....
خالید لەسەرەتای ژیانی خوێدا لەلای مامۆستایانی ئایینی کوردستان وەکوو شێخ عەبدوللاخرپانی ومەلاعبدالرحیم زیارتی و سەید عەبدولکەریم بەرزنجی مەلا سالح تەرەماری و مەلامحەممەد بالەکانی خەریکی خوێندنی عیلم وزانست دەبێ هەرلەم سەردەمەدا هەستی ناسک وجوان

وبارا و سەرانسەری دڵی پڕ کوڵی دادەگرێ وقەڵەمی دەداتە دەست وچەند پارچە شیعری جوانی داناوە کەلەوشیعرانەدا خواپەرستی وئاینی پیرۆزی ئیسلام وعیرفان خۆیان نواندووە.

مەولانا خالید پاش کەلک وەرگرتن لە مەحزەری ئەم مامۆستا مەزنانەدا بەعەزمی وەدەست هێنانی عیلم وزانستی زیاتر کوردستانی ئەودیو بەجێ دێڵێ ودێتە شاری سنە... لەم کاتەدا سنە ناوەندێکی گەورەی عیلم وئەدەبی ئیسلامی وکۆمەڵایەتی بوو ومامۆستایانی گەورەی کورد لەمزگەوتی رازاوەو شکۆداری جامیعەدا، کەبەداڕول ئیحسان ناوبانگی دەرکردووە خەریکی دەرس گوتنەوە بوون، یەکێک لە وانە مامۆستای خوالێخۆش بوو شێخ محەممەد قەسیم مەردووخی لەوێ دەرسی ریازی وهەندەسەُ نجوومی دەگوت مەولانا ماوەیەک لەخزمەت ئەمزاتەدا لەشاری سنە کەپای تەختی دەسەڵاتداری میرەکانی ئەردەڵان بوو دەرسی خوێندو کەلکی وەرگرت تا ساڵی ١٢٢٥ کە بۆزیارەتی مەرقەدی پێغەمبەری خودا "د-خ" بەرەوحیجاز وەڕێ کەوت وسەر ئەنجام لەشاری شام بەخزمەت شێخەگەورەکانی قادری گەیشت وەکوو شێخ مستەفا کوردی شێخ محەممەد کزبری وئەمجار چووە مەدینەی مونەوەرە. و مەرقەدی پێغەمبەری مەزنی ئیسلامی زیارەت کردقەسیدەیەکی بەرز ورازاوەی فارسی بەم بۆنەوە داناوە کەیەکێک لە شیعرە تەڕوپاراوە جوانەکانی مەولانایە وبەم چەشنە دەست پێدەکا.

عجایب نشئەای زین دامن کهسار
می‌آید

توگوئی با نسیم صبح بوی یار
می‌آید

زخاکش یافت تسکین زخمهای
سینهٔ ریشم

تعالی الله چەسان از مشک
این کردار می‌آید،

هەرلەمەدینە مەولاناش وەکووعەبدوڕڕەحمان حاجی شاعیر وعارفی گەورەی ئێران کەحەوت بەندیکی بە فارسی لەتاریفی پێغەمبەری خوادا گوتووە شیعرێکی هەیە بەمچەشنە.

سرور عالم، من دلدادەوحیران
توام

والە وسرگشتهٔ سودای هجران
توام

شاە تخت قاب قوسین تو
من کمتر گدا

کی بود یارای آن گویم کە
مهمان توام

پێویستە بگوترێ عەبدووالڕەحمان حاجی بۆ خۆی یەکێک لە مورشید وشێخەگەورەکانی تەریقەی نەقشبەندی بووە و هەرلەم شیعرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە مەولانا خالید چەند مایل وداخوازی نەقشبەندی یەکان بووە....

پاش گەڕانەوەی سەفەری حەج مەولانا لەشاری سولەیمانی خەریکی دەرس گوتنەوە دەبێ تا ساڵی ١٢٢٤ کۆچی مانگی کە دەروێشێکی هیندی دێتە سولەیمانی ودەچێتە جەلەسەی دەرس گوتنەوەی مەولانا خالید وسەرنجی رەفتار وکرداری ئەو دەدا ولە حوجرەی مزگەوت بۆماوەیەک دەمێنێتەوە تا سەرئەنجام رۆژێک بەمەولانا دەڵێ: تۆ کەپێت ناوەتە عیرفان وتەقوا وزیارەت بۆچی ناچیتە خزمەت حەزەتی شاە عەبدوڵڵا دێهلەوی؟ مەولانا سەبارەت بەوشێخە پرسیار دەکا دەروێش دەڵێ: ئەوەجێگاداری شاهی نەقشبەندە وخانەقای لەشاردێهلی پایەتەختی هیندوستانە... بەم چەشنە مەولانا دەستی لە مزگەوت و خانەقا هەڵگرت وبەرەو هیندۆستان رێ کەوت ولەسەر رێگای خۆی چووە تاران و بۆستام وزیارەتی مەرقەدی شێخ وعارفی مەزنی ئێران بایەزیدی بەستامی کرد ولە خوا پاراوە کە.

یارب بەآشیانەشهباز لامکان
یعنی بەقرب و منزلت جان
بایزید

برخالد شکستە بیچارهٔ غریب
بگشا دری زمخزن عرفان بایزید.

ئەمجارە بەرەوخوراسان

وشاری مەشەدوەرێ کەوت و مەرقەدی ئیمام رەزای غەریبی زیارەت کرد واەویش، قەسیدەیەکی دوور ودرێژی فارسی داناوە کەبەم چەشنە دەست پێدەکا

**این بارگەکیست کەا زعرش برتر است**
**وزنورگنبدش همە عالم منوراست**

ئەمجارە دەگاتە هەرات و لەوێ بەری پێدەگرن کە هیندوستان ناوەندی بوت پەرستانە وخوانەناسانەوئەم رێگا درێژە مەپێوە بەلام ئەو بەمچەشنە وەلامی ئەوان دەداتەوە.

**اگرچەکا فرستان است باشد از وجود او**
**بهشت واین سخن نبود خلاف نص قرآنی**
**بسی توبیخ کردند اهل توران وخراسانێ**
**بەدارالکفر رفتن چون پسندی گرمسلمانی**
**بەدطلی ظلمت وکفراست گفتندو بەدل گفتم**
**بەظلمت رواگر درجستجوی آب حیوانی**

سەرئەنجام سالی ۱۲۲۴ بە خزمەت شا عەبدوللا دیهلەوی گەیشت وخەریکی وەدست هێنانی رازی نهێنی عیرفان بوو و بۆماوەی سال ونیوێک عیرفانی پێوا و ئەزموونی سەخت و دژواری بردە سەر وئیزن و ئیجازەی ئیرشادی پێدرا و گەڕایەوە بۆ کوردستان و ماوەیەک لەشاری سنە خەریکی تەعلیم وفێرکردن وبارهێنانی ئۆگران وئەوین دارانی عیرفان وخوداناسی بوو. پاشان لە سولەیمانی وبەغدا وباقی ناوچەکانی کوردستان مورید وپەیرەوی لێ کۆبوون کەئەم چەشنە راپەڕینەبوو بەهۆی داچلەکاندن ولەخەوهەلسانی چەندکەسێکی بەخیل ونەزان وۆبە کردەوە ونووسین وچوونەلای کاربەدەستانی دەولەت.

مەولانا وموریدانیان جەزرەبەدا. بەلام ئەو بەیارمەتی وەرگرتن لەخودا و دەریای بێ بنی عیرفان وکەمالاتی خۆی هەروا بەرەوپێش دەچوو، رۆژبەرۆژ ئاوازەی عیلم و مەعریفەتی دونیایان دەگرتەبەر. تا سالی ۱۲۴۲ی کۆچی مانگی کەلە شاری دیمشق پایەتەختی ئێستای سووریا کۆچی دوایی کزدومەرقەدی لەوشارەدا زیارەتگای ئەوین ـ دارانی عیرفان وخۆپارێزان ولە خواترسانە.


مەولاناخالید پترلەپانزدە بەرگ کتێب وریسالە ونامیلکەی نووسیوە ولەئەدەبیاتی عەرەبی وفارسی وکوردیدا ماموستا ولێزان بووە وبە سێ زمان شیعری داناوە بەتایبەتی شێوەی نووسینی لەگەل شوێنەواری شاعیران وعارفانی گەورەی ئێراندا بەرانبەری دەکا

مەولاناخالید پاش مردنی خۆی شێست وهەشت مورید و خەلیفەی گەورەی بەجێ هێشتووە کەهەریەکەی بۆخۆیان شۆرەسوارێک بوون لە مەیدانی عیرفان وخواناسیندا کەلەناو ئەوانەدا ـعارفی گەورە **شێخ عوسمانی سیراجودینی** ئەوەل کە ماموستای خوالێخۆش بوو مەولەوی کورد بووە و**شێخ عەبدوالقادری شەمزینی وحاجی عەبدوللا جەلی کۆیی** بۆئێمە ناوێکی ئاشنان. بەروانینی شیعری مەولانا ئەوراستی یە دەردەکەوێ کەمەولەوی کورد لەشیعردا یەکێک لەشاگردانی ئەوە خوا بیان بەخشێ ودەرەجەیان عالی بێ.

**قیبلەم فیراقت، قیبلەم فیراقت**
**ئارامم سەندەن سەودای فیراقت**
**دل قەقنەس ئاسان چ ئیشتیاقت**
**تاقەت تاق بیەن پەی ئەبرۆی تاقت**
**دورج قامتت قیامەت خێزان**
**هجرت شەرارەی جە هەنەم بێزان**
**کارێ پێم کەردەن مەحروومەی رازت**
**نەکەردەن وەدل نیم نیگای نازت**
**قەدرعافیەت وەسلت نەزانام**
**شوکرانە شەکەر رازت نەوانام**

گۆڤاری سروە، ژمارە ١٣٦٦

# فەقێیەتی



م.س.ئیبراهیمی

بۆئەوەی که داب و رەسمی کۆنی حوجره وفەقێیەتی لەبیر نەچێتەوە وگەردی فەراموشی نەکەوێتە سەر، بەوردی باسی لێدەکەین .

چینەکانی عیلمی وخوێندەوارانی حوجره چوارن :

ئەووەڵ: مامۆستای گەورە که دەرس دەڵێتەوە، هەمیشه عینوانی مەلا که گەورەترین پلە ومەقامی ئەو کۆڕەیە دوای وشەی مامۆستا دێ بۆ وێنەمامۆستا مەلا محەممەد.

دووهەم: موستەعید که لەپێش ناوی ئەوان وشەی مەلا دێ بۆ وێنە مەلا رەحیم.

سێهەم: سوختە کەزیاتر بەناوی خۆی بانگی دەکەن و جارجاریش مەلای پێ دەڵێن .

چوارەم: قوتابی .

بەتێکرایی جگە لە مامۆستا بەو سێ دەستەی دیکە دەڵێن فەقێ .

**مامۆستا و ئەرکی ئەو:**

مامۆستا دەبێ ئەستێرەی گەشی ئاسمانی عیلم وئەدەب بێ ولە زەوی و زاری زانیاری ودینداریدا یەکە جووتیار بێ ومەلی خەیاڵی هەڵۆیەک بێ بۆ دۆزینەوەی نوکاتی عیلمی .

مامۆستا دەبێ هەمیشە ئامادە بێ بۆ دەرس دان بەموستەعیدەکان ولەوەزعی دەرس فێربوون وحاڵی بوون وخوێندنی فەقێکان ئاگادار بێ وهانیان بدا بۆ پێشکەوت لە دەرسەکانداووڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە وبەکورتی وەک بابێکی دلسۆز ئاگای لە ژین وپێداویستی یەکانی ئەوان بێ .


**شێوەی دەرس دانی مامۆستا :**

مامۆستا هەموو شەو دەبێ تەواوی ئەو کتێبانەی سبەینێ بەموستەعیدەکانی دەڵێ موتالای بکا وئامادە بێ بۆ دەرس دان ورۆژی دوایی دوای نوێژی بەیانی ونان وچا خواردن پێویستە بچێ بۆ حوجرەکەی خۆی. موستەعیدەکان بەپێی لەی زانست ونۆرەی دەرس دەچنە لای مامۆستا و زۆر بەئەدەب وئیحترام لە خوارەوەی مامۆستا چۆک دادەدەن و مامۆستا دەڵێ : ( بارک اللەفی جمیع مقاصدک)موستەعیدیش لە وڵامی دا دەڵێ: (ایاناوایاک الرحمە ) وماموستا دەرس تەقریر دەکاوموستەعیدیش جوان گوێ رادەگرێ ولە هەرکوێ حاڵی

پاشکۆی پانزدەهەم: زنجیرەیەی گەشتنەوەی بزوتنەوەی هەقە بە مەولانا خالیدی نەقشبەندی



پاشکۆی شانزدەهەم: لە کتێبەکەی محەمەد رەئوف تەوەکلی بە زمانی  فارسی باس لە بزووتنەوەکە دەکات



توکلی، محمد رئوف، ۱۳۰۹ -
تاریخ تصوف در کردستان / محمد رئوف توکلی.ــ تهران: توکلی، ۱۳۷۸،
چاپ دوم ۱۳۸۱.
۳۸٤ ص.: مصور، عکس.

ISBN 964-91903-7-6

فهرستنویسی بر اساس اطلاعات فیپا.
کتابنامه ۳۵۵ - ۳۶۱؛ همچنین به صورت زیرنویس.
۱. تصوف -- ایران -- کردستان -- تاریخ. ۲. عارفان -- سرگذشتنامه.
الف. عنوان

۹ت۹الف/ BP ۲۷۷ .

کتابخانه ملی ایران

۸-۹۹۵۸-۷۸م

انتشارات توکلی

شناسنامه کتاب

- نام‌کتاب : تاریخ تصوف در کردستان
- تألیف : محمدرئوف توکلی
- لیتوگرافی : نقره‌آبی
- چاپ : گلبانچاپ
- نوبت‌چاپ : اول ۱۳۷۸
- چاپ دوم : ۱۳۸۱
- تیراژ : ۲۰۰۰ نسخه
- ناشر : انتشارات توکلی

تلفن پخش ۶۴۱۱۲۷۶-۶۴۰۹۵۲۲-۰۲۱ - تهران

ISBN : 964-91903-7-6 شابک: ۶-۷-۹۱۹۰۳-۹۶۴

# بخش پانزدهم

## صوفیان حَقّه

درقرن اخیر فرقه‌ای وابسته به طریقه‌ی نقشبندیه در دهستان «سر گلو» جـزء بخش «سورداش» واقع دراستان سلیمانیه‌ی کردستان عراق ظهور یافت که آنها را حقّـه (بر وزن مکه) می‌نامند. بنیانگزار آن شیخ عبدالکـریم فرزند حاجی شیخ - مصطفی فرزند حاجی شیخ رضای عسکری می‌باشد که درحدود سال ۱۳۱۰ هـ. ق. در ده «شه‌ده‌له»ی «سر گلو» به‌دنیا آمده است. وی گندمگون ، متوسط القامه بوده وصورت پهنی داشته. شخصی بوده فهمیده وبا سواد و ازروحانیان سرشناس بشمار می‌رفته است. شیخ عبدالکریم نزد علمای مشهور کردستان تحصیل نموده و از ملا عبدالله جلی کویی به‌دریافت اجازه (گواهینامه) نایل شده وبه‌زبانهای عربی،فارسی و کـردی مسلّـط بـوده است. مادرش آمنه دختر شیخ عبدالصمد قاضی بوده. در سالهای ۱۳۴۰هـ. ق. (۱۹۲۲ م.) و۱۳۴۹ (۱۹۳۱) به‌زیارت بیت‌الله الحرام مشرف

گشته و در سال ۱۳۶۱ق. (۱۹۴۲ م.) در «شه‌ده‌له» وفات یافته و همانجا به‌خاک سپرده شده است.

## پیدایش طریقه‌ی نقشبندیه درسورداش

نخستین بار در منطقه‌ی سورداش شیخ احمد سردار وسیله‌ی مولانا خالد نقشبندی به طریقه‌ی نقشبندیه پیوسته و این طریقه همچنان ادامه داشته تا اینکه در سال (۱۹۲۰ م.) شیخ عبدالکریم شه‌ده‌له به‌گسترش طریقت یادشده پرداخته وجمع زیادی از اهالی سورداش، مرگه، میرزا رستم، کوّ، آغجه‌لر وشوان در ردیف مریدانش قرار گرفته‌اند.

شیخ احمد سردار بسیار سرسپرده‌ی مولانا خالد بوده، چنانکه درقصیده‌ای وی را ستوده که دوشعر ذیل برای نمونه دراینجا نقل می‌شود:

غلام خالد کردم، سگ صدیق و سلمانم
که جدم سیدمرسل، چه‌باك از کوه عصیانم

به‌فقر و فاقه می‌نازم، به یمن قاسم وجعفر
ز منسوبان طیفورم، غنی ازشاه وسلطانم

## پیدایش عقیده‌ی «حَقّه»

شیخ عبدالکریم خود شخصاً مردی بوده وارسته و بی‌آلایش وکوشیده تا درجوار تعلیمات طریقتی، مریدانش را با مسائل اجتماعی و روابط میان طبقات جامعه آشنا سازد. علاوه بر آن مریدانش را به‌انتخاب راه صحیح و انساندوستی و

مبارزه علیه بیدادگری تشویق نموده است.

صوفیان حقّه چون پیروان دیگر طریقت‌ها درخانقاه شیخ به‌حالت جذبه و بیخودی افتاده و به‌گفتن ذکر وتکرار کلمه‌ی الله الله و یاحق یاحق پرداخته‌اند و چون روش خود را برحق می‌دانسته وکلمه‌ی حقّه را بسیار تکرار می‌نمودند به‌همین مناسبت به «حقه» شهرت یافتند.

## وضع سیاسی عراق در زمان ظهور حُقّه

چون طریقه‌ی حقه تنها به‌ذکر وفکر توجه نداشت بلکه به‌واسطه‌ی روشنگری و روحیه‌ی تعاونی درمیان پیروانش، رنگ سیاسی‌هم بخود گرفته بود. از طرفی به‌علت روح استقلال‌طلبی درمیان کردها وکشتار جلو دروازه‌ی سرا (استانداری) سلیمانیه، انگلیسیها وجود هواداران حقه را خطری برای خویش می‌دانستند و می‌کوشیدند که به‌وسیله‌ی تبلیغات ویا وابسته نمودن شیخ آنها به‌دستگاه حکومتی آنرا درنطفه خفه سازند. به‌همین منظور دوبار «سی. جی. ادموندز» مشاور وزارت کشور آن زمان عراق را نزد شیخ عبدالکریم فرستادند، اما وی نتوانست شیخ را فریب دهد.

شایع بودکه یکبار «ادموندز» درلباس مبدل پشت‌سر شیخ به‌نماز ایستاده، ولی شیخ او را شناخته و ازصف نمازگزاران خارج نموده است. ادموندز هم در کتابش موسوم به‌کرد وترک وعرب درصفحه‌ی ۱۸۸ به‌یکبار ملاقاتش باشیخ اشاره نموده و اتهاماتی‌هم به‌وی بسته است.

## دستگیری و تبعید شیخ عبدالکریم

چنانکه اشاره شد جنبش حقه‌ها روزبروز شدت می‌گرفت. درگرماگرم

جنبش ایشان، دولت عراق‌درسال ۱۹۳۴ م. شیخ‌عبدالکریم وچند نفرافرادسرشناس حقه را دستگیر و تحت نظر به کرکوك تبعید نمود. عده‌ای راهم از جمله حاجی شیخ عارف سرگلویی و مامه رضا برادر شیخ را به‌حویجه تبعید کرد.

مریدان شیخ به محض آگاهی از تبعید وی از حالت عادی خارج شده، لباسهای خویش را کنده و می‌سوزاندند و به‌جای‌آن لباسی از گونی‌پوشیده، بدنبال شیخ راهی کرکوك می‌شدند. سالی که این واقعه درآن رخ داد به «سال گونی» شهرت یافت.

راه پیمایان هرکدام یك چوبدستی همراه داشتند که به‌آن «داره قوله» می- گفتند. دولت عراق برای مدتی‌راه‌پیمایان‌را دراردو گاهی که به‌دورآن سیم خاردار کشیده شده بود، نگه داشت. اما پس از چندماه شیخ عبدالکریم را در نتیجه‌ی اصرار مریدانش که با عائله‌ی خویش در اردوگاه به‌سر می‌برد، آزاد نمود تا به «سرگلو» برگردد. راه پیمایان‌هم به‌محل خویش باز گشتند.

یکی ازکارهائی که خشم دولت انگلیس را علیه شیخ عبدالکریم برانگیخت هواداری وی از شیخ محمود نه‌مر (جاوید) بودکه برای استقلال‌کردستان عراق‌با انگلستان در گیر بود، که درنتیجه هواپیماهای انگلستان آبادی شه‌ده‌له را بمباران کردند و خانواده‌ی شیخ ناچار به «میر گه‌پان» رفتند.

## جنبش حَقّه بعدازفوت حاج شیخ عبدالکریم

پس از فوت شیخ عبدالکریم گروهی از مریدانش سعی کردند راه مسالمت را پیش گرفته و چون دیگر اهل طریق به‌عبادت و کارهای عادی بپردازند. آنها همچنان به‌شیخ وفادارماندند که حالیه‌هم برای‌زیارت مرقدش به «شه‌ده‌له» می‌روند.

گروهی‌هم دنباله‌رو حمه‌سور شدند که در زمان حیات شیخ درخانه‌ی وی به‌کار هیزم‌کشی و چوپانی مشغول بود. حمه‌سور از خانواده‌ی شیخها نیست بلکه

کشاورز زاده‌ای بوده بی‌سواد که به‌جمع مریدان شیخ پیوسته و به‌واسطه‌ی معاشرت با ملاها و طلاب شفاهاً چیزهائی راآموخته بود. عده‌ی بیشتری‌هم مامه رضا برادر شیخ عبدالکریم را به‌عنوان رهبر خویش انتخاب نمودند.

طـرفداران حمه‌سور در ده «کلاوقوت» و دهات «قومرغان» و «قـرانگوی» درناحیه‌ی «سورداش» اقامت داشتند. آنها توجه خویش‌را به‌تقویت بنیه‌ی‌اقتصادی معطوف داشته و برای خویش صندوق تعاونی گذاشتند. از نوشیدن چای و کشیدن سیگار خودداری می کردند. لباس ساده می‌پوشیدند و ریش نمی گذاشتند. و به‌کاسبی و به‌رشته کشیدن تسبیح وقت مـی گذرانیدند. ولی فرقه‌ی دیگری از حمه‌سوری‌ها رفتارشان شبیه مامه رضائیها بود. تنها فرقی که با آنها داشتند این بود که تا حدودی گوشه گیری اختیار می کردند.

اختلاف میان حقه‌ها باعث شد تا دشمنان‌آنها بیشتر ازسابق علیه ایشان تبلیغ نمایند که گویا حمه‌سور دعوی پیغمبری می‌نماید و زن‌کسی را برخود حرام نمی‌داند. تبلیغات مزبور باعث شد که دولت پادشاهی عراق درسال ۱۹۵۷ م. حمه‌سور را زندانی و دادگاهی نماید، اما پس ازانقلاب ۱۴ ژوئیه‌ی۱۹۵۸ م. حمه‌سور آزاد گردید و به «کلاوقوت» باز گشت. بعد از وفات شیخ عبدالکریم، فرقه‌ای ازحقه‌ها به شیت (دیـوانه) معروف گردیدند زیرا دگرگونیهائی دراخلاق و عقایدشان ایجاد شده بود.

## مامه رضا

مامه رضا درسال ۱۹۰۵ م. در «شه‌ده‌له» تولد یافته. وی مردی گندمگــون و قوی بنیه وآرام و خــوش بیان و فهمیده بود. علاوه بر کـردی به‌زبانهای فارسی و عربی آشنائی داشته وتا حدودی ازتاریخ ملت کرد ودیگر ملتهای مسلمان بااطلاع

بوده، او در زندگی باگرفتاریها ومشکلات زیادی مواجه شده، مدتی را درعماره به‌حال تبعید به‌سر برده وبا افراد سرشناسی چون‌سرهنگ میرحاج بارزانی‌آشنائی پیدا کرده است و همین پیوند باعث ارتباط وی با جمهوری مهاباد در سال ۱۳۲۵ گردید چنانکه درآن زمان‌گروهی از حقه‌ها به سرپرستی شیخ محمد ساکن ملحه به‌مهاباد رفتند.

## برنامه‌ی مامه‌رضا برای همبستگی‌فرقه‌ی حَقّه

۰۱ **برایه‌تی** (برادری) ـ چنانکه تمام زنان و مردان حقه خود را خواهر و برادر یکدیگر می‌دانستند. افرادی از طبقات مرفه نیز از جمله: کاکه‌حسین‌خانقاه، جمیل علی‌آغادزه‌یی، ملاسلام کرکوکی، ملاحامدسرموردی، ملارشید عمر گنبدی و محمود آغا پشدری، به‌ایشان پیوستند.

۰۲ **حق‌پرستی** ـ و آنهم چنین بوده که هیچکس حق دیگران را برای خویشانش پایمال نمی‌نمود.

۰۳ **اشتراکیت** ـ و آن چنین بود که هیچکدام از حقه‌ها خود را به تنهائی مالك زمین یا اموالی نمی‌دانست و هرچه درآمد داشتند باهم تقسیم می کردند.

۰۴ **آبونه** ـ هر کدام از ایشان یا هرخانواده می‌بایست هرماه مبلغی را به‌تکیه‌ی ده بپردازد. از مبالغ جمع شده مبلغی خرج تکیه و احتیاجات ده می‌شد و بقیه به‌خانقاه «که‌لکه سماق» ارسال می گردید.

۰۵ **مشورت** ـ برای تبادل نظر درکارهای جاری، باهم تبادل نظر می کردند تا به نتیجه‌ی قابل قبولی برای همه می‌رسیدند. زنها هم حق داشتند در جلسات «پرس ورای ناوبرایه‌تی» یعنی رای زنی میان برادری شرکت نمایند.

۰۶ **آزادی زن** ـ زنان درمسائل خانوادگی دارای رأی هستند ودرانتخاب شوهر آزادند و گرفتن شیربها ممنوع می‌باشد.

۰۷. روشت (روش) ـ روشت عبارت از این است که تمام افراد حقه بایداز برنامه‌ی تنظیم شده وسیله‌ی خـودشان پیروی نمایند و اگـر کسی خلاف آن رفتار نماید او را «بی‌روشت» می‌نامند و به‌نسبت نافرمانی ملزم به‌پرداخت جریمه یامعلق شدن از عضویت و یا به‌انجام کاری برای جبران‌خلافی که نموده محکوم می‌شود. و اینك نمونه‌های دیگری از برنامه‌ی «روشت» کـه افراد حقه ملزم به‌رعایت آن هستند:

الف ـ خودداری از دزدی و دروغ و بهتان و نادرستی.

ب ـ رعایت بهداشت و پوشیدن جوراب ساقه بلند تا زانو برای مردان که در زبان‌کردی آنرا «پوزه‌وانه» می‌نامند.

ج ـ رعایت دستورات اجتماعی و خارج نشدن از برایه‌تی (برادری).

د ـ دوری از افراد مشکوك و تا حد امکان خودداری از مصاحبت با غیر خودشان.

ه ـ دست دادن با یکدیگر، به‌طوریکه نوك انگشتان باهم برخورد نماید و دست‌دادن با تمام افرادی‌که در محل حضور داشته باشند و شروع آن از راست به‌چپ می‌باشد و به‌هنگام دست دادن گفتن «یاکریم ویا رضا» را ضروری می‌دانند ولی دستبوسی میان ایشان مرسوم نیست.

۰۸. تکیه ـ درهردهی‌که چند نفر حقه وجود داشته باشد، خانه‌ای را به‌تکیه اختصاص می‌دهند تا به‌هنگام مشورت و گفتگو راجع به مسائل مذهبی و یا موقع بیکاری درآن گردآیند. زنان‌هم حق حضور درتکیه را دارند. بردن کفش به‌داخل تکیه و اطاق نشیمن ممنوع است. درهرده کسی را مسئول تکیه قرار می‌دهند که او را «سرتکیه» می‌گویند.



شیخ عبدالکریم شەدلە بنیانگزار طریقەی حقە. مربوط بە صفحهٔ ٣٠٦

٣١

## مبلغین حُقّه

در آغاز فعالیت حقه‌ها، بعضی از مریدان شیخ عبدالکریم به‌علت حالت جذبه شوری که داشتند، از کسب و کار و زن و فرزندان دست برداشته و بـرای پیشبرد عقاید حقه راهی دهات می‌شدند. مامه رضا هم بعدها از وجود این اشخاص بعنوان نمایندگان خویش استفاده نمود که به‌آنها «براسیار» می گفتند. آنها بیشتر از میان افراد خوش‌بیان و هشیار انتخاب می‌شدند، و کسانی‌هم از ایشان که در دهات مقیم بودند، «مخلص» نامیده می‌شدند. ناگفته نماند که «براسیار»ها در دسته‌های دونفری باهم به‌مأموریت تبلیغی می‌رفتند.

### سهل‌انگاری بعضی از حقه‌ها در عبادت

بعضی از حقه‌ها نماز نمی‌خواندند و روزه نمی گرفتند و از بسیاری از مناسك دینی دست کشیده بودند. اینگونه لاقیدی باعث گـردید تا همسایگانشان ایشان را ملحد قلمداد نمایند، هرچند به‌خدا و پیغمبر و قرآن و دستورات دینی اعتقاد داشته

وخود را خداشناس راستین می‌پنداشتند. البته شیخ عبدالکریم و مامه رضا هرگز راضی نبودند که مریدانشان به‌نماز و روزه و سایر فرائض بی‌اعتنا باشند، مریدان ایشان مناسك دینی را انجام می‌دادند. تنها افرادی از فرائض دینی سرباز می‌زدند که به‌ایشان «براسیار» می گفتند. آنها از کار و زندگی و زن و فرزند دست کشیده و بعلت وجد وجذبه حالت جنونی پیدا کرده بودند وبه‌ایشان «شیته‌کان» یعنی دیوانگان می گفتند. درعصر مامه رضا اکثریت مریدان وی پای‌بند نماز و روزه بودندچنانکه خود مامه رضا به‌هنگام ادای نماز صبح روی جانماز جان سپرد.

## زندانی‌شدن مامه رضا و راه‌پیمایی حَقّه‌ها بسوی کرکوك

چون تبلیغات مامه رضا باعث گسترش هرچه بیشتر طریقت حقه گردید و از طرفی شورش بارزان به‌رهبری ملامصطفی درسال ۱۹۴۴-۱۹۴۳ شروع شده بود، دولت پادشاهی عراق مامه رضا را به عماره تبعید نمود، تبعید وی چندان ناگهانی بود که جز اینکه از طرفدارانش بخواهد بدنبال وی به راهنمائی پرداخته و از بازگشت خودداری نمایند، فرصت دیگری پیدا نکرد. درآن هنگام «کلکه سماق» جزء منطقه‌ی «میرزا رستم» بود وبا رانیه ارتباط داشت. رانیه‌هم جزء استان هه‌ولیر (اربیل) بشمار می‌رفت. سعید قزاز استاندار اربیل به «دوکان» آمده و از مامه رضا درخواست ملاقات نمود. به‌محض رسیدن مامه رضا به‌دوکان، سعید قزاز او را دستگیر و به عماره اعزام داشت.

مریدان مامه رضا پس ازشنیدن خبر دستگیری و تبعید وی، ثروت و دارایی خویش را فروخته و دریك عده‌ی دوازده هزارنفری بسوی کرکوك راه افتادند. مأموران دولتی نزدیك ده «حاجی بیخان» راه رابرآنها گرفته، کاکه رضای‌عسکری و دوازده نفر دیگر ازآنها را دستگیر کردند، قبلاً هم شیخ محمد امین ملحه وشیخ مصطفی فرزند مامه رضا را دستگیر نموده بودند.

درجریان راهپیمائی پلیس همراه ایشان بود وآنها را زیرنظر داشت. حقه‌ها در اردوگاهی تابستانی سربازی در «یارولی» توقفی نمودند. استانداران ورؤسای پلیس استانهای کرکوك و سلیمانیه و هه‌ولیر (اربیل) برای مذاکره با راهپیمایان و محاکمه‌ی زنـدانیان تشکیل جلسه دادند. مذاکـره با راهپیمایان به‌جائی نرسید و محکومیت زندانیان‌هم ممکن نگردید.

چون هوا روبه‌سردی می‌رفت، بیماری درمیان اردوگـاه راهپیمایان شیوع یافت. عده‌ای از ایشان مرده و درمیان اردوگاه دفن گردیدند، حقه‌ها برای ادامه‌ی راهپیمائی باهم به‌رایزنی پرداختند وسرانجام مصمم به‌راهپیمائی بسوی کـرکوك شدند. پلیس مسلح آنها را تهدید کرد که اگر برنگردند به‌ایشان تیراندازی‌میشود، ولی ایشان تسلیم تهدید پلیس نشده بشهر کرکوك وارد شده وجلوخانه‌ی استاندار رحل اقامت افکندند. اهـالی کـرکـوك با ایشان همدردی نشان می‌دادند. دولت عده‌ای ازآنها را درخانه‌هائی اسکان داد وبقیه درکوچه‌ها پراکنده شدند.

برای بازگردانیدن‌حقه‌ها باردیگردولت باآنها به‌مذاکره نشست‌وموافقتنامه‌ای به‌این شرح میان رهبران ایشان ونمایندگان دولت به‌تصویب رسید:

۱ـ مامه رضا بسلیمانیه برگردد وبعد ازبازگشت تمام حقه‌ها،اوهم به «کلکه سماق» عودت نماید.

۲ـ زندانیان آزاد شوند.

۳ـ دولت خسارت وارده به‌ایشان را بپردازد.

۴ـ منطقه‌ای میان «آغچه‌لر» و «بیتوین» برای اسکان ایشان اختصاص یابد و دولت بـرایشان بیمارستان و مدرسه بسازد و زمینهـای زراعتی در اختیـارشان بگذارد.

۵ـ حقه‌ها به منطقه‌ی «شوان» برگردند تادولت به‌اجرای موافقتنامه بپردازد.

بدنبال این موافقتنامه حقه‌ها به محل خویش بازگشتند و مامه رضا از طریق سلیمانیه به «بیاره» فرستاده شد. مدت راهپیمائی و اقامت حقه‌ها درکـرکوك ۳ ماه

طول کشید. درسال ۱۹۴۹ مامه رضا اجازه یافت به کلکه سماق بر گردد به‌شرطی که به‌جای دیگری نرود تا اینکه درسال ۱۹۵۲ برای نخستین بار توانست از حقه‌هـای منطقه‌ی «سورداش» دیدار به‌عمل آورد.

## مرگ مامه رضا

درتاریخ ۱۹۵۳/۶/۳۰ م. مامه رضا بدنبال یك بیماری ناگهانی فلج گردید. [illegible]

عصا راه برود، تا اینکه درتاریخ ۱۹۶۱/۲/۲۵ درسلیمانیه دیده از جهان فروبست و پسرش کاکه حمه به جایش نشست، وی بعلت فشار و بیدادگری حکـومت بعثی عراق چند سال است به‌ایـران پناه آورده و اکنون (پاییز ۱۳۶۸) به‌اتفاق برادرش (مام طه) که حقوق‌دان است، درسقز کردستان بسر می‌برد، به تبعیت از کاکـه حمه اکثریت قریب به‌اتفاق طرفدارانش هم به‌ایران پناهنده شده و درمناطق کـردنشین ایران حضور دارند.

پایان

## له کتێبەکەی مامۆستا محەمەد ڕەئوف توەکلی تەنها ئەو بابەتەمان کە وەرگێڕاوە، کە تایبەت بوو بە بزووتنەوەی هەقە

## بەشی یازدەهەم

## سۆفیەکانی هەقە

نوسەر بەوە دەست پێدەکات کە(( لە سەدەی پێشوو کۆمەڵەیە سەر بە تەریقەتی نەقشبەندیە لە ناوچەی سەرگەڵو بەشێکە لە سورداش، پەیدا بوون، پێیان دەوتن هەقە. دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە شێخ عبدالکەریمی کوڕی حاجی شێخ مستەفای کوڕی شێخ ڕەزای عەسکەرییە)) بوو. نوسەر باس لە ناونانی ئەم گروپە دەکات بۆچی ناوی هەقەیان لێناون، تایبەتمەندیەکانی ئاین نایانگرێتەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێ ڕێبازی خۆیان پێ هەق بووە ئەم وشەیان زۆر دووبارە کردۆتەوە بۆیە بە هەقە ناسراون .

### بارودۆخی سیاسی ئێراق لە سەردەمی دەرکەوتنی هەقەدا

نوسەر دەڵێ هۆی ڕۆشنگەری و شێوازی هاوکاری نێوان پەیڕەوانی هەقە وایکرد بوو کە ئەم کۆمەڵەیە ڕەنگی سیاسی بە خۆوە بگریت، ئینجا باس لەکوشتاری بەردەرکی سەراو ڕۆڵی مریدەکانی هەقە و ناڕەحەتی ئینگلیزەکان لە بوونی ئەم کۆمەڵەیە و هەوڵ و تەقەلاکانی (سی — ج — ئیدمۆندز ) بۆ سەرکوتکردن و لەنێوبردنی شێخ عەبدولکەریم دەکات و دێتە سەرباسی دەستگیرکردن و دوور خستنەوەی شێخ عەبدولکەریم بۆ کەرکوك و ،باسیش لەوەدەکات کە ((یەکێ لەوکارانەی بووە هۆی توڕە ئینگلیزەکان لە شێخ عەبدولکەریم ئەوە بوو کە شێخ لایەنگری شێخ مەحمودی نەمربوو )) .

لە درێژەی ئەم باسەدا دێتە سەر ئەوەی کە بزاڤی هەقە دوای مردنی شێخ عبدولکەریم چی بەسەر هاتووە و دەڵێ دوای مردنی شێخ تاقمێك لە مریدەکانی هەوڵیاندا ڕێگەی ئاشتی و سازش بگرنەبەر

وەك تەریقەتەكانی دیكە بە خواپەرستیەوە خەریك بوون، كۆمەڵێكی تریان كەوتنە دوای (حەمەسور) كە لە سەردەمی شێخدا شوان و ڕەنجبەری شێخ بوو، لایەنگرانی حەمەسور لە گوندی كلاوقوت و قۆمەغان و قەرانگویێی ناوچەی سورداش نیشتەجێ بوون و كۆمەڵێكی تریش كەوتنە دوای مامەڕزای برای شێخ عبدولكەریم، دیتە سەر باسی ناكۆكی نێوان ئەم دوو لایەنە و دەڵێ ناكۆكی نێوان هەقەكان بووە هۆی ئەوەی كە دوژمنەكانیان پتر لە جاران لە دژیان پروپاگەندە بكەن و تۆمەتی ئەوە دەخەنە پاڵیان كە گوایە حەمەسور بانگەشەی پێغەمبەرایەتی كردووە ، ژنی كەسیش لە خۆی بە حەرام نازانێ ئەم پروپاگەندانە بووە هۆی ئەوەی كە دەوڵەتی پاشای عێراق لە (١٩٥٧) حەمەسور دەستگیر بكات، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز ١٩٥٨ حەمەسور ئازاد كراو گەڕایەوە كلاەقوت.

ئینجا دێتە سەر باسی كەسایەتی مامەڕەزای برای شێخ عبدولكەریم و باسی لە بەرنامەكانی مامەڕەزا وەكو یەكێكی تر لە كۆمەڵەكانی تری هەقە دەكات، خاڵەكانی ئەم بەرنامەیە دەخاتە ڕوو:

١- برایەتی
٢- هەق پەرستی
٣- سۆسیالیستی
٤- ئابونە
٥- ڕاوێژ
٦- ئازادی ئافرەت لە هەڵبژاردنی هاوسەریدا.
٧- ڕەشت
٨- تەكیە.

ئەو كەسانەی كاریان بۆ بلاّوكردنەوەی هەقە كردووە

نوسەر دەڵێ سەرەتا مردیدەكانی شێخ عبدولكەریم دەستیان بە بلاّوكردنەوەی ئەم شێوازە كرد و دواتر مامەڕەزا ئەم كەسانەی بۆ هەمان كار، وەك نوێنەری خۆی ڕاسپارد كە پێیان دەوتن براگەڕۆك(برا سیار). ((ئەوان پتر لە نێو خەڵكی وشیار و شیرین زماندا هەڵدەبژێردران ، ئەوانەش كە


له گوندەکان دادەنیشتن و نەدەگەران پێیان دوتن (موخلیس) ، شایەنی باسە برا سەیارەکان دوو ئەم کارەیان دەگرتە ئەستۆ.

## زیندانیکردنی مامەڕەزا و ڕێپێوانی هەقەکان بەرەو کەرکوك

نوسەر هەوڵدەدات ژیانی مامەڕەزا بگێڕێتەوە، هەندێ لایەنی ئەم ژیانەش لە خەباتی سیاسی ناوبراودا هاوکات بووە لە گەڵ شۆڕشی بارزان لە سەرکردایەتی بارزانی نەمر **١٩٤٣-١٩٤٤**، بەرجەستە بکات و بەم شێوەیە ئەم ڕوداوانە دەگێڕێتەوە(( سەعید قەزاز پارێزگاری هەولێر هاتە دوکان و داوای ئەوەی لە مامەڕەزا کرد بیبینێ هەر کە مامەڕەزا گەیشتە دوکان سەعید قەزاز دەستگیری کرد و ناردیە عەمارە.، هەر کە موریدەکانی مامەڕەزا هەواڵی دەستگیرکردنیان زانی هەموو کەلوپەلی خۆیان فرۆشت و لە گەڵ گروپێکی (١٢) هەزار کەسیدا بەرەو کەرکوك بەڕێکەوتن)).

سەر ئەنجام هەقەکان دەگەنە کەرکوك و لەوێش لە گەڵ میریدا دەکەونە دانوساندن و داواکاریەکانی خۆیان لە گەڕانەوەی مامەڕەزا بۆ سلێمانی و قەرەبوی زیانەکان و ...هتد

دەخەنە ڕوو میریش ڕەزامەندی خۆی لە سەر ئەوە دەردەبڕێ کە مامەڕەزا ئازاد بکات، بەم پێیە کۆتای بەو ڕێپێوانە دێنێ کە سێ مانگ درێژەی هەبوو، کتێبەکە بە باس کردن لە مەرگی مامەڕەزا و شوێنگرتنەوەی کاکە حەمەی کوڕی کۆتای پێ دێت.



# سەیری تەریقەت لە کوردستاندا

عومەر فاروقی

گەلی کورد بە درێژایی ژیانی خۆی میللەتێکی خواناس و خواپەرەست بوە و ئەمە کە من دەی نوسم نە لەسەر هەستی نەتەوایەتی و شوێنپەرستی و ئەمانەیە وئەبێ بەڵگە و سەنەد. چونکە دوژمنانی فراوانی گەلی کورد، ناتوانن دژی ئەمە ببنەوە ئەڵێین بەڵکو هەموان دەزانن کە گەلی کورد وەکو یەکێ لە کۆنترین پەگەزەکانی دانیشتوی ئەم زەوی و وڵاتە بەدرێژایی لە عەهدی ئاهلەنیشدا هەرگیز بوت پەرەستیان نە کردوە وانە ئەمانیش وەکو عەرەب و هیندی و باقی گەلانی تر بە هاتوون بەرد و دار و ئاسن و ئەمانە بتاشن بەناوی خودا و بوت بیان پەرەستن بەڵکو لە سەرەتاوە ئیمانیان بەزاتی خودای گەورەو مەزن بوە و سوجدەیان بردوەتە بەر خودای نادیدە کە ئەهورا موزدایان ئورمەزدیان پێ کوتوە بە تایبەت پاش ئەوە حەزرەتی زەردەشتی کورد لە کوێستانەکانی زالان و ئاسوس و بادینان و ناوبەدەردا سەلای یەگانەگی خودای گەورەی داو خەڵکی بۆ خودا ناسین و بەجێ هاوردنی ئەرکی مروڤایەتی هان دا، پلەی خواناسین و ئیمان و بیر و بڕوا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و گەلی کورد بە ئاوازی خۆشی (هورە) ڕیکر و یادی ئەهورای دەکرد و دەی کات.

جا، خودا هەر خودایە، ج الله بێ، چ ئەهورا بێ ج رحمن و ج رحیم... مەقصود تونی، کەعبە و بتخانە بەهانە.

جا لە کوردوستان و وڵاتێکی ئاوادا بانگی خواپەرەستی دەبێ زورتر درابێت، زۆر کام لە مێژونوسان و هەموان دەزانن کە حەزرەتی ئیبراهیم درودی خوای لەسەر بێ خەڵکی کوردوستان بوە و ئەمەش بەراست دەزانرێت چونکا ئەوەلەن باوکی ئیبراهیم ناوی (ئاذەر) بوە وئەم ناو لە نێو عەرەبەکان و نە عیبرانیەکاندا نیە و نابینرێت بەڵکو ناوێکە کوردی و ئیرانی وئێستا ئازەربایجان یا ئازو بانی لەوەوە هاتوە.

دوهەم هەموان دەزانن پانەختی نمرود لە نەینەوا و بابل وانە نزیکی مەلبەندی هەولێری ئێستا بوە و حەزرەتی ئیبراهیم لە خاکی کوردوستاندا ئەو راپەرینەی خۆی ئەنجام داوە و بوتخانەی بابلی شکاندوە، بەم جەشنە دەگونجێ کە ئەو پێغەمبەرە مەزنە کورد و ئاریانی ئیبراد بوبێ و پاشان بەرەو فەلەستین و عەرەبستان و حیجاز ڕۆیبون و چونکا لە روبارەکانی دیجلە و فورات عەبوریان کرد بە نوەکانیان وتوە عێبری یا عیبرانی و پاشان پێغەمبەرانی گەورە وەکو ئیسماعیل وئیسحاق و یەعقوب و یوسف و... تا حەزرەتی موحەممەد کە درودی خوایان لەسەر بێ لەو رەگەزە پاکە بە وجود هاتن...

کوردستان بۆ ئاینی زەردەشتی بەڕاستی بابەگا و بەدناگایێکی گرنگ و گەورە بو، پێنک هێنانی ئاتەشگا و مەعبەدی گەورە و بەناو بانگی وەکو (ئازەر گوشنەسب) لە نزیک تێکانتەپەی هەوشار کە ئێستایش هەر ماوە و شوێنەوارەکانی بەجوانی دیارن ئەمە دەسەلمێنێ لە کوردوستان کانگای ئاینی زەردەشتی بوە و ئەمانە ... پادشاهانی ساسانی دەبوا لە تیسفون و مەدائینەوە تا ئاتەشگا بە پای پیادە بچن... پاش ئەوە ئاتەشگاکانی پاوە و شارەزور و هەورامان و قەسری شیرین و سەرپیلی زەهاو و پاتاق و ریژاو و... و دەیان جێگای تر بەڵگەی ئەدەن کە کوردوستان لە بنەرەتەو وڵاتێکی ئاینی و کانگای خواپەرەستن بوە... ئەمجار پاش ئەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هاتە ئێران، گەلی کورد وەکو موسوڵمانێکی وریاو خاوەن بیر خزمەتی گەورە و هەرە گرنگ بە ئیسلام کرد، هەڵکەوتنی ئەو بلیمەتە کوردانەی وەکو برایانی ابن ئەثیر و ابن خلکان و سورەبەردی و شارەزوری و حەمەوی و ابن سیرین و صلاح الدین و بیتوشی و سەدان کەسی تر کە بەقەڵەم و شمشیر خزمەتیان بە ئیسلامی مەزن کردوە بەڵگەیەکی گرنگە بۆ لایەنگیری عەشق و ئەوینی و گەلی ئێمە بە ئیسلامی مەزن... بەڵام دینی ئیسلامیش وەکو هەمو ئاینێکی زیندوی دونیا لق و پۆپی زۆری لێ بوەتەوە، شیعە و سونی، وەهابی و ئیسماعیلی و حەنەفی و شافعی و مالکی و حەنبەلی و... ئەمانە بۆ خۆیان لە دینی پیرۆز و گەورەی ئیسلامدا بە وجود هاتن بەڵام هێشتا هەر بانگی وەحدەتی ئیسلامی بلیندە و هەر قەرن و هەر زەمانێک ئیسلام موعجیزەی خۆی دەنوێنێ و بانگی یەک گرتنی موسوڵمانەکان جیهانی سەرمایەداری و ئیمپریالیستی دەهێنێتە لەرزین و جم و جوڵ و سەرئەنجام ئیسلامی گەورە یەک دەگرن و هەموان لەژێر ئاڵای وەحدەت و یەکیەتی

٨ ئامانج

ژمارە ٢٢ / جۆزەردان وپوشپەڕ ١٣٦٧

ئیسلامیدا کودەتەوە... انشاءالله... بەڵام مەبەستی گرنگ لێرەدا وەچوونی تەریقەتی سۆفی ودەرویش جوربەجور لە کوردوستاندایە وەکو نەقشەبەندی و قادری و نەهری و... کە ئەمانیش زۆر لق و پۆپیان لی بوەتەوە.

وەکو لی کولەزان و توێژانەوەی لەندووپانە تەریقەت و پیرۆزان لە کوردوستاندا لە مێژەوە بوە بەڵام دیار نیە هۆی چی بوە کە بۆ ماوەیەک فەرامۆش کراوە تاز هوری مەولانا خالیدی شارەزوری (١١٩٤ — ١٢٤٢)ی کوچی کە ئەو زانە چوەتە هێنانەوە ان و لەسەر دەستی ... وەرگرتوە و گەڕاوەتەوە کوردوستان و دەستی کردوە بە ئیرشاد و دەیان خەلیفەی تەربیەت کردوە و هەر کام لە ... کوردوستانا بۆ خۆیان ئیرشادیان کردوە و ... دامەزراندوە کە لە لای ئێمە بەناو بانگ ترین خەلیفەی مەولانا خالید، شیخ عوسمانی سیراجەدینی گەورە بوە کە لە خانەقاکانی تەویلە و بیارەدا ئیرشادی کرد و مشایەخی وەکو شێخانی نەهری و بورهان و هەورامانی لەمەکتەب و خانەقای خۆیا تەربیەت کردوە کە هەموی لە دو کتیبی بەنرخی یادی مەردان و بنەماڵەی زانیاران لە نوسینی مامۆستای زانا و پایەبەرزی کورد مەلا عبدالکریمی مودەڕیس وا نوسراوە لێرەدا هەمونەو شاخ و پەلەی کە صۆفیەکانی نەقشبەندی و دەرویشەکانی قادری بونەتەوە بۆ هەمو دیارن بەڵام بەداخەوە کارەساتێکی گرنگ شار راوەتەوە لە کوردوستانا ئەویش پەیدا کردنی جێگای پای (سیدمحمد علی باب) بەرێوەبەر و پێشەوای بەهائیەکان بوە لە کوردوستانا.

وەکو هەمو کتێبەکانی بەهائی و ئەوانەی سەبارەت بەم ئایینە



رابوینی و ئیمپریالیستە کۆڵیویانەتەوە (سیدمحمدعلی باب) ماوەی دو ساڵ لە کوردوستانی عیراقدا ژیاوە بەڵام نەیان نوسیوە چی کردوە، جانێستا دەردەکەوێت کە ئەو بەکری گیراوە لە کوردوستانیشا بێ کار دانەنیشتوە بەڵکو رەخنەی کردوەتە ناو لقی لە نەقشبەندیەکان ئەویش بەم چەشنەیە کە سیدمحمد علی لە گەڵ بەکێ لە خەلیفەکانی شێخ عوسمان بەناوی شێخ عبدالکریم شەدەڵە تماسی گرتوە. شەدەڵە گوندێکە نزیکی سولەیمانی و لە گەڵ کلکەسماق و چەند ئاوایی تر هەمویان موریدی شێخ عبدالکریم بون ئەم شێخە پاش ئەوەی بو بە رەفیق و یاری سیدمحمدعلی باب پێوەندی خۆی لە گەڵ



خانەقای بیارەبڕی و بەلا بردنی تەکلیف و فەرزی نوێژ و رۆژو لەسەر موریدەکانی تەریقەتێکی تازەی دروست کرد بەناوی (حەقە) کە ئەمانە هیچ پێوەندێکیان بە ئەهلی حەق یان علی الهی و ونیە... حەقەکان فیرقەیێکی گەورەن لە نزیکی سولیمان و کەرکوک و ماوەت لە کوردستانی عیراقدا دەژین و ژیانی هاوبەش و شەریکایەتیان هەیە و ئەنانەت توشی دو بەرەکیش بوون و پاش مردنی شیخ عبدالکریم شەدەڵە کابرایێکی خزمەتکاری خانەقا بەناوی حەمە سور ئیدیعای جێگاداری شێخی کرد بەڵام قەبوڵ نەکرا و لەوێ دەرچوو و بە ئاوایی (کلاوقوت) و ئەویش لەو گوندەدا فیرقەی حەمە سوری دامەزران کە ئێستا دەیان هەزار کەس پەیرەوی هەیە، حەمە سور و حەقەکان دژ بە ئاغا وات وەدەرەبەگایەتین و لەناو ئەواندە دەبێ هەمو کارێک وەکو دروێنە وکشت وکاڵ وئاژەڵداری بە یارمەتی و شەریکایەتی یەک بکرێت وەدەخڵ و خەرج و دەرئامەدی خەڵکیش هەموبەرانبەر بێ و کەس لە کەس زیاتر نەبات.

حەقەکانی کوردوستان ئیمانیان بە زهوری مێهدی ئاخر زەمان هەیە تەنانەت ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی جێگاداری شێخ عبدالکریم بەناوی مامەرەزا لە لایان حکومەتی بریتانیائی عیراقو گیرا هەمو حەقەکان کراسی گونیەیان لەبەرکرد و مامەرەزایش خۆی ناونا مەهدی وفەرمانی غەزا و جیهادی دا بەڵام پاش ماوەیێک بە پیلانی حکومەت شۆرشەکە دامرکا و کراسی گونیە لەبەردا کەنیا.

شایانی باسە کە سەبارەت بە حەقەکان و حەمەسوریەکان و باقی فیرقە سۆفی و دەرویشەکانی کوردوستان لێ کۆڵینەوەیێکی زۆرتر پێویستە بەڵام بۆ ئەم مەبەستە حەقەکان دەبێ لەسەر هەموا بن چونکە لە بیرو باوەری ئەوانە جێگای پای جاسوسانی بریتانیا وسیدمحمدعلی باب و بەکرێ گیراوانی تر دەبینرێت و ئەم ئیشعاب ولێک بونەوە دەبێ بۆ گەلی کورد روان کرێتەوە کە بەیاری خوا لە داهاتودا سەبارەت بەمانە زیاتر دەدوێن.

• • •

## تەحقیقی

# ١
# تەریقەتی هەق ...

عومەر فارووقی

زیاتر لە سەد و سی ساڵ لەمەوبەر بناغەی کارەساتێکی هەرە گرینگ لە کوردستاندا دامەزرا کە تا ئێستا چلۆنایەتیە کەی نەنووسراوە و زبان بە زبان تا ئەو سەردەمە هاتووە. لە باری مێژوویی و بیر و ڕاوە بایەخی ئەوەی هەیە کە لێی بکۆڵێنەوە. هیوادارم چلۆنایەتی ئەو باسە بە شێوەیەکی جوان و ڕێك وپێك لە لایەن لێکۆڵەران و زانایانی گەلی کوردەوە بخرێتە بەرچاو و ئەو تارماییە روون کەنەوە کە ڕاپەڕینێکی ئایینی ئاوا چۆن پێك هاتووە، چۆن تێك شکاوە و ئێستا لە ح قۆناخێك دایە؟

هەروەك گوتم: مێژووی ئەو ڕاپەڕینە دەگەڕێتەوە بۆ نیزیك بە یەك و نیو سەدە لەوە پێش کە شێخ عوسمانی سیراجەدینی گەورە خەلیفەی خوالێخۆشبوو مەلا خالیدی شارەزووری لە بیارە و تەوێڵە دەستی بە ئیرشادی موسڵمانان کرد. پیاوێك بە ناوی شێخ مستەفا دانیشتووی گوندی «شەدەڵە»ی ناوچەی سوورداشی سەر بە «ڕانیە» لە خزمەت شێخ زیارەت کێشانی دەست پێکرد.

شایانی باسە کە شەدەڵە لە نیزیك سوورداش و ٧٠ کیلۆمێتری سولێمانی و ٤٠ کیلۆمێتری «کۆیە» وزیاتری دانیشتوانی لە هۆزی جافن.

شێخ مستەفا بە دوای تەواو کردنی دەورانی ریازەت لە لایەن شێخ عوسمانەوە بە نێوی خەلیفە دەگەڕێتەوە بۆ سوورداش و شەدەڵە و بە دروست کردنی خانەقا و بارەگا خەریکی کاروباری دینی و ڕێنوێنی موسڵمانان دەبێ.

وەك دەڵێن، پیاوێکی باش و پارێزگار و عارف بووە و زۆری یارمەتی هەزاران و لێقەوماوان داوە و لەگەڵ گەورە پیاوانی ئایینی وەکوو خوالێخۆشبوو مەولەوی کورد و حاجی شێخ مستەفای سەقزی و شێخی بورهاندا پێکەوە خەلیفە بوون.

خوالێخۆشبوو شێخ مستەفا، سێ کوڕی بە نێوی عەبدولکەریم، عەبدوڵلا و شێخ ڕەزا لە پاش بە جێ ماوە پاش مەرگی ئەو عەبدولکەریم بە جێی باوکی دانیشت و بوو بە شێخی ئیرشاد. بەڵام هێشتا بۆ کەس روون نیە کە چۆن بوو پاشی دوو ساڵ پێوەندی خۆی لەگەڵ خانەقای بیری و سەربەخۆ دەستی کرد بە فتوادان و کار وباری دینی؟

شێخ عەبدولکەریم بە دوای ئەوەدا کە پێوەندی لەگەڵ خانەقای بیارە و تەوێڵە بچڕاند. ئایینی خۆی ناو نا (هەقە) و خۆی بوو بە پێشەوا وهێنەری ئەو تەریقە تە نوێ یە و پاش کۆکردنەوەی نیزیك بە سەد هەزار مرید و پەیرەو، بەو چەشنە فتوای بناغەی ئایینی خۆیدا:

١- تەریقەتی هەق پێوەندی بە هیچ کام لە تەریقەتەکانی نەقشبەندی قادری و باقی تەریقەتەکانی دی نیە و سەربەخۆیە.

٢- لە تەریقەتی هەقدا عیباداتی وەك: ڕۆژوو، حەج و هەمووی ئەوانە، بناغەی دینی ئیسلامن و بە زۆریش بەسەر کەسدا نا سەپێنرێ. عیبادەت بریتی یە لە پاك وخاوێنی دڵ، پتەو کردنی برایەتی و دۆستی نێوان چین و توێژەکانی خەڵکدا، عەداڵەت و برایەتی و بەرامبەری.

٣- زن و پیاوی پەیڕەوی



گۆڤاری سروە، ژمارە (١٥) سالی دووەم، مەهاباد، [illegible]

هەقە بە یەکەوە خوشك و بران و هیچ پێویستیان بە رووبۆش و چارشێو و سەر پۆش نیە و هەر ژنێك دەتوانێ بێ ئەوانەش لە کۆڕی پیاواندا دانیشێ و وەك ئەوان خاوەن ماف و را بێ.

٤- هیچ کەس مافی نیە کچ بە زۆری بە شوو بدا بەڵکوو زەماوەند و پێك هێنانی بنەماڵە لەسەر ئەوین و دڵخوازی کوڕ و کچ سەرچاوە دەگرێ. دایك و باب و برا مافی ئەوەیان نیە کچ و ژن بە زۆری بە شوو بدەن.

٥- لایەنگرانی هەقە کاتێك دەگەنە یەکتر لە حیاتی سڵاو تەنیا ناوی هەق بەرن.

٦- لایەنگرانی هەقە لە ساڵدا دەبێ بەپێی دەغڵ و داهاتی خۆیان دە یەکی بدەن بە شێخ تا بۆ فەقیر و هەژاران تەرخان بکرێ.

٧- هەر ساتێك کە لایەن شێخەوە بڕیاری ئەرجیهاد درا هەموویی خۆ حازر کەن.

٨- داب و نەریتی تەریقەتی هەقە تایبەتی خۆیانە و ئەندامانی ئەو تەریقەتە مافی لە قاودانی بیر و رای خۆیان بۆ نامۆکان نیە.

ئەوە بوو هەشت بەندی تەریقەتی هەقە کە زیاتر لە سەد هەزار کەس لە دانیشتووانی کوردستانی ئەودیو لایەنگریان لێ دەکرد.

پاش کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم برا چووکەی بە ناوی شێخ رەزا لە جێگای دانیشت و پەرەی بە کاروباری خۆی دا و بوو بە خاوەنی مرید و سامانێکی زۆر و ناویشی نا محەمەدی مێهدی و بڕیاری دا هەموو مریدەکانی بالاپۆشێك لە تەلیس دروست کەن و لەبەری کەن.


بە دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە، دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردی هەژار دەرچی تەلیس بوو کڕیان کردەوە و کراسی تەلیسیان کردە بەر. هەرکە تەلیسیان دەبەر کرد شێخ رەزا بڕیاری دا هەموو لایەنگرانی هەقە هەر یەکە دارێکی قوڵە بە ئەندازەی باتۆمی ئاژانێك دروست کەن و لە هەر کاتدا ئەو دارە لەگەڵ خۆیان هەڵگرن و بی پارێزن. خەڵکەکە لەبەر ساکاری لایان وابوو رۆژی خۆی ئەم دارانە بە هیمەتی شێخ دەبنە تفەنگ. بە و خەڵکەیان دەگوت: "دارە قوڵە".

زۆری نەخایاند کە خەڵکی هەژاری کوردستان کە هەمیشە تینووی خەبەر و کارەساتی تازەن هێرشیان بردە بارەگای مامە رەزا و هەموو دانیشتوانی دەوروبەری سولێمانی، کەرکووك، کۆیە، رانیە و سووورداش بوون بە تەلیس پۆش و دار بە دەست و شێخ رەزا گەییە ئەو پەڕی هێز و توانای بەربەرەکانی. سەرەنجام شێخ رەزا هاتە سەر ئەوە کە بڵێ: بەغدا، سووریە و...... لە دەستی کافراندا و دەبێ رزگار کرێن و خەڵکی هەقە خۆیان بۆ غەزا حازر کەن.

مریدی چارەرەش کە هەموویان فەلا، کرێکار، وەرزێر، بێ پان و نیوەکار بوون، کەوتنە فرۆشتنی زەوی و سامان و شت و مەکی خۆیان و هەموو شتیان هەرزان فرۆش کرد تا لە کاتی چوونیان بۆ شەڕ شتێکیان لە پاش بەجێ نەمێنێ. بەڵام هێندێکیان کە تێگەیشتووتر بوون داهاتوویان خستە پێش چاو و بڕێك زەوی و زاریان هێشتەوە.

بەم چەشنە پاش چل رۆژ فەرمانی جیهاد درا و هەموو لایەنگرانی هەقە کە توانای شەڕیان بوو تەلیس لەبەر و دار بە دەست کە ژمارەیان زیاتر لە هەشتا هەزار پیاو و ژن بوو لە دەشتی سووورداش کۆبوونەوە و بەرەو شاری کەرکووك وەڕێ کەوتن. کاربەدەستانی حکوومەتی ئەوسەردەمی ئێراق کە ئەوەیان بینیت، کەوتنە مەترسی کە چۆن بەری ئەو حەشامەتە بگرن؟

پاشکۆی نۆزدەهەم: گۆڤاری پەیڤ کە لە وڵاتی نەمسا دەر دەچێت


پەیڤ

گۆڤارێکی
وەرزیی
رۆشنبیری
گشتییە

سالی چوارەم
حوزەیرانی ١٩٨٩

# رۆڵی بزووتنەوەی هەق لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کوردەواریدا

**رانا کاکە حەمە**

[illegible]

[illegible]

[illegible]

---

[illegible]

هەقە

بەش بە حاڵی خۆی هیچ تەریقەتێکی جیاواز نییە لە تەریقەتەکانی ئیسلام، بەڵکو بریتییە لە لقێکی گەشەکردووی پێشکەوتنخوازی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئایینی ئیسلامدا.

هەقەیەتی

بەو دیاردە کۆمەڵایەتییە دەوترێت کە تەریقەتی نەقشبەندی (شێخ عەبدولکەریم) ی شەدەڵە لە ساڵی (١٩٢٩ ز) ەوە گرتییە خۆی و تەریقەتە ئایینییەکەی گۆڕییە سەر شێوازێکی دیکە (واتە: بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی پتەوی بۆ تەریقەتەکە داڕشت و ئاراستەیەکی نیمچە سۆشیالیستانەی پێ بەخشی).

گەرچی تاکو ئێستا گەلێک توێژینەوەی جۆراو جۆر بۆ هەردوو وشەی (هەق) و (هەقە) و باری سایکۆلۆژی پەیڕەوکەرانیان کراوە، بەڵام بەداخەوە هیچیان، جگە لە چەند بۆچوونێکی ئایدیالیستانەی بێ بەڵگە، هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیان تێدا نییە کە شایستەی لێدوانی زیاتر بێت.

هەقەکان

بریتی بوون لەو کۆمەڵە خەڵکانەی کە لە گەشەسەندنی لقێکی تەریقەتی نەقشبەندی ئیسلامەوە بزوتنەوەیەکی ئایینی - کۆمەڵایەتییان بەرپاکرد. بزوتنەوەکەیان لە دوو قۆناغدا خەملاند: یەکەمیان قۆناغی شێخی مورشید (حاجی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) کە بزوتنەوەکەی لە چوارچێوەی تەریقەتی نەقشبەندیدا هێشتۆتەوە، بەڵام قۆناغی دووەم کە (مامە ڕەزا) ی برای بۆتە رابەری هەقەکان، بزوتنەوەکەی لە چوارچێوەی تەریقەت تێپەڕاندووە و بە شێوەیەکی پێشکەوتنخوازانە بەرەو ئاسۆگەی نیشتیمانپەروەری و نیمچە سۆشیالیستی گۆڕی پێ سەندووە.

هەقەکانیش وەکو کۆڕ و کۆمەڵی سەر بە ئیرشادی خەلیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە کۆمەك و یەککگرتنی هێندێك مورید و مەنسوب و مەحسوب پێکهاتوون، حاجی<٢> شێخ عەبدولکەریمی کوڕی حاجی شێخ مستەفای کوڕی شێخ رەزای عەسکەری کە یەکێك بووە لە خەلیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، بناغەدانەری ئایدیالی هەقەیەتی بووە و رابەری هەزاران موریدی کۆمەڵی کوردستان بووە.

## گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی هەقە

بێگومان هەقەکان، بە پێی ئەو پێناسەی کە لە پێشەوە کرا، وا دەردەکەوت کە لە رووی تەسەوف و پەیڕەوکردنی بنەماکانی نەقشبەندیەتی سنووری بازنەی تەریقەت و شەریعەتیان تێپەڕاندووە، بەڵام بە هۆی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکەیانەوە بوونەتە خاوەنی چەند سیفاتێکی تایبەتی و کاریگەری ئایدیای پێشکەوتنخوازییان پتر پێوە دیارە لە چاو تێکڕای کۆمەڵی کوردەواری ئەو ساتەدا، هەروەکو لەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیاندا دەردەکەوێت، کە ئەوان بوونەتە قەڵایەکی پتەو بۆ پاراستنی چینی هەژار و رەنجدەرانی کوردستان. تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش ئەمانەن:

أ- رەفزکردنی موڵکایەتی<٣> لە لایەن شێخی هەقەکانەوە:
ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەی (حاجی شێخ عەبدولکەریم) و (مامە

---

٢- موریدە بە تەمەنەکان ساڵی لەدایك بوونی شێخ عەبدولکەریم بە ١٨٧٩ ز دەزانن. شێخ عەبدولکەریم، جگە لە زمانی زگماك، تورکی و فارسی و عەرەبیی زانیوە (بە خوێندن و نوسینەوە). وەك مەلا سەلامی ترێ خۆر دەڵێت، شێخ عەبدولکەریم لە سەردەستی مەلا ناودارەکانی سلێمانی و کۆیە خوێندویەتی و جامی تەواو کردووە.
٣- سەبارەت بەم خاڵە گرنگە، کاك مستەفا عەسکەری لە کتێبی >>>

رەزا) ی برای ئاکە ئایبەتمەندی ئەو سەردەمە بووە کە شێخی هەقەکانی لە سەرجەم شێخی تەریقەتەکانی تری ئەو کاتەی کوردستان جیا کردۆتەوە.

ب- رەفزکردنی شیربایی:

هەقەکان بە تەواوی دژی وەرگرتنی شیربایی و پارە بوون، هیچ هەقەیەك کچەکەی خۆی بە پارە نەدەگۆڕیەوە و ئەو خەڵکانەیان خۆش نەدەویست کە پابەندی ئەم دیاردە نەگریسە بوون.

جـ- قەدەغەکردنی چەوساندنەوەی ئافرەتان:

هەقەکان هەمیشە خەریکی قەڵاچۆکردنی چەوساندنەوەی ئافرەت بوون و لە گەلێك چمك و لایەنەوە هەوڵی پاراستنی مافی ئافرەتیان دەدا و بە رێزەوە لە ئافرەتیان روانیوە، هەر بۆیەش بەردەوام دژی بیر و بۆچوونی ژن بە ژن و گەورە بە بچوك و هێنانی پتر لە ژنێك<٤> وەستاون. بەم هەوڵدانەشیان فشاری کۆت و پێوەندەکانی کۆمەڵیان لە سەر ئافرەت کەم کردۆتەوە.

---

>>> (ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە) کەیدا باس لە بەسەرهاتێك دەکات: جارێکیان لە کاتی تەسویەی زەوی و زاردا، گوندەکانی گەڵنێری پەنا دەبەنە بەر مامە رەزا تاکو لە چنگ ئاغاکان رزگاریان بکا، وە زەوی و زارەکانیان داگیر نەکرێن. مامە رەزایش زەویەکانیان لە سەر خۆی تاپۆ دەکات، پاش چەند ساڵێك جوتیارەکان دێنەوە لای مامە رەزا و تەسویەی موڵکەکانیان دەگوڕنەوە سەر خۆیان، ئەمە لە کاتێکدا کە جگە لە دۆستایەتی رەنجدەران و زەحمەتکێشان هیچ سوودێکی ماددی وماڵی بۆ مامە رەزا تێدا نەبووە..

٤- تەنانەت حاجی شێخ عەبدولکەریم لە تەمەنی درێژیدا تاقە یەك ژنی هێناوە. بڕوانە کتێبی (بۆ لە هەقە.. کەوتنە تەقە؟) ی مامۆستا رؤوف زهدی، ١٩٨٥ مطبعة الحوادث.

حەز دەکەم خوێنەری بەرێز لەو زانیارییە هەڵەیە ئاگادار بکەم کە نوسەری فەرەنسی (تۆما بوا) لە کتێبی (ژیانی کوردەواری) دا نوسیویە و دەڵێت "شێخی شەدەڵە لە تەمەنی درێژیدا ٣٩ ژنی هێناوە." بڕوانە سەرچاوەی (ژیانی کوردەواری) ی نوسینی تۆما بوا، گۆڕینی بۆ عەرەبی ئاواز زەنگەنە، گۆڕینی بۆ کوردی حەمەسەعید حەمەکەریم.

د- یەکسانی و تەبایی و هاوکاری لە نێوانیاندا:
ئەم سێ دیاردەیەش بەش بە حاڵی خۆیان دەبنە خاڵێکی جیاکەرەوە بۆ جیاکردنەوەی هەقەکان لە موریدی شێخەکانی دیکە.
ئەمانە و گەلێك دیاردەی دیکە. هەروەها لە قۆناغی (مامە رەزا) دا پەیدابوونی هێندێ دیاردەی دیکە بوون بە جیاکەرەوەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی هەقەکان، لەوانە: پەیدابوونی هەقە بانگ راهێڵەکان کە ریزەکانی هەقەیان لە ناوچە جیاجیاکاندا رێك دەخست، پەیدا بوونی (رەوشت).
رەوشت: بریتی بوو لە تەوقەکردن لە نێوان هەقەکاندا، کە لە کاتی تەوقەکردندا رستەی (یا کەریم و یا رەزا) یان دەگوتەوە.
ئەم تایبەتمەندییەی هەقەکان بۆتە بەڵگەیەك بە دەست ناحەزانیانەوە، هەروەها گەلێك هێرشی نارەوایان هێنراوەتە سەر، لەوانە نووسەر مامۆستا شاکیر فەتاح لە ساڵی ١٩٤٦ دا لە رۆژنامەی (چەمچەماڵ)(٥) ەکەیدا هەقەکان بە (بەنگ کێش) و (بێ هۆش) نیشان دەدات، بەڵام هەر هەمان نوسەر وەختێ تێکەڵاوی هەقەکان و شێخی هەقەکان (مامە رەزا) دەبێت، ئینجا لە هەڵوێستی یەکەم جاری پەشیمان دەبێتەوە.(٦)
لەبەر ئەوەی ئەم تایبەتمەندییانەی باس کران بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی حوکومەتە داگیرکەرەکان و فەرمانڕەوا پەرستەکان و دەرەبەگەکانی کوردستان نەبوون، بۆیە هەقەکان دووچاری گەلێك ئازار و شکەنجە کراون، گەلێك پڕوپاگەندەی جۆراو جۆریان بۆ هەڵبەسترا، تەنانەت (میستەر سی. جی. ئەدموندز) لە کتێبی (کرد و ترك و عرب) ەکەیدا، هەقەکان بە (جۆرە کۆمۆنیستییەك لە ئابوری و سەربەستی ئافرەتان) دا تاوانبار دەکات.

چۆن تەریقەتی نەقشبەندی لە روانگەی هەقەکانەوە گۆڕا بە بزوتنەوەیەکی ئایینی کۆمەڵایەتی؟

لەبەر ئەوەی هەقەکان بۆ داگیرکەران و فەرمانڕەوایان

---

٥- بڕوانە کۆمەڵە رۆژنامەی (چەمچەماڵ) ساڵی ١٩٨٣ شاکیر فەتاح.
٦- بڕوانە گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) ژمارە (١٠٥) ساڵی ١٩٨٥ نوسینی (ئاوێنەی ژیانم) پەرەگرافەکانی بابەتی (هەقەکان).

نەدەهاتنە سەرچۆك و چونکە لە لوتکەی هەڵوێستەوە بە دووربینی هەقپەرستی و نیشتیمانپەروەری دەیانڕوانیە دونیا، چونکە بە چنگەڕنیی خۆیان دەژیان، چونکە نەدەلکان و نەدەبوون بە پاشکۆی هیچ جۆرە داگیرکەر و بێگانەیەك.. هەر بۆیەش کەوڵیان قیمەت و بەهایەکی تایبەتی دەکرد و بووبوونە نێچیرێکی سرك و دوورەدەستی داگیرکەران.

لە ساڵانی ١٩٢٩ ز تا ١٩٣٤ ز، فەرمانڕەوایانی سەر بە حکومەتی ئەو کاتەی ئینگلیز هەوڵێکی بێ وچانیان دا بۆ تێکدانی ئەو یەکگرتن و هاوکاری و یەکێتییەی کە لە کۆمەڵگەی هەقەدا دەبینرا. نێردراوەکانی فەرمانڕەوایان بەردەوام دەچوونە دیدەنی شێخ عەبدولکەریم، ئەوە بوو دوو جار میستەر ئەدموندز لە ساڵی ١٩٣٤<٧> دا دەچێتە شەدەڵە و کە دڵنیا دەبێ لەوەی هەقەکان بە هیچ شێوازێك دەستەمۆ نابن و بەردەوام بەرەنگاریان دەوەستن، بۆیە بەپەلە دەگەڕێتەوە کەرکوك و لەوێ چاوی بە (میستەر لاین) دەکەوێ و لە پاش ماوەیەکی کورت شێخ عەبدولکەریم لە شەدەڵە دوور دەخەنەوە و دەیگوێزنەوە بۆ خانەقای (سەید ئەحمەدی خانەقا) لە کەرکوك. هەر لە گەڵ گەیشتنی شێخ عەبدولکەریم بۆ کەرکوك، وەك هەقە بەساڵاچووەکان باسی لێ دەکەن، نزیکەی دوازدە هەزار کەس لە هەقەکان خۆپیشاندانیکی گەورە ساز دەکەن و بەرەو کەرکوك دەکەونە رێ. لە بری بەرگە ئاساییەکانیان گوێنی (گونیە) دەپۆشن، کە ئەمەش خۆ دەرخستنێکی ناسروشتییە، هەروەکو لە چاخەکانی رابوردووی ئیسلامدا بە رەمزی یاخی بوون و خۆپیشاندان دانراوە.

هەر لەو ساڵەدا (مەبەست لە ساڵی ١٩٣٤ ە)، میری ناچار دەکرێ کە شێخ عەبدولکەریم بگێڕێتەوە بۆ شەدەڵە.

[illegible]راتە کۆمەڵی هەقە لە ساڵی ١٩٣٤ ەوە بوو بە بزوتنەوە.. چۆن بزوتنەوەیەك؟! بزوتنەوەیەك کە رابەرەکەی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بوو، وە خاوەنی دەیان هەزار مورید و مەنسوب و مەحسوب بووە.<٨> سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیەش هەر

---

٧- هەقەکان بە ساڵی ١٩٣٤ دەڵێن ساڵی گونیەلەبەر..

٨- ماموٚستا رؤوف زهدی لە کتێبی (بۆ لە هەقە.. کەوتنە تەقە؟) دا مورید و مەنسوب و مەحسوبی تەریقەتەکە بە پلەی (ئەندام و>>

لە جێگای نیشتەجێی رابەرەکەیانەوە بوو، واتە لە گوندی شەدەڵەی سەر بە ناحیەی (سورداش) لە پارێزگای سلێمانی.

دەتوانین پەیڕەو و پرۆگرامی هەقە و بزوتنەوە ئاینییە کۆمەڵایەتییەکەیان بە دەست و دەم و داوێن خاوێنی و راستگۆیی (هەقبێژی) و نیشتیمانپەروەری و ون نەکردنی بنەما سەرەکییەکانی نەقشبەندێتی پێناسە بکەین..

ڕێژەی ئابوری و دابەش بوونی لە نێو کۆمەڵگەی هەقەدا

لەبەر ئەوەی زۆربەی هەقەکان خەڵکانی هەژار و چەوساوە بوون، بۆیە بە رەنجی شان و ئارەقی نێوچاوانیان داهات و دەستکەوتیان دەبوو. ئەو داهات و دەستکەوتەش تەنها بەشی پێداویستەکانی رۆژانەیانی دەکرد. لە سنوری چەند گوندێکدا، بنکەیەك یاخود کۆمیتەیەکی دارایی هەبوو کە یەکێك لە هەقەکان سەرپەرشتی دەکرد و ببووە خەزێنەیەکی هەمیشەیی ئەو سنوورەی کە پێکی هێنابو و بۆی تەرخان کرابوو. لە کاتی موناسەبە و رووداوی شادی هێن و دڵتەزێنی کتوپڕدا، ئەو خەزێنەیە کۆمەك و دەسگیرۆیی هەموو هەقەکانی دەکرد بە بێ فەرق و جیاوازی کردن، واتە لە سنووری ئەو گوندانەی کە بنکەی خەزێنەکەی تێدا بوو بە رێژەیەکی یەکسان دارایی کۆ دەکرایەوە و هەر بە هەمان شێوەیش بۆ ئیش و کاری حەج و پێداویستی پەککەوتان و پرسەی هەژاران و ماڵ سووتاوان و ژنخوازی و.. هتد خەرج دەکرایەوە.

ئینجا خۆ هەر ئەم هاوکاری کردن و کۆمەك و پشتی یەکدی گرتنەی هەقەکان بوو کە وای لە دەرەبەگ و ئاغا و هێندێ لە شێخە خۆپەرستەکان کردبوو کە نەتوانن چیدی رەنجی هەژاران بەتاڵان بەرن و گورزێکی کوشندە بوو بۆ بەرژەوەندییان لە گەلێك ناوچەدا.

خۆ فەرمانڕەوایانی سەر بە داگیرکەران، کە هەر لە خۆوە لە بیانوویەك دەگەڕان هەقەکانی پێ ئازار بدەن، ئەو دەرەبەگ و ئاغا و شێخانەیش کە راستەوخۆ لە بەرژەوەندییان دەدرا، تێکڕا

---

>>>پاڵێوراو و لایەنگیر) ی رێکخراوە سیاسییەکان یەکسان دەکات.

بڕوانە کتێبی (بۆ لە هەقە.. کەوتنە تەقە؟) نوسینی رؤوف زهدی ١٩٨٥ مطبعة الحوادث/بغداد.

پێکەوە بڵندگۆیەکی پڕوپاگەندەیان خستە گەڕ و دەمێك دەیانوت: گوایە.. ئەم هەقانە (کۆمۆنیست) ن و، دەمێکی دی دەیانوت: ئەمانە تەریقەت و شەریعەتیان لەیاد کردووە، دەمێکی دی دەیانوت: ئەم هەقانە ئاژاوە بەرپا دەکەن. هەموو پەلەقاژەشیان هەر بۆ ئەو مەبەستە بوو کە وا لە مەلا بیرتەسك و دەسندەخۆرەکان بکەن بەڵکو لە وتاری هەفتانەی هەینیدا وشەی (گومڕابوون) بدەنە پاڵ هەقەکان و پشتگیری لە نەخشەکانی داگیرکەران بکەن. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٣٤ دا و پاش گەڕانەوەی میستەر ئەدمۆندز لە دیتنی شێخ عەبدولکەریم و نائومێدبوونی لە ملکەچ کردنی هەقەکان، ئیدی لەو کاتەدا (مەلا رەزای واعیز و مەلا ئەحمەد حەکیم و مەلا ناسیح موحەمەد)، کە هەرسێکیان لە کەرکوك و لە باوەڕپێکراوانی فەرمانڕەوایانی داگیرکەر بوون(٩) کەوتنە مەزبەتە و مەزبەتەکاری لە پێشڕەوان و ناودارانی هەقە. ئەوە بوو هەر لەو ساڵەدا مەزبەتەیەکیان بە شێوازی پیاهەڵوتن بە داگیرکەران و نەوازشی حاکم و کاربەدەستانی میری، ئاڕاستەی موفتی سولەیمانی (میرزا عەبدولعەزیزی چاومار) کرد و تیایدا مەرامی داگیرکەرانیان لە ژێر پەردەی پاراستنی ئایینی ئیسلامدا حەشار دابوو.

بەڵام موفتی سولەیمانی، لە وەڵامی مەزبەتەکدا، داوای ئیسپات کردن و بەڵگەنامە دەکات و هەقەکان بە خوت و خۆڕایی ناکوتێتەوە، بێگومان تاوانبارکراویش، بە بێ ئیسپات بوونی ئەو تاوانەی کە خراوەتە ئەستۆی، بێتاوانە.

کەوابوو یەکسانی ئابوری و خەرج کردنی داهات و بەروبومە کشتوکاڵییەکانیان، خۆی لە خۆیدا شۆڕشێك بوو لە دژی هەژاری و نەداری و لە برسا مردن.


ئەوەتا لە ساڵانی ١٩٢٨ ز و ١٩٣٠ ز دا، کە شێخ عەبدولکەریمی سەرۆك و دامەزرێنەری هەقەیەتی و بزوتنەوە ئایینییە - کۆمەڵایەتییەکەی دەچێت بۆ حەج، هەردوو جارەکە لە تێکڕای

---


٩- بەڵگەیەکی روونتری دەسندەخوریی ئەم مەلایانەی کەرکوك، ئەو فتوا نابەهەقە بووە کە لە کاتی مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوت، واتە لە ساڵی ١٩٤٦ ز دا، دەربارەی کرێکاران داویانە، وە تیایدا کوشتنی ئەو کرێکارە مانگرتوانەیان حەڵاڵ کردووە تەنها لەبەر ئەوەی کە مانیان لە کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی گرتبوو.

هەقەكانی گەرمیان و كوێستان مەسرەفی ڕێگاوبان و سەفەری بۆ كۆ دەكرێتەوە، كە ئەم كارە ئاسایی بوو بۆ هەر ئافرەت و پیاوێكی دیكە لە نێو بزوتنەوەی هەقەدا بە بێ جیاوازی.(١٠)

دەقی خواستی زانایانی كەركوك



١٠- هەروەكو كۆمەك كردنی حاجی مەجیدی حاجی مەحمودی سەرگەڵو، هەروەها حاجی رەسوڵی سەرگەڵو كە بە حاجی (كوورەنێر) دەناسرا.. لە كاتی حەج كردنیاندا كە بە هەمان شێواز پارەیان بۆ كۆ كراوەتەوە، ئەم دوو هەقەیە وەكو دوو ئەندامی سادە و ساكاری هەقەیەتی دەسگیرۆیان كراوە، ئەمە وێڕای چەندین كەسی دیكە..



وەرگێڕانی (دەقی خواستەکە)

بەڕێز عەبدولعەزیز موفتی سولەیمانی و گشت زانا بەڕێزەکان و ناودارانی سولەیمانی، دەمانەوێ نمایشی خواستەکەمان بە پایە بڵندتان بکەیەنین.

دوای ڕێز و سڵاو،

ئێمەی زانایانو دانیشتوانی کەرکوك، هەموو پشتگیری ئەو رەفتارە دەکەین کە دەسەڵاتدارانی میری بەڕێز نواندویانە بەرامبەر هەر یەك لە (شێخ عەبدولکەریم، مەلا جەرجیس، شێخ عەبدوڵڵا و سەلام) وە ئەو کەسانەی کە بوونەتە هۆی ئاژاوەنانەوە لە ناوچەی سەرگەڵو. وە بەندکردنی ئەوانەی کە ئاژاوەیان ناوەتەوە و بەدکارییان بەرامبەر یاسای ئایینی پیرۆز کردووە.

ئێمە کە زانایانین لەگەڵ دانیشتوانی کەرکوك بێزاری دەردەبڕین بەرامبەر بەم ئاژاوەیە، وە داواکارین لە میری کە بە توندی و بێ بەزەیی سزایان بدات چونکە سەرپێچی ئایینی پیرۆزیان کردووە، و ئاژاوەیان ناوەتەوە و نەنگییان بە سەر ئیسلامدا هێناوە، ئەو ئیسلامەی کە شانازە بە ئاڵای موحەمەد (د.خ) هەموو ڕۆژێك ئاگاهی دارن ئامادەن بێنە دادگا و ئاگاهی بدەن لەم کۆمەڵە گومڕایە. وە دادگا بڕیاری خۆی بدات دوای لێکۆڵینەوە و گەیشتن بە ئەنجام.

ئێمە هەر هەموو بێزاری دەردەبڕین بەرامبەر کرداری ئەمانە وە

1142

هەموو توانایەکمان تەرخان دەکەین بۆ قەلاچۆکردنیان و لەناوبردنی ئەم ئاژاوە گەورەیە، هەروەها پێویستە لە سەر هەموو ئیسلامەکان بەشداریمان بکەن بە دلسۆزی بۆ نەهێشتنی فراوان بوونی ئەم بەلا گەورەیە.

ئێمە لە لایەن خۆمانەوە داوا لە موسلمانانی ناوچەکەتان دەکەین کە خواستی بێزاری ئامادە بکەن و بە زووترین کات روونوسی (نسخه) بدەن بە ئالیاری (وزیر) ناوخۆ و روونوسەکانی دیکەش بدەن بە پارێزگاری کەرکوك، چونکە ئەمە ئەرکێکی یاسایمانە بۆ بەربەست کردنی ئەم بزوتنەوەیە کە دژی ئاینی ئاشکرایە هەر ئەنجامێکی هەبێت. ئەمەش لە راهی خودا و راژەی ئاینی ئاشکرادایە.

خودا سەرکەوتوومان بکات لە گەلّ ئێوەدا.

مۆرکەران مەلاکانی کەرکوك

مەلا ئەحمەد حەکیم  مەلا موحەمەد ناسیح  مەلا رەزای واعیز

دەقی وەلامی مفتی سلێمانی

جواب - ...

کرکوکده واعظ کبیر ملا رضا افندی وسائر علمای کرام

بعد الاحترام

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] ظهورات و حالات [illegible]
[illegible]
[illegible] وبه تعالی [illegible] مؤثر [illegible]
[illegible] حکومت معظمه‌نك مقهوری [illegible]
[illegible] سیئات [illegible]
[illegible] محکمه [illegible] ثبوت [illegible]
[illegible]
العاده [illegible]

وەرگێڕانی (دەقی وەڵامی مفتی سلێمانی)

بەڕێز مەلا رەزای ئامۆژگار (واعیز).
و گشت زانا بەڕێزەکانی کەرکوك

دوای رێز و سلاو

داواکەتان گەیشت بە خۆشنوودییەوە خوێنرایەوە ئەوەی کە فەرمووتانە لە ناوەڕۆکیدا و لە کاتێکدا کە رێز لە کۆششی سوپاسکراوتان دەگرین بۆ بەرگری کردن لە ئاینی ئاشکرا و بەرەنگاربوونەوەی ئەم کۆمەڵە داهێنەرانە کە لە ناوچەی سەرگەڵودا ئاشکرا بوون، ئێمە و موسڵمانان هەر هەموو بەشداریتان دەکەین بۆ بەرگری لەم بەڵایە کە پێچەوانەی ئاینی مەزنمان موحەمەدە (د.خ).

## پەیوەندی بزوتنەوەی هەقە بە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و بزوتنەوەی نیشتیمانی عێراقەوە

هەر لە کاتی بەرپابوون و هەڵایسانی شۆڕشی (شێخ مەحمودی نەمر)، هەقەکان لە گەڵ ڕەوتی نیشتیمانپەروەری نەتەوەکەیاندا بوون، واتە شێخ عەبدولکەریم پەیوەندییەکی پتەوی بە شێخ مەحمودەوە هەبووە، هەروەکو کۆمەکی لە شۆڕشی ئەو کاتەدا و پشتگرتنی شێخ مەحمود لە لایەن هەقەکانەوە لە شەڕی دەربەنددا و گرتنی چیای گەورەدێ.<١٢>

کۆچی دوایی شێخ عەبدولکەریم بەو شێوازە کەم فرسەتانەیە لە لایەن دەسندەخۆرێکی سەر بە داگیرکەرانەوە، بەش بە حاڵی خۆی گەواهی بۆ هەڵوێستی جوامێرانە و بێ گەردی ئەو شێخ و مورشیدە نەقشبەندییە دەدات کە تاکو دواسات هەر بە بازووی خۆی هەوڵی دا و گوزەراندی.

ئاشکرایە کە شێخ عەبدولکەریم بە هۆی چەقکیری گۆشەکانی تەریقەتەوە زیاتر خەریکی ئیرشاد بوو، ئەمە وێڕای دالدەدانی تێکۆشەران و ئازادیخوازان، بەڵام مامە ڕەزا بە جۆرێکی دیکە و لە بەرگی شۆڕەسوارێکی شۆڕشگێڕی جەسووردا، نووکەڕم ئاسا هاتە گۆڕەپانی نیشتیمانپەروەرییەوە و گەشەیەکی وای بە بزوتنەوەی هەقە کرد کە هەتاهەتایە کۆنەپەرستان لێی دەسڵەمێنەوە، لەوانە گۆشکردنی بزوتنەوەی هەقە بە هەوڵی یەکگرتنەوەی نیشتیمانی کورد و لە هەمان کاتیشدا ڕێزگرتن و پەنادانی ئەو ئازادیخوازە هەڵاتووانەی کە بەزەنگاری ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی عێراق دەبوونەوە.<١٣>


باشترین نمونەی زیندووی باسەکەمان، ئەو پشتگیرییەی مامە ڕەزا بوو لە کۆماری مەهاباد و پێشەوا (قازی موحەمەد) کە بە

---

١٢- بۆ پتر ئاشنابوون بەم پشتگرتنە، بڕوانە کتێبی (ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە) نوسینی مصطفى عسكري/ مطبعة الحوادث/بغداد/١٩٨٣.

١٣- لە کاتی خۆیدا، مامۆستای نەمر (گۆران) ی شاعیر گەلێك جار چۆتە دیدەنی مامە ڕەزا و یەکێك بووە لە دڵسۆزەکانی بزوتنەوەی هەقە..

فەرمانی مامە رەزا و بە سەرکردەیی (شێخ موحەمەدەمین مەڵحە) هێزێکی هەقە نێردرایە کوردستانی ئێران بۆ بەرگری کردن لەو کۆمارە نۆ شکۆفەیە.<١٤>



نامەی (شێخ عصام الدین) ی عەودالان کە لە ساڵی ١٩٣٨ ز دا بەر لە حەج کردنی (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) بۆی نوسیووە.

شێخ عصام الدین پیاوێکی زانا و نیشتیمانپەروەر و ئەدەب دۆست بووە، لە کاتی خۆیدا لەبەر هەمان هەڵوێست (شێخ مەحمودی نەمر) کردویەتییە سەرۆکی لیژنەیەکی ئایینی و مووچەی بۆ تەدریسی عەودالان بڕیوەتەوە. ئەم پیاوە مەزنە شیعریشی هەبووە.

---

١٤- بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە جووت سەرچاوەی:


١- ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا/ کەریم زەند/ساڵی ١٩٧٠/ چاپخانەی کامەران.

٢- ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە/ مصطفى عسكري/ مطبعة الحوادث/بغداد ١٩٨٣..

بزوتنەوەی هەقە بە سەرجەمی شێخی ئیرشاد و مورید و مەنسوب و مەحسوبەوە، پشتگیری لە قۆناغە جیاجیاکانی (بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و گەلی عێراق) کردووە، واتە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدابوونی هەقەیەتییەوە لە ساڵی (١٩٢٩ ز) ەوە هەتا دامرکانەوە و بڵاوەکردنی بزوتنەوەی هەقە لە ساڵی (١٩٦١ ز) دا، کە مامە رەزا کۆچی دوایی کرد.

سنووری هەقەکان

سنوور و ناوچەی نیشتەجێی کۆمەڵی هەقە بریتییە لە ناوچەکانی سولەیمانی و کەرکوك و قەڵادزە و پشدەر و کۆیە و میرزا رۆستەم و دزەیی بەشی هەولێر، بەڵام چەقی دروست بوون و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی هەقە گوندی شەدەڵەیە، کە جێی لەدایك بوونی شێخ عەبدولکەریمە.




دەستنوسێکی بەنرخ لە کتێبخانەی خانەقای شەدەڵەدا

## کاریگەری ئایدیا و بزووتنەوەی هەقەکان لە سەر خەملاندنی زەمینەی یەکسانی و هاوکاری لە کوردستاندا

لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی هەقە بەرپا بوو، لە هەشت لاوە مورید و مەنسوب و مەحسوبەکانی داباریین. هەقەیەتی وەکو نموونەیەکی پێشکەوتنخوازی نێو کۆمەڵی کوردستان، بوو بە جێگای سەرنج و تێڕمان. ئینجا خۆ گرنگترین سیفەتێک کە بووبوەوە ئەڵقەیەکی گرێدان لە بەینی هەقەکانی ناوچە جیاجیاکاندا، ئەویش هاوکاری و یەکسانییان بوو لە دابەشکردنی ئابوری و شێوازی گوزەراندا.

لەبەر ئەوەی هەقەکان بریتی بوون لە دەیان هەزار کەسی جوتێر و رەنجدەری نێو کۆمەڵی کوردستان، بۆیە کاریگەرییەکی بەهێزیان هەبوو لە سەر سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سنووری کۆمەک و یارمەتی دانی فراوان کرد، تەنانەت دژە هەقەکانیش لە کاتی لێقەوماندا هانایان بۆ مەڵبەندی دانیشتنی هەقەکان دەهێنا.

کەواتە بزووتنەوەی هەقە بەش بە حاڵی خۆی رۆڵێکی شەرەفمەندانەی دیت لە قەڵاچۆکردنی کلۆڵی و برسیەتی، زەمینەی تەبایی بۆ خەڵکی لەبار کرد و دەتوانین بڵێین:

هەقەیەتی بە جۆرێک کۆنەپەرستانی هەژاند و پێشڕەوی تەریقەتە ئایینییەکانی کوردستانی عێراقی بەرەو سۆشیالیستییەکی سەرەتایی کرد و بووە نوکەڕمێکی ئامادە و بەردەوام لە ئادەماری دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی و هەژاری و چەوساندنەوە هەڵدەچەقی، هەر بۆیەش گەشەکردن و پەل هاویشتنی ئەو نەشتەرە بەرژەوەندی دەرەبەگ و خوێنڕێژە جۆراو جۆرەکانی نەدەهێشت.

بەڵگەی زیندووی ئەو کارتێکردنەش، وازهێنانی ئەم ئاغایانەی پشدەر بوو لە چەوساندنەوەی هەژاران و بوونیان بە جوتیار، ئەوە بوو ئەم ئاغایانەی خوارەوە بە تەواوی باوەڕەوە بوون بە ئەندامێکی ساکاری هەقە:

١- موحەمەد بابەکر عەباس
٢- مەحمود بابەکر عەباس
٣- عەباس بابەکر عەباس

٤- گولاوی بابەکر عەباس

هەرچواریان لە گوندی وەستا سلێمان دادەنیشتن.

٥- عەباس عەبدوڵڵا ئاغا لە گوندی کوڵارە.

٦- عەباس جوامێر عەباس لە گوندی بێکڵۆ.

٧- موحەمەدئەمین بایز ئاغا لە گوندی گەڵنێری.

٨- عەبدوڵڵا ئاغا بایز ئاغا

٩- سەلیم ئاغا بایز ئاغا

١٠- ئەحمەد ئاغا بایز ئاغا

١١- باپیر ئاغا بایز ئاغا

هەرچواریان لە گوندی هەنجیرە دادەنیشتن.

١٢- عەبدولڕەحمان رەسوڵ مستەفا ئاغا لە گوندی خۆشناو دادەنیشت (لە کاتێکدا کە زۆربەی دانیشتوانی گوندەکەی موریدی شێخ عەلائەدین بەیارە بوون)...

---

پەراوێزەکان

١- لە خۆپیشاندانی ساڵی (١٩٤٤ ز) ی یارزەلی، یاخود ساڵی (دارە قووڵە) ی هەقەکاندا، کە هەقەکان داوای ئازادکردن و گەڕانەوەی مامە رەزایان کردووە بۆ کەرکوک، بە داردەستەکەیان وتراوە (داری سەلامەتی).

٢- گەلێك بەڵگەنامە و دەسنوس (مخطوط) ی گرنگ لە خانەقای شەدەڵەدا هەبوون کە لە مێژەوە پارێزگارییان پێ کرابوو، بەڵام بە هۆی سووتانی گوندی شەدەڵە و چەندین هۆکاری دیکەوە، ئەو بەڵگەنامە و دەسنوسانەش لەناوچوون.

٣- [illegible]گترین بەڵگەنامەی مێژوویی سەبارەت بە ئاشتیخوازی و نیشتیمانپەروەری هەقەکان دوو نامەی شەخسی بووە، کە یەکێکیان لە لایەن (جعفر العسكري) یەوە کە ئالیاری بەرگری (وزير الدفاع العراقي) بووە، ئاڕاستەی شێخ عەبدولکەریم کراوە و تیایدا داوا لە شێخ عەبدولکەریم دەکات کە هەوڵ بدات ئەو ناکۆکییە و شەڕ و ئاشوبەی نێوان هەردوو عەشیرەتی (جاف و شیلانە) خامۆش بکات.

دووەم نامە کە بە ئەندازەی یەکەم و پتریش گرنگە، ئەو نامەیەیە کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەرمەنەکان لە لایەن فەرمانڕەوایانی ئینگلیزەوە بە کوردستاندا، لە لایەن (سمكۆ) وە

شارەستەی شێخ عەبدولکەریم کراوە، ئەم نامەیەش هەتاکو ساڵی ١٩٦٥ ز لە گەڵ نامەی یەکەمدا لە نێو دووتوێی دەستنووسەکانی کتێبخانەی خانەقای شەدەڵەدا پارێزراون، بەڵام هەر لەو ساڵەدا کە بۆ جاری دووەم گوندی شەدەڵە و ماڵی شێخ عەبدولکەریم دووچاری ئاوارەبوون دەبنەوە و خانو و ماڵیان سوتێنرایەوە، ئیدی بنەماڵەی شێخ عەبدولکەریم و مێژووی نوێی هەقەکان ئەو دوو نامە مێژووییە گرنگەیان لەدەست دا.

سەرچاوەکان

١- کرد و ترك و عرب، تالیف/ مستر سی. جی. أدموندز، تعریب/ الاستاذ جرجیس فتح الله.

٢- ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا، کریم زەند/ ١٩٧٠ چاپخانەی کامەران.

٣- رۆژنامەی چەمچەماڵ، شاکر فتاح ١٩٤٦.

٤- رەنجی کرێکار (تیشکێك بۆ سەر نووسینەکەی محەمەدی ... کەریم) نوسینی حسن عەوالانی.

٥- ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی هەقە، مصطفی عسکري/ ١٩٨٣ مطبعة الحوادث بغداد.

٦- مەسەلەیەکی مەزن و هەوڵێکی کەم/ رشید محمد علي/ گۆڤاری کاروان ژمارە ١٥ ساڵی ١٩٨٣.

٧- جریدة العراق یوم ١٩٨٣/١٠/٥ جمال بابان.

٨- بۆ لە هەقە.. کەوتنە تەقە؟ رؤوف زهدی/ ١٩٨٥ بغداد.

٩- هەقەکان - لە بابەتی (ئاوێنەی ژیانم) ی مامۆستا شاکر فتاح/ گۆڤاری رۆشنبیری ... ژمارە ١٠٥ ساڵی ١٩٨٥.

١٠- گەشتی ژیانم، مسعود محمد/ گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٦ ساڵی ١٩٨٥.


سەرنج


هاوکات لە گەڵ کارەساتەکەی (هەڵەبجە) ی شەهیددا، مەڵبەندی هەقەکان و تەوەرێ هەقەیەتی کە (شەدەڵە) و (خانەقای حاجی شێخ عەبدولکەریم) ی باپیرم بوو، دوای بیست و یەك رۆژ ژەهر و خومپارە بە سەردا بارین، لە لایەن (اخواننا العرب).

ڕژێمە کۆردکوژەکەی بەغداوە لە گەڵ خاکدا یەکسان کرا، دیارە گەلێک کتێب و بەڵگەنامەش کە لە کتێبخانەکەی خانەقای شەدەڵەدا بوون فەوتان، لەوانە پەنجا دەسنوسی بەنرخ کە پێنج ساڵ لەمەوبەر لە گەڵ (کاك عبدالرقیب یوسف) دا جیامان کردبوونەوە، تێکڕا فەوتان. بەڵام خۆشبەختانە لەو دیراسەتەی مندا ڕوونوسی یەکێک لە دەسنوسەکان کە مۆری ئەحمەد پاشای بابانی لە سەرە، قوتار بووە.

دانـــا

پاشکۆی بیستەم: بەشێك لە دەستنوسی ئەحمەد فەخریی بەڕێوبەری ناحیەی سورداش لە ۱۹۷۳-۱۹۷٤ نوسراوەتەوە





میوانی سید محمد بون .. و له وی تاقه ژووره دا دانیشتین

له گه ل حسین دا که وتینه گفتوگۆ وتم ئه م

مرشتانه چی یه ، بۆچی هاتوون ..

وتی ئه مانه دینیکی ، تازه یان دروست

کردووه ، حضرت تا به وی ئه م دینه یه ی

بی مثلی لیده سه روه ئه مانه ی گرتووه ، و فتا

ده ی له به ر تدیانه دا ده س به سه ریان بیلام یادکم

چونکه لقیدانان و حق شی به له به ریدیانه

ده ری کردن وادا ده میوانن ، بیلام حا ری ئاذن

له لایه ن حضرت ده ئاذن ندراوه ن که کیم ده ده ن ما عیوان

باشه ئه ی ئه م دینه چی یه ؟

شیخ حسین وتی : به خوا هه ر نه ده شه ئه ز

که ئه م ئه لیم دینیکی تازه یه ، و زور (عمری) یه

وتم : باشه لقیدانیان چی یه ، ئه م دینه تازه یه

ئه لی چی ، چ لک چی ئه لین و چی ئه کا نا ، چی

٥

حەلال و حەرام ؟ کێ پێی خۆشە ؟

وتی : ئەم گشتانەیان دەهاتە سەری
گرتووە بە فەرمی خودایان بەکەی تایبە ،

وتم باشە تۆ بە تەنیش ئەمانە دەنگانەت ؟
بێژن سواڵی ئێوەمان وتمانی ئێوە ، قوڕئان بۆ حوججەتی نایە

وتی بە خوا من زۆر حەوڵم دا وە تەواو وە
بێکەڵان هەڵ هەڵدەستم لە شتێکی لێ وەرگرم ، بەڵام
ئەوەی کە خوێندەوار و مەلاکی تیایە وەکو
(مەلا صالح) شتێکی لێ وەردەگرێ .

وتم بۆ تاکەی بۆ باوەڕیان ئەم داخی
ئەم دنیا بێ هەتا زانی ئەم سەرە هی چی یە ؟

وتی باوەڕ تاکەیم باوکم ڕاستی بێ ؟

من و شێخ ... مام قادرییەکان بە دوو جۆر شتە مابێنەوە
هیچ شتێک لەم دنیا نەگە لێشیەوە ، بەڵام ئەوەی دی الله
بەرلێک بە ناگاهە دەی پێدا بە تە ... بە کەڵکیان و دیان
پا زۆری

ئەگەرچی

کاتێش دا گەلێکیان حاڵیان لێ دەهات (جذبە) ~~بخوشی~~

وەکو مصطفی سورداشی وا غوڵ . هەتا گای بیری

لوی و ترکی حمە جمال هەمو ~~بلیتیلی~~ تۆبە کاری

شێخ عبدالکریم مشت بیوون .

ئیجا یا من ئەودا باسی حال لێ هاتووی کابرایێک

بۆ ئێوە دەکەم کە دە ساڵ لەوە پێشتر دیوم :

ئەو قوتابی مکتب بووم تعطیلی هاوین هاتە پێشەوە

منیش بۆ استراحت و رابواردن چووم مشتاڵە ~~دووی فرمانم~~

بووم بە میوانی فرمێکم . خاوەنی ئەوکرم لە بیری

غوڵی دی بەکا بووکە تیرەی آوای وەکو شێخ یوسف

لە دی بوون ، لەو دەمانەش لە ... هەندە ماڵیکی لێ بوو

بە تایبەتی ماڵی شێخ عبدالکریم و ... تری لە دێ بوو .

شێخ ئەم دوو دێشە ... ئەیان لێ بوو . . . ئەمەدی

هەرکە دیهاتن بە ژن و پیاوەوە بەپێ پیا ئەهاتنە

بۆ لای شێخ عبدالکریم بەلام بە دیاری تێدەرەوە

ماستاو ... و دۆ و نان و گۆشت و چای وەگوردا

٨

وەختێ چای گوتالیش بە دیاری بۆ ئەم شێخە
دانەیاری ، ئەمانە لە شەهامە بە لووتەوە ئەچوو
خزمەتی شێخ عبدالکریم ئەویش تووبەی دا ئەوان
وچیرا ئەگیرانەوە ... خۆ ئەگەر بە وتوبە
وە بە ریمەنی شێخ عبدالکریم تەلەبیان رۆژە خۆشی حالەیە بوونا
ئەوان لێوە بێت
ئەمەش (حتی استطلاع) - و فتوێنی مالە
هاتی دم کە
چیشتم کیسەی ئەو بەر لە ترێکە وە ئەو هالە بینم ،
خانە چوی بکەم وتی ئەو چی شێخ لیت لووتەوە ئەدی
چونکە ئەوزانی تو قوتی تاکی امر ئەو طاعت ئوکرت
خەنەن نادە حوض و هەر چیامانی ئەچی .. سلام
عنادم کرد و چووم . لە پشتا ترێکی حوض لە بەرەوە
بزانم قولی چەندە ، لە ئەمیستم کادایك لەسەر
حەق کە داشتووە وەتێکە وەکیای لە بیاویکی ترد
ئەچی . سلام لێ کرد و بە خێرهاتی کردم ،
منی بەری خیش ئەوم پیی .. شیجە ئەوم پیاوە

٩

دەگەڕێم [illegible] گۆڕی [illegible] ئازادی بدۆزمەوە .

ئەمیشیان بیر [illegible] کردن هاتۆتەوە ، کە لە بەرگ .

ئەمیان بڕیە بەدوی رەفیقەکانم هەموو [illegible] .

بێلام من ئاگام [illegible] هەتا ئێستاش لە شتێک حالی نیم

وتم ئەم شتە چیە . . وتی تا لە [illegible] ئەلێم [illegible]

ئەوە لە ئێوەم بێجگە [illegible] . وتم ئێستا

من لە یادگەی خۆم بیستووە لە ئێوەم بێجگە [illegible] :

ئەو خوێندەوار چوون لە ئاینی [illegible] ؟ ئێوە

[illegible] . . گۆیا [illegible]

[illegible] . . ئەوکە [illegible] .

دوای ئەوە گەشت [illegible] هێرانە

[illegible] . . کە [illegible] لە سەر [illegible]

دانشتووە ، ~~[illegible]~~

~~[illegible]~~

~~[illegible]~~

تێکەڵ بوین .. ئەم جارە گوایا ١٨ ساڵی هاتووە
خۆی کردبوو بە پاگرد (باگردێن) .. لەم سەری هەیوان
تا ئەو سەری ~~[illegible]~~ تێلی ئەخوێند و ئەی تەقاند
کە ئەگەیشتە بەردەمی شێخ هاوارێکی ئەکرد
.. کردم چەقە، دوبارە ئەگەڕایەوە بۆ سەر
ئیشی خۆی یەعنی پاگردی کردن و تێ خواردن .
ئینجا من ئەمجارەم دیتە تێگەیشتم ئەو نەکرد .. ئەوی
سەرنجی منی ڕاکێشا بۆ ئەوەی کە بڕا پشتێنی لە پشتدا
ئەبێ .. لە تەنیا یەک ڕانکێکی دڕی ی شڕ
و چوغەکێکی پینە پینە وی لە بەر بو، ئاخێلەی
دەبینرا، ئەوەش قینیا جاڵێ .. ئەم شێتە
جیا دیا - بوکە تیرفر هەر دو ئیستکی هەڵ ئەبڕی
ڕێگا تیبگا بە خۆی ئەدا .. لە وچالەدا ~~[illegible]~~
هەمو جیا - یەک گوڵی ~~[illegible]~~ و کوڕ سمێور قلی ئەدایەوە
من لەم منتظرەیە بێزم ئەهاتەوە بەلام وا دیار

[illegible]

پەخشان

هەموو شتێکی خوایان هەڵگیراوی خوایاندا[1] فرەشتە بەدیکە
لە ئافریا بووم هەڵەبووبوو رەنگی میوەی پەردە پەنا
ماتنگاییک پەتوو دنیا هەوایک بە دەوەمەنتی
ئینداجی ماک د[illegible] لوپەی وی فوق هە
یە نالاتی هەنگەیە پەتە وهەندیە بە فرەمێ
فرەشتوبان و پەسلی کەوتووە مدی یەرەو
گرگوون هاتوونگر لە سەعتی لەپانی پیرسیاوی لەوم
لەتەنەجی بە [illegible] ودوجێ واتەکرن لەوان
دووشا پێچی قرمزی تی تاپیشا رووژی تە دنیا تاقی
نەدی بە قیامەت رووژی محشر تی لەشام دا ئەم رزی
اینشی وا ئەچێ بە پشام لە ئەوە بولیەشی خوایان بەیژوو
داوە لە هەشتشدا (وەکوو لە ئافریا بووتە دە
نەکەدی) بە ئیمانی شێخ ئاغان ئەم ڕا پیوەتری
هاتە گرگون پیشە تری وشێخ ئاغان اذن پیدا

قەلاێ لە پاشی مادەیێ کە ھاتنی زگون ھەمی بزم

مشەڵە بە کرد شێخ طاهر ئەوێن دا وگە لاتەوە

تەنە کەوتی کە پاشەوە دیانەخوێنان . بلاو ٣

وولاتی جزیان ، دوای ئەوەی لە ئەو صاڵە

سەر و ماڵ و ناموسی پاتی بە تفەنگ چو . .

ئینجا قائمقام پێشوی ھاتەوە لەبەر ئەوەی لە لایەن

میری بەوە بەرەو لەوە دوو غزاموە .

لە لەوەی کە پشتم کە شێخ ھەمی رقیقم بوە بەحق

و لکن ئەوە قەدەدا روشتوە بۆ دیوانی آغجوا

و بەو لاشی ؟ و ھەدکو حقەکانی تر داوە قولی

بیدە ستەوە گرتنوە و طاقمی ترا شتی پەیشتنی کەیا ھەلە

دا بوە . حقەکانی ئەم مشعلە پاتی بو دایکی تولیان بەدکرو (بەڕێز)

وصفی شێخ پاشە بێ لەتورەوە کەیدا ئەیانی کرد

بە پشتیەکان . بەلام ئەمەی ؟ دیاو دیادیاتی نەرشت

ھەندێک : قسەوکەسێک لە بیادەکانیان ھەبە

مەرد و شیانی لەمن نەکرد . و ھەندێکیان

گوێیەکیان لێ بە ئەگرد وبەو قیافەوە ئەترنجیا و پێکەوە هەڵئەبێت

ساعەتێک

پاشی ماوەیەک من فاقێکم بۆ شێخ مەحمودی

وقتی

مەشتەرەوە بیری کە لەوقتی خۆیدا قرارمان دابو

کە هەرکاتێکمان لەم دنیە شتێک خەڵک بیسێنە ئەوی

قرطاس ئەگرد. قطعة واتیا لەتو (شێخ مەحمود)

ئەگەر داخەی ئەم دنیە بیری ئەی شتێک لە دنیە قرێو

لی ئەنکام واپە بۆم بنوسی. لەجیی لەخوا بە مەنوسین

ابو هەر بە ئەی جاتێنە بەدەم بڕای نجاتی وگواحام

اجتماعی

الحیوانی دایە مەس وا. یانی مقصد ئەوەیە کە خۆی

اجتماعی

ئەوە مسلم مەعز ~~الحیوانی~~ منشی وگوا لە حەی

هەر ئەکاتی مادەمە ئەوە.

---

×

جن

دوای ئەوە بە ماوەیەکی زۆر مەعشالی لێم

بە مدیری ناحیەی سورداشی کە مرکزی

عەمی بە جێ بو.

١٧

لەدوای دوو مأموری زۆر محترەمی ئینگلیزان [illegible]

مصطفی ئەفەندی مفتی [illegible] محمد ئەفەندی

محمد رشید مأموری مرکز . [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

و [illegible]

[illegible]

و [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] . هەروەکو

١٨

[illegible]

X لە ماڵیشدا بە دزییەوە ئەگو ئەیزانن ، وە زیاتر ئەتوانی

من دڵنیام لە ناو جێی خەومدا ئەمیش ئەهاتم ، وە خۆم لەگەڵ

بکەم بەسەر دیکەیێ باشێ ، لا ئەفەندی قبری کاکی بێ ،

خوێندن ئەو کەسەی داهاتی دنیا حەقی برای بە قطعی مالی

نە ئەدایە کاکی کردن ، هەژاران و مەیران و کوێرەوە

وەصل بەرگی ایشی ئەماتە بێ ، بانی هەتکیان ئەخوارد

وچاوی خوان ئەبەوشت ، بەلام بە ذکری ڕێشی ناشترو

بوون . لەگەڵ ئاخرتدا دەس گرتن و هەلپەرکێ و عاشقی

کردن شتفاری ئەمانەیە . هەر کە مەشوقەیێکی هەبو

پێیان ئەوت (حوری خ) یعنی بە ادعای خویان دنیایان

بە جنتیە [کردبوو] بە هەشت ، لە بەهەشتیشی حیزانی حوریان

دە دانیشتن هەیە . ڕێ [وەرابواردن] دکانیش لە دی تیە ، بەلام

حوری زورە . ایتر نوێژ و دەشت و شتی ئازادی ئەمابوە

من لە ماڵە سووداشی ، [هەتیەبلم] دیکە کاتی ئەودی

نەمابوون دکو حاجی شیخ علائی سەرگەلو ، شیخ

عبدالکریمی شدلە . بەلام دەنگ دیاری فعالیی

[illegible]

مامە ڕەزا م~~شتە~~وە لە هەدی لەگەڵ سوماقە (ناجی

میرزا ڕەحیم) دا لە بابەت حەقیقەتەوە چ تاشێکی هەیە،

چونکە لەوی ژن و پیاو تێکەڵ ئەکرێن.. هەری خوێنان لەبە

هەڵبەتەکی و مەبەرانن و دەست لەمس کردن بە مەبەستەی ن،

ئەوە هەڵ مەرکەزی حەقیقەتی گەیشتووە دی ی گەلەک تەماعە.

وتەکانی ئەمەی دیە ... ولوپاشە گرا ... لە چوشتدایە.. ژوەی

لێ تێچوو مدیری ناجی میرزا رەحیم دەچوە بەکردەوەی مامە ڕەزا

مەشقی ئاگادار کرد، مەشقی هەولێر ئەوەڵ سەعید قەزاز بوو،

سەعید قەزاز لە هەوارەوە بۆ کەرکوک دا دیوە هاتەسەر ،

و لە سلێمانیەوە بەردوک موردا شتی بەوەی چووە گەلەک

تەماعە لەوی مامە ڕەزای گرت و لەگەڵ خۆیا بردی بۆ هەولێر/

و لەسەر سێبینا ترەوە، هەولێرکانەکەی ئەدرێتی داوا.

بەلام ژوری لێی تێچوو ئەنگەرەکان مامەڕەزایان لە

بەندیخانە دەرکرد و بەرەڵایان کرد.

میستر شوتە/ ... ئیستخباراتی سیاسی بەریتانی

... هەمە ... لەوەی پاشی سەعید قەزاز کرا

٥

ـ من سەرم کرد [illegible] سەعید

قەزاز [illegible]

گرت ، [illegible]

[illegible]

[illegible]

دوا [illegible]

[illegible]

[illegible] ؟

[illegible]

[illegible]

وا دیارە [illegible]

لە [illegible]

کاتێ [illegible] سەعید قەزاز [illegible]

وتم سەعید قەزاز [illegible] سلاوم ، [illegible]

[illegible] بەڵام لە سیاسەت

## پاشكۆی بیست و یەك: دەستنوسی دانا شەدەڵە لە ئەرشیفی عبدالكریم حاجیدا پارێزراوە

(حەمەسور) سەرەتای ژیانی تەمەن و فێتیەکەی، لەخزمەتی خوالێخۆشبو (شێخ عبدالکریم) دا

شەدەڵەدا بوە، پێڵاوی دەربەدەری و ئاوارەیی، بەرگی هەتیوی و سەرگەردانی لای ئەم زاتە

داکەندوە.. پێویستە بزانین ڕەوشت و کردەوەی لەم قۆناغەی ژیانیدا چۆن بوە..!؟

مامۆستا (رشید محمد علی) دەڵێت: (حەمەسور بەهان چایان نەخواردۆتەوە..، هەروەها

لەزەمانی (شێخ عبدالکریم) خۆیدا چاخواردنەوە قەدەغەکرابو.. هتد - گۆڤاری (کاروان) ژمارە

١٥ ساڵی ١٩٨٢ - ئەوەی ئاشکرایە خوالێخۆشبو (شێخ عبدالکریم) لە ساڵی ١٩٤٢ کۆچی

دوایی کردوە، ئەمە واتە گەیەنێت کە سێ ساڵەکەی پێش مەرگی شێخ لەو ساڵە شوانە بوە

کە جیهان لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا بوە، ئەو ساڵە پڕ بەستەمانەی کە خەڵکی چایان بە

خورما و مێوژ دەخواردەوە چونکە بەهۆی جەنگەوە شەکر قاتی بو.. خۆ ئەگەر (شێخ) قەدەغەشی

کردبێت لەو باوەڕەدام کە ئیشێکی باشی کردوە، چونکە شیرینی تری خۆماڵی هەبو کە وا جێگەی

شیرینی شەکر بگرێتەوە و تامەزرۆی شەکر بشکێنێت و لەمیش باشتر بێت لەڕووی

خۆراکەوە (التغذیە)، با بزانین (حەمەسور) بەرامبەر بەم فەرمانەی (شێخ) هەڵوێستی چۆن

بوە..!؟

مامۆستا (رشید محمد علی) لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: [بەڵام حەمەسور خۆی لەباسی

چا نەخواردنەوەکەیاندا ئەڵێ: ((ڕۆژێکیان کۆمەڵێکی زۆری سۆفی و شێخان لە تەکیە کۆبوبونەوە

منیش چووم ژوورەوە و گوتم لێی بۆ "شێخ" لەبەر ڕووم مریدی من نابێت چای بخواتەوە - واتە حەمەسوور

بە دەنگی بەرز قیڕاندم، وتم: «من دەیخۆمەوە» شێخیش فەرمووی: «شێتە لەگەڵ تۆم نییە..»]

ئەوی لەم هەڵوێستەی (حەمەسوور) دەوەشێتەوە: ١- (حەمەسوور) خۆی لە شێخ سوورکردۆتەوە و

بە سەریدا دەشێرێنێت، بەو جۆرە ناشیرینە بەرەڕووی شێخ کەی، ئاماژە ستاکەی (ئوستادە)کەی

دەداتەوە.. لە سووری وێڵ و نەزاکەت دەردەچێت بەرامبەری... ٢- لە پێرەوە و

فەرمانی (ئوستادە)کەی یاخی دەبێت و دەڵێت: (من دەیخۆمەوە)، کەچی ناشێ بخواتەوە

وجا خواردنەوەش قەدەغە دەکات، ئەم وادەگەیەنێت کە (حەمەسوور) لەو کۆمەڵەدا ویستوویەتی

(شێخ) بشکێنێت، بەڵام شێخیش بە وتنی: (شێتە لەگەڵ تۆم نییە) ناڕەزایی و

زویرلوونی خۆی لە وەڵامدانەوەیە، بەوە چارەسەر دەکات لەڕووی ئەو کۆمەڵەدا..!

خۆ ئەگەر (حەمەسوور) ئەم کردەوەیەی بەرامبەر هەر شێخێکی تری (ئیرشاد) بنواندایە، لەو شوێنەدا

وە بە بوونەقییە، بێگومان وەڵامەکەی هەر (شێتە لەگەڵ تۆم نییە) نەدەبوو..! بەڵام

وادیارە (شێخ) بە مریدی خۆی نەزانیوە، بۆیە لەگەڵ ئەوی نەبووە، ئیتر (حەمەسوور) مەگەر

هەر خۆی بزانێت مرید و ڕاسپێراوی کێ بووە..!؟ خۆ ئەگەر ڕاسپێراویش نەبوو بێت

بزانێ
وەیا جێ ئەوەوە خوێشی کێتلاوی نا قیلە بڕ بوە (حقل التجارب)

خەمەی لێ ڕاسپاردی کردووە..! یاوەڕنا کام خوێشی بزانێت کێتلاوی نا قیلەی چ لایەنێک بووە..؟!

لە بارەی (حەمەسوور)ەوە مامۆستا (مصطفى عسكری) لە کتێبی ئاوردانەوەیەک لە بزووتنەوەی

هەر لە لاپەڕە (٤٧) کە بە زمانی مەلا سەلامی تری خۆرەوەیە، دەڵێت: «کە شێتی پەیدابوو، حەمەسور یەکێک بوو لە شێتەکان، و «شێخ عبدالکریم» بە شێتییەکەی ئەو (؟) ڕازی نەبوو.. هتد).

ئەگەر شێتی و سۆفیێتی، لەو بارودۆخەدا ئامرازو ئاوەڵی یەکتری بن، وەیا (دوو دیوی) پارەیەک بوبن، ئەم کردەوانەی (حەمەسور) هەرگیز سۆفیێتی و دڵبەندی نەبووە بە شێخەوە، ئەو دڵبەندییەی کە بەردی بناغەی پەیوەندایەتی نێوان شێخ و مریدەوە یەکەم هەنگاوە لە ڕێڕەوی (تەسەوف) دا هەروەکو گوێڕایەڵی (إطاعة) وایە بۆ مەرکەزییەت لە ژیانی حیزبایەتی و سیاسیدا..! بۆیە (شێخ عبدالکریم) باشی ناسیوە، ناهەقی نەبووە کە بە (شێتی)یەکەی وەیا بە سۆفیێتییەکەی (ڕازی) نەبێت وەیا سڵی لێ کردبێتەوە، وگومانی لێی هەبووبێت..! وەیا شێتییەکەی بە شێتییەک زانی بێت کە دەست لە (عاقڵ)یش بوە شێتێنێت! بەکوردی (شێتی عاقڵ...ی!) بێت.

(حەمەسور) هەرچۆنێک بووبێت لەناو کۆمەڵی (هەقە)دا، ئاوات و نیازی خۆی نەشاردۆتەوە... ئەویش ئەوە بوە کە بە میراتی (شێخ) شادبێت.. هتد. ئەوەتا لاپەڕە (٤١)ی کتێبی ناوبراو (مامۆستا مصطفى عەسکەری) بە زمانی (مامۆستا هەمزە عبداللە وە) دەڵێت:

(حەمەسور پاش مردنی شێخ عبدالکریم میزەرەکەی لەسەرخۆی ئەنێ و جبەکەی لەبەرئەکا و ئیدیعای شێخێتی ئەکات، بەڵام شێخەکان ملی بۆ کەچ ناکەن لە شەودەڵدەری ئەکەن.. هتد)

لەم هەنگامەدا (حەمەسور) پاشەکشەی لێ دەکات ، چونکە بە تاقی تەنیا دەرەقەتی ئەو داب و

دەستوری کۆمەڵگە نایەت کە دەیەوێت سەروەری خۆی بکات بە پێڕەوپێشوا و شێخیان

لۆیە خۆی و دەستە و تاقمەکەی ڕەوودەکات (کالاوقوت) لەوێ بەناچاری جێنشین دەبن..

لەم بارەیەوە ماموستا (محەمەدی مەلاکریم) لە لاپەڕە (٤٦)ی هەمان کتێب دا پاشی بۆچوە

کە دەڵێت: (... حەمەسور وەکو گوتمان پەشمەسکێن بوە و تێکەڵاوکردنی شی و چونە ناو کاروباری

ئەوێ و ئەوەش ئەلێ پشت بە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بەتە و ببەستێت کە (حەمەسور) بە پێی

داب و نەریتی ~~کۆمەڵ~~ کۆمەڵ نەیبوە.. هتد) ، دیارە ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیەی کە ئەو نەیبوە

بە پێی داب و نەریتی کۆمەڵ بۆ پێشەوایەتی ئەم نیشە وانە - (إرشاد) - دەگەڕێتەوە بۆ

بنەچەی کە دەبێت بە ڕەسەن بچێتەوە سەر یەکێک لە نەوەکانی ئیمامی (علی) ئەم ئیسپاتی

وەراست و پەیوانامەیی هەبێت ئەوسا بۆ ئەم نیشە (إرشاد) دەشێ و لەسەری

دەخوات.. ! ئەگینە دەبێت لە ڕێی عیبادەت و بەجێ گەیاندنی مەراسیم و پەیڕەوی

پێرستنەوە (لێ بکات) و ببێت بە (شێخ) .. ! کە بەم جۆرە شێخانە لە ولاتی ئێمەدا پێیان

دەوترێت (شێخی بەرماڵ) .. وادیارە (حەمەسور) پشی پەلەی بوە ، و پێستویەتی بەسەر

قۆناغەکاندا باز بدات ، بۆیە نەپەرژاوەتە سەر ئەم خەبات و تێکۆشانە !! لۆگەڵیشی بە ئاواتەکەی

هەر بۆیە لەم ڕێبازەدا نامرادبوە... هتد هەرچەندە لە کاروباری (إرشاد)دا لە ڕووی

کۆمەڵایەتی و مەتمانە و باوەڕەوە بۆ ئیشی (إرشاد)، شێخی بەرماڵ تامی ئەو شێخانە نادەن

کەوا ئەو (ئیسپاتی وەراسەت و بڕوانامەیان) هەیە کە باسمان کرد، بازاڕی (إرشاد) و

نازونیعمەتیان لای خەڵکی وەکو هی ئەوانی تر گەرم نییە و ناتوانێت...، تەنانەت

کابرایەکی (مەنفی) ساویلکەی دڵبەندی سەیید و سادات، باوەڕ و مەتمانەی بەکوڕی

خۆشەویستیەکەی بەرامبەریەم بەرەیە - واتە بەرەی سەیید - دەگاتە پادەیەک کە خەزڵ و

جیاکەی (گوێ درێژە) کانیشیان بدات بەسەر هەموو گوێ درێژێکدا و دەیان کات بەگەورە و

سەرداریانکە دەڵێت: (کەرگەل سەی گەل... سەی گەل گەرگەل)..! «بڕوانە الأنواری محمودی جعفر»

لەلاپەڕە (٤٢) کتێبەکەی مامۆستا (مصطفی عسکری) شاوەرداندوەیەکی لە بزووتنەوەی

هەقە، بەزمانی مامۆستا (محمدی مەلاکەریم) و مامۆستا (هەمزە عبدالله) وە هاتووە کە گوایا:

[حەمەسوور بەجێی ئەوەی کە پێشتر وترا لە بنەماڵەی شێخانی نییە و لە پشتی کۆمەڵایەتیەوە

ئەچێتەوە سەر جووتیارانی پەنجلێش، لەوانەیە بەکردەوە باسکراوە کانیاوای هەڵنگێڕێن

کە نوێنەری هێڵێکی پادیکاڵی مەشرەبە لە بزووتنەوەی هەقەدا لەگەڵ دەمارێکی باشی لە واقیع

و دەوروپشت ئەگەیشتن، کەف و کوڵ دامرکاندنەوەی زووبەزووشی ئەم رایەمان زیاتر

ئەچەسپێنێت..! مامۆستا (هەمزە عبدالله) یش لایەنی ئەم رایە ئەگرێت

بەرەی (حەمەسوور) بە بەرەیەکی «چەپڕەو» ئەداتە قەڵەم... هتد] «تەواو.

ئەم چەند دێڕە کە بەم جۆرە تۆمار کراوە، ناوناخنی بیروڕاکانی پێویستە بە ڕوون کردنەوەو

لێ دوانێک دەکات:-

بێگومان هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەپێی بنچینەی ئایدیۆلۆجیاکەی خۆی (چەپڕەو

، ڕاستڕەو و ڕادیکالی، وکلاسیکی، ڕۆمانتیکی ... هتد) تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام

تەقەلادان بۆ لێک دانەوە و هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەیەک بە کێش و تەرازووی بیرو

باوەڕی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی تر کە لە بنچینەی ئایدیۆلۆجیەتیاندا، گەلێک لە یەکەوە

دوورن، ئەم هەوڵێکی بێ سوودە و بە هەڵەدا چوونە..! خۆ لە هەقماندا هەر لەسەر بناغەی

ئایدیۆلۆجیای (تەسەوف) کە باسمان لێ کردەوە..، بڕیاریان نەدابو جافاتی (گاڵیان

وەگوێزن) بۆلایەکی تر.. دیسانەوە هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندن و لێک دانەوەی کارەساتێک

کە چەندەها ڕخنێک لەمەوپێش ڕووی داوە، بەپێی بایەخ و بیروباوەڕی ئەمڕۆ- گەرچی لە

هەندێ وردەبابەتی گشتیەکەیدا لە کارەساتی ئەم سەردەمەش بچێت..، بێ چەندوچوون ئەمیش

مەبەس ناداتە دەستەوە و سەرەدەکات، بەلای کەمەوە غەدر لە کارەساتەکە دەکرێت..!

هەروەکو: بێتین سەرزەنشتی ئەوکوڕو کاڵ و هەرزەکارانە بکەین کە جاران کورتەک و

شەروالی پەڕۆ خامەکیان لەبەردەکرد.. بڵێین بۆچی پانتۆڵی (کاوبۆی، وخەلاتیان)

لەبەر نەکردووە..!؟ هەروەها هەوڵدان و کۆشش بۆ جێ بەجێ و چارەسەرکردنی کێشەی

لاغێکی تری دەدات .. دەتوانین بڵێین نوێنەری لایەکی ترە لە ناو بنەچەکەی خۆیدا .. ! بەڵام

بۆچی ئەم جیاوازی و لە پێزدەرچوونە لە ناو کەسانی بەرە جۆربەجۆرەکاندا هەیە ..؟! ئەمە

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانە خۆیان و ئەو کێشانەی کە ژیانی ڕۆژانە دەیهێنێتە

بەردەمیان، ئەوسا چ بەجێ و حەل کردنی کێشەکانی ڕۆژانەی خۆیان لە بەرەکەی تردا

دەبینن، ئیتر تا زۆرتر بە پەرۆشی خۆیانەوە بن، تەزاعی خۆیان بجۆن و بە تەنگی، تەنگی

و جەلەمەکانی خۆیانەوە بن و بەس، زیاتر بازبازۆکێ و ئەم بەرەوە و بەرەدەکەن، ئنجا

"دامردنەوەی زوو بەزووی کەف و کوڵ"یش، ووچان و لەشووەیەکە بۆ لاگیرگۆڕین؟!

پێشە کیەکی سروشتی یە، بۆ گوڕ خواردنەوە، بۆ قەڵەمبازو گوڕانێکی تر..!!

خۆ لە فیزیادا هەیە، ئەو مادانەی کە زوو گەرم دەبن، زوویش سارد دەبنەوە، با

بە زاراوەی فیزیا جەڵێین - گەرمیەکە دەدەنەوە - چونکە ساردبونەوە بارێکی لێ

وزەیی (الطاقة) یە - لە مادەکەدا !. هەروها ئەوانەی هەرچ بیروباوەڕێک و

ڕێبازێکی، کۆمەڵایەتی بە ئاسانی و زوو وەرگرنە بەر، هەمان دەستور بە ئاسانی و زوویش

دەی بە گۆڕن و دەی دەن بە دەستەوە !، چونکە گەرمی - الحرارة - وزەیەک بێت (الطاقة)

بۆ بزوتنەوەی مادە و گۆڕانی لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر.. هەروها بیروباوەڕی کۆمەڵایەتیش

وزەیەکە، وزەیەکی کۆمەڵایەتیە Energy social بۆ پەروەشت و ڕێبازگرتن و کردەوەی

کۆمەڵایەتی، بۆ بازاڕکردن و ئەم بەرەو ئەوبەرکردنیش لەناو کۆمەڵگەدا..!!

خۆئەگەر بە وردی سەیرێکی ئەنجامی کردەوەکانی (حەمەسور) بکەین دەردەکەوێت وەکو مامۆستا (محمدی مەلاکریم) لە کتێبەکەی مامۆستا (مصطفی عسکری)دا وتویەتی: (ئەو دەمارە باشەی کە لە واقیع و دەوروبەر نەگەیشتندا) (حەمەسور) هەیبووە، دەڵێم ئەگەر هەر سەری لە (هەقە)کان شێواندبوو، وە لەبوبوهیە (لیواز)یان کەرتێکی سەربەخۆ لەناو بزوتنەوەی (هەقە)دا، بەڵکو بوبوە (لەکە)یەک بۆیان لەناو کۆمەڵگەدا فراوانی کردا، چونکە نانێکی لەگەڵ (هەقە)کاندا خواردبوو، کردەوەکانی (ئەم) لەسەر (ئەوان) حیساب دەکراو، بەسەر ئەواندا ساغ دەبووەوە و دەسەپا..! ئینجا ئەگەر لە قۆناغێکی تایبەتی بزوتنەوەی نیشتمانیدا (حەمەسور) دۆست بووبێت، ئەمە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە شتێکی سەیر نییە..! تەنانەت گەلێک لە دەرەبەگەکان لە گۆشەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگ و دەروشانەوەی خۆیانەوە لەناو کۆمەڵگەدا.. لە قۆناغێکی تایبەتیدا دۆست بوون لەگەڵ بەرەیەکی نیشتمانی، وەیا لەگەڵ چەند کەسانێکی بەرەیەکی تایبەتی نیشتمانیدا، پەنایان داون، پاراستوویانن، کە ئەمە مایەی شانازییە بۆ ئەوان پێش پەناهێنەرەکان..! تەنانەت تیایاندا هەبووە، چارەنووس و ئاوات و هیوای خۆی بەستۆتەوە بەو بەرە نیشتمانییەوە کە خۆی بە دڵی بووە و پەیوەندایەتی لەگەڵیدا هەبووە، و ئازایەتی لەناویاندا ئاشکرا و دیاربووە..!

بەم بۆنەیەوە ڕووداوێك دەهێنمەوە - كە ڕەچی ئاڵتەوگەپ ئامێزیشە - بەڵام لایەنێ

دراماتیكیشی لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە، مانایەكی تایبەتی هەیە، وقوڕبنێكی گرنگی هاندەر

(الحافز) ڕوون دەكاتەوە، بۆیە بە خوێنەری دەهێنمەوە تا كو خوێنەری بەڕێز، لە تێگەیشتنەوەی

لێ بەدوای ڕەچە و ڕێبازی مەسەلە كۆمەڵایەتییەكان نزیك بێتەوە..

دەڵێن :- گۆیا بە ئەستۆی ئەوەی وتی - لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، گیرفانبڕین

بە شێوەیەكی سامناك لە شاری (القاهرة) دا تەشەنەی كردبوو.. لێپرسراوانی ئاسایش و پۆلیس

لە دانانی سنوورێك و بنبڕكردنی ئەم تاوانە كەوتنە خۆیان بازووی هیمەتیان لێ هەڵماڵی... هەتا

ئینجا هاتن لە هاتووترین بەڕێوەبەری (مدیر) پۆلیسیان دەست نیشان كرد لە هەستانی بە

ئەركی دۆزینەوەی شێوازی گیرفانبڕین و بنكە و ڕێكخراوەكانی گیرفانبڕەكان.. هەتا هەروەها

بە جۆرێكی هونەری (فنی) میكیاجی بەڕێوەبەرێكیان دەست نیشان كراویان كرد و هەمیشەت و

وقیافەتیان گۆڕی و خستیانە شێوەی سواڵكەرێكەوە، و فەرمانیان دایە، كە هەفتەی دووجار

بە بێ دەنگ بە پۆستەدا ڕاپۆرتیان بۆ بنێرێت.. بۆ ئەم ئەركە پشووی دوو مانگیان دایە بە

موچە و بەرالحق (الراتب والمخصصات)

مەعاش و موخەسەسانی تەواوەوە. تا دوو سێ هەفتە بە پێی بەڵێن و بڕیار بەڕێبیتاری ڕاپۆرتی

دەنارد.. لە پڕ ڕاپۆرت ناردن كۆتایی هات، بەڵام پاش مانگێك نامەیەكیان لە لایەن

بەڕێوەبەری تێراوە، و فرستادە كە بەیانەوە بۆ هات، كە تیایدا دەڵێت:- [ ئەم نامەیەم بە

**پاشکۆی بیست و یەك: دەسنوسی علی بۆسکانی کە لە پێشەکی دەستنوسی دانا شەدەڵەدا نوسیویەتی**

پێشەکی

نوسینی: علی بۆسکانی

دەمێك بو لە بابەت (هەقر) ئانەوە، گەلێك شتمان بەگوێ دا، ئەدرا... ئەوی ئەمان بیست هەردەنگی هەبو، ڕەنگی نەبو..! بۆیە جێی گومان و لێکۆڵینەوەیە. سەرەڕای ئەوەش، سەرچاوەکەی بە خشکەیی و لە پەناوە، ئەو بێگانانە بون کە والەم خاکەدا، ڕاستەو خۆ، بەرژەوەندیەکیان هەبو... وە یا ئەو قسانە درۆ و دەلەسە و بوختانێکی ڕووت بون کە والەگەڵ ئاواتی ڕەسمی ئەو بێگانانەدا، یەکیان ئەگرتەوە و یەلێ جەمسەریان هەبو..! خۆبەکرێگیراوەکانیشیان. هەربۆ (ئافەرین)، وەیا بۆ (لیە و جلیەی دەم) !! پەلی و دەیان پێوە ئەنا.. وەك بروسکە درۆکانیان بڵاو ئەکردەوە.. دیارە درۆ و بوختانیش هەرگیز لەگەڵ هیچ پەیڕەوێکی، نە ئەرزی و.. نە ئاسمانیا ڕێك ناکەوێت و دانوبان پێکەوە ناکوڵێت..!

لەناو خۆشماناە ئەوانەی پیشە یان نوسینە و لێ دوانە و هونەرمەندن تیایا.. وە یالێ دوانیان کردوە بە پیشە! زۆر کەم، ڕاستەوخۆ ئەچن بەلای لێشەی کۆمەڵگەدا.. بەدەگمەن لێکۆڵینەوە و شیتەڵ کردنەوەیەکی (مەیدانیان) دەربارەی هیچ چەندوچونێکی کۆمەڵایەتی پێشکەش کردوە! خۆ ئەگەر لەم بارەیەوە شتێك هەبوبێت، هەر ئەبێ بەوە بێگانانە [illegible]ەوە، نوسینەکانی ئەمان [illegible] کراون بە سەرچاوەی لێ دوان و باسکە، بۆیە تاسوقمان لێی [illegible]کاوە بەجۆرێك کەوا بڵێین: (ئۆخەی ئەوە ئێمەین بە نینۆکی خۆمان سەری خۆمان [illegible]

ئەخورێنین..!)

ئەگەرنا لێم هەمیشە، بەڵکو گەلێک جار ئەو بێگانانە لە پێشکەش کردن و چارەسەرکردنی

کێشە کانمانا، مەلۆتکەیەکی گۆج و تێک شکاویان پێشکەش کردوە، بەم جۆرە بە خەڵکی تریان

ناساندوین، وا ئەگەیاندوین... ! گەرچی کەمتر خەمیشی لە لایەن خۆمانەوە ولەم

ڕووەوە، بەهانەو بیانوەکەی عەقڵ ئەگرێ..!

ئەو بێگانانەی، کە لە وڵاتی ترەوە هاتبون، و لە سەریان لێ وەسوبن و گوایا پێمانەوە

خۆشەویستیان ئەموێ کوردەوانەی خۆشەویستیانی ئەوێ کوردەوانەی: اسکیان بچێتی گەڕ!

خەریک بون و ئێمەیان خۆش ئەوێ، کە لە هاڵەتێکی وەها، کوردەواری خۆمان بتوێنەوە

بە خەتە ئامێزی، ئەڵێن: (سڵک بە چێشتی گەرم ئەسوتێ..!) دە با منیش بەتەوسەوە

بڵێم، بەرامبەر بەو چاکەیەی کە کردویانە: (دەست و دەمیان بە ئاگری ئەوت ئەسوتێ..!)

خۆ هەرچیەکیان لە سەر لوسی بین هەر بۆ خزمەتی ئەو مەبەس بوە، کە لە پێناویا هاتبونە

خزمەتمان.. و خزمەت لە ئێمەوە! ئنجا بە هەر یارێکا قەڵەمیان لە کاغەز دابێت، ئێمان

هەرگیز مەبەس سەرەکیەکەی خۆیانیان لە بیر نە چۆتەوە.. ئەگەرنا لێم ئەو مەبەسەیان

(هەوتیف) هەمو بیرکردنەوە و گشت کردەوەیەکیان بوە..!

(هەتە) کان بەرەیەکن لە دانەی کە هەندێ لە بێگانەکان لێ وێژدانانە لە سەریان

لێ وەسیون...، چونکە سەریان بۆ دانەنەوانیون، وە نەبوبونە بەکرێ گیراویان، وەیا بەکرێ نەئەگیران!!

ئەم نووسینانەشیان لە کاتێکدا بووە، ئەک بۆ گەشت و پشکنین هاتبوون، بەڵکو قۆناغی گەشت و
پشکنینیان تەواو کردبوو.. ئنجا بە بانوێست، ئەخشەم بۆ نووسیباغەی بەڕێوەبردنێک بکێشن
کە واقیعانە بێت بۆ دەسەڵاتی ئەهێنی وەوساوباشە ڕۆژیان، لە ڕێبەرەوەی
حوکومڕانی دا! بۆیە بەرێ جیانەوەیان بە (وەستالجی) و بەشێوەیەکی زانیارانەو علمی
ئەرکێکی گرنگ و پیرۆزی سەرشانی هەمو ڕۆشنبیرێکی کوردە، کە خۆی بە لێپرساو
بزانێت بەرامبەر بە ناسین و زانین و زانیاری، و ڕۆشنبیری... هەند ئەڵێم بە (وەستالجی)
چونکە دڵنیام لەوەی کە ئەو بێگانە داگیرکەرانە، لە کاروباری خۆیانا تەواو، وەستاو شارەزان
ئنجا بۆچی ئەم شارەزاییەی خۆیان کە لە ناخی بەرژەوەندیانەوە هەڵئەقوڵێت، ولستویانە
ئەخشە بۆ هەمو جیالاکی و بیرکردنەوەیەکمان بکێشن..!

دیارە بە ڕێبەر جیانەوەش، خۆپاراستن و بەرگری لەخۆکردنی تیایە..! کە ئەمەش
مافێکی ڕەواو بەجێیە..، سەبارەت بەم مافە - مافی بەرگری لەخۆکردن، ماموستای
پارێزەر (مصطفى عسكرى) کە لە ئنجامانی (هەقە)ش بە هاریکاری ماموستایان (محمدی ملاکریم و
حمزة عبدالله، و د. عزالدين مصطفى رسول).. هەندێکی ترکە خۆی ناوی هێناون
کتێبێکی بە ناوی (ئاوڕدانەوەیەک لە بزوتنەوەی هەقە) چاپکردو بڵاوکردوەوە، ئەم
کتێبەی ئەو، لە ڕاستیدا بەشداریەکە، لە هەست و ماڵ کردنی کارەسات و ڕووداوێکدا

کە بەسەر بەرەی (هەقە)دا هاتبوو، کە وادەم و دووی بێگانە تارمایی و پەردەیەکی ڕەشی

لای خەڵکی بەسەر ڕەوشت و کردەوەیانا هێنابوو، بە جۆرێک لایەنە ڕووناکەکانی دەروون و ئاوەکەشی

تاریک و لێڵ کردبوو، ئەمە سەرەڕای تەکاندنی تەپ و تۆزێک کە بە درێژایی ئەم ماوەیەی

دواییە لە بزووتنەوەکە نیشتبوو..!

لە ڕاستیدا مامۆستا (مصطفی عسکری) سەردەقی لۆنوسەر و ڕۆشنبیران شکان..

بە درێژایی چەند و چەندین ساڵ بە ڕەوی

تا ڕادەیەکیش، سەرنجی بە لای بەسەرهاتی بەرەیەکا، ڕایکێشان کە لەسەر خاک و

خانە و خانەقایان، ماڵ و مەڵبەندیان سپاوەیانی لێ قەوماو و لێکترازاو بوو لە دەست چەوسێنەرەکاندا

ئاوێتە لەگەڵیانا پێکەوە ئەژین.. تەنانەت دەرپەڕینی بەشی شکان و ناوزڕاندنیشیانا،

لێکەوتەکانی بێگانە و بەسەرپەرشتی ئەوان، دەستێکی باڵایان تیایا هەبووە.. خۆ

قسە نەستەقەکەی لە مێژینەی پێشینانی خۆشمان ئەڵێ: (جام وتوویەتی بشکێم و نەزرێنم..!)

چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، دەنگدانەوە (زڕاندن) لە شکان گورجێ بڕترە..!

بەڵێ: مامۆستا (مصطفی عسکری) پەیبەستەڵەکی نووسینی لەسەر (هەقە)کان

شکان، چەندکەسێکی تریش وەکو مامۆستای پایەبەرز (جمال بابان)، و مامۆستا

(رشید محمد علی) بەدوایا هاتن، تا گەیشتە سەر مامۆستا (شیخ رؤوف زهدی) ئەمیش

ئەیویست لە کاروان دوا نەکەوێت..، لە گۆشەی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە..،

هاوکاری کرد، بەشی خۆیی لەم مەسەلەیەدا دیاری کرد کە وا ئەنجامەکەی ئەم کتێبەیە؛

(بۆ لە هەقەقە کەوتنە تەقە..!؟).

گەرچی مامۆستا (شێخ ڕەئوف زهدی) پرسیارێکی وکردووە لێ.. بەڵام لە ناوەڕۆک وتوێی وەڵامدا ڕوون کردنەوەیەکی ڕاست و دروستی لە بابەت کێشەوبەرەی (هەقەق) تیا بەدی ئەکرێت و ئەدۆزرێتەوە.. خۆڵوردەواری خۆشمان وتویانە: (بە پرسیار بەغداش ئەدۆزرێتەوە..!)، جگە لەمەش پرسیارێشە کیەکی مەنطیقی ڕاست وڕەوانە بەرەو: پەی لێ بردن وناسین، وزانین... هەروەها سەرەتایەکە لەبۆ جوڵاندن وبزوتنەوە..) عەرەبیش وتویەتی: (وفي الحركة البركة..!).

خوێنەری خۆش ویست:- سەبارەت بەوەی کە ئازادی بیرکردنەوە بایەخێکی گرنگ وتایبەتی هەیە لەلام، وەڕێزیشی لێ ئەنێم، چونکە بەش بەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام لێ ئەم (ئازادیە) مرۆڤ لە ئادەمیزادی ئەشۆرێت..! بۆیە ناموێ پێشتر کەوم بەبیروڕای خۆم لەسەر وردە بابەتەکانی ناو کتێبەکە دەربڕم، ئەمیان بەرەوڕووی خۆت ئەکەمەوە، خۆت ئەکەم بەسوورپێشک... کە وابو منیش وەکو تۆ، وەکو ئەوانی تر خوێنەرانم، حەز ئەکەم کە مامۆستا (شێخ ڕەئوف زهدی) سەرکەوتوبوبێت، لە پێشکەش کردن، ودەربڕین و دەرخستنی ڕاستی لە کێشەوبەرەیەکدا، کەوا بێگانەو پیاوەکانیان بۆمەبەستی خۆیان، وەکو مەتەڵێک، ئاماوەیەکی دوورودرێژ لە (هێچە) خۆماڵی پێوە خەریک کردبو..! خۆیشی پشتێنی لێ کردبوەوە..!

پاشكۆی بیست و دوو (١)



(١) دارەقولە كە لە ئەرشیفی خانەقای كەلكەسماق پارێزراوە

## پاشكۆی بیست و سێ (١)



(١)ئەو گونیەی پێڕەوانی بزووتنەوە هەقە لە بەریان كردووە لە خانەقای كەلكەسماق پارێزراوە

# ملخّص

**عنوان الرّسالة:** هذه الرّسالة مُعَنْوَنَةٌ بـ(حركة الحقّة في الفترة ما بين ١٩٢٠-١٩٦١م). وهذه الحركة ظهرت في قرية (شدله)، التابعة لمحافظة السليمانية، بقيادة مؤسِّسها الشيخ عبد الكريم الشّدلي .

**هدف الرسالة:** اجراء دراسة أكاديميّة لأهمّ ما يتعلّق بحركة الحقّة من حيث نشأتها، وكيفيّة تكوينها، وتحليل المبادىء التي اعتمدت عليها، فضلاً عن دراسة الأسباب والدوافع، التي أدّت إلى بوادر انبثاقها و المصادر الفكرية لهذه الحركة .

**أهميّة الرسالة:** إن الرسالة تبحث عن حركة الحقّة، والتي ظهرت في الحقبة الزمنية المذكورة ، وتتركّز هذه الدراسة مع ذلك على الأوضاع الاقتصادية والسياسيّة والاجتماعية التي سادت كوردستان انذاك ، هذه الاوضاع التي ساهمت في نمو نظام الإقطاعيّة، ومكّنت الآغوات من الوصول إلى السلطة واستلام زمام الأمور. وبما آلت إليها البلاد وعاشها سكانها.

ظهرت حركة الحقّة. ولا شكّ في أنّ هذه الدراسة والتقصي عن مسائلها لها أهمّيّة تاريخيّة .

البحث هذا يكون إسهاماً متواضعاً في خدمة المكتبة الكردية، ويؤمل ان يكون عاملا في تطوّرها، ويملأ فراغا طالما احس به محبو المعرفة في هذا ممن كانوا تواقين لمعرفة ، في اطّلاعهم على واقع حركة الحقّة ومبادئها، فضلاً عما قدمة رواد الحركة من النضال الاجتماعي والسياسي والوطني في خدمة هذا الشعب .

**محتويات الرسالة:** تتكوّن هذه الرسالة من مقدمة وأربعة فصول وخاتمة، وعلى النحو الآتي:

- **المقدمة :** و تشتمل على ذكر جملة من الفقرات التي تعتمد عليها الفكرة البحثية كدراسة اهمية الموضوع والاشارة الي اهم الدراسات السابقة ونهج الباحث في بحثه .

- **الفصل الأول:** يتحدّث الباحث فيه عن ظهور مصطلح التصوف ومفهوم الصوفية وتاريخة، كمنهج مهم و فعال من أجل تزكية نفس الإنسان وتربيتها، والحرص على أن يسلك بها الخطوات التي يبلغها مرضاة الله، وبغية إصلاح الفرد، وهذه هي الخطوة الأولى في إصلاح المجتمع" لأن الإنسان خليَّة في جسد المجتمع البشري، إذا فسدت أضرت به وآلمته، وإذا صلحت حملت له الأمل بالصحَّة والعافية. ومن هذا المنطلق فإن أبرز الطرق الصوفية وأشهرها في كوردستان ، هي الطريقة النقشبنديّة والقادرية ، النقشبندية التي ظهرت بإرشاد مولانا خالد النقشبنديّ في كوردستان. وقد أخذ الطريقة منه عدد من الشيوخ البارزين، ومنهم (الشيخ أحمد سردار)، الذي أدت طريقته إلى ظهور الحركة المعروفة فيما بعد بحركة الحقّة .

- **الفصل الثاني:** يتحدّث الباحث فيه عن أسباب ظهور حركة الحقة و دوافعها مشفوعا بالتحليل، ويحلّلها. وكما يبين جوهر الحركة وماهيتها. فضلاً عن بيان كثير من المشاكل والصراعات والاضطرابات التي حدثت بين الحكومة العراقية والبريطانية، وبين حركة الحقّة. ومن أبرزها اعتقال

الشيخ عبد الكريم الشّدلي وعدد من الشخصيات البارزة في حركة الحقّة عام (١٩٣٤م). ممّا أدّى إلى مظاهرة عامة من قبل أتباع الحركة، انتهت بإطلاق سراحهم، وأعقب ذلك إقدام الحكومة البريطانية على وضع مراقبة شديدة علي نشاطات هذه الحركة. كما يتحدّث في هذا الفصل عمّا حدثت من انقسامات وتشتت في صفوف حركة الحقّة وقد تفرعت الي خمسة فروع عقب وفاة مؤسِّسها الشيخ عبد الكريم الشّدلي، بحيث لم يعترف أيٌّ منها بالآخر، ونهجت كل منها مخططاً ومنهجاً خاصاً به .

- **الفصل الثالث:** يتناول دراسةَ المناصب والمراتب والوظائف في صفوف حركة الحقة، التي أُستُعملت لتنظيم صفوف الحركة وإدارتها وتسهيل شؤونها" ولتحقيق ذلك أحدثوا جملة من التعاليم والأناشيد والقصائد، بحيث يُردّدونها في المراسيم الدينيّة والاجتماعيّة الخاصة بهم. اضف لذلك تحليل هذه الأناشيد والتعاليم، مقارنة بما وارد في الدين الإسلامي الحنيف .

- **الفصل الرابع:** يستأثر دراسةَ الدعائم الاقتصادية لحركة الحقة، والتي رست عليها الحركة وقواعدها، وبالتالي فقد أفرد كل واحد من تلك الدعائم الاقتصادية بالبحث والدراسة. وانطلاقاً من ذلك فإنّ هذا الفصل يبصرنا بالعلاقات الداخلية والخارجية لحركة الحقة، ويمنحنا صورة واضحة لدراستها وتحليلها. فضلاً عن بيان مدى الكفاءة الإداريّة، لقادة حركة الحقة، في نجاح تلك العلاقات، وفي شكل وكيفيّة صنعِها وإنشائها .

**أهمّ النتائج:** ظهرت الحقّة (حقه)، كحركة دينية واجتماعية ، ناضلت من أجل تحقيق العدالة الإجتماعية والإصلاحات الدينيّة والسياسية والاقتصاديّة، وتحرير المقهورين المضطهدين من جور الجائرين وظلم الظالمين، وإزالة الفروق الصارخة بين الأغنياء الجَشِعين والفقراء المضطهدين، اعتماداً على أساس شبيه بالإشتراكيّة مُسدلة بالأيدلوجيّة، وتطبيقها في العمل والأموال والممتلكات .

**أهمّ التوصيات:** الاقتراح بإنشاء مركز ثقافيّ يعتني بدراسة كلّ ما يتعلق بحركة الحقّة باستخدام أفضل الأساليب العلمية الحديثة كي يؤدي هذا المركز دوراً إيجابياً، ويشارك فيه المثقفون والشخصيات البارزة في حركة الحقّة دورهم ، وتماشياً مع ثقافتهم ، بغضّ النظر عن اختلافاتهم الفكريّة ومصالحهم الشخصيّة .

enormous obstacle in front of the movement and their followers. Therefore, the movement split up into five disparate groups without

recognizing one another, each of which adopt their own beliefs, attitudes and understanding of principles of the movement.

The third chapter talks the status and hierarchic authorities within the movement which were used to manage, facilitate and organize the affairs of the movement in a successful way. For this reason, they invented a bunch of special social codes in which they do follow them in their social daily lives. We try to analyse these rituals and compare them with the Islamic religion.

The fourth chapter analyses the economical foundations of the movement then talking about those foundations separately. After that talking about iter- and intra-relations of the movement within themselves and with the other communities outside their circle. Their skilled leadership in leading the movement has been touched upon with their style and the way those relations were made and organized. This is related to social, political, and economic awareness of movement's leadership in hadling the political and social parties of the region, and the way to handle the circumstances and directing the movement's followers in the right track with a great deal of responsibility.

In conclusion, we suggest to initiate a cultural centre for developing cultural and intellectual affairs by gathering all the intellectuals and the prominent figures of the movement with their different ideologies so as to compromise with each other and putting aside their personal interests for the sake of building the movement again and putting it upright so as to serve the movement, though we are skeptical that these suggestions will be taken into considerations.

and religious reforms it conducted then comparing it with Islam. The thesis is divided into four chapters.

The first chapter talks about the concept, history and the emergence of Sufism as an essential trend which works for reforming the psyche of human beings with the intention of executing good and useful deeds within the community especially those communities which had a history of religious and sectarian reforms. In Islamic world, Sufism dates back to the emergence of the Prophet Muhammad (P.B.U.H) and his companions, but with respect to its name, it appeared in the twelfth century with many other different sufistic trends. The most prominent one is Naqshabandi trend which was emerged in Kurdistan under the leadership Mawlana Khalidi Naqshabandi which spread rapidly across the region and gave his tariqat (trust) to some figures like Sheikh Ahmed Sardar and then Haqqa Movement came about.

The second chapter analyses the reasons behind the emergence of the movement, and an introductory section which defines and introduces the movement then talking about the occurrence of dispute and trouble between Iraqi government, British mandate authority and Haqqa movement which resulted in the arrest of Abdul-Karim Shadala and some of the prominent figures within the movement in (1934). Their arrest ensued large demonstration by their followers to keep up the pressure to release them. Though , through their pressure they were released, but the movement was weakened as a result of the British and Iraqi government's intense monitoring and surveillance over the movement till the death of Abdul-Karim Shadal in 1942, after that the movement underwent a period of calm, the leader's death became an

# Abstract

The title of this thesis is Haqqa Movement (1920-1961). This is a religious, social movement which pursues social justice, religious, political, and economic reforms as well as attempting to free the persecuted from the grip of persecutors on a basis of a quasi-socialistic form in an idealistic way. They cooperate in their work, their annual income and the amount of production they obtain. Within a small, agricultural, shepherding community under the leadership of Sheikh Abdul-Karim Shadala (1871-1942), this movement was established in Shadala village in Sulaimaniah province.

There is no doubt that choosing this topic is attributed to the economic and living circumstances that Kurdish people underwent. A very hard condition took hold of the people's livelihood and as a result illiteracy pervaded. This leads the feudals to exercise their full control over the poor people and persecute them, and they played the role of an authority to decide the livelihood of people. In this hard condition, Haqqa Movement decides to confront this condition and propagates its message which was seen in confromtation with corrupt system. Therefore, it works for reviving the social status awareness, nationalistic, patriotic awareness and its attempt for racial equality, social justice, and peaceful co-existence away from violence. Despite its importance, our libraries are very poor about this topic and our youth's lack of knowledge about this movement created a big gap. For this reason, the aim of this thesis is to bridge this gap by explaining the active role of the movement and its active participation in nationalistic struggle and also to mention social